# ووتە کاریگەرەکانی ژیان

2500

بەنرخترین و پڕماناترین
ووتە و ئامۆژگاری لە
سەرتاسەری جیهانەوە

کۆکردنەوەی:
ئارامی مەلا محەمەد



Scanned with CamScanner

# ووته كاريگەرەكانی ژیان

# ٢٥٠٠

## لە جوانترین و پڕماناترین پەند و ئامۆژكاری لە بیری مرۆڤایەتی لەسەرتاسەری جیهاندا

كۆكردنەوەی: ئارامی مەلا محەمەد

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: ووتە کاریگەرەکانی ژیان
نوسینی: پیرمەندانی جیهان
کۆکردنەوەی: ئارامی مەلا محەمەد
وەرگێڕەکان:
دیار عەلی
مامۆستا بەرزان
سەردار حەسەنخانی
عیماد مەهدی
چاپخانە: چاپەمەنی چوار چرا
تیراژ: ١٠٠٠

لە بەڕێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانە کتیەکان
ژماری ( ١٦٣٦ ) ساڵی (٢٠١٤) پێدراوە

Scanned with CamScanner

## پێشەکی:

کتێبی (ووتەکاریگەرەکانی ژیـان) سەرچاوەی تێ گەیشتنێکی فراوانە بۆ ژیان وئالۆزیەکانی، پوختەی کەلەپوری بیری مرۆڤایەتیە، خوێنەر دەتوانێت لەم لاپەڕانەدا گەنجینەیەک لەسەرنج و تێبینی پڕ گەوهەری دەست بکەوێت لە چەندین لایەنی جۆراو جۆری ژیاندا لەنووسینی بیرمەندەگەورەکان و فەیلەسوفەکان و سیاسەت مەدارەکان و ڕێبەرە گیانیەکان و پەروەردەکاران و شاعیران و هونەرمەندان و مێژوو نووسان، بەبۆنەی کارەکانمەوە (ڕۆژنامە نوسی و کتێب فرۆشتن)ەوە بەشێکی باشی ژیانم تەرخان کردووە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوە دەتکاتە هاوڕێی مێشکە گەورەکان، لەبیرم دێت لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی (کیلیۆ پاترا) شتێکی زۆر بەنرخ فێربووم ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەڵە و پیری و کەموکورتی خۆیان نابینن و زۆر بەدەگمەن هەستی پێ دەکەن نوسەری کتێبەکە باسی ئەوەی کردبوو کە مرۆڤ کاتێک بە پێی زەمەن سەیری هاوڕێ و دەورو بەرەکەی دەکات هەست بە پیریان دەکات بەڵام هەست بە پیربونی خۆی ناکات کاتێک سەیری ئاوێنەدەکات، لەکاتی خوێندنەوەی ژیاننامەی زانای گەورە (ڤۆڵتێر) ووتەیەکی زۆر بەنرخی لێوە فێربووم کە دەڵێت: نیشتیمانی ئازاد بەبێ هاونیشتیمانی ئازاد بونی نییە، ئەم ووتەیە ئەوەندە کاری گەری لەسەرم دانا تا ئەوەی بڕیارمدا لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری هۆنیادا بنووسرێت، لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکاندا هەستم بەوە کردووە کە هەر کتێبێک چەند ساڵێک دەهێنێتە سەرتەمەنت لە ڕوی ئەزمونی ژیانتەوە، یان وەک ئەوە وایە باوکێک یان هاوڕێیەکی نوێ پەیدا بکەیت، چوونەکە کتێب بریتیە لەپوختەی مانای ژیانیان و فێرمان دەکات کە بۆچی مرۆڤ هاتۆتە دونیاو بۆچی دەژی و بۆچی کاردەکات و بۆچی دەمرێت، بۆیەکەمجار کە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ووتە بەنرخەکان لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی هەست بەگەورەیی خۆت بکە بوو، لەناو نووسەر و کتێبە کوردیەکانیشدا نووسەری زۆر گەورەمان هەیە وە هەروەها کوردیش وەک هەرنەتەوەیەکی تری جیهان پەندی پێشینانی خۆی هەیە بۆیە لەناو ئەو کتێب و دیوانانەی کە خوێندبومەوە چەندین ووتە و پەندی کوردیشم دەرهێنا، ئەوکاتەشی بڕیارمدا کتێبێکی پڕ لەووتەی بەرنخ وەک گەوهەر کۆبکەمەوە چەندین سەرچاوەی بەنرخم کۆکردەوە بە هەرسێ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی، لەبەر ئەوەی خۆم هیچکام لەو زمانانە نازانم بۆ وەرگێران پەنامبردە بەر چەند هاوڕێیەکی زیرەک و بەڕێزم، بە هەموومان توانیمان ئەم کتێبە بۆ تۆی خوێنەری بەڕێز ئامادەبکەین، ئەم کتێبە کلیلی گەنجینەکانی دانایی یە، سامانی کەڵەکەبووی جیهانەو میراتیەکی گونجاوە بۆ تۆی خوێنەر، زۆرێک لەو ئامۆژگاریانەی کەمرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو نووسیویانە لەلاپەڕەکانی ئەم کتێبە دایە، دواجار ئەگەر کتێبێک شایەنی خوێندنەوە بێ ئەوا شایەنی کڕینیشە بۆیە دەڵێم ئەم کتێبە هەم شایەنی خوێندنەوە هەم شایەنی کڕینیشە بەو هیوایەی سودی هەبێت بۆتان.

**ئارامی مەلا محەمەد**

Scanned with CamScanner

ئەوەی بەردەوام بەرەشبینی و نائومێدی سەیری جیهان دەکات وەکو پەڕێکی نووسراوە کە ئیتر وتەیەکی نوێی لەسەر نانووسرێت. (جان دی راکفلێر)

رێی گەیشتن بەخۆشبەختی و شادی لەسەر دوو بنەما بونیات نراوە: ئەو شتە پەیدا بکەن کە تامەزرۆی بن و کاتێک دۆزیتانەوە هەموو رۆحی خۆتانی بۆ تەرخان بکەن. (جان دی راکفلێر)

لەدنیادا هیچ شتێک لەخۆیەوە واتادار نییە، بەڵکو هەستەکان، رەفتارەکان و کاردانەوەکانی ئێمە سەبارەت بە هەر شتێک بەستراوەتەوە بەشێوەی وێنا و تێگەیشتنی ئێمە لەو شتە. (ئانتۆنی رابینز)

ئەو سەرکەوتنەی لەتوندوتیژییەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک شکست وایە، چونکە زوو کۆتایی دێت. (ماهاتما گاندی)

چاوسوورکردنەوە بەرامبەر چاوسوورکردنەوە، وادەکات تەواوی دنیا کوێر بێت. (ماهاتما گاندی)

دەمەوێت کەلتووری هەموو وڵاتان لەدەوریماڵەکەمدا ئازادانە بڵاو ببنەوە، بەڵام بەسڕینەوەی هیچ کامێکیان رازی نابم. (ماهاتما گاندی)

من هەرگیز باوەڕم بەو کەسانە نییە کە بانگەشە بۆ ئایین و مەزهەبەکانی خۆیان دەکەن، بەتایبەت ئەو کاتەی کە هەوڵ دەدەن خەڵکی تر بهێننە سەر دینی خۆیان. مەزهەب و ئیمان بە گوتار نایەتە دی، بەڵکو لە کردەوەدایە. کەوابوو کردەوەکانی تۆ دەبێتە ئامرازی بانگەشە بۆ دینەکەت. (ماهاتما گاندی)

تەنها لەرێی عەشقەوە دەتوانین بە حەقیقەت بگەین، چونکە خوداوەند نەک تەنها حەقیقەتی بێ خەوش و پەتییە، بەڵکو عەشقێکی پوختە و پاکیشە. بۆیە بێ عەشقێکی خودایی لەدڵماندا ناتوانین حەقیقەتی خودا بدۆزینەوە. ئەگەر دەمانەوێت حەقیقەت باڵ بەسەر هەموو جیهاندا بکێشێت، دەبێ خۆمان بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە بچووکترین بوونەوەری ئەو گەونەمان بە ئەندازەی خۆمان خۆش بوێت. (ماهاتما گاندی)

تووڕەیی ئەو ژەهرەیە کە بەرامبەر بە هەر بوونەوەرێک دەریبڕیت، زیانەکەی دوو هێندە بۆخۆت دەگەڕێتەوە. (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

خۆگونجاندن لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو هێزی بەرەنگاری و بەرگەگرتنە. (ماهاتما گاندی)

ئامادەم بمرم، بەڵام پێویست ناکات ئامادە بم بۆ کوشتن. (ماهاتما گاندی)

ناتوندوتیژی گەورەترین هێزی رەخساوە بۆ مرۆڤایەتی، لە بەهێزترین چەکی وێرانکاریش بەهێزترە کە بە بلیمەتیی ئادەمیزاد دروست کرابێت. (ماهاتما گاندی)

دەتوانی قۆڵبەستم بکەیت، دەتوانیت ئەشکەنجەم بدەیت، تەنانەت دەتوانی ئەم جەستەیەش ورد بکەیت، بەڵام هەرگیز ناتوانیت مێشکم بەند بکەیت. (ماهاتما گاندی)

من رقم لە گوناهە، نەک گوناهکار. (ماهاتما گاندی)

ئەوەی ئەندێشەی ناتوندوتیژی لە خۆیدا بەرجەستە کردبێت، هەموو جیهان بە چاوی یەک خێزان دەبینێت. نە لە هیچ دەترسێت و نە کەس لەو دەترسێت. (ماهاتما گاندی)

زانستی خواناسی لە رێی کتێبەوە بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێ لە ناخی خۆتاندا ئەزموونی بکەن. (ماهاتما گاندی)

گەران بەدوای هەڵە و کەموکورییەکانی خەڵکدا ئەرکی ئێمە نییە. دەبێ هەموو هێز و توانایەکمان بۆ حوکم کردن لەبارەی خۆمان سەرف بکەین. هەتا بچووکترین هەڵە لە قسە و کردەوەکانی خۆماندا هەبێت، بۆمان نییە خۆ لە کار و قسەی خەڵک هەڵبقورتێنین. (ماهاتما گاندی)

سەرکەوتن ئەوە نییە کە قەت نەکەویت، بەڵکو ئەوەیە کە دوای هەر کەوتنێک هەڵسیتەوە سەرپێ. (ماهاتما گاندی)

هەموو ئەو سنوورانەی لە ژیانی ئێمەدا هەن، دەستکردنی خۆمانن و خوداوەند دروستی نەکردوون. (ماهاتما گاندی)

بەدڵنزمی و خۆشەویستی سەرکەوتوو دەبین و بە لێبووردەیی زاڵ دەبین (جی.پی. واسوانی)



Scanned with CamScanner

ده با ئەوەی گیانی هەیە، لە ئێش و ئازار رزگاری بێت. (بودا)

لە دیدی منەوە بەهای ژیانی کاوڕێک لە بەهای ژیانی مرۆڤ کەمتر نییە. من نامهەوێت کاوڕێک لەپێناوی لەشی مرۆڤدا گیانی لێ بسەندرێتەوە. (مهاتما گاندی)

زۆر ناشیرینە مرۆڤ ئاژەڵێک بکوژێت و بیخوات؛ بێگومان لە کونجێکی دەروونی ئێوەدا توندوتیژییەکی شاراوە هەیە، ئەگینا گۆشت ناخۆن. (ئۆشۆ)

هەتا کوشتارگەی ئاژەڵانمان هەبێت، گۆڕەپانی شەڕ و یەکتر کوشتنیشمان هەر دەبێت. (لیۆ تۆڵستۆی)

ناتوندوتیژی دەمانگەیەنێتە بەرزترین ئاستی ئەخلاق کە مەبەست لە پێگەیشتن و کامڵبوونیش هەر ئەمەیە. هەتاکو دەست لە ئازاردانی بوونەوەرەکانی دیکە هەڵنەگرین، هەر وەحشین. (تۆماس ئەدیسۆن)

هیچ شتێک هێندەی رەچاوکردنی رژیمی خۆراکی رووەکی، یارمەتی تەندروستی مرۆڤەکان و بەهێزبوونی ئەگەری مانەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی نادات. (ئەلبرت ئەنشتاین)

سفرەی رووەکخۆر، دیمەنی کۆتوبەندکردنی ئاژەڵ، کوشتارگە، خوێن و ئەشکەنجە و سروشتی خەم داگرتوو پیشان نادات، بەڵکو ئاسۆی باغ و بێستان و ژیانی لادێ و کشتوکاڵ و جەژنی سروشت دەردەخات. (سادق هیدایەت)

لەو کاتەوە کە کوشتارگەکانی سەن فرانس-م بینی، خواردنی گۆشتم بەلاوە نا. (ڤینسێنت ڤەن گۆخ)

مرۆڤ بەڕاستی پاشای بوونەوەرەکانە، چونکە درندەییەکەی هەمیشە لەوان لەسەرترە. ئێمە لەسەر مەرگی بوونەوەرەکانی تر دەژین. سکی ئێمە گۆڕستانی ئەوانە. من لە منداڵییەوە خواردنی گۆشتم تەرک کردووە. (لیۆناردۆ داڤینچی)

ئێمە لەبەر پاروویەک گۆشت، گیانێک لە خۆر و رووناکی بێبەش دەکەین، هەروەها لەو بەشە ژیانەی خۆی کە لەدایک بووە تاکو چێژی لێ وەربگرێت. (پلوتارک)

تا ئەو کاتەی کە لەشی ئێمە گۆڕستانێکی ئاوەدان بێت بۆ ئاژەڵی کوژراو، چۆن دەتوانین



Scanned with CamScanner

چاوەڕوانی هەر چەشنە بارودۆخێکی نموونەیی بین لە سەر زەوی؟ (جۆرج بێرنارد شاو)

ئەو ئاژەڵانەی تۆ دەیانخۆی ئەوانە نین کە بە چاوچنۆکییەوە ئاژەڵێکی دیکە دەخۆن، تۆ بوونەوەرە گۆشتخۆرەکان ناخۆی، بەڵکو ئەوان دەکەیتە نموونە و سەرمەشقی خۆت. تۆ چاوت لە گۆشتی ئەو مەخلوقە خنجیلە و بچکۆلانەیە کە ئازاریان بەکەس ناگات و بەوپەڕی متمانەوە دەکەونە شوێنی تۆ، لەبەرامبەر خزمەتەکەی ئەواندا، تۆش دەیانخۆیت. (ژان ژاک رۆسۆ)

خۆش ویستنی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، شەرافەتمەندانەترین و شکۆمەندانەترین تایبەتمەندیی مرۆڤە. (چارلز داروین)

ئەگەر هاتی بۆ ماڵم. ئەی سۆزدار، چرام بۆ بهێنە و دەرگایەک کە لێوەی سەیری حەشاماتی کۆڵانی بەختەوەر بکەم. (فروغی فەڕوخزاد)

کاتێک بچوک بوویت تۆم بە پێخەو دادەپۆشی و لەبەرامبەر سەرمای شەوانە دەمپاراستی. بەڵام ئێستا کە پێگەیشتووی و دوورەدەستی، دەستەکانم بەرز دەکەمەوە و بە نزا دادەپۆشم. (دانا کوپەر)

سامانی راستەقینەی نەتەوەیەک لە کۆکردنەوەی زێڕ و زیودا نییە. بەڵکو لەتوانای فێربوونی و دڵ و دەروون و کردەوەی چاکی منداڵەکانیدایە. (جبران خلیل جبران)

خەڵکی سێ گروپن: یەکێک بێ ئەوەی ئازارت بۆی هەبێت ئازارت دەدات، یەکێک ئازاری بدەیت ئازارت دەداتەوە و یەکی تریش کە ئازاری بدەیت ئازارت ناداتەوە. (ئەبولحەسەن خەرقانی)

عەشق لە باخچە شین نابێت(ئۆشۆ)

عەشق لەبازاڕ نافرۆشرێت (ئۆشۆ)

هەر کەسێک شا بێت یان گەدا، ئەگەر بە دوای عەشقەوە بێت، ئامادەیە گیانی بدات تاکو عەشقی دەست بکەوێت. (ئۆشۆ)

لە دنیای عەشقدا هیچ فەرق و جیاوازییەک لەنێوان شا و گەدا نییە. ئەو شوێنەی عەشقی لێ بێت، نیتر باسی هەژاری و نەداری یان دەوڵەمەندبوون لەئارادا نییە. لە عەشق-دا شاو گەدا



Scanned with CamScanner

هەردووکیان یەکن. تەنها ڕێگا بۆ گەیشتن بە عەشق ئەوەیە کە مرۆڤ دەستبەرداری خۆی بێت. هەتا دەست لە لووتبەرزی و لاساری هەڵنەگریت، ناتوانی بگەیت بە عەشق. (ئۆشۆ)

گرنگیی عەشق بە تەواوی بزانن، هیچ شتێک گەورەتر و مەزنتر لە عەشق نییە، تەنانەت لە ڕێگای عەشقەوە دەتوانی خوداش بدۆزیتەوە و لە ڕێگای عەشقەوە دەستت بە خودا دەگات. حەزرەتی عیسا فەرموویەتی: عەشق خودایە. (ئۆشۆ)

تاکە شوێن کە خەیاڵەکانتان تیایدا مەحاڵ دەبێت، زەمینی ئێوەیە. (هێلین کلیەر)

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ لەئیرادەی خۆیدا ئازادە پێویستمان بەهیچ هۆکار و (منگق) لۆژیکێک نییە، چونکە هەر مرۆڤێک خۆبەخۆ هەست دەکات کە خاوەن ئیرادە و ئازاد ئافرێنراوە (دیل کارنگی)

مرۆڤ پەڕە کاغەزێک نییە کە ئاوی ڕووبار بۆ هەر شوێنێک ویستی، ببیات؛ بەڵکو مرۆڤ مەلەوانێکی لێهاتووە کە دەتوانێت بە دوو دەستی «ئیرادە» و «دەست بەکاربوون» لە دەریای بێ کۆتایی ژیاندا بۆ هەر شوێنێک ویستی، مەلە بکات. (دیل کارنگی)

حەقیقەت ئەو خۆراکەیە، ئەو دەستکەوتە بەرزەیە کە ئێستا دەتوانی زۆر بە سانایی هەموو ژیانی خۆتی لەسەر دابنێیت. چونکە شتێکت دۆزیوەتەوە کە گەورەترە لە ژیان: خودی سەرچاوەی ژیانت دۆزیوەتەوە، ئەو سەرچاوەیەی کە هەموو ژیانەکانی لێ هەڵدەقوڵێت. (ئۆشۆ)

سەیری ناو ئاوێنە بکە،ئەگەر ڕوخسارێکی جوانت هەیە با کردەوەکانت شایەنی جوانییەکەت بێت و ئەگەر ناحەز و نالەباریت، بەکردەوەی خراپ خۆت ناحەزتر و نالەبارتر مەکە.» (ئەفلاتون)

کاتێک ئیتر دەرفەتی ئەوە نییە بەشانازییەوە بژی دەبێ بەشانازییەوە بمری. (نیچە)

ئێوە ڕووناکی جیهانن، کەس چرایەک داناگیرسێنێت بۆ ئەوەی تەنیا گۆشەیەک ڕووناک بکاتەوە بەڵکو لەسەر تاقێک دایدەنێت تاکو ماڵێک ڕووناک بکاتەوە (ئینجیل)

پارە ئەوە نییە کە لە ڕواڵەتدا دەنوێنێت: ڕەگ و ڕیشەی پارە لە قووڵاییەکی تردایە. (ئۆشۆ)



Scanned with CamScanner

پارە تەنها لەو کاغەزە رەنگاڵەییەدا نییە. (ئۆشۆ)

پارە ئەو شتەیە کە پەیوەندی بە زەینی دەروونی تۆوە هەیە، پەیوەندی بە روانینی تۆوەیە. (ئۆشۆ)

پارە عەشقی تۆیە بەرامبەر بە کەلوپەلەکان. (ئۆشۆ)

پارە راکردنی تۆیە لە مرۆڤەکان. (ئۆشۆ)

پارە ئاسایشی تۆیە بەرامبەر بە مەرگ. (ئۆشۆ)

پارە هەوڵدانی تۆیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ژیان. (ئۆشۆ)

پارە هەزار و یەک شتە. (ئۆشۆ)

ئاسانترین جۆری عەشق، عەشقە بەرامبەر بە کەلوپەل، چونکە کەلوپەلەکان مردوون و دەتوانی بە ئاسانی بیانکری، دەتوانی خانوویەکی گەورە بکری، کۆشکێکە بەڵام تۆ ناتوانی تەنانەت بچووکترین منداڵی پێ بکری، تەنانەت ئەو منداڵەش ئەوەت لێ قبوڵ ناکات. تەنانەت ئەو منداڵەش بۆ ئازادی خۆی دەجەنگێت. منداڵ، چەندی منداڵیش بێت، دیسان بۆ ئەو کەسەی کە بیهەوێت دەستی بەسەردا بگرێت، مەترسیدارە. ئەو منداڵە سەربزێو و یاخی دەبێت. (ئۆشۆ)

ئەو خەڵکانەی ناتوانن عاشقی مرۆڤ بن، لەگەڵ پارە دڵداری دەکەن، چونکە پارە هۆکارێکە بۆ کرینی شت و، هەرچەندی زیاتر شت بکریت، زیاتر دەتوانی مرۆڤەکان فەرامۆش بکەیت. زۆر شتت دەبێت، بەڵام هیچ جۆرە رازیبوونێکت نییە، چونکە کاتێک لە قووڵایی دڵەوە هەست بە رازیبوون دەکەیت، کە عەشقی خۆت پێشکەشی مرۆڤەکان بکەیت، نەک کەلوپەل. (ئۆشۆ)

ئەگەر بتوانم پێش بەشکانی دڵێک بگرم ژیانی من بە فیرۆ نەچووە. ئەگەر بتوانم ئازارەکانی ژیانێک هێور بکەمەوە و یان بەندکراوێک ئازاد بکەم و، یان یارمەتی کۆترێکی لاواز بدەم و، دووبارە بیخەمە ناو هێلانەکەیەوە ژیانم بەفیرۆ نەچووە. (ئەمیلی دیکنسۆن)



Scanned with CamScanner

جیهان هەروەکو ئاوێنەیە. ئەوەی لە دەروونی خۆتاندا هەستی پێدەکەن لەدنیای دەرەکیدا دەبیننەوە و هەر لەبەر ئەمەشە کە بۆ باشتر کردنی ژیانتان دەبێ لەدەروونی خۆتانەوە دەست پێبکەن.(ئاندرە مەتیوس)

مرۆڤ کەم و زۆر لە «درۆ»دا دەژی چونکە درۆ ئاسوودە و بێ دەردەسەرە بۆ دۆزینەوەی درۆیەک پێویست ناکات خۆت هیلاک بکەیت. سەرتاپای کۆمەڵگە ئامادەیە تاکو هەموو چەشنە درۆیەکت بداتێ، بەڵام «حەقیقەت» لێگەڕینێکی تاکەکەسییە. (ئۆشۆ)

درۆکان داهێنراوی کۆمەڵگەن. (ئۆشۆ)

کەوابوو هەر کات حەقیقەت ئاشکرا بوو، دەردەسەر دێتە گۆڕێ. ئێوە هەموو ژیانی خۆتان لە درۆدا بردۆتە سەر، درۆی جوان و رازاوە لە پڕ بۆتان دەردەکەوێت کە هەموو ژیانتان هەڵوەشاوەتەوە. (ئۆشۆ)

بۆ هەڵبژاردنی حەقیقەت سەرەتا دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەیت. دوایی کە دۆزیتەوە هاوکات پەی بەوە دەبەی کە گشت کۆمەڵگە لە بەرەی دژایەتیکردنی تۆدایە، هەموو دنیا دژایەتیت دەکات. ئەگەر بتەوێت لەسەر بنەمای حەقیقەتی خۆت بژی دەبێ بەرهەڵستی هەموو دنیا بکەیت. (ئۆشۆ)

کێشەی سەرەکی مرۆڤەکان ئەوەیە کە خوو بە کەلوپەلەکانەوە دەگرن و دەیانەوێت ئەو کەلوپەلانە تەواوکەری ژیانیان بێت. (ئەنشتاین)

ئەو پرسیارەی منی گێژ کردووە ئەوەیە کە ئاخۆ من شێتم یان خەڵکی تر؟ (ئەنشتاین)

مێزێک، کورسییەک، قاپێکی پڕلە میوە و سازێک بۆ ژەنین. مرۆڤ بۆ شادبوون لەوە زیاتر چی دەوێت؟

توورەیی هەمیشە لە باوەشی خەڵکی گەمژەدا هێلانە دەکات. (ئەنشتاین)

هەموو گەمژەیەک دەتوانێ کێشەکان ئاڵۆزتر و گەورەتر بکاتەوە و خۆی توورە بکات. هەندێک ئازا بن و خۆتان لەم گەمژەییە رزگار بکەن. (ئەنشتاین)



Scanned with CamScanner

ئەوەی لە هەموو وردەکارییەکدا حەقیقەت لەبەر چاو نەگرێت، بۆ کار و پرۆژەی گەورەش ناتوانن متمانەی پێ بکەن. (ئەنشتاین)

لە خەڵوەتی خۆتاندا گوناه بکەن باشترە لەوەی بۆ خۆ نواندن ئیمانداری بکەن. (ئەنشتاین)

خوداوەند سادەترین ڕێباز دەخاتە بەردەمی ئێمە، دوور بکەونەوە لەوانەی ڕێبازی خوداناسیتان بۆ ئاڵۆز و سەخت دەکەن. (ئەنشتاین)

خەیاڵ هەمیشە گرنگترە لە زانست. زانست سنووردارە. بەڵام خەیاڵ سەرتاپای گەردوون دەگرێتەوە.

ئەو تەنیاییەی من تێیدا دەژیم، بە گەنجێتی ناخۆشە، بەڵام کە ئەقڵم گەورە بوو، زانیم چەند خۆش و شیرینە. (ئەنشتاین)

قەت نیگەرانی ئایندە نیم، خۆی بەم زووانە دێت. (ئەنشتاین)

پێم خۆشە ئاگاداری بیرکردنەوەکانی خودا بم.. شتەکانی دیکە هەمووی لاوەکین. (ئەنشتاین)

ئەگەر خەڵکی تەنها لە ترسی سزادان باش بن و بە ئومێدی پاداشت وەرگرتن چاکە بکەن، کەوابوو دەبێ زۆر بەداخەوە بین بۆ خۆمان. (ئەنشتاین)

ئەوانەی کۆمەڵی مرۆڤەکانیان پێ مێگەلە، دەبێ خۆشیان مەڕێکی خڕوخۆڵ بن. (ئەنشتاین)

کەس بە کۆکردنەوەی زانیاری زانا نابێت. (ئەنشتاین)

ڕووناکبیرەکان کێشەکان چارەسەر دەکەن، بەڵام مرۆڤە دەگمەنەکان ڕێگە لە دروستبوونی کێشە دەگرن. (ئەنشتاین)

تەکنەلۆژیامان خستۆتە پێش مرۆڤبوونمانەوە ئایا ئەمە ترسناک نییە؟(ئەنشتاین)

گۆڕینی ناوەرۆکی پلۆتۆنیۆم ئاسانترە لە گۆڕینی ناوەرۆکی ڕۆحی شەڕانگێزی مرۆڤ. (ئەنشتاین)



Scanned with CamScanner

چێژی تێرامان و تێگەیشتن، جوانترین دیاری سروشتە. (ئەنشتاین)

دوێنێ بکەن بە وانە، لەمڕۆدا بژین و هیواتان بە سبەی بێت. گرنگ ئەوەیە کە واز لە پرسیار و گومان نەهێنن. (ئەنشتاین)

مەنتق تەنها دەتوانێ لە (A)یەوە بتانگەیەنێتە (B)، لەوە زیاتر نییە، بەڵام خەیاڵ بۆ هەموو شوێنێکتان دەبات. (ئەنشتاین)

بە وردی سەیری سروشت بکەن، دوای ئەمە باشتر لە هەموو شت تێدەگەن. (ئەنشتاین)

هەرگیز پێچەوانەی ویژدانی خۆتان مەجوڵێنەوە. تەنانەت ئەگەر یاساش ئەوەی بەسەر ئێوەدا سەپاند. (ئەنشتاین)

تەنها دوو شت خاڵی کۆتاییان نییە، «گەردوون و گەللەشەقی مرۆڤەکان»، ئینجا لە یەکەم دانەشیان دڵنیا نیم.! (ئەنشتاین)

هەوڵ مەدەن سەرکەوتوو بن، هەوڵ بدەن بە قەدر و قیمەت بن. (ئەنشتاین)

ترس لە مردن بێ ماناترین ترسە، چونکە مرۆڤی مردوو هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. (ئەنشتاین)

تاکە سەرچاوەی زانست، ئەزموونە. (ئەنشتاین)

ئەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ سنووردار دەکاتەوە ئەو شتانەن کە لە منداڵییەوە فێریان بووین. (ئەنشتاین)

بەهای مرۆڤ لە بەخشینەوەدا دەردەکەوێت، نەک لە وەرگرتن. (ئەنشتاین)

زانست جگە لە پاڵاوتەی بیرکردنەوەکانی ڕۆژانەمان، هیچی تر نییە. (ئەنشتاین)

ئاشتی بە زۆر ناپارێزرێت، بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی دەبێ تێگەیشتن هەبێت. (ئەنشتاین)



Scanned with CamScanner

سەرەتا پشتگوێت ئەخەن ، پاشان پێت پێئەکەنن ، پاشان لەگەڵت ئەجەنگن ، پاشان تۆ سەردەکەویت . (ماهاتما گاندی)

باشترین رێگە بۆ خۆ دۆزینەوە ونکردنی خۆتە لە خزمەتی کەسانی تردا . (ماهاتما گاندی)

هەرکاتێک رووبەڕوی رکابەرێک بوویتەوە . بیبەزێنە (زاڵ بە بەسەری) بە خۆشەویستی . (ماهاتما گاندی)

ئەگەر هیچ کەسایەتی یەکت نەبێت بۆ لەدەست دان ، خەڵکی هیچ باوەڕێکیان (متمانەیەکیان) بە تۆ نابێت .

خودا هیچ ئاینێکی نی یە. (ماهاتما گاندی)

چاوێک بە چاوێک تەنها هەموو جیهان بە کوێری کۆتایی پێ ئەهێنێت . (ماهاتما گاندی)

ئەگەر هەستی گاڵتەوگەپم نەبوایە ، زۆر دەمێک بوو خۆکوشتنم ئەنجام دابوو . (ماهاتما گاندی)

پیاوێک بەهێندەی دەنکە گەنمێک باوەڕ بەخوداوە هەرگیز هیوا لەدەست نادات، چونکە ئەو هەمیشە باوەڕی هەیە بە سەرکەوتنی کۆتایی راستی . (ماهاتما گاندی)

هەرکاتێکت راستیت هەیە ئەبێت بە خۆشەویستی یەوە بدرێت (بە خۆشەویستی یەوە پێشکەش بکرێت) ، ئەگەرنا پەیامەکە و پەیامبەرەکەش رەت دەکرێتەوە . (ماهاتما گاندی)

هەروەک چۆن جەستە ناتوانێت بەبێ خوێن بوونی هەبێت ، بەوجۆرەش رۆح پێویستی بە هێزی پاک و بێ هاوتای باوەڕ هەیە . (ماهاتما گاندی)

پێغەمبەر مەسیحی ئێوەم حەز لێیە ، حەزم لە مەسیحی یەکانتان نی یە. مەسیحی یەکانتان زۆر جیاوازن لە پێغەمبەر مەسیحتان . (ماهاتما گاندی)

هیچ کەلتورێک ناتوانێت بژی ، ئەگەر هەوڵی تایبەت بوون بدات . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

هەروەک چۆن درەختێک کە تاکە قەدێکی هەیە ، بەڵام چەندین لق و گەڵا ، تەنها یەک ئایین هەیە بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕەکان (باوەڕە جیاوازەکان) . (ماهاتما گاندی)

باوەڕم بە یەکسانی هەیە بۆ هەمووکەسێک ، جگە لە پەیامنێرو وێنەگرەکان . (ماهاتما گاندی)

یەک کردەوەی میهرەبانی (ئەنجامدانی کارێکی میهرەبانانە) باشترە لە هەزار سەر کە چەماوەتەوە بۆ نوێژ (پاڕانەوە) . (ماهاتما گاندی)

تاکە زۆردارێک کە قبوڵی دەکەم لەم جیهانەدا ئەو «دەنگە خامۆشە بچوکەیە» لەدەروونم (لە ناو ناخم) دا . (ماهاتما گاندی)

داهاتوو بەندە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەیکەین لە ئێستادا . (ماهاتما گاندی)

هەموو شەوێک ، کاتێک دەچم بۆ خەوتن ، ئەمرم . وە بەیانی داهاتوو، کاتێک لەخەو هەڵدەستم ، من جارێکی تر لەدایک بووم . (ماهاتما گاندی)

بڕوای من ئەوەیە کە پێشکەوتنی ئیسلام بەند نیە لەسەر بەکارهێنانی شمشێر لەلایەن باوەڕدارانیەوە ، بەڵکو لە ئەنجامی قوربانی دانی بەرزی حوسەینەوە ، پیاوچاکێکی مەزن . (ماهاتما گاندی)

ئەگەر مانەوەم لەژیانمدا بووە هۆی لەناو چوونی کەسێکی تر ، ئەوکات مردن دەبێت شیرینترو خۆشەویستتربێت . (خەلیل جبران)

دانایی دەوەستێت لە پێچی ناو رێگاکەدا و بە ئاشکرا بانگمان دەکات ، بەڵام ئێمە بە هەڵەی دادەنێین و رقمان دەبێتەوە لە پێوەلکانی . (خەلیل جبران)

ژیانی گوڵێک ئارەزووکردن و پەیمان بەجێ هێنانە . فرمێسکێک و زەردەخەنەیەک . (خەلیل جبران)

منی راستەقینە بێ دەنگە ، ئەوەی (ئەوبەشەی من) کە زۆر قسەدەکات وەرگیراوە . (خەلیل جبران)

پیاوێک ناتوانێت کاری دروست ئەنجام بدات لە لقێکی (بەشێکی) ژیان لەکاتێکدا سەرقاڵە



Scanned with CamScanner

(داگیربووه) بە ئەنجامدانی هەڵە لە هەر لقێکی تر . ژیان یەک پارچەی دابەش نەکراوە . (ماهاتما گاندی)

خۆشەویستی پێکدێت لە تاکە رۆحێک کە لە دوو جەستەدا نیشتەجێ بووە . (ماهاتما گاندی)

عەقڵ نەبێ گیان لە عەزابایە . ( چونکە هەر عەقڵە کە مرۆڤ بەرەو رێگەی باش دەبات و رێبەری دەکات لە دونیادا ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شێوەکانی زیرەکی مرۆڤ زانینیان لەناو کتێبدا دەمێنێتەوە لەژیانی زەمانە بەدوور دەبێ و توانای نوێ بوونەوەی هەمیشەیی هەیە . (فرانسیس بیکۆن)

بەدەر لەهەموو شتە رەقەکان ، بەدەر لەهەموو داهێنانەکانی مرۆڤ کتێب هەر وەک نزیکترین شت لێمان دەمێنێتەوە ، چونکە بیرەکانی خۆمان و هیواو تورەی و ئەندێشەو دڵسۆزی بۆ راستی و حەزی بەردەوامامان بەرەو هەڵچونی لەخۆ گرتووە ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کتێب هەر لەخۆشمان دەچێ لەدەست گرتنی شلۆقی بەژیانەوە . (جۆزیفکۆنراد)

ئەگەر کتێبێک شایەنی خوێندنەوە بێ ئەوا شایەنی کرینیشە. (جۆن راسکن)

باشترە کەکتێبخانەکەت پڕ بێ لەکتێب وەک لەوەی جزدانەکەت پڕ بێ لەپارە . (جۆن لایلی )

کاتێ کتێب کۆدەکەینەوە ئەوا کامەرانی کۆدەکەینەوە (فنسنت ستارین)

کاتێ کەبۆیەکەم جار کتێبێک دەخوێنمەوە ، ئەمە بۆ من وەک ئەوە وایە کە هاورێەکی نوێ پەیدا دەکەم ، کاتێکیش کتێبێک دەخوێنمەوە کە پێشتر خوێندومەتەوە ئەمە وەک ئەوە وایە کە هاورێیەکی دێرین ببینم . (ئۆلیڤەر گۆڵد سمیس )

کتێب سامانی کەڵەکەبووی جیهانەو میراتیەکی گونجاوە بۆ نەوەو نەتەوەکان . (هێنری دایڤید سۆرۆ)

خەون و کتێب هەریەکەیان بۆ خۆی جیهانێکە ، کتێبیش وەک دەزانی جیهانێکی مادی بێ گەردوو چاکە . (ویلیام وۆردزۆرس)

داری کۆن بۆ سوتاندن و سرکەی گەراوەش بۆ شەراب و هاورێ دێرینەکان بۆ پشت بەستن



Scanned with CamScanner

بەدڵسۆزییان و کتێبە کۆنەکانیش بۆ خوێندنەوە . (ئاراگۆن)

خوێندنەوە بۆ ئەقڵ وەک وەرزش وایە بۆ لەش ، هەروەک چۆن ئەم لەشە دەپارێزێ و چالاکی دەکا ، ئاواش خوێندنەوە ژیانی چاکە دەمێنێتەوە کەبریتیە لەساغی و درووستی ئەقڵ و گەشاندنەوەی . (جۆزیف ئەدیسۆن)

من بەشێوەیەک بۆ خوێندنەوە کێش ئەوبووم کە هیچ جۆرە خۆشیەکی تر ئاوا جێی پێشوازی نەبووە (ملیتۆن)

حەز لەخوێندنەوە کردن بریتیە لەگۆڕینی کاتەکانی بێزاری بەخۆشی . (مۆنتسکێو)

هونەری خوێندنەوە هەیە هەروەک چۆن هونەری بیرکردنەوەو چیرۆک نوسینیش هەیە (دزرائیلی)

هیچ کەسێک سوود لەخوێندنەوە وەرناگرێ ئەگەر بەچێژەوە نەخوێنێتەوە . (نوح پۆرتەر)

ئەوە پەیوەندیە لەنێوان مرۆڤدا ئەگەر هەموویان هەمان کتێبیان خوێندبێتەوە . (ئەمەرسۆن)

خوی خوێندنەوە تەنها چێژێکە کەساختە نیە ، چونکە ئەم هەر بەردەوام دەبێ کاتێ کە چێژەکانی تر نامێنێت . (ئەنتۆنی ترۆلۆپ)

فەرهەنگ وەک کاتژمێر وایە ، خراپترینیان لەهیچ باشترە و چاکترینیان چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ کەتەواو ڕاست بێ (بوزویل)

کاتێ دەنگە ناسکەکان نامێنن، مۆسیقا لەیادەوەریدا دەزرینگێتەوە . (شیللی)

مۆسیقا لەپێش هەموو شتێکەوەیە . (فرلین)

هیچ مرۆڤێکی دڵ ڕەق و بەدخو نیە کە مۆسیقا نەتوانێ سروشتی بگۆڕێ ئەگەر بۆساتێکیش بێ ، ئەو مرۆڤەشی کەدەرونی لەمۆسیقا خاڵیەو ئاوازە ناسکەکان نایبزوێنێ ، دەتوانێ کە ناپاکی و تەڵەکەو تاوان ئەنجام بدا . (شکسپیر)

مۆسیقا ئیلهامێکە کە باڵاترە لە هەموو دانایی و فەلسەفەیەک . (بتهۆڤن)



Scanned with CamScanner

مۆسیقایەک هەیە لەووژەی قایشدا ، مۆسیقایەک هەیە لەخورەی جۆگەلەدا ، مۆسیقایەک لەهوو شتێکدا هەیە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ گوێی لێ بگرێ چونکە سەر زەمین هەمووی بریتیە لەدەنگدانەوەی ئاوازەکان . (لۆرد بایرۆن)

مۆسیقا سیحرێکی تیایە کە کار لەدڕندە دەکاو بەرد نەرم دەکاو داری قەد ئەستور دەچەمێنێتەوە . (کۆنگریف)

چاکە مۆسقایەو ژیانی داناش هاودەنگیە . (سنکێفچ)

ئەی مۆسیقا ئەی حۆری ئاسمانی بەرز ، تۆ هاوڕێی خۆشی و پاڵپشتی دانایت . (کۆلنز)

شانیشی من لەو هەوادایە ، هەروەک چۆن دەنگەکان تیایدا شەپۆل ئەدەن ئاواش لەدەوندا شەپۆل ئەدا . (بتهۆڤن)

مۆسیقا وەک خۆشەویستی وایە دەبێ مرۆڤ تیایدا ڕاشکاو بێ . (هۆفمان)

ئەو مۆسیقایەی کەمن لەگەڵ تۆدا گوێم لێ گرت ئەوە لەمۆسیقا زیاتر بوو . (کۆنراد ئایکن)

بیری دوارۆژمان بوو بە ئەفسانە  نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە . (پیرەمێرد)

ئەگەر ئەتەوێت ببیت بە زین دروویەکی باش، زینی بدووره بۆ خراپترین ئەسپ، لەبەرئەوەی ئەگەر بتوانیت یەکێک ماڵی بکەیت ، ئەتوانیت هەموو (ئەسپێک)  ماڵی بکەیت . (سوقرات)

من ئەپاڕێمەوە لە تۆ ، ئۆ خودایە ، بۆ ئەوەی جوان بم لە ناخەوە . (سوقرات)

لەناو هەموومان دا ، تەنانەت لەناو پیاو باشەکانیشدا ، گیانەوەرێکی دڕندەی بێ قانون هەیە بە سروشت ، کە لەکاتی خەو (لەناو خەو) دا دەردەچێت (دەردەکەوێت) . (سوقرات)

ئەگەر هەموو بێ بەختی یەکانمان دانرایە لە شوێنێکی گشتی و لەوێوە هەرکەسەو ئەبوایە پشکێکی یەکسانی وەربگرتایە ، زۆربەی خەڵک بەوە قایل دەبوون کە پشکی خۆیان بەرن و بڕۆن . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

مەزنترین نیعمەت کە بەخشراوە بە مرۆڤایەتی لە ڕێگەی دێت لە ڕێگەی شێتی یەوە (پەرۆشی یەکی لە رادەبەدەر) ، کە دیاری یەکی خودای پەروەردگارە . (سوقرات)

هەرکاتێک یەکسان کران لەگەڵ پیاو، ئافرەت ئەبێت بە گەورەی (پیاو). (سوقرات)

دڵخۆش بە ( گەشبین) بە لەبارەی مردنەوە ، وە ئەم ڕاستی یە بزانە ، کە هیچ نەگریسی یەک ناتوانێت ڕووبدات بۆ پیاوێکی باش، نە لەم ژیانەدا وە نەدوای مردن . (سوقرات)

منداڵانی ئەم ڕۆژە ستەمکارن . بەرپەرچی باوانیان ئەدەنەوە ، خواردنەکانیان زۆر بە پەلە دەخۆن ، وە ستەم لە مامۆستاکانیان دەکەن . (سوقرات)

ئاسانترین و ڕەسەنترین ڕێگە وردکردن و لەناوبردنی کەسانی تر نی یە ، بەڵکو چاکردن و باشترکردنی خۆتانە . (سوقرات)

کەسێک هەرگیز نابێت بە خراپە وەڵام بداتەوە ( خراپە بکات لە گەڕانەوە) ، نە خراپ مامەڵە لەگەڵ هیچ پیاوێک دا بکات ، گرنگ نی یە یەکێک چەندە خراپ مامەڵەشی لەگەڵ ئەو کەسە کردبێت . (سوقرات)

ئەو کەسانە بە بەوەفا مەزانە کە هەموو قسەو کردارەکانەت ستایش دەکەن ، بەڵکو ئەوانەی کە بە میهرەبانی یەوە بە هەڵەکانتدا هەڵدەشاخێن . (سوقرات)

ژیان تەنها دوو تراژیدیا لەخۆ دەگرێت . یەک ئەوەیە کە بە ئارەزووەکانی دڵت نەگەیت ،ئەوی تریان ئەوەیە کە پێی بگەیت (دەستت بکەوێت ) . (سوقرات)

هاوڕێم ... چاودێری دەروونت بکە ... خۆت بناسە ، چونکە هەرکات کە خۆمان ناسی ، لەوانەیە فێرببین کە چۆن چاودێری خۆمان بکەین (ئاگاداری خۆمان بین). (سوقرات)

بڕیارمدا (گەیشتمە ئەو قەناعەتەی) ئەوە دانایی نی یە کە توانا ئەدا بە شاعیرەکان بۆ نووسینی شیعرەکانیان ، بەڵام جۆرێک لە سرووشت یان ئیلهام ، هەروەک ئەوەی کە لە پێشبینی کەران یان پێغەمبەران دا بەدی دەکرێت ئەوەی کە هەموو پەیامە بەرزو بڵندەکانیان دەگەیەنن بەبێ ئەوەی بە کەمترین شێوەش لە واتای ئەوە بگەن کە دەیڵێن . (سوقرات)

بەرزترین شانشینی بیرکردنەوەکان (ئەندێشەکان) مەحاڵە گەیشتن پێیان بەبێ سەرەتا



Scanned with CamScanner

گەیشتن بە واتای میهرەبانی . (سوقرات)

ئەو کەسەی کە توانای نی یە لەناو کۆمەڵگادا بژی ، یان پێویستی پێ نیە لەبەرئەوەی خۆی بەتەنها بەسە بۆ خۆی ، پێویست ئەکات یان گیانەوەر بێت یان خودا . (سوقرات)

ژیان بە باشی و جوانی و دادپەروەرانە هەموو یەک شتە . (سوقرات)

خۆ دەربرین بەخراپی نەک تەنها ناتەواوی یە لە رووی زمانەوە (ناتەواوی یە لە بەکارهێنانی زمان) ، بەڵکو هەندێک زیانیش بە رۆح (گیان) دەگەیەنێت . (سوقرات)

ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر ژیانمان تێک دەدات ئەو وێنەیە لەناو مێشکماندا کە وادائەنێین شتەکان چۆن ببن. (سوقرات)

هیچ خراپی یەکی مەزنتر نی یە کە یەکێک دووچاری ببێتەوە لە رق لێبونەوە لە قسە و گفتوگۆی ماعقوڵ زیاتر . (سوقرات)

مێشک (بیر) هەموو شتێکە ، تۆ دەبیت بەو شتەی کە بیری لێ دەکەیتەوە . (سوقرات)

کاتێک کە دانایی و تێگەیشتنت ئەوێت هێندەی ئەوەی کە ئەتەوێت هەناسە بدەیت ، ئەوکات ئەمجا ئەبێت دەستت بکەوێت . (سوقرات)

ئەزانم کە باوەڕم پێ ناکەیت، بەڵام بەرزترین شێوەی نایابی مرۆڤ پرسیارکردنە (گومانکردنە) لە خودی خۆت و کەسانی تر . (سوقرات)

ناسینی خودی خۆت سەرەتای دانایی یە (ژیری یە) . (سوقرات)

ئایا شەرمەزار نابیت بە هێندە بایەخدان بە پەیداکردنی پارەو ناوبانگ و پلەوپایە ، لەکاتێکدا کە تۆ نە بیردەکەیتەوەو بە بایەخ دەدەیت بە دانایی و راستی و باشکردنی رۆحی خۆت؟ (سوقرات)

جوانی ستەمکارێکی تەمەن کورتە . (سوقرات)

گۆڕینی رایەک باشترە لە بەردەوام بوون لەسەر رایەکی هەیە . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

وە ئەوان دەوڵەمەندتر و دەوڵەمەندتر دەبن ، وە تا ئەوان زیاتر بیردەکەنەوە لە دروستکردنی سامان کەمتر بیردەکەنەوە لە ڕەوشت بەرزی (کاری چاکە) : چونکە کاتێک دەوڵەمەندی و ڕەوشت بەرزی پێکەوە لە پێوەرێکی هاوسەنگی دا دادەنرێت ، یەکێک هەمیشە بەرزدەبێتەوەو یەکێکی تریش دادەبەزێت . (سوقرات)

هیچ ڕاستیەک کە مرۆڤ بتوانێ دەستی بکەوێ لەوە ڕاستر نیە کەلەمۆسیقاوە دەردەچێ . (ڕۆبەرت براونینگ)

لووتت لە بەردی ئەلحەد بکەوێ تێدەگەی جێگای ئەسڵیتە ئەوێ . (پیرەمێرد)

ئەڵێن گوناهت ببێ پڕ ژووری بە دوو ڕکات نوێژ خوا لێت ئەبووری . (پیرەمێرد)

کە بە چڵ و چۆ چوویتە سەر کورسی ئیتر لە دۆستی کۆنە ناپرسی . (پیرەمێرد)

هیچ نایەوێ ماسی فێری مەلە بکەیت .( ئەمە بە یەکێک دەوترێت کە ئامۆژگاری کەسێک بکات ، کە لە ڕاستیدا ئەو کەسە پێویستی بە ئامۆژگاری کردن نەبێ ... واتە خۆی ژیر و وریایە ئیتر ئامۆژگاری ناوێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کە بۆ هاوخوێنت ... خوێنت نەجۆشێ پەچەی بەدنامی ڕووت دادەپۆشێ . (پیرەمێرد)

هەموو دەردێک دەرمانی هەیە ، گەوجی نەبێ .( بەیەکێک دەوترێت کە قسەیەک یاخود کردەوەیەکی ناپەسەندت لەگەڵدا بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

نە ماڵت لەسەر شیو بێ .. نە ژنت کچە تیو بێ .( چونکە ئەم دووانە هەمیشە بۆگەن ئەدەنەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شاعیر باڵندەیەکی خاوەن نایابی سەروسروشتە ، کە هەڵدێت لە شانشینی گەردوونی خۆی و دەگاتە ئەم جیهانە بەدەم خوێندنەوە (دەخوێنێت) . ئەگەر نەوازشی نەکەین ، باڵەکانی دەکاتەوەو دەگەڕێتەوە نیشتیمانەکەی . (خەلیل جبران)

بیرێکی وشک بوومایە ، و ئەوەی خەڵکی بەردیان فرێبدایەتە ناوم ، ئاسانتر دەبوو لەوەی کە سەرچاوەی ئاوێکی ڕۆیشتو بیت کە تینو تێدەپەڕێت بەلایدا ، وە خۆیان لە خواردنەوەی



Scanned with CamScanner

بەدووربگرن . (خەلیل جبران)

لە جەنگکردن لەگەڵ خراپەدا ، زیادەڕەوی باشە، چونکە ئەو کەسەی کە میانڕەوە (مامناوەندە) لە راگەیاندنی راستی دا نیوە راستی پێشکەش دەکات . نیوەکەی تری دەشارێتەوە لەترسی توڕەیی خەڵک . (خەلیل جبران)

باڵندە سەربەرزی یەکی هەیە کە پیاو نیەتی، پیاو دەژی لەنێو داوی یاسا و نەریتی وازلێهێنراوەوە ، بەڵام باڵندەکان دەژین بە گوێرەی یاسای سروشتی خودا کە دەبێتە هۆی ئەوەی زەوی بسوڕێتەوە بە دەوری خۆردا . (خەلیل جبران)

زەوی وەک بوکێکی جوان وەهایە کە پێویستی بە هیچ گەوهەرێکی دروستکراو (هەرشتێک بە دەستی مرۆڤ دروستکرابێت) نی یە بۆ بەرزکردنەوەی جوانی یەکەی . (خەلیل جبران)

ئەگەر تۆ ناتوانێت بە خۆشەویستی یەوە کاربکەیت بەڵکو تەنها بە رق لێ بوونەوەوە ،باشتر وایە کە کارەکەت بەجێ بهێڵیت. (خەلیل جبران)

ئا لێرەدا دادەنیشتم لەنێوان براکەم شاخەکە و خوشکەکەم دەریاکە . ئێمە سیانی یەکین لە تەنیایی دا ، وە ئەو خۆشەویستی یەی کە ئەمان بەستێتەوە پێکەوە خۆشەویستی یەکی قوڵ و بەهێزو سەیرە . (خەلیل جبران)

لەشی ساغ پاشایەتییە .( چونکە ئەگەر لەش ساغ بیت ئەوا هەموو شتێک لات شیرینە و خۆشە ، بەڵام ئەگەر لەش بەبار و نەخۆش بوویت ئەوا هەموو شتێکت لا تاڵ و ناخۆشە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شێر ترسان عەیب نییە . ( بەکەسێک ئەوترێت کە لەپیاوێکی گەورە یاخود لە یەکێکی دڕ بترسێ کە ئەو ترسانە حەق بێ ، واتە ترسانەکە لەجێگەی خۆیدابێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هیچ شتێک ناتوانێت بوونی هەبێت بەبێ دژەکەی. (ئۆشۆ)

تەنها ئەوانەی کە ئامادەن ببن بە هیچ کەس (بە کەسێکی هیچ) توانای خۆشەویستی یان هەیە. (ئۆشۆ)



Scanned with CamScanner

هیچ کەسێک لێرە نی یە بۆ ئەوەی خەونەکانی تۆ بەدی بهێنێت . هەرکەس لێرەیە بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی بەدی بهێنێت ، حەقیقەتی خودی خۆی (ئۆشۆ)

مرۆڤی بەرپرسیار ئەوەیە کە هۆشیارە ، وریایە ، وە هەرگیز کارەکانی نەبەستراون بە رابردووەوە (کاروکردەوەو بیری بە رابردووەوە نە ئالاون) بەڵکو کارەکانی بەستراون بە هۆشی ئێستایەوە . (ئۆشۆ)

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت بە بینینی راستی، ئەوا هیچ بیروڕایەکی بۆ یان دژی هەڵمەگرە . (ئۆشۆ)

کاتێک خۆشەویستی و رق لێبوون هەردوو بزرن (بوونیان نی یە) هەموو شتێک روون و ئاشکرا ئەبێتەوە . (ئۆشۆ)

ژیان هاوسەنگی یەکە لە نێوان حەسانەوە (وەستان) و جوڵە . (ئۆشۆ)

هەڵمەبژێرە . ژیان قبوڵ بکە بەو شێوەی کە هەیە بە هەموویەوە . (ئۆشۆ)

گەمژەکان بە یەکتری پێدەکەنن . ژیریی بە خودی خۆی پێدەکەنێت . (ئۆشۆ)

زمانی ئەوا موڵکی هەموو مرۆڤایەتیە ، ئاوازیش ئەو زمانە ڕەهایەیە کە مۆسیقا هەموو دڵێکی پێ دەدوێنێ . (ریچارد فاگنەر)

مۆسیقا ڕەفتار قاڵب ڕێژدەکا بۆیە لەدیاری کردنی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەشداری دەکا . (ئەفلاتۆن)

حوکمەتی زاڵم بۆ ڕۆحی مرۆڤ مەترسیدار ترە لە ئاژەڵێکی درندەی گۆشت خۆر (کۆنفۆشیۆس)

ئەوە حەقیقەت نیە مرۆڤ بەنرخ دەکات , بەڵکو ئەوە مرۆڤە حەقیقەت بەنرخ دەکات (کۆنفۆشیۆس)

کاتێ داوای چاکە لە خەڵک بکەن کە خواردنت پێدا (کۆنفۆشیۆس)

مرۆڤ گرنگ ترین پێکهاتەی دەوڵەت و نەتەوەیە , مەلیکیش بچوکترین پایەی ئەم دەوڵەت و



Scanned with CamScanner

نەتەوەیە (منشێس)

پاڵەوانەکان چەندە دادپەروەریش بن ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن ، بەڵام دەتوانن ئاشتی ببەنەوە (منشێس)

گەورەیی مرۆڤ بە ڕێژەی توانای لێبوردنی دەپێورێت بەرامبەر ئەوکەسانەی کەخراپەیان هەبوە بەرامبەری (یانج)

گەر شەڕ بە کەس نەفرۆشیت ، کەس لەم سەرزەمینەدا یەخەت پێناگرێت (لاوتسی)

ژیانم بریتیە لە تەقواکانم واتە ئەوکارەی کە هەڵگری ژیانە تەنها مەبەست لێی بە دەست هێنانی ژیانێکی بە ختەوەریە (کۆنفۆشیۆس)

نا توانیت ڕێ لەوباڵندانە بگریت کە بە سەرتدادەفڕن ، بەڵام دەتوانی ڕێیان لێبگریت تا لە سەرتدا هێلانە دروست نەکەن (کۆنفۆشیۆس)

گەر نەتتوانی بیروڕای خۆت بڵێیت ، بڵێ خاوەنی هیچ شتێک نیم (کۆنفۆشیۆس)

کەس ووتەی چاکە نا گێڕێتەوە غەیبەتیش لای کەس ناشاردرێتەوە . (پیرەمێرد)

هەندێ لە خۆی دا دەست بە تێلایە هیچ ناڵێ ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە . (پیرەمێرد)

هەوڵ بدە بەتەواوی زاڵ ببی بەسەر خۆتدا . (براون جاکسۆن)

دوای سود وەرگرتن لە مەعجونی دان سەرەکەی دابخە . (براون جاکسۆن)

بەر لەوەی کەس بێنیتەوە بیرت ، خۆت زبڵەکان بەرە دەرەوە . (براون جاکسۆن)

خۆت بپارێزە لە ڕاوەستانی زۆر بەرامبەر بە تیشکی خۆر . (براون جاکسۆن)

لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکە . (براون جاکسۆن)

تا دەورێ نەیەت کە پیاو بۆ ئیش بێ نەبێ هەر باوی پیاوی بێ ڕیش بێ . (پیرەمێرد)



Scanned with CamScanner

که سانێک هەن دەڵێن لە بواری سەربازیدا رێک و پێکین و لە سەر کردەیی سەربازیش لێهاتوین , بەدڵنیاییەوە ئەوکسانە خوێان خوێن رێژوتاوانبارن (کۆنفۆشیۆس)

بەد بەخترین پیاو ئەو پیاوەیەکە هەموو رۆژێک تێر دەخوات بەڵام عەقڵی لەکارێکدا بەکار ناهێنێت لە رۆژانی گەنجێتیدا تواناى هەڵسەنگاند نی کارێکی نیەو لەکاملیشیدا کارێک ناکات کەسانی تر سودی لێوەرگرن • هەموو ژیانی بەم شێوەیە بە رێدەکات ئەوە میکرۆبە نەک مرۆڤ(کۆنفۆشیۆس)

گەر دەست بەرداری ماڵ و سامان بین لە لایەکەوە , لەلایەکی ترەوە وشک دەکات , گەر مرۆڤ بوبە خاوەنی ماڵ و سامان غروری سوار سەری دەبێت , کەی لێشی دوور کەوتەوە توشی بارگرانی دەبێت , غرورییەکەی توشی دڵ رەقی و توندرەوی دەکات و بارگرانیە کەشی هانی دەدات بۆ دزی کردن (تنک شنک)

سەر بەستی ویژدان واتە ئەمانەت لە بیرکردنەوەدا و دڵسۆزی لە ووتنی حەقدا (کۆنفۆشیۆس)

من دەرگای حەق لەهیچ کەس ناکەمەوە تا هەوڵ نەدات جەوهەرەکەی بزانێ , ئامادەنیم یارمەتی ئەو کەسانەش بدەم کەتوانای دەربرینی ناخی خۆیان نیە (ئەفلاتۆن)

هەرکەسێ تووشی خۆشەویستی ببێت ئەبێت بەشاعیر . (ئەفلاتۆن)

سیحری یەکەمین خۆشەویستی ئەوەیە کەئێمە نازانین کەئەمە ناگرێ کۆتایی بێ (دزرائیلی)

خۆشەویستی لەژێر فشاردا سیس دەبێ : چونکە بناغەکەی ئازادیە ،نەلەگەڵ مل کەچیدا دەگونجێ ،نە لەگەڵ غیرەدا ، سنورداریش نیە کاتێ کەموریدەکانی لەبڕواو یەکسانی و ڕاشکاویدا دەژین (شیلی)

ئای خۆشەویستی ، وتویانە کەشای شایانەو . سەرکەوتنیش تاجەکەیەتی زەزوی لەبەردەمیا دەپوکێتەوە بەگرگرتوی لەبەردەم باڵەکانیداو، خۆرو مانگیش دەچەمێتەوە . (رۆبەرت برۆل)

نهێنیەکانی خۆشەویستی لەدەرونەکانا چەکەرەدەکات بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جەستە کتێبەکەیەتی (د. جۆن دن)



Scanned with CamScanner

هیچ شتێک لەم ژیانەدا ئەوەندەی خەونی خۆشەویستی لاوێک شیرین نیە . (تۆماس مۆر)

جێیەک هەیە کەخۆشەویستی لێوەی دەست پێدەکاو جێیەکیش کەخۆشەویستی تیایدا کۆتای دێ و خۆشەویستی داوای هیچ ناکات . (کارل ساند بێرگ)

هەرگیز بیر لە ئاینده ناکەمەوە . خۆی زۆر خێرا دێت . (ئەنیشتاین)

هەموو ئەو شتانەی کە بە راستی مەزن و هاندەرن دروستکراوە لە لایەن تاکێکەوە کە دەتوانێت بە ئازادی کاربکات . (ئەنیشتاین)

من هەرگیز لەدڵەوە نەچومەتەوە سەر ولاتێک ، یان ویلایەتێک ، وە نە بازنەیەکی هاورێیان ، تەنانەت خودی خێزانی خۆشمان . (ئەنیشتاین)

زاناکان لەوە دەکۆڵنەوە کە ئێستا هەیە ، ئەندازیارەکان ئەوە دروست دەکەن کە هەرگیز نەبووە . (ئەنیشتاین)

ئای چەندە هیواخوازم لە شوێنێک لەو دورانە دورگەیەک هەبوانە بۆ ئەو کەسانەی کە ژیرن و ئەوانەی کە میهرەبان و چاکەکارن (مرۆڤی چاک). (ئەنیشتاین)

سەیر نی یە منێک کە تەنها کتێبی بێ ناوبانگم نوسیووە ببێت بە کەسێکی هێندە بەناوبانگ ؟ (ئەنیشتاین)

خەم مەخۆ بۆ گرفتەکانت لەگەڵ بیرکاری دا، من دڵنیات ئەکەمەوە ئەوانەی من زۆر گەورەترین . (ئەنیشتاین)

تا ئەو کاتەی توانای هەڵبژاردنم هەیە ، لە ولاتێکدا ئەمێنمەوە کە ئازادیی سیاسی ، لێبوردەیی ، وە یەکسانی هەموو هاولاتیان بەپێی یاسا پەیرەوبکرێت (یاسا سەرومربێت) . (ئەنیشتاین)

یەکێک ناتوانێت لەیەک کاتدا رێ لە جەنگ بگرێت و خۆ ئامادە بکات بۆ جەنگ . (ئەنیشتاین)

بۆ ئەوەی یەکێک ببێت بە بەشێکی (ئەندامێکی) پاک و بێ عەیب لە رەوێک مەڕ ، ئەو یەکە پێویستە لە سەرو هەموو شتێکەوە خۆی مەڕ بێت . (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

بیردۆزی کوانتۆم تا زیاتر سەرکەوتوو ئەبێت ، گەمژانەتر دەرەکەوێت . (ئەنیشتاین)

هەموو ئاینەکان ، هونەرەکان و زانستەکان هەموو لقی هەمان درەختن . (ئەنیشتاین)

ئەو پیاوەی کە ژیانی خۆی هاوڵەکانی بە بێ مانا سەیر ئەکات و ئەبینێت نەک تەنها بەدبەختە بەڵکو ناڕادەیەکی زۆر شیاو نی یە بۆ ژیان (مافی ژیانی نی یە). (ئەنیشتاین)

هیچ برە تاقیکردنەوەیەک ناتوانێت ڕاستیی من بسەلمێنێت ، بەڵام تەنها یەک تاقیکردنەوە ئەتوانێت من بە درۆ بخاتەوە . (ئەنیشتاین)

خوداوەند زیرەکە ، بەڵام ناپاک نی یە . (ئەنیشتاین)

من لەو تەنهاییەدا ئەژیم کە بە ئازارە لە گەنجی دا ، بەڵام بەتامە لە ساڵانی پێگەیشتن دا. (ئەنیشتاین)

ئەگەر شتێک هەبێت لە مندا پێی بوترێت ئایین ئەوا ئەو بە گرنگ و گەورە زانینە بێ سنورەیە کە هەمە بۆ پێکهاتەی ئەم جیهانە کە زانستمان ئەتوانێت ئاشکرای بکات تا ئێستا . (ئەنیشتاین)

لە وڵاتێکی تەندروست دا جۆرێک لە هاوسەنگی بەرچاو هەیە لە نێوان ویستی خەڵک و حکومەتدا ، کە ڕێگرە لە رزینی (خراپ بوونی، شی بوونەوەی) حکومەت بەرەو ستەمکاریی . (ئەنیشتاین)

من ئارامگرتنم زۆر کەمە لەگەڵ ئەو زانایانەی کە پارچە تەختەیەک ئەهێنن ، ئەگەڕێن بەدوای باریکترین بەشی تەختەکە ، وە پاشان ژمارەیەکی زۆر کون دەکەنە ئەو شوێنانەی کە کونکردن ئاسانە . (ئەنیشتاین)

جیهان پێویستی بە قارەمانە، وە باشترە کە قارەمانەکان مرۆڤی بێ ئازاربن وەک من نەک پیاوخراپی وەک هیتلەر. (ئەنیشتاین)

کارکردن ١٪ ی هاندانە وە ٩٩٪ ئارەق کردنەوە . (ئەنیشتاین)

باوەڕکردن باشترە لە باوەڕنەکردن (دانپێدانەنان) ، چونکە لە باوەڕکردن دا هەموو شتێک



Scanned with CamScanner

دەهێنیتە جیهانی ئیحتیمال (کاتێک کە باوەڕو هیوات هەیە هەموو شتێک چانسی ڕوودانی هەیە). (ئەنیشتاین)

هیچ شتێک ڕوونادات تا ئەو کاتەی شتێک نەجوڵێت (شتێک نەگۆڕێت). (ئەنیشتاین)

بیردۆز شتێکە هیچ کەس باوەڕی پێی نی یە، جگە لەو کەسەی کە دروستی کردووە (دایهێناوە) . تاقیکردنەوە شتێکە هەموو کەس باوەڕی پێی هەیە، بێجگە لەو کەسەی کە ئەنجامی داوە . (ئەنیشتاین)

سیاسەت تەنها بۆ ئێستایە، بەڵام هاوکێشەیەک بۆ هەتاهەیە ئەمێنێتەوە . (ئەنیشتاین)

زانست شتێکی سەرسوڕهێنەرو گەورەیە ئەگەر یەکێک بژێوی ژیانی لەسەری نەبێت . (ئەنیشتاین)

چەندین کات لە ڕۆژێکدا هەست دەکەم بەوەی کە چەندە ژیانی من دروست بووە بەهۆی کارو هەوڵی هاوەڵانم، وە چەندە بە جدی پێویستە کۆششی خۆم بکەم بۆ ئەوەی کە بتوانم لە پاداشتدا بیگەڕێنمەوە ئەو شتانەی کە وەرم گرتوون ئەوەندەی کە پێم بکرێت . (ئەنیشتاین)

کورسی یە ئەکادیمیەکان زۆرن ، بەڵام مامۆستا ڕەسەن و ژیرەکان کەمن ، پۆلی وانە وتنەوەکان زۆر و گەورەن ، بەڵام ژمارەی ئەو گەنجانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە تینون بەدوای ڕاستی و دادپەروەریی دا بچوکە. (ئەنیشتاین)

باوەڕت بە نەمری هەیە؟ نەخێر، وە یەک ژیان بەسە بۆ من . (ئەنیشتاین)

ڕەوشتی پیاوێک بە بیروباوەڕی ئایینی ئەو کەسە ناپێورێت بەڵکو بە ئەو گۆڕانکاری (بەرزی و نزمی) یە عاتیفیانەی کە تووشی بووە لەلایەن سروشتەوە لەماوەی ژیانی دا. (ئەنیشتاین)

بەلای منەوە (بەڕای من) ، کوشتن لەناو جەنگدا یەکتۆزیش باشتر نی یە لە ئەنجامدانی تاوانێکی کوشتنی ئاسایی . (ئەنیشتاین)

باوەرم وەهایە کە ژیان بە ناکارێکی سادە و خاکی (بێ فیز) باشترینە بۆ هەموو کەس، باشترین هەم بۆ لاشە هەم بۆ مێشک و دەروون . (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی نهێنیەکی پەنهانە بەڵام ناتوانم لێی تێبگەم چونکە من کاتێ‌لەو باوەڕەدام کە بڕیارم لەشتێک داوە خۆم لەگومانێکی گەورەدا دەبینم . (سێر دجۆن ساکلینگ)

خۆشەویستی نیعمەتی ئاسمانی هەمیشەیە شیرینی هەڵبژاردەو پاڵاوتەی بەهەشتە لەپێکی تاڵی ژیاندا. (ولیام بەتلەر ییتس)

خۆشەویستی سووربون بڕوا پاڵپشتی دەکات ، ئەوەی کەبتوانێ زۆر ببەخشێ دەشتوانێ کەمزۆری خۆش بوێ . (بروبرتیوس)

خۆشەویستی هاوسەری مرۆڤایەتی درووست دەکات ، خۆشەویستی دۆستانە دەیگەیەنێتە ڕادەی کەماڵ . (فرەنسیس بایکۆن)

هیچ شتێک نیە جگە لەخۆشەویستی کەوامان لێ بکات ژیانمان ببەخشینە ئەوەی کە خۆشمان دەوێت (تۆڵستۆی)

ئافرەت یاخۆشی دەوێ یا ڕقی لێی دەبێتەوە و ڕێگەی سێیەم نیە . (بوبلیلیۆس سیرۆس)

خودا بلیمەتی ژنی لەدڵیدا داناوە ، چونکە بەرهەمەکانی ئەم بلیمەتیە هەمیشە بەرهەمانی خۆشەویستیشن . (لامارتین)

ئافرەت ڕقی لەو پیاوەیە کەخۆشی دەوێ ، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە ئەویش پیاوەکەی خۆش بوێ . (ئیلزابێت ستودارد)

خۆشەویستی بۆ سروشتی ڕەوشتی وەک خۆر وایە بۆ زەوی . (بانراک)

زۆربەی هاوڕێیەتی ساختەیە و زۆربەی خۆشەویستیش گەمژەییە . (شکسپیر)

لەبەهاردا شەیدایی لاوان کەمێک بەلای بیری خۆشەویستیدا دەچێ . (مارسیل ئۆکلیر)

خۆشەویستی بەپێویستی ئامادەبوون دەپێورێ . (مارسیل ئۆکلیر)

لە هاوڕێیەتیدا تەنها ئەو هەڵانە دەبینین کەدەکرێ ئازاری هاوڕێیەتیمان بدات بەڵام لەخۆشەویستیدا تەنها ئەو هەڵانە دەبینین کە دەناڵێنین بەدەستیانەوە . (لابرۆییر)



Scanned with CamScanner

هەست كردن بەهاورێیەتی وەک ئەوە وایە كە ئینتەلاكەی بەگۆشتی گوێرەكە ، بەلام هەست كردن بەخۆشەویستی وەک گەشانەوە وایو بە شەمپانیا . (سەموێل دجۆنسۆن)

ئافرەت هەرگیز تورەنابێ كە پیاوێک خۆشەویستی بۆ دەرخا . (سەرفانتس)

سامانەكان باڵ دروست دەكەن، دڵدانەوەكان ون دەبن و هیوا دەژاكێ بەلام خۆشەویستی لەگەڵمان دەمێنێتەوە ، خۆشەویستی خودایە . (لووالاس)

خۆشەویستی سەرەتای هەموو شتێک و ناوەراست و كۆتاییەكەشیەتی . (لاكوردیر)

ژنان حەز دەكەن كە پیاوان بێ ووشە خۆشیان بوێن ، بۆچی و لەبەر چی لەبەر ئەوە نیە كەجوانن ،یا چاكن یا بەرەوشتن یاناسكن یا زیرەكن لەبەر ئەوەیە كەئافرەتن . (هنری فرەدریل ئامیل)

خۆشەویستی لەیەكەم بینینەوە تەنها بریتیە لەبەدی هێنانی خەیاڵێک كەزۆر بەدوامانەوە بووە ، یابینینی شێوەیەک یا دەربرینێكی جوان كەپێشتر دیومانە بە برێكی كەمتر یا لەبارودۆخێكی كەمتر گونجاودا لەپێش ئەودا بەسەد جار . (ولیام هازلیت)

لەخۆشەویستیدا مرۆڤ پێویستی بەوەیە كەبڕوا بكات ، بەلام لەهاورێیەتیدا پێویستی بەوەیە كەتێ بگات . (ئابیل بونار)

خۆشەویستی تەنها چەنە بازیە و هاورێكان ئەوانەن كەشانازیان پێوە دەكرێ . (جلیت برغس)

لەناو هەموو ئەو ڕێیانەدا كە بەرەو خۆشەویستی ئافرەت دەچن بەزەیی باشترین ڕێگایە . (بەمونت وفلیچەر)

ئەگەر جوانی لەپشت بیست قفڵیشەوە حەشار درابێ ئەوا خۆشەویستی دەیشكێنێ و بەدەستی دێنێ . (شكسپیر)

خۆشەویستی هەڵكشان و داكشانی هەیە وەک دەریا . (هیلین هنت)

خۆشەویستی بالا دژی هەموو سەختەیەک دەوەستێتەوە . (جۆرج ئیلیۆت)



Scanned with CamScanner

بەزمییەکی زۆر لەناخی خۆشەویستیدا خۆی حەشار داوە. (ولیام بەتلەریتیس)

خۆشەویستی ئەی ئەوەی کەبەرگەی هێزت ناگیرێ، بەسەر زێڕیشدا زاڵ دەبی. (سۆفۆ کلیس)

ئافرەت ئەو پیاوە هەڵدەبژێرێ کەدەیەوێ. (پۆڵ جیرالدی)

خۆشەویستی زۆر جیاوازە لای ئێمەی پیاو. (ڕۆبەرت براونیگنگ)

خۆشەویستی لەناسکە ژن کەم دەکاتەوە و ناسکی پیاو زیاد دەکات. (جان پۆڵ ریشتەر)

ئەو خۆشەویستیەیی کەتەنیا بەشێکە لەژیانی پیاودا، بریتیە لەسەرجەم مێژووی ئافرەت (مادام دوستال)

وەرە لەگەڵما بژی و ببەرە خۆشەویستم، تاهەموو خۆشیەکمان دەست بکەوێ. (کریستۆفەر مارلۆ)

کاتێ پیاو دەڵێ حەز دەکەم، ئەوە دەگەیەنێ کەچاوەڕێی وەڵامە. (چارلز دیکنز)

کەناسیمیت خۆشم ویستی ، ئێستا دەتناسم، مادام ناسیومیت زیاتر خۆشم دەوێی. (ئەوین میریدس)

ئەوەی کەبیەوێ سەرنجی کچێ ڕابکێشێ دەبێ سەرەتا سەرنجی دایکی ڕابکێشێ (جۆن ڕای)

کاتێ ووشەمان دەوێ ، ئەوا خۆشەویستی فێری ئەومان دەکات کەچۆن لەقاڵبی نوسیندا دای بڕژین و لەشەرمانا سور هەڵنەگەڕێین لەکاتی ووتنیدا چونکە خۆشەویستی فەرمانی نوسینوەیمان پێ ئەدا. (ولیام مازەر)

ئەوینداران لەسەر خۆشەویستی دەژین ، وەک چۆن لەسەر تاڵشیک دەژی. (دجۆن هایرد)

هیچ خەمێک وەک خۆشەویستی ڕەتکراوە نیەو، هیچ شادیەکیش وەک ئەو ئەوینە نیە کە جێ بەجێ بووە. (ڕیچارد هوف)



Scanned with CamScanner

پاش ماچ کردن ئاسکی و سۆز زیاد دەکەن . (دجۆن کلارک)

قسەکردن لەخۆشەویستی کردنی خۆشەویستی یە . (دجۆن ڕای)

رۆژێک بە بێ خەندە رۆژێکی لەدەست چووە (بەهەدەرچووە) . (چارلی چاپلین)

شکست هیچ گرنگ نی یە . ئەوە ئازایەتی دەوێت کارێک بکەیت کە وات لێبکات گەمژە دەرکەویت. (چارلی چاپلین)

ئێمە زۆر بیر ئەکەینەوەو زۆر کەم هەست ئەکەین . (چارلی چاپلین)

هیچ شتێک هەمیشەیی و هەتاهەتایی نی یە لەم جیهانە شەڕخوازەدا – تەنانەت گرفتەکانیشمان . (چارلی چاپلین)

ژیان تراژێدیایە (مەرگەساتە) کاتێک زۆر لە نزیکەوە سەیر ئەکرێت ، بەڵام کۆمێدیایە کاتێک لە دوورەوە سەیر ئەکرێت . (چارلی چاپلین)

پێویستە متمانەت بە خۆت هەبێت ، ئا ئەوە نهێنی یەکەیە. هەرچەندە ئەوکاتەی کە لە هەتیوخانەبووم، کاتێک لەسەر جادە دەگەڕام (دەسوڕامەوە) بۆ ئەوەی شتێک بدۆزمەوە بۆ خواردن ، تەنانەت ئەوکاتەش خۆم وەک گەورەترین ئەکتەر لە جیهاندا ئەبینی . (چارلی چاپلین)

لە دەست چوو ترین رۆژ لە ژیان دا رۆژێکە کە یەکێک (مرۆڤ ) تێیدا خەندەی نەکردبێت و پێ نەکەنیبێت . (چارلی چاپلین)

دەبێ کە سەر لەنوێ خۆشەویستی دابهێنرێتەوە . (رانبۆ)

خۆشەویستی ئەم داواکارییەی هەیە : یا ئامانجی ئەوە بەڵێت ڕاکا ، یاتۆ لێی هەڵدێی ، ئەگەر ڕای نەکرد لێت ، ئەوا تۆ لێی ڕادەکەی . (جۆرج باتای)

دۆزەخ ئەوەیە خانەکەم ، کە مرۆڤ لەخۆشەویستی بوەستێ . (جیرار بوبر)

هەموو مرۆڤێک بەشێوازی تایبەتی خۆی خۆشەویستی دەکات (مەدام دوسیفلیە)



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی هەر کەسێک جوانە . (فادە)

ئافرەت ڕاڕایە وەک پەڕەی بەردەم با . (فیردی)

چێژی ئەویندار وەک چێژی ڕاوچی وایە لە دواکەوتنندا . (سکۆت)

هەست و سۆزو دڵسۆزی ، هەموی لەسەر ئافرەت نوسراوە کە دەبێ لەژیانیدا پەیڕەوی بکات .
(بانراک)

ژنان بلیمەتن لە خۆشەویستیدا ، بەڵام پیاوان بە گوێ پێ نەدان ئەم هەنەرە فێر دەبن .
(دومیتر)

ئەوەی لەهەخۆشەویستیدا بێ لەوە دەچێ لە وڕێنەدا یە. (تیر نس)

هۆی ئەوەی کە ئاشقەکان لەیەک بێزار نابن ئەوەیە کە هەمیشە باسی خۆیا دەکەن. (لارو
سفوکو)

ژنی چاک لەناو داروپەردوی دنیادا باشترین شتە ، ژنی خراپیش توندترین نەفرەتە لەژیانی
مرۆڤایەتی. (سیمو دیدس)

پیاوان کەم کەم و بەردەوام خۆشەویستی دەکەن ، بەڵام ژنان زۆر زۆرو بەدەگمەن. (کولتون)

بۆشایی ژنانی تێک شکاندوە زیاتر لەخۆشەویستی و لوت بەرزیشی زیاتر لە بۆشایی و
ساویلکەیشی زیاتر لەهەردووکیان. (کولتون)

هەموو جیهان ئێستا لە حا ڵەتی جەنگ و نارەحەتیدایە , چونکە ئەو دەوڵەتانەی کەحوکمی
جیهان دەکەن فاسدن لە حکوم کردنیدا (کۆنفۆشیۆس)

باشترین کارئەوەیە کە مۆمێک دابگرسێنیت نەک بانگەشەی تاریکی بکەیت (ووتەیەکی
صینی)

گەرماسیەکم دەرخوارد بدەیت خواردنی ڕۆژێکت پێداوم , گەر فێری ڕاوە ماسیشم بکەیت



Scanned with CamScanner

ئەوا بەڵا یەکت دەرخوارد داوم ( ووتەیەکی صینی)

من لەبارەی نهێنی یەزدانەوە هیچ نازانم , بەڵام لەبارەی نارە حەتی و ناخۆشی مرۆڤەوە شتێک دەزانم (بوزا)

رێز لە مامۆستایان بگرە. (براون جاکسۆن)

رێز لە پۆلیس و پیاوانی ئاگر کوژێنەرەوە بگرە. (براون جاکسۆن)

رێز لە ئاسایش بگرە. (براون جاکسۆن)

کاتی خۆت بۆفێربوونی فرت و فێڵی کارکردن بەفیرۆ مەدە هەوڵ بدە شێوەی کارکردن فێربی . (براون جاکسۆن)

ئەوخواپەرستەی کەخۆی لەخەڵک دادەبڕێت و رادەکات بەرەو ناوبانگ و رێز , ووتە یەکی راست لە دەمی نابیسترێت , بەڵام ئەوانەی کە تێکەڵ بە خەڵک دەبن ئەوە خواپەرستی راستە قینەن (بوزا)

ئەی خەڵکینە خۆتان بەدور بگرن لە خۆپەرستی (بوزا)

پێویستە مرۆڤ بەزەیی بەسەر تورەییە کەیدا زاڵ بێت و بەخێر شەرکەم بکاتەوە (بوزا)

هاورێی خراپ رەنگی نەگری خووی ئەگری .( واتە هاورێیەتی کەسی خراپ مەکە ، چونکە شێوەت نەچێتەوسەری رەوشت و خوی دەگریت و تۆش خراپ دەبیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کێ کردی و کێ خواردی .( بە شتێک ئەوترێت کە کەسێک خۆی لەگەڵدا هیلاک بکات بەڵام کەسێکی تر بێت و زەوتی بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ماڵی قەڵب سەر و سەکوتی ساحێبی ئەگرێتەوە .( واتە شتی خراپ بدەیتە هەر کەسێک بۆت دێننەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

دار هەڵبرە سەگی دز دیارە .( واتە مرۆڤی ناپاک زۆر ترسنۆکە و خۆی خۆی ئاشکرا دەکات )



Scanned with CamScanner

. (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەرچی لە مشک بێ جەواڵ ئەدڕێ .( بە پیاوێکی خراپ ئەوترێت کە منالەکەی وەکو خۆی وابێ ، واتە زۆرتـر پیاوی خراپ منالی خراپی ئەبێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هیچ ڕقێک بە ڕق چارسەر ناکرێت , بەڵکو بەخۆشەویستی ڕق کەم دەبێتەوەو لەناودەچێت (بوزا)

خودا پەرست نین ئەوکەسانەی کەخزمەتی ڕێبواران ناکەن (پەندێکی هیندی)

ئەو جۆرەشتانەی کەڵێی غافڵی جۆری ئەوشتانە دیاری دەکات کە ئارەزوت لێیەتی (حکمە)

گەر کەسێک خراپەی لەگەڵ کردم بەبێ حەق , بۆ خۆپاراستنم لەخراپە کەی تا ئەو پەڕی دڵسۆزی خۆشەویستی خۆمی بۆ دەردەبڕم , گەر هەربەردەوام بوو لە خراپە کردن بەرامبەرم منیش بەردەوام دەبم لە خۆشەویستی بەرامبەری (بوزا)

بەر هەڵستی کردنی زاڵم بەخودا پەرستی یە (پەندێکی ئینگلیزی)

حەکیم ئەو کەسەیە کە دڵنیا نیە لە هیچ شتێک تا ڕاستیە کەی نەسەلمێنێت (پەندێکی لاتینی)

ڕۆژێک یەکێک لەو کەسانەی کە خەریکی زوڵم و فەسادبوو هات تا دەست درێژی بکات بەرامبەر بوزا, بوزاش لێی پرسی: کوڕم پێم بڵێ, گەر کەسێک ئەو شتەی ڕەتکردەوە کە تۆپێشکەشی دەکەیت , شتە کە دەگەڕێتەوە بۆ کێ ؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە : بۆخاوەنەکەی .بوزاش ووتی : من ئەو دەست درێژیە قبوڵ ناکەم پێت دەڵێم لەلا خۆت هەڵیبگرە (بوزا)

چۆن دەتوانی تەفسیری عەقڵ بە مادده بکەیت مادام ماددەمان لەڕێی ئەقڵەوە ناسیوە (شوبنهور)

دەشتەکیەک هات بۆلای بوزا و داوای لێکرد ڕێی پێ بدات تا بچێت لە ئاوی (جایا) دا خۆی بشوات تا لە گوناه پاک ببێتەوە , ئەویش پێی ووت : جا بۆ گەشت دەکەیت بۆ جایا, کەسێکی بەخشندە بەو درۆمەکەو کەس مەکوژە و ئەوەی مولکی تۆنیە داگیری مەکە چیتر پێویست بە(جایا) نابێت و هەموو ئاوێک بۆت دەبێت بە ئاوی (جایا) (بوزا)



Scanned with CamScanner

من له نیازم دانیه ئەزولّم بکەم و ئەقبولّیشی بکەم , بەڵام گەر ناچاربووم , دووەمیان هەڵدەبژێرم (سوقرات)

قورسترین بەڵا کەتوشی مرۆڤ دەبێت لەوکاتەدایەکە کە کەسانی زاڵم خوێن ڕێژ سەرۆکیانن و داوا باشەکانیان ڕەت دەکاتەوە (سوقرات)

پایە بەرزترین خێرخۆشیە , خۆشیش بەبێ ئەوەی ببێتە هۆکار بۆمەبەستێکی تر خۆی سەرپشکە بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤ , واتە : خەڵک هەموو بەشوێن خێرو کەرامەت و حکمەدا دەگەڕێن لە پێناوی خۆشیدا , لە هەمان کاتیشدا داوای خۆشی ناکەن بۆ شتێکی تر , چونکە خۆشی خۆی هۆکارێکە بۆ خودی خۆی (سوقرات)

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاوازی ئازار دەژەنن و گۆرانی خۆشی دەڵێنەوە دەگمەن کەسێک بەدی دەکەین ئالودەی بێت و خۆشی ڕەت بکاتەوە , خۆشیە هەستیەکان خێرا و زوو بەدەستەوەدێن , بەڵام خۆشیە ئەقڵیەکان کە بەپیادەڕەوکردنی ڕەوشتە جوانەکان دێنە ئاراوە (ئەرستو)

دکتوری چاو زانایە بەودەرمانەی کە بۆچاو باشن , سوار چاکەکانیش زانان بەشتە بەسودەکان بۆ وولاخەکانیان , بەڵام پرسیارە ڕاستەکە ئەمەیە , کێ لە ئێمە دەوای ڕۆح دەزانێ (سوقرات)

چاکە خوازەکان هەمیشە دەسەڵاتیان پێ قبوڵە , لەترسی ئەوەی نەک دارودەستەی دەسەڵات نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خوێن ڕێژەکان , لەبەر ئەوەی چاکەخوازەکان خۆیان دەسەڵات دەگرنە دەست نەک لەبەرئەوەی کە سودێکی ماددی یان خودی لێ بەدەست بهێنن , بەڵکو لەبەرئەوەی سەرۆکی چاکە خواز ناچاری کردون هەستن بەوکارە , چونکە ئەمانە چاکەیان زۆرترە لە لە خراپە (سوقرات)

کێ دارێکی صبر بنێژێت خۆشترین و بەتام ترین بەرهەمی لێ دەست دەکەوێت , بەڵام کێ دارێکی هەڵەشەیی ناشت ئەوەخاوەنەکەی توشی بەڵا و نارەحەتی دەبێت , ئەی ئەفس ئەو داوایانەی لێم دەکەیت بە ئارامی داوام لێبکە , چونکە ئارامی دەرونێکی چاکەخواز دروست دەکات کە بەهۆیەوە مانای خۆشی و خێرمان دەست دەکەوێت (ئەفلاتون)

لە بەرانبەر هەمو شتێکدا ئەتوانی بەرگری بکەیت جگە لە خێرو چاکە . (رۆسۆ)

لەگەڵ هەزار ترین کەس دا ئەوەندە بە ڕێزەوە ڕاوەستە ، کەوا بزانی لە بەرامبەر پاشادای



Scanned with CamScanner

(كنفسيوس)

تۆو چاندنی دوێنێ بەر هەمێکە سبەینێ بەری دەدوریتەوە (سامونیل نادامس)

ئەدەب یان خۆشەویستی خەرجی نی یە بەڵام هەمو شتێک ئەکڕێ (متنا جیو)

ئەخلاق و گەورەیی پیاوانی گەورە لە ڕەفتاریاندا لە گەڵ پیاوانی بچوک دا دەردەکەوێ (كارلایل)

ئەوەندەی کە چاوەڕوانی ڕێز لە خەڵکی دەکەیت ، ئەبێ خۆشت ئەوەندە ڕێز لە خەڵکی بگرێت (منتسكيو)

لە منداڵی دا ڕێزی نەبینیوە چاوەڕوانی ڕێز گرتنی گەورەکانی لێ مەکە (هانری میلر)

نیشتیمانی ئازاد بەبێ هاونیشتیمانی ئازاد بونی نییە ((فولتیر) ئەو پەندەی گۆڤاری هۆنیا لە هەموو ژمارەکانی نوسیوەو دەینوسێت)

ئەگەر کللەی خاڵیش ، بە ئەندازەی سکی خاڵی فۆڕە و ناڵە ناڵی بکردایە ، ئێمەی مرۆڤیش زۆر لە ئێستە عاقڵ تر دەبوین (متر لینگ)

بەمن بڵێ چ کەسانێک پەسەند ئەکەی تا بڵێم تۆ خۆت کێی وە لە هۆش و حەز و ڕەوشت چ دەست مایەیەکت هەیە (سنتبو)

ئەقڵ کارەکەی وەرگرتنەوە زمانیش کارەکەی دەزگایەکی نێرەرە ئاقڵ ئەوەی کە ئەیزانێ نا یلێ ، بەڵام ئەوەی کە ئەیلێ ئەیزانێ (ئەرستۆ)

تەنها کەسێک ئەتوانێ لە بارەی ئەدەب و پەروەردەی بەرزی خۆیەوە قسە بکات ، کە لە هەڵسو کەوت کردنی لە گەڵ خەڵکی ، بێ ئەدەب و بێ تەربیەت دا بە ئەدەب بمێنێتەوە (رنە بنیامین)

لایەنی زانست بگرەو مێشکت لە لاشەت زیاتر بەکار بهێنە (ژرژبانە)

زمان لە گەڵ ئەقڵ دا بەکار بهێنە و لە سنور و ئەندازەی عەقڵ دا قسە بکە . (حەزرەتی محەمەد (د.خ)



Scanned with CamScanner

هەندێ چاوەڕوانن  پێشەوایەک دەرکەوێ و ئەوان بۆ ڕێگەی ڕاست ڕێ نموونی بکا ، ئێستا کە پێشەوایەکی گرنگ تر لە عەقڵ نی یە . چاک وایە هەموو بیکەینە فەرمان ڕەوا (ابو لعلا معری)

کەسێ  عەقڵی زاڵ بکات بەسەر هەوەسەکانی دا بەهێزترین مرۆڤی سەر ڕوی زەوی یە (حەزرەتی علی (ع)

هەمو شتێ کە زۆر بو هەرزان و بێ نرخ دەبێ جگە لە زانست و دانایی کە هەر چی زیاتر بێ ئازیز تر دەبێ (پەندێکی چینیئە)

ئەخلاق ئەتوانێ جێگەی زانست و سامان و پایە و جوانی و هەمو قەشەنگیەکان بگرێتەوە ، بەڵام هیچ نیعمەتێک جێگەی ئەوانە ناگرێتەوە (محمد حجازی)

شاعیرەکان ئەو کەسانەن کەخۆشەویستی دەکەن و هەست بەڕاستییە مەزنەکان دەکەن و ڕای دەگەیەنن . (فیلیپ جیمس بایلی)

شاعیر ڕاستگۆ ترین مێژوو نووسە . (جێمس ئەنتۆنی فرود)

ئەوەی شیعر بنووسێ ڕاستگۆی لەدوولێوی ژەهراوی ژیان دەمژێ . (ولیام ڕۆز بینیت)

شاعیری مەزن بەنرخترین گەوهەرە لەناو نەتەوەدا . (بێتهۆڤن)

شیعر تۆماری چاکترین چرکەکان لەکامەرانیترینیانە لای کامەرانترین و چاکترین ئەقڵەکان . (شیللی)

تەنها ئەوەندە بەس نیە کەچامەکان جوان بن ، دەبێ سیحریان تیابێ و گیانی گوێگرو بەرن بۆ هەرشوێنێ کەبیانەوێ . (هۆراس)

جوانی تاکە گۆڕەپانی شیعرە . (ئەدگار ئالان پۆ)

چەندە پێم باشترە سەرکێشی بێناوبانگی خۆمەوە بکەم لەئاییندەدا لەپێناوی چامەیەکدا لەباتی دەبەرگ کتێب . (ئۆلیڤەر ویدزڵ هۆڵمز)



Scanned with CamScanner

ئەی هێزی مەزنی شیعر ، تۆ هەموو شتەکان لەچنگی مەرگ قوتار دەکەی و فەرمان بەپاڵەوانی لەناو چوو دەدەی کە تاهەتایە بژیت . (لوکان)

شیعر چاکیەکی هەیە کە هەندێک نکۆڵی لێ دەکەن ئەویش ئەوەیە کە لەپەخشان زیاتر دەڵێ و بە ووشەی کەمتریش . (فۆڵتێر)

زانینی بابەت بۆ شاعیر وەک ئەو مادە پتەوانە وایە لای ئەندازیار . (سەموێل جۆنسۆن)

ئێستا سەعاتی (کاتی) جێهێشتن هاتووە . ئەڕۆم بەرەو مردن ، بۆ بڕۆ بەرەو ژیان (تۆ بڕۆ بژی) . کام لە ئێمە ئەڕوات بەرەو بەشێکی (بەختێکی) باشتر زانراو نی یە لای هیچ کەس ، بێجگە لە خودا . (سوقرات)

کاتەکانت بەکاربهێنە بۆ باشکردنی خۆت لەڕێی نووسراوی پیاوانی ترەوە (لەڕێی ئەو کتێب و نوسراوانەی کە کەسانی تر نووسیویانە) ، بۆ ئەوەی ئەو شتەت بە ئاسانی دەست بکەوێت کە کەسانی تر کۆششێکی سەختیان کردووە بۆی . (سوقرات)

سامان باشیی ناهێنێت ، بەڵام باشیی سامان دەهێنێت و هەموو نیعمەتێکی ترش لەگەڵی ، بۆ هەردوو تاک و دەوڵەت (هەم بۆ تاک و هەم بۆ دەوڵەت) . (سوقرات)

ئەو وەڵامەی کە دامەوە بە خۆم و بە راوێژکەرەکە ئەوەبوو کە ئەوە لە بەرژەوەندی خۆمدا بوو کە بەو شێوەیە (بەو شێوە بژیم و هەڵسوکەوت بکەم) کە هەم . (سوقرات)

ئەوانەی کە خۆشویستنیان لەهەموو کەس سەختترە لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان پێ یەتی (لە هەموو کەس زیاتر پێویستی یان بە خۆشەویستی یە) . (سوقرات)

هیچ کەسێک شیاو نی یە بۆ ئەوەی ببێت بە سیاسەتمەدار (پیاوی میری) ئەوەی کە بە تەواوی نەزانە بە کێشەی گەنم (ئەوەی کە تەواوی ئاگاداری کێشەی گەنم نی یە) . (سوقرات)

بۆ ئەوەی جیهان بجوڵێنین ،پێویستە سەرەتا خۆمان بجوڵێنین . (سوقرات)

ژیریی دەست پێ دەکات لە سەرسوڕمانەوە . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

من هەمیشە دێری یەکەمی چامە باش دەهۆنمەوە ، بەڵام هۆنینەوەی دێڕەکانی ترم بەلاوە زەحمەتە . (مۆلێر)

حەزدەکەو کەشاعیرە لاوەکانمان پێناسە سادەکانی منیان لەبیر بێ سەبارەت بە پەخشان و شیعر :پەخشان ووشەیە لەباشترین ڕێکخستندا و شیعر بریتی یە لەباشترین ووشە لەباشترین ڕێکخستندا . (کۆلیریدج)

شیعر دەپوکێتەوە کاتێ لە مۆسیقا دوور دەکەوێتەوە . (کارل ساند بێرگ)

شیعر لاسای کردنەوەی ئەو ڤیژەیەیە کەدەیکەین کاتێ ملیۆنێ دۆلار دەدۆزینەوە و ئەو ڤیژەیەش کە دەیکەین کاتێ ئەو برشە پارەیە لەدەست ئەدەین . (کارل ساند بێرگ)

کەسانی ئاقڵ و بەئەخلاق هەرگیز قسەیەکیان بەزاردا نایەت کە هەستی کەسانی تر بریندار بکات  (ئسما یلز)

شەڕ بە شەڕ بێ دەنگ نابێ هەر وەک ئاگر بە ئاگر ، بەڵکو شەڕ خێر لەناوی دەبا و ئاگریش ئاو  (لقمانی دانا)

هەوڵ نەدەیت کەسێ کە ڕەخنەتان لێ ئەگرێ و پەلامارتان ئەدات ڕوبەڕوی نا پەسەندیەکانی ببیتەوە لە پێش چاوی دا خراپی یەکانی بخەیتە ڕو بە پێچەوانەوە هەوڵ بدە لە هەمان کات دا خاڵە جوانەکانی ئەخلاقی ئەو بۆ کۆمەڵ و خۆت بخەیتە ڕوو (لاکوردو )

چاکە خوازی شتێکە زیاتر لە هەمو شتێک خەڵکی چاک دەکات (لاکوردو )

ڕێزی ڕاستەقینە ئەبێ لە پێغەمبەرەوە فێرببی ، کە تەنانەت لە منداڵانیش سڵاو دەکات (جمال الدین ئەسد ئابادی)

هەر ئەندازەیەک ڕێز لە خەڵکی بگری بەو ئەندازە یە بۆخۆتت کڕیوە (ئادەم اسمیت)

دەوڵەتی نمونەی ئەو دەوڵەتەیە کە هەوڵدەدات بۆبەدیهێنانی خێر بۆ هەموو ئەندامەکانی . دەوڵەتی خراپیش ئەو دەوڵەتەیە کە تەنها چاوی لە بەرژەوەندی ئەوکەسانەیە کە ئەو حوکمەتەیان ڕاگرتووە  (سوقرات)



Scanned with CamScanner

خۆشی بەرهەمی شتێکی ماددی نیە , بەڵکو ئەنجامی حاڵەتێکی ئەخلاقی دەروونیەکە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤی تیادەژی (سوقرات)

خۆشی مرۆڤی خاوەن بیر بەرزترە لە خۆشی مرۆڤی نەزان، چونکە خۆشیەکانی بەشێوەیەکی زاناپانەو ڕێک وپێک پەردەکاتەوە (ابن سینا)

سەربەستی ڕەهابوونی نیە , گەر بوونی هەبوو مانای کاولکاری و وێرانی دەگیەنێت (فولتیر)

ئەو گەورەیەی سزای خراپەکاران نادات , ئەوە هانی خراپەکردن دەدات (پەندێکی لاتینی)

زیادەڕەوی لە خۆشەویستی پارەدا سەرچاوەی هەموو بەڵا و خراپەیەکە (پەندێکی یونانی)

دەوڵەمەندی شەرێکی گەورەیە و فەقیریش لەوگەورەتر , لە کۆمارەکەی مندا ئەم دوانە هیچ بونێکیان نیە (ئەفلاتون)

درک کردن بەمرۆڤایەتی , مەرج نیە سەرچاوەکەی تەنها هەستەکان بێت بە تەنها , بەڵکو چاوەکان دەبێت هاوکاربن تێیدا (ئەفلاتون)

جیاوازی نیە لە نێوان پیاو ژندا , چونکە ژنانیش توانای ئەوەیان هەیە وەک پیاوان ببنە فەیلەسوف و کاروباری جەنگ بەرێوە ببەن (ئەفلاتون)

مرۆڤ بە سروشتی خۆی کەسێکی شارستانیە (ئەرستو)

لە دیمەنی جیا جیا وێنە بگرە. (براون جاکسۆن)

هیچ کاتێ دەرفەتی خواردنێکی ماڵەوە لە دەست مەدە . (براون جاکسۆن)

دەرفەتی چێژ وەرگرتن لە خۆشیەکان دووا مەخە . (براون جاکسۆن)

سوپاس نامەکان لەکاتی خۆیدا بنووسە و ب ئەوکەسانەی دەتەوێ بیان نێرە. (براون جاکسۆن)

ڕێز گرتنی یاسا و پەیرەوی کردنی کارێکی نا چاریە , چونکە یاسا خۆی کاردەکات بۆ وەرچەرخانی هۆکارەکانی سزادان و جێگیر کردن. (الرواقیون)



Scanned with CamScanner

خێر و شەڕبونیان لە یەک شوێندا هەیە , ئەویش لە ناخی ئیرادەی مرۆڤدایە , هەموو خێرێکیش لە ئیرادەیەکی ناخێکی پاکی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت و شەڕیش لەناخی ئەو مرۆڤانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناخیان پیسە (الرواقیون)

بەیقوریەکان بیروڕای قەزا و قەدەر و هەموو ئەوبیروڕایانەی کەلەو شێوەدان, شیکردنەوەشیان بۆ ژیان لە سەربنەمای دۆزینەوەی سەربەستیەکی ڕەهابنیات نراوە (البیقور)

لەو شتانەی کە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی بێزاری و دوو دڵیەوە ترس لەمردن و ئازار , مردن ترس دەخاتە دڵی مرۆڤەوە بەوەی کە مرد چارەنوسی ڕەش و نادیارە , ئەم ترسەش هیچ پاساوێکی نیە گەر مرۆڤ هەموو زیندووبن و مردن نەبێت, ئەو کاتە مرۆڤ دەکەوتە حاڵەتی لاوجودەوە و هەستی بە ترسی مەرگ نەدەکرد (بەیقوٚریەکان)

سەربەستی و ئازادی مەبەست و هیوای جیهانە , سەربەستی و ئازادی دانانرێن بە جەوهەری حەق و ئامانجەکی , بەڵام پاسای ماف بە بەدیهێنەری سەربەستی و ئازادی دادەنرێت (هیگل)

مێژووی جیهان بریتیە لە پەرەپێدانی سەربەستی بە ئەقڵ, سەربەستیش بریتیە لە جەوهەری روح (ئەقڵ) (هیگل)

مرۆڤ سەربەست نابێت گەر هەست بەوە نەکات کە سەربەستەوبونی هەیە , هەست کردن بەسەربەستی , سەربەستی ڕاستی بۆ بەدی ناهێنێت چونکە پێدەچێت ئەوسەربەستی یە وەهمی بێت, بەڵام ئەوەی سەربەستی ڕاستی بۆ بەدیدەهێنێت بەجێ هێنان و دەست کەوتنی پێویستیە کانیەتی (هیگل)

هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان ئەو تاوانەی گەورەپیاوان ئەنجامی دەدەن لە پێناوی ئەنجامدانی کارێکی گەورەدا لەگەڵ ئەوتاوانەی کەسانی ئاسای ئەنجامی دەدەن بۆ بە دەست هێنانی سەربەستی و یەکسانی , سروشتی ئەم دووزاراوەیە سەربەستی و یەکسانی هانی مرۆڤ نادات بۆ تاوان و کوشتن و دەست بەسەرداگرتنی موڵکی کەسانی تر , بەڵام مەبەست لە ئەنجامدانی کارە گەورەکان ئەو هۆکارانەن کەخاوەنەکانیان هان دەدەن بۆ ئەنجامدانی کوشتن و کاولکاری (ڕۆسۆ)

مرۆڤ بەسەربەستی لە دایک بووە, بەڵام لە هەرجێگایەک دەیان بینین بە کەلەپچە بەندکراون , لەسەرو ئەمانەشەوە هەرنەومرۆڤە خۆی بە سەرۆکی کەسانی تر دادەنێت (ڕۆسۆ)



Scanned with CamScanner

چەند خۆشە ئینسان خووی چاک بگرێ ئەوە بگرێتە باوەش کە دەمرێ . (پیرەمێرد)

مرۆڤە ساکارەکانی سەردەمانی کۆن جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبو لە گەڵ ناژەڵدا چونکە لە سروشتی ژینگە و پەیوەندی بە کەسانی دەورو بەریەوە تێ نەگەیشت بوو , کاتێکیش لەوانە تێ گەیشت سەربەستی یەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەند و زیادی کرد (فردریک انجز)

پیاوی چاک مەمنوونی بەدی بەدکارە چاک بە کردەوەی بەدا دیارە . (پیرەمێرد)

پێدەچێت بنەمای دیموکراتی سودێکی ئەو تۆی نەبێت بەڵام بوونی باشترە لە نەبوونی (جون ستیوارد)

هەر چی یەک ڕوو بێ و یەک زیان و پاک وەک شمشێر خوێنی دەبێ بە خۆراک . (پیرەمێرد)

دیموکراتیەت پێویستی بە دوو سەدەیە تا جێ پێی خۆی داکوتێ لە دەوڵەتدا و ئەنجامەکانی بێتەدی ئەمەش ئەو ڕێگایە بوو کە گەلی ئەمریکی پیادەی کرد بۆ بەجێهێنانی دیموکراتی (جون ستیوارد)

پارەمان نەبێ بە چی دەخوێنین ئاو نەبی درەخت بە چی ئەڕوێنین . (پیرەمێرد)

کەی شتێکمان دۆزیەوە و جێی یەقینمان بو بێگومان هیچ بوارێک نیە بۆ گفتوگۆکردن و وتووێژ لەسەری چونکە باوەڕی تەواومان پێ یەتی (دیکارت)

جەژن دانرا بۆ ڕۆژوەوانان ئێستا بێ ڕۆژوو ئەیبەن بۆ خۆیان . (پیرەمێرد)

کەی ئەقڵ هەوڵیدا بۆ کردنەوەی بوارێک بۆ سروش , ئەو کاتە ڕووناکی هەردووکیان پێکەوە دەکوژێتەوە (فەیلەسوفی عەرەبی)

ڕۆژی لەدایک بوونت ئەمامێک بنێژە . (براون جاکسۆن)

گرنگ نیە تۆ لەگەڵ دیمکراتیدا بیت یان دژی بیت گرنگ ئەوەیە تۆ لە پێناویدا کاربکەیت (ڤۆلتیر)



Scanned with CamScanner

دیمکراتیەتی ڕاستی بوونی نیە بونیشی نا بێت (مونتسکیو)

ساڵی جارێک هەندێک لە خوێنی خۆت ببەخشە . (براون جاکسۆن)

داماڵینی سەربەستی لە ئیرادەی مرۆڤ مانای داماڵینی هەموو چاکە یەکە لە کارەکان (ڕۆسۆ)

نهێنی بپارێزە . (براون جاکسۆن)

مرۆڤ پێویستی بە بیست ساڵە تا بگاتە تەمەنی هەرزەکاری و ئەقڵی گەشە بکات , پێویستی بە سێ هەزار ساڵ هەیە تا شارەزایی کەمێک پەیدا بکات لەبارەی کورو کورەزاکانیانەوە و پێویستی بە هەتا هەتایی هەیە تا شارەزای نەفسی خۆی بێت , بەڵام یەک چرکە بەسە بۆ لە ناوبردنی (ڤولتیر)

هاوڕێی نوێ بدۆزەرەوە و هەوڵ بدە هاوڕێ کۆنەکانت لە بیر نەچێ . (براون جاکسۆن)

بەندی خوڕەوشت لە وەدایە کە مرۆڤ سەرەتا شەرم لە خۆی بکات (ئەفلا تون)

ئەو خۆشەویستیەی کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتای پێ بێت , ئەوە هیچ کات خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە نە بووە (ئەرستو)

یارمەتی دانی مرۆڤ لەش ساغی و خۆشیەکەی زیاترە لە واجبەکەی (ئەرستو)

ئازایی ئەوەنیە کە ئەوەی دەتەوێت بیڵێت , بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە باوەڕت بەوقسانە هەبێت کە دەیان بێژیت (ئەرستو)

بەسوقراتیان ووت: بۆچی تۆبەیەکە حەکیمی و دانای یۆنان ناودەبرێت ؟ ئەویش بە لەسەر خۆی ووتی : چونکە پێدەچێت من یەکەمین کەسبم کەبزانم هیچ نازانم (سوقرات)

پرسیاریان کرد لە ئەرستو : چۆن حوکم بە سەر مرۆڤدا دەدەیت ؟ لەوەڵامدا ووتی : پرسیاری لێدەکەم چەند پەرتوکی خوێندۆتەوە و چ بابەتێکیش دەخوێنێتەوە (ئەرستو)

مرۆڤ لە سەرەتادا پڕۆژەیەکی بوونە کەخۆی بە خۆی دەژی (سارتر)



Scanned with CamScanner

له بەرئەوەی مرۆڤ خۆی خۆی دروست نەکردووە حوکم دراوە بە سەربەستیەکی مەحکوم کراو , لەلایەکی تریشەوە سەربەستە , چونکە خۆی بەرپرسە لەوکارانەی کەهەڵدەستێت پێی (سارتر)

فەیلەسوفی ڕاستی ئەو کە سەیە کە باوەڕی بە هێزی ئارەزوو شەهوەت نیە , بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کەخۆی بەرپرسە لە ئارەزووحەزکانی (سارتر)

مرۆڤ خاوەنی ئەو مێژوومیە کە خۆی لە چوارچێوەیەکی ڕاستی ماددی و بابەتیدا دروستی دەکات (مارکس)

ئەو هۆکارەی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ زانست و زانیاری بریتیە لە پاڵنەرەکانی خۆشی و خۆدەرخستن و دەرک پێکردن (برتراندرسل)

هەرکارێک کە ئەنجام ئەدرا هۆکاری تایبەتی لە پشتەوەیە (فارابی)

فەلسەفە واتای حکمەو خۆش ویستنی حکمە دەگرێتەوە , حکمەش زانینی زانیاریە بەوردی و گێرانەوەی , ڕووداوەکانە بۆخاوەنەکانی .. یان بەواتایەکی تر مانای ڕوونکردنەوە و پاکانەکردن (فارابی)

ئەو مرۆڤەی توانای هەبێت خودی خۆی هەڵبژێرێت , توانای هەیە هەموو کەسێکی تریش هەڵبژێرێت (فارابی)

کاتێک کە هەڵەت هەیە، مەترسە لەوەی کە وازیان لێ بهێنیت . (کۆنفۆ شیوس)

ئامانجی پیاوی بەرز ڕاستی یە. (کۆنفۆ شیوس)

خوێندن بەبێ ڕەنگ دانەوە بەفیڕۆدانی کاتە ، ڕەنگ دانەوە بەبێ خوێندن مەترسی دارە (کۆنفۆ شیوس)

پێنج شت ڕەوشت بەرزی تەواو پێک دەهێنن ، ڕاکێشانی زەوی ، پیاوەتی ، ڕاستخوازی ، دڵسۆزی ، میهرەبانی (کۆنفۆ شیوس)

زانینی بەوەی کە ئەزانیت ، وە زانین بەوەی کە نازانیت --- ئەوە ژیری ڕاستەقینەیە (کۆنفۆ



Scanned with CamScanner

شیوس)

ئەوانەی کە پتەو ، بەردەوام ساده ، بێ فیزن ئەو کەسانە نزیکترینن لە رەوشت بەرزی (کۆنفۆ شیوس)

رەچاوکردنی کەسانی تر بناغەی ژیانێکی باش و کۆمەڵگایەکی باشن . (کۆنفۆ شیوس)

لە وڵاتێکی باش فەرمانڕەوایی دا، هەژاری شتێکە کە جێی شەرمەزاری یە. لە وڵاتێکی خراپ فەرمانڕەوایی دا ، دەوڵەمەندی شتێکە کە جێی شەرمەزاری یە. (کۆنفۆ شیوس)

ئەگەر تۆ بیربکەیتەوە بە گوێرەی ساڵێک ، تۆوێک بناژە. ئەگەر بە گوێرەی دە ساڵ ، درەخت بچێنە ، ئەگەر بە گوێرەی سەدساڵ ، خەڵک فێربکە . (کۆنفۆ شیوس)

پیاوێک کە پلانی دوور بۆ پێشەوە دانانێت توشی گرفت دەبێت رێک لە بەردەم دەرگای خۆیدا . (کۆنفۆ شیوس)

پیاوی بەرز هەمیشە بیر لە رەوشت بەرزی دەکاتەوە پیاوی ئاسایی (گشتی) بیر لە حەوانەوە (ئاسودەیی). (کۆنفۆ شیوس)

وشەکان دەنگی دڵن . (کۆنفۆ شیوس)

ئەو کەسەی پێت دەڵێت باوەڕ بهێنە بەوەی من باوەڕم پێیەتی گەرنا ئەوا خوا سزات دەدات , مافی ئەوەی نیە پێت بڵێت باوەڕ بهێنە بەوەی من باوەڕم پێیەتی گەرنا دەتکوژم (ڤولتیر)

پیاوێکی دینی بێ مێشک تورەیمان زیات دەکات , ئەوانەشیان کەخراپن پەشێوی و ترس لەدەروونماندا دەچێنن , بەڵام ئەوانەیان کە کامڵن و بەخشندەن و دورن لەدرۆ و بابەتە خورافیەکان ئەوانە شوێنگەی خۆیان لە دڵدا گرتوە و جێگەی رێزو خۆشەویستین (ڤولتیر)

کەمن ئەوانەی کە لە مێژوو دەرس وەردەگرن , ئەوانەش کە دەرس لە مێژوو وەرناگرن فەرمانی دووبارە کردنەوەی مێژوویان دراوە بەسەردا (مارکس)

لە فەیلەسوفی نەمر (ڤولتیر) یان پرسی : تۆ لەجڵەوی حوکم ناترسیت ؟ ئەویش وەڵامی دانەوە : تا جڵەوی قەڵەمم بەدەستەوە بێت نەخێر (ڤولتیر)



Scanned with CamScanner

قورسترین هاورێ یەتی بریتیە لە هاورێیەتی کردنی مرۆڤ خۆی (ئەفلا تون)

چاکە بێ زانایی سودی نیە (سوقرات)

لە ئەرستۆیان پرسی: خەڵک چ سودێک لە درۆکردن دەبینێت؟ ئەویش وەڵامی دانەوە: خەڵک باوەڕیان پێ ناکات گەر ڕاستیش بڵێن (ئەرستو)

هەست کردن بە مرۆڤایەتی یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ قوربانیدان لەپێناوی کەسانی تر (هیگل)

هەموو خراپەیەک بەرهەمی نەزانییە, هەموو چاکەیەکیش بەرهەمی دانایە. (سوقرات)

نەرمی و میهرەبانی نیشانەی بێ هێزی و نائومێدی نی یە بەڵکو دەرخستنی هێزو بڕیارە. (خەلیل جبران)

ڕاستیەتی کەسێک لەو شتەدا نی یە کە ئاشکرای دەکات بۆت، بەڵکو لەو شتەدایە کە ناتوانێت ئاشکرای بکات بۆت. کەوابوو، ئەگەر لێی تێبگەیت، گوێ مەگرە لەوەی کە دەیڵێت، بەڵکو لەوەی کە نایڵێت. (خەلیل جبران)

جوانی لەناو ڕووخساردا نی یە، جوانی رووناکی یەکە لەناو دڵدا. (خەلیل جبران)

تا ئێستا هەروابووە (هەموو کات هەر وەهابووە) کە خۆشەویستی قووڵی خۆی نازانێت تا کاتژمێری (ساتی) جیابوونەوە. (خەلیل جبران)

من فێری بێدەنگی بووم لە زۆرقسەکەرەوە، لێ بووردەیی لە لێ نەبووردەوە، میهرەبانی لە دڵڕەقەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی نامۆ، من سوپاسگوزارنیم (بێ ئەمەکم) بۆ ئەو مامۆستایانە. (خەلیل جبران)

لە شیرینی هاورێیەتی دا بهێڵە با خەندە هەبێت، وە بەشکردنی (هاوبەشی) خۆشی. (خەلیل جبران)

من بەدووربگرە لە دانایی یەک کە ناگری، لە فەلسەفەیەک کە پێناکەنێت و لە گەورەیی یەک

که ناچەمێتەوە لەبەردەم منداڵان دا . (خەلیل جبران)

لەوانەیە تۆ ئەو کەسە لەیاد بکەیت کە لەگەڵی پێکەنیویت ، بەڵام هەرگیز ئەو کەسە نا کە لەگەڵی گریاویت . (خەلیل جبران)

دانایی لە دانایی بوون ئەوەستێت کاتێک ئەوەندە لوت بەرزبێت کە بگری ، هێندە مەنگ بێت کە پێبکەنێت ، وە هێندە خۆپەرست کە جگە لەخۆی بەدوای کەسی تر دا بگەڕێت (بۆ پارمەتی یان هەرشتێکی تر). (خەلیل جبران)

ئەو کیمیازانەی کە دەتوانێت لەدڵی خۆی دەربهێنێت (پوختەبکات) پێکهاتەکانی میهرەبانی ، رێز ، ئامەزرۆیی ، ئارامگرتن ، پەشیمانی ، سەرسامی ، و لێبوردەیی وە پاشان هەموویان تێکەڵ بکات بۆناو یەک دەتوانێت ئەو ئەتۆمە (گەردیلە) دروست بکات کە پێی دەوترێت خۆشەویستی . (خەلیل جبران)

ئێمە شادی و پەژارەکانمان هەڵدەبژێرین زۆر پێش ئەوەی کە بەسەرماندا بێن (پێ یاندا تێپەڕین) . (خەلیل جبران)

بەخشندەیی پێدانی زیاترە لەوەی کە لە تواناتدایە ، وە شانازی وەرگرتنی کەمترە لەوەی کە پێویستتە . (خەلیل جبران)

بەخشین (پێدان) کارێکی باشە کاتێک پرسیارکرا (داواکرا) بەڵام باشتر ئەوەیە کە ببەخشیت بێ داواکردن ، لەرێگەی تێگەیشتنەوە . (خەلیل جبران)

ئەگەر تۆ نهێنی یەکانت ئاشکرا بکەیت بۆ با نابێت با تاوانبار بکەیت بۆ ئاشکراکردنی نهێنی یەکانت بۆ درەختەکان . (خەلیل جبران)

هاوڕێیەتی هەمیشە بەرپرسیاریەتی یەکی شیرینە، هەرگیز دەرفەتێک نی یە . (خەلیل جبران)

خۆشەویستی تاکە گوڵێکە کە گەشەئەکات و گوڵ دەکات بەبێ یارمەتی وەرزەکان . (خەلیل جبران)

مرۆڤی گەشبین گوڵەباخەکە ئەبینێت نەک دڕکەکانی ، مرۆڤی رەشبین چاو ئەبڕێتە دڕکەکان



Scanned with CamScanner

، بێ ئاگا له گوڵەباخەکه . (خەلیل جبران)

ئەگەر کەسێکت خۆشدەوێ ، بهێڵه با بڕۆن ، چونکه ئەگەر گەڕانەوه ، ئەوان هەموو کات هی (موڵکی) تۆبوون . وه ئەگەر نەگەڕانەوه ، هەرگیز هی (موڵکی) تۆ نەبوون ... (خەلیل جبران)

ژیان بەبێ خۆشەویستی وەک درەختێک وەهایه بەبێ گوڵ و میوه . (خەلیل جبران)

نزیکترین کەس له دڵمەوه پادشایەکه بەبێ شانشین (کیشوەری شایەک) وه پیاوێکی هەژاره که نازانێت چۆن بپاڕێتەوه (چۆن سواڵ بکات) . (خەلیل جبران)

وه لەیادت نەچێت که زەوی دڵخۆشه به هەستکردنی پێ یه خاوسەکانت هەروەها با تامەزرۆیه به یاریکردن لەگەڵ قژت . (خەلیل جبران)

ئەو کەسەی که فریشتەکان و شەیتانەکان نابینێت له جوانی و بەدئەندێشەیی ژیان دا زۆر دوور ئەخرێته له زانست ، وه رۆحەکەشی بەتاڵ ئەبێت له هەست (سۆز) . (خەلیل جبران)

دڵتەنگی هیچ نیه جگه له دیوارێک لەنێوان دوو باخچەدا . (خەلیل جبران)

بەخشندەیی پێدانی ئەوه نی یه (ئەو شته نی یه) که من زیاتر پێویستم پێی بێت له تۆ ، بەڵکو پێدانی ئەوەیه که تۆ زیاتر پێویستت پێی بێت له من . (خەلیل جبران)

بتوانیت به رازی بوونەوه تەماشای ژیانت بکەیتەوه (بتوانیت به رازی بوونەوەی تەماشای ئەو ژیان و ساڵانه بکەیتەوه که تێپەڕیون) ، (وەک ئەوه وەهایه) دووجار بژیت (دووجار ژیابیت) . (خەلیل جبران)

ژیانی تۆ دورگەیەکه جیاکراوه له هەموو دورگەکان و کیشوەرەکانی تر . بێگوێدانه ئەوەی چەند کەشتی ئەنێریت بۆ رۆخەکانی تر یان چەند کەشتی دەگەنه رۆخەکانت ، تۆ خۆت دورگەیەکی جیاکراوه به ئازارەکانی خۆی دوورو جیاکراو به خۆشیەکانی خۆی . (خەلیل جبران)

کاتێک تۆ دەگەیت به دڵی ژیان ئەبێت جوانی له هەموو شتەکاندا بدۆزیتەوه ، تەنانەت لەناو ئەو چاوانەشدا که به جوانی کوێرن . (خەلیل جبران)



Scanned with CamScanner

ئێمە دوێنێ گوێڕایەڵی پادشاکان بووین و گەردنمان لەبەردەم ئیمپراتۆرەکانیدا کەچ دەکرد . بەڵام ئەمڕۆ چۆک دادەدەین تەنها بۆ ڕاستی ، شوێن تەنها جوانی ئەکەوین ، وە تەنها گوێڕایەڵی خۆشەویستی دەبین . (خەلیل جبران)

ئەگەر دڵی تۆ شاخێکی ئاگرینە ، چۆن دەبێت چاوەڕێی گوڵ بکەیت گەشەبکات ؟ (خەلیل جبران)

لە یەک دڵۆپ ئاودا هەموو نهێنی دەریاکان دەدۆزرێتەوە (دۆزرایەوە) . (خەلیل جبران)

ئارەزوو نیوەی ژیانە ، کەمتەرخەمی (گوێ پێنەدان) نیوەی مەرگە . (خەلیل جبران)

گەورەیی پیاو لەو شتەدا نی یە کە دەگات پێی (دەستی دەکەوێت) ، بەڵکو لەو شتەی کە ئارەزوو دەکات بگات پێی (دەستی بکەوێت) . (خەلیل جبران)

ئەو نەتەوەیەی دژایەتی نەتەوەیەکی تر دەکات مەرج نییو لەپێناوی سەربەستیدا بێت (کارل مارکس)

نازانم کەسانی تر چۆن بیردەکەنەوە بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی کە تاسەر نامێننەوە گەر خۆتان خۆتان لەناو نەبەن ئەوا کەسانی تر لەناوتان دەبەن (ڤۆڵتێر)

خۆشیەکان لەوکاتەوە دەست پێدەکەن کە بزانی لە ژیانتدا  بۆچ ئامانجێک هەوڵ دەدەیت (برناردشۆ)

تاکە سیاسەتی من لەوەدایە کە کاری چاکە دەکەم و پێشبینی خراپەیش دەکەم ( برناردشۆ)

برناردشۆ دوایەمین پیاوی مەزن بوو لە ئیرلەنداوە سەری هەڵدا, تا بە ووتە جوانەکانی جیهان لە تاریکی ڕزگار بکات (برنارد شۆ)
کاتێک بەراوردێک دەکەم لەنێوان ئاستی زیرەکی خۆم و شکسپیریداو خۆم بە کەسێک کەم و بێ توانا دێتە بەرچاو و ڕقم لە خۆم دەبێتەوە (برناردشۆ)

ئافرەتێکی ئەمریکی نامەیەکی بۆ برناردشۆ ناردبو ئەم چەند دێڕەی بۆ تێدا نوسیبوو: بەڕێز برناردشۆ, تۆ خاوەنی ئەقڵی لە جیهاندا و منیش خاوەنی جوانترین لاشەم, وەرە با پێکەوە ژیان بەسەربەرین و کامڵ ترین منداڵ بخەینەوە بۆ داهاتوو. برناردشۆش لەوەڵامدا ئەم



Scanned with CamScanner

چەند ووشەیەی بۆ نوسیبوو: وڵامت چی دەبێت گەر ئەو منداڵەی دەیخەینەوە ئەقڵی وەک ئەقڵی تۆ بێت و لاشەیشی وەک من! (برناردشۆ)

گەر توانای بیرکردنەوەمان نەبووو مانای وایە ئێمە شێتین. گەر نەشمان ویست بیربکەینەوە ئەوا کەسێکی دەمارگیر و مێشک تەسکین. گەر نەشمان وێرت بیربکەینەوە ئەوا بەندەیەکی بێ دەسەڵات . (سوقرات)

ئەوکاتە مرۆڤ تووشی گەورەترین بەڵاو نارەحەتی دەبێت کە هەرکارێکی ویست بۆی دەست بدات (هیکسلی )

گەر خودا دوو ئیختیارم بخاتە بەردەم: یەکێکیان سەرکەوتنێکی کامڵ بێت و ئەوی تریشیان هەوڵدانێکی بەردەوام بێت لەپێناوی سەرکەوتنێکی کامڵ دا, ئەوا بەبێ بیرکردنەوە ئیختیاری دووەم هەڵدەبژێرم (سوقرات)

دەرمانی ڕاستەقینەی ئەقڵ فەلسەفەیە . (شیشرۆن)

فەلسەفە ئەو چیرۆکەیە کە ئەقڵ بۆ خۆی وێنە دەگرێ دەربارەی پەیکەری جیهان . (ئەمرسۆن)

دانایی باشترین چاکەیە . (قدیس ئۆگەستینۆس)

مرۆڤی دانا دەرفەت دەکاتە بەختێکی باش . (تۆماس فوڵەر)

بوون بریتی یە لەگۆڕان و گۆڕانیش بریتی یە لەپێگەیشتن . (هنری بیرگسۆن)

ئەو جۆگەیەی کانیی دانایی، کەخودا خۆراکی ئەدا ، قەت ووشک نابێ (بایارد تایلەر)

دانایی تەنها لەڕاستیدا بوونی هەیە . (گۆتە)

ئەوەی لەفەلسەفە بەدەستم هێناوە ئەو توانایە یە کەوام لێ دەکات هەست بەحەوانەوە بکەم لەهەر کۆمەڵگەیەکدا . (ئاریستیبۆسی)

ئەخشەی دانایی ئەوەیە کە ئێستا بەشێوەیەکی تر ڕاست بخوێنیتەوە و ڕەچاوی بارو دۆخ بکەیت و لەگەڵی بڕۆی . (هۆمیرۆس)



Scanned with CamScanner

هیچ چارە سەرێک نیە بۆ لەدایک بوون و مردن تەنها ئەوەندە نەبێ کەچێژ لەماوەیەیی نێوانیان وەرگری . (جۆرج سانتانیا)

دانایی چاکەی ئەوپەڕی تەواوی ئەقڵی مرۆڤایەتیە ، فەلسەفەش بریتی یە لەحەزکردن لەدانایی و هەوڵدان بۆ پێگەیشتن . (سینیکا)

زانینی (من بیر دەکەمەوە ، کەواتە من هەم ) بریتیە لەیەکەمین شتی هەرە چەسپاو کەتوشی ئەوە دەبێ کە بەرێک و پێکی فلسەفە لێ ئەدا .
رێنێ دیکارت (ئەمەرسۆن)

دانایی بریتیە لەوەی کە کۆتایی بەچرکەی ئێستا بێن ، کۆتایی گەشتیش بۆ هەرهەنگاوێکی رێگا بدۆزیتەوە و چەندە بتوانی ساتی خۆش بەسەر بەریت . (ئەمەرسۆن)

شاردنەوەی جوانی بەکەس ناچێتە سەر  دە قوتووی بخەی لە درز دەێتە دەر . (مامۆستا هەژار)

ژیان هەنگوینە و ژەهری تێکەڵاوە  دڵی پێ خۆش بکەیت بیرت بڵاوە . (مامۆستا هەژار)

خۆشەویستی بەهێزترین هێزە لە جیهان خاوەنی بێت ،  لەگەڵ ئەوەشدا بێفیزترین هێزە کە بەخەیاڵدا بێت . (ماهاتما گاندی)

ئەوە لەش ساغی یە کە سامانی راستەقینەیە نەک پارچەی ئاڵتون و زیو . (ماهاتما گاندی)

رەزامەندی لە هەوڵدان (تەقەڵاّ) دایە ، نەوەک لە دەست کەوتن ، هەوڵدانی تەواو سەرکەوتنی تەواوە . (ماهاتما گاندی)

هەڵەیەک نابێت بە راستی بەهۆی  چەندجار بڵاوبوونەوەیەوە ، وە نە راستیش ئەبێت بە هەڵە چونکە کەس نایبینێت . (ماهاتما گاندی)

لەوانەیە هەرگیز نەزانیت چ ئەنجامێک لەکارەکانتەوە دێت ، بەڵاّم ئەگەر هیچ نەکەیت هیچ ئەنجامێکیش نابێت . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

هەموو ساتێکی ژیانت بێ سنوور داهێنەرە و گەردوونیش بێ کۆتا زۆروزەبەنەیە. تەنها داواکارییەکی زۆر روون بخەرەپێش ،وە پێویستە رووت تێ بکات هەموو شتێک کە دڵت ئاواتی دەخوازێت . (ماهاتما گاندی)

بەشێوەیەکی نەرم و نیان ، ئەتوانیت جیهان بهەژێنیت . (ماهاتما گاندی)

نازانیت کێ گرنگە بۆ تۆ هەتا لەڕاستیدا لەدەستیان ئەدەیت . (ماهاتما گاندی)

خودا لە شێوەی خواردن دا دێت بۆ (دێت بەهانای) برسی . (ماهاتما گاندی)

من یەکەمجار چەمکەکانی نا توندوتیژی فێربووم لە هاوسەرگیریمەوە. (ماهاتما گاندی)

هەموو تاوانێک جۆرێکە لە نەخۆشی و ئەبێت بەم شێوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت . (ماهاتما گاندی)

ژیانی من پەیاممە . (ماهاتما گاندی)

هەژاری خراپترین شێوەی توندوتیژی یە . (ماهاتما گاندی)

دادپەروەری کە خۆشەویستی ئەیدات خۆبەدەستەوەدانێکە ، دادپەروەری کە یاسا دەیدات سزایەکە . (ماهاتما گاندی)

بۆ هونەرمەندێکی راست تەنها ئەو رووخسارە جوانە کە ، زۆر دوور (جیاواز) لە دیوە دەرەکی یەکەی ، ناوی رۆحەکە لە (بە) راستیی دەدرەوشێتەوە . (ماهاتما گاندی)

دادپەروەری یارمەتی ئەوانە نادات کە نوستوون بەڵام تەنها یارمەتی ئەوانە دەدات کە هۆشیارن . (ماهاتما گاندی)

زیاد لە پێویست (زۆر زۆر) دڵنیابوون لە زیرەیی خۆ بێ عەقلی یە. دروست ئەوەیە لەیاد بێت کە بەهێزترین لەوانەیە لاواز ببێت و زیرەکترین لەوانەیە هەڵەبکات (ئەنگی بکات) . (ماهاتما گاندی)

توندوتیژی دەروونی هیچ کاریگەریەکی نی یە و تەنها ئەو کەسە بریندار دەکات کە بیرەکانی



Scanned with CamScanner

توندوتیژن . لەگەڵ نا توندوتیژی دەروونی بە پێچەوانەوەیە . کاریگەری هەیە بەڵام (کەچی) جیهان تا ئێستا نازانێت . (ماهاتما گاندی)

هاریکاری نەکردن لەگەڵ خراپە ئەرکێکی پیرۆزە . (ماهاتما گاندی)

ئەگەر من وادەرکەوێت کە بەشداری لە سیاسەت دا دەکەم ، ئەوە تەنها لەبەرئەوەیە کە سیاسەت ئەمڕۆ دەورەمان دەدات وەک قەفی مار کە چۆن یەکێک ناتوانێت بێتەدەرەوە لێی ، گرنگ نی یە یەکێک چەندێک هەوڵ ئەدات (بۆ ئەوەی بێتەدەرەوە) . لەبەرئەوە ئارەزوو دەکەم لەگەڵ مارەکەدا زۆرانبگرم (ماهاتما گاندی)

چەندین لە گۆشت خۆرەکانم ناسیوە کە زۆر لە گیاخۆرەکان ئاشتیخوازترن . (ماهاتما گاندی)

پیاوان دەڵێن من پیاوچاکێکم کە خۆی ونکردووە لەناو سیاسەتدا . ڕاستی یەکەی ئەوەیە من سیاسەتمەدارێکم سەختترین هەوڵی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی ببم بە پیاوچاکێک . (ماهاتما گاندی)

توانای ڕاهاتن (گونجان) لاسایی کردنەوە نی یە . مانای هێزی بەرگری (بەرهەڵستی) و گرتنەخۆیە . (ماهاتما گاندی)

باوەڕبوون بەوەی کە ئەوەی ڕووی نەداوە لە مێژوودا بەهیچ شێوەیەک ڕوونادات ( لە داهاتوودا) ، مشتومڕی بێ باوەڕی یە (باوەڕنەبوونە) بە گەورەیی پیاو . (ماهاتما گاندی)

هەموو زانایی تۆ، هەموو خوێندنی شەیکسپیرو نرخی وشەکانت بەخۆڕایی دەچێت ئەگەر لە هەمانکاتدا تۆ کەسایەتی خۆتت دروست نەکردبێت و نەگەیشتبیت بە شارەزایی (زاڵیی) تەواو بەسەر بیرو کردەوەکانتدا . (ماهاتما گاندی)

پیاوی باوەڕدار سەوداگەری و مەرج دانانان ناکات لەگەڵ خودا . (ماهاتما گاندی)

ڕێ بدە با هەموو کەس هەوڵ بدات و ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە لە ئەنجامی پاڕانەوە (نزا) ی ڕۆژانە شتێکی نوێ زیاد دەکات بۆ ژیانی ، شتێک کە ناتوانرێت هیچ شتێکی تری لەگەڵ دا بەراورد بکرێت . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

چ جیاوازیەکی هەیە بۆ مردوو ، هەتیوەکان و دەربەدەرەکان ، کە ئاخۆ کاولکاری شێتانە ئەنجام بدرێت لەژێر ناوی تاکحزبیەتی (دیکتاتۆری) یان ناوی پیرۆزی ئازادی یان دیموکراسی . (ماهاتما گاندی)

خەباتی ناتوندوتیژی یەکەم ئامراز (بەند)ی باوەڕی منە . وە هەروەها دوایین ئامرازی رێبازی منە . (ماهاتما گاندی)

جیاوازی نێوان ئەوەی کە دەیکەین و ئەوەی کە لە تواناماندایە بیکەین بەسە بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکانی جیهان . (ماهاتما گاندی)

ئەگەر من بڕوام هەبێت کە ئەتوانم ئەنجامی بدەم ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەبێت توانایی کردنی پەیدا بکەم ئەگەریش لەوانەیە کە لە سەرەتادا ئەو تواناییەم نەبێت . (ماهاتما گاندی)

ترس سودی خۆی هەیە (بەکارهێنانی خۆی هەیە) بەڵام ترسنۆکی هیچی نی یە (هیچ سودێکی نی یە) . (ماهاتما گاندی)

باوەڕ گوڵێکی ناسک نی یە کە سیس ببێت (لەناوبچێت) لەژێر کەمترین کەش و هەوای زریاناوی دا . (ماهاتما گاندی)

توانایی پاراستنی پەیمانت (سوێندت) بەندە لەسەر پاکیی (خاوێنی) ژیانت. (ماهاتما گاندی)

پیاوێک ئەگەر دز نەبێت چی یە کە بە ئاشکرا تا ئەتوانێت پارە ئەخاتەسەر ئەو شتومەکانەی کە ئەیفرۆشێت ؟ (ماهاتما گاندی)

ئەگەر مەسیحی یەکان بەڕاستی بەگوێرەی ئامۆژگاری یەکانی مەسیح بژیانایە ، وەک ئەوەی کە لە ئینجیلدا هەیە ، هەموو هندستان ئەمڕۆ مەسیحی ئەبوو . (ماهاتما گاندی)

من باوەڕم وایە کە پیاو بەهێزترین سەربازە بۆ چاونەترسی کە بە بێ چەک دەمرێت . (ماهاتما گاندی)

پیاوی باش هاوڕێی هەموو شتە زیندووەکانە . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

ئەوانەی کە خاوەنی مەزنترین هۆشیارین خاوەنی مەزنترین خەوە ناخۆشەکانن . (ماهاتما گاندی)

پاڕانەوە (نوێژ) دانپێنانی بێ فەڕی و بێهێزی خۆیە . (ماهاتما گاندی)

لە بابەتەکانی ویژدان دا ، یاسای زۆرینە هیچی جێیەکی نی یە (ماهاتما گاندی)

من بەرهەڵستی توندوتیژی دەکەم چونکە کاتێک کە دەردەکەوێت چاکە دەکات ، چاکەکەی تەنها کاتی یە ، خراپەکەی کە دەیکات هەمیشەیی یە . (ماهاتما گاندی)

کەلتوری مێشک (عەقڵ) پێویستە ملکەچی دڵ بێت . (ماهاتما گاندی)

گوێ لە هاوڕێیان مەگرە کاتێک کە هاوڕێی ناخت پێت ئەڵێ «ئەم کارە بکە» . (ماهاتما گاندی)

هیچ ڕێگەیەک نی یە بەرەو ئاشتی ، ئاشتی خۆی ڕێگەکەیە . (ماهاتما گاندی)

زۆر هەیە زۆر گێلە و ئەستێرەی گەشە هەمیشە گەلێک زیرەک هەن بەختیان ڕەشە . (مامۆستا هەژار)

پیسی گەر گەرای راخست لە دڵدا دەرناچێت تا نەتبات بەناخی گڵدا . (مامۆستا هەژار)

دەبێ کەسێکی دانابیت تابتوانی کەسی دانا بیت . (زینۆ فاینس)

نۆ لەدەی دانایی بریتیە لەوەی کەمرۆڤەکان لەکات خۆیدا دانابێ . (تیۆردۆ ڕۆزفێلت)

دانایی ڕاستەقینە تەنها بریتیە لەوەی کە لەبرچاوتایە بەڵکو پێش بینی کردنە بەوەی ڕووئەدات . (پترنیس)

ڕوونی نیاز پاکی لە فەیلەسوفەکانە . (مارکیز دوفوفنارگ)

دەوڵەمەندی خراپەکار و هەژاری بەدبەخت دوو تەواوکاری یەکترن ئەم دوو جۆرە لایەنەیش لەو کۆمەڵانەدا بوونیان هەیە کە کڕین و فرۆشتن بە سەربەستی و ئازادیەوە دەکرێت واتە هەژارەکان سەربەستی و ئازادی دەفرۆشن و دەوڵەمەندەکانیش بەتاڵان لێیان



Scanned with CamScanner

دەكرێنەوە (ڕۆسۆ)

كارێكی گران نییە گەر بتەوێت لەنێوان خێرو شەڕدا یەكێكیان هەڵبژێریت، لەوە گرانتر هەڵبژاردنی نێوان خێر و خێرە (جۆرج سنتیانا)

مافی مرۆڤ سروشێك نییە لە سروشەوە، بەڵكو ئەنجامی ئەو هەوڵ و بەرەنگاری بوونەوەیە دژی ئەو ئیمتیازاتانەی كە مێژوو لە وەچەیەكەوە بۆ وەچەیەكە تر گواستویوتییەوە بەواتایەكی تر: مافی مرۆڤ بەرهەمی بیرمەندی و هۆشمەندییە و ئەوكەسانە دەبنە خاوەنی كە هۆشمەندن و بەردەوام هەوڵی دەدەن لە پێناویدا . (كارل ماركس)

تێكەڵاو بوون بەخوە چاكەكان بۆ خۆی پەروەردەیە . (دیونیسیۆس هلیكر ناسۆس)

تێكەڵاو بوون بەئافرەت بناغەی ئافرەتە . (گۆتە)

بنەماكانی ڕەفتار بریتی یە لەهونەری دەربڕینی ڕێز بۆ هەستی خەڵكی تر . (ئەلیس دیوار میلەر)

خووە باشەكان مرۆڤ دروست دەكەن . (دانیال دیفۆ)

خووە چاكەكان دوایین گوڵی ڕەفتاری چاكە . (ولیام ونتەر)

هەروەك چۆن یاسا پێویستە بۆ پاراستنی خووە چاكەكان ، ئاواش پێویست بەخووی چاك هەیە بۆ جێ بەجێ كردنی یاساكان . (ماكیا ڤیلی)

مرۆڤ بەكارو قسە قاڵ دەبن هەریەكێك بەوی تر، وەك ئەو چەوەی كەلەسەركەناری دەریا نەرم دەبێت . (جۆن تاونزند تروبرید ج)

ڕەفتارمان سێ چارەكی ژیانمان و گەورەترین سەرقاڵیمانە . (ماسیۆ ئارنۆڵد)

ڕەفتار وەك درەخت وایە و ناوبانگیش وەك سێبەرەكەی ئێمە تەنها سێبەر لەدەست ئەدەین ئەگینا درەختەكە شتێكی ڕاستەقینەیە . (ئەبراهام لەنكۆڵن)

زانیاری و كار سەرچاوەكانی ژیانمانن ، دەبێت كاریگەرییەكی گرنگیشیان لەسەری هەبێت و



Scanned with CamScanner

ناراستەی بکەن . (ولیام ڕایش)

مرۆڤی گەورە لەبیری ناچێتەوە و هەوڵی تۆڵەسەندنەوەش نادات بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵ دەدات تێبگات . (ولیام ڕایش)

من مرۆڤێکی کارگەرم ، مرۆڤێک کەناخ و دەروونی ئینسان دەناسێت و لێی بەئاگایە . مرۆڤێکم کەخۆی دەناسێت و دەیەوێت کار ، نەک تێڕوانین و تێگەیشتن لە کار . دنیا بەڕێوە ببات . (ولیام ڕایش)

گەر لەناخەوە نەخۆش نەبوویتایە ، گەر تەندرووست بژیایتایە ، زۆر دەمێک بوو لە چنگ زاڵمەکانت قووتارت بوو بوو . (ولیام ڕایش)

ئینسانە گەورەکان تۆیان خۆش دەوێت لەبەر ئەوەی کە گیانلەبەرێکی زیندوو یان بوونەوەرێکی زیندوویت . (ولیام ڕایش)

متمانە بەڕەفتاری چاک بکە زیاتر لەسوێند . (سۆلۆت)

ئەوکەسە نەخۆشە کە بەدیار نەخۆشەوە بێت . (هەژار موکریانی)

کەسانی چروک هەژار ترین کەسن . (هەژار موکریانی)

ئەوشتانەی کەمناڵان دەیفرۆشن بیکڕە . (براون جاکسۆن)

ئەگەر بۆ جارێکیش بێ لە ژیانتا ئوتومبێلێکی تایبەت بەسەفەر بکرە . (براون جاکسۆن)

ئاوها هەڵسوکەوت بکە کە پێت خۆشە دەوروبەرت هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن . (براون جاکسۆن)

لێڕابێ ، مۆسیقای مۆزارت . شۆپەن . بتهۆڤن . بناسی . (براون جاکسۆن)

کە جگەرەکێش بووی بەکەس مەڵێ جگەرە مەکێشە . (هەژار موکریانی)

هەموو چاوەڕوانیەک بە ئازارە . (هەژار موکریانی)



Scanned with CamScanner

مێشکت بە زانست زاخاو بدە نەک لەشت بە مرواری برازێنیتەوە. (هەژار موکریانی)

هەرکەسێک کە لەگەڵ دڕندەکاندا دەجەنگێت ئەبێت تەماشابکات و ئاگاداربێت کە لە پرۆسەکەدا خۆشی نەبێت بە دڕندەیەک . (فری دریک نیچە)

باوەڕ بە راستیی دەست پێ دەکات بە گومانکردن لە هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا بە راست دانرووون (هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا وا باوەڕبووە کە راستن). (فری دریک نیچە)

پیاوی زانا پێویستە نەک تەنها توانای ئەوەی هەبێت دوژمنەکانی خۆش بوێت بەڵکو بشتوانێت رقی لە هاوڕێکانی بێت . (فری دریک نیچە)

کاتێک یەکێک باوکێکی باشی نەبووە ، ئەو کەسە ئەبێت باوکێکی باش دروست بکات . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە رۆژێک فێری فرین دەبێت پێویستە لە سەرەتا فێری هەستان و رۆیشتن و راکردن و سەرکەوتن و سەما ببێت ، کەسێک ناتوانێت لە فڕینەوە دەست پێ بکات . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە ناتوانێت گوێڕایەڵی خۆی بێت فەرمانی پێ ئەدرێت . ئەوە سروشتی دروستکراوەکانی ژیانە . (فری دریک نیچە)

ئەو شتە چی یە کە یەکێک ئەکات بە پاڵەوان (قارەمان) ؟ --- چوونەدەرەوە بۆ بەیەک گەیشتن (روبەڕوبوونەوە) لەگەڵ گەورەترین ئازارچەشتن و گەورەترین هیوای ئەو کەسە لە یەک کاتدا . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە پێویستی بە درۆ کردن نی یە شانازی ئەکات بەوەی کە درۆزن نی یە . (فری دریک نیچە)

باوەڕ (متمانە) ، بەڕاستی ، تا ئێستا نەیتوانیوە شاخە راستەقینەکان بجوڵێنێت ... بەڵام ئەتوانێت شاخ بخاتە ئەو شوێنانەی کە تێیدا نی یە . (فری دریک نیچە)

بەسوودترین ئەزمونەکان ئەوانەی هەموو رۆژێکی ئاساین لە ژیاندا . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

تینویەتی بۆ یەکسانی ئەتوانێت خۆی دەربېرێت لەشێوەی ئارەزوویەک بۆ کێشانی وێنەیەک کە هەمووکەس تێیدا نزم کرێتەوە بۆ یەک ئاست ، یاخود هەمووکەسێک بە خودی خۆیشتەوە بەرزبکرێتەوە بۆ سەرەوە . (فری دریک نیچە)

با ئیمتیازی مامناوەندەکان بە کەم سەیر نەکەین . کاتێک یەکێک سەردەکەوێت بۆ بەرزتر ، ژیان هێندەی تر سەخت دەبێت ،سەرما زیاد دەکات ، بەرپرسیاریەتی زیاد دەکات . (فری دریک نیچە)

با ئەو رۆژە هەر وون بێت و نەمێنێت لامان کە بۆ جارێکیش سەمامان نەکرد تێیدا ! هەروەها با ئەو ژیریی یەش نادروست بێت لامان کە نەیتوانی هیچ خەندەیەک لەگەڵ خۆی بێنێت ! (فری دریک نیچە)

یەکێک بە تەنها لە رێی پێویستی بوون بە رێگرتن و دوورخستنەوەی بەردەوام (بەردەوام لە یادی رێگرتن و نەهێشتنی شتێک) دەکرێت ئەوەندە لاواز ببێت کە چیتر نەتوانێت بەرگری لە خودی خۆشی بکات . (فری دریک نیچە)

بەهێزترینەکانیش هەندێک کات شەکەت دەبن . (بەهێزترینەکانیش کاتی شەکەت بوونی خۆیان هەیە). (فری دریک نیچە)

عەیب نیە لە سەر خۆ بکەویت عەیب ئەوەیە بە پەلە بکەویت . (هەژار موکریانی)

خووە چاکەکان دراوسێیەتی چاک دەکا ، هیچ مرۆڤێکی ژیریش کەلەشوێنێ نیشتە جێ بێ کە ئەو خوانەی تیا نەبێ . (کۆنفۆ شیۆس)

هیچ شتێک بەردەوام نابێ تەنها ڕواڵەتە کەسی بەچاکەکان نەبێ . (وۆلت ویتمان)

نهێنی گەردوون کەبەپلەی هێواش خۆی دەردەخات بریتی یە لەکەسێتی . (ج .بۆلیس)

قەزاو قەدەری خودایی مانای دەست خستنە ناو ژیانی مرۆڤەوە نییە, بەڵکو مانای ئەو یاسا سەروەرییە کەونییە یە کە خالق دایناوە بۆ بەردەوام بوونی یاسا کەونییەکان (ابن سینا)

چارەنووسی مرۆڤ دەوایەکە بۆ هێزو توانای ئەقڵ و ئیرادە و بەکارهێنانیان لە سەربەستی و هەڵبژاردندا (ابن سینا)



Scanned with CamScanner

هەموو مەزهەب و فەلسەفەکانی خەڵکانی سەردەمانی پێشوومان پەیڕەو کرد لە ژیانی تایبەتی خۆماندا, ئیستا کاتی ئەوە هاتووە کە ببینە خاوەنی فەلسەفەو مەزهەبەکانی خودی خۆمان
(ابن سینا)

ئەقڵ مامۆستا و زانایە, ڕاستیش گەوهەری ژیانە, چاولێکەریش داری دەستی مرۆڤێکی کوێرە
(ابن رشد)

پێم بڵا چۆن دەژیت, پێت دەڵێم چۆن بیردەکەیتەوە (ابن رشد)

ئەو گەلەی گەلێکی تر دەپەرستێ ئەو کۆت و زنجیر بۆ دەست و پێی خۆی دروست دەکات
(ابن رشد)

بیر, کاردانەوەی کارە ئابووری و ڕاستییەکانە (مارکس)

من هیچ خۆشیەک لەوە مەزنتر نازانم کەبەنهێنی دەستی یارمەتی درێژ بکەم و بەرێکەوت بڵاو ببێتەوە .(جۆن ویسلی)

تەنها ئەو خووانە لەدەرونتا گەشە پێبدە کەحەز دەکەی سەردارت بن . (ئیلبەرت هابرد)

بیرۆکەیەکی (چاک یا خراپ) کارێکە ، بەتێپەڕ بوونی کات دەبێتە خوو یاسای ژیان ناوایە .
(ڕاڵف والدۆ ئەمەرسۆن)

ئێمە کاتێ کەبەئەرکی خۆمان هەڵدەستین ، شایەنی ستایش نین ، چونکە ئەوە ئەرکی خۆمانە . (قدیس ئۆگەستینیۆس)

هیچ لایەنێکی ژیان نیە ، تایبەت یا گشتی ، کەلەئەرک بەدەر بێت . (شیشرۆن)

نە بازاڕی چۆڵ ، نە شایی بێ دەهۆڵ .( واتە هەموو شتێک بە شتی خۆیەوە خۆشە .. واتە بازاڕ بە قەرەباڵغی و خەڵکەوە و شاییش بە زوڕنا و دەهۆڵەوە و قوتابخانەش بە تەڵەبەوە ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

نانی مەرد لە سکی نامەردا نامێنێ .( واتە پیاوی نامەرد هیچی لەبەر چاو نییە و سپڵەیە ) .



Scanned with CamScanner

(پەندی پێشینانی کـوردی)

ناز بەسەر یەکێکدا بکە کە نازت بکێشێ .( واتە شتێک کە بەکەسێکی دەڵێیت یاخود کارێک بە کەسێک دەسپێریت با ئەو کەسە بێت کە لێتی وەردەگرێت و بۆت بەجێ دەگەیەنی ... بە ژن و مێردێکیش دەوترێت کە مەگەر و نازی یەکتری قبوڵ بکەن و یەکتریان زۆر خۆش بوێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

مێشکی نەزان ، ئەشکەوتی شەیتانە .( چونکە هەمیشە هێلانە و هێلکەی تیا ئەکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

مشتێک نموونەی خەروارێکە .( بەشتێکی کەم ئەوترێت لە زۆرێک ... بۆ نموونە کەسێک کە دەچێتە شوێنێک چۆن هەڵسوکەوت بکات ئەوا لە خێزانەکەیەوە فێر بووە .. واتە ئەوانیش وەک ئەمن ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

تۆ ئەی پیاوی بچوک ... لە ژیانتا داوای بەختیاری دەکەیت ، بەڵام دڵنیایی و خۆ پاراستنت گەلێک لە بەختیاری پێ گرنگترە .بۆچی پیاو ئاوا لەروو ، لە دڵەوە بەو شادوومانیە ناجۆر و ناقۆلاییەوە چەندان سەدەیە پێ دەکەنێت و قاقا لێدەدات ...؟! (ولیام ڕایش)

دەمێک بوو بووبوویتە سەردار و سەروەری ژیانی خۆت ، گەر بیرکردنەوەت شان بەشانی حەقیقەت بڕۆشتایە و لێوەی نزیک بووایە . (ولیام ڕایش)

تەنیا خۆم و کەسی دیکە نیە لەسەرانسەری دنیادا بتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات ، من کێم . چ لەباری فەرهەنگیەوە و چ لەباری پێکهاتنی لەشمەوە . (ولیام ڕایش)

جولەکە بۆخۆی خراپترینی ئەوکەسانەن کە ڕقیان لە جوولەکە دەبێتەوە . (ولیام ڕایش)

ژیان بۆ من لە چوونەوە یەک و دووبارە کشانەوەی پلازماوە دەست پێدەکات ، نەک لەو ووتارە ئاینیانەوە کە ڕابینێک دەیاندات یان دەیانڵێت و دەیانجوێتەوە . (ولیام ڕایش)

هات و هاوار و قیژە قیژت هەستەکانت دەمرێنن و سروشتە خوڵقێنەرەکەت ئیفلیج دەکەن و لە پەلو پۆی دەخەن . (ولیام ڕایش)

ملیۆنان ساڵی خایاند تا لە بوونەوەرێکی دەریاییەوە بوویت بەو گیانلەوەرە ڕەپ و ڕاوەستاوەی



Scanned with CamScanner

سەر ووشکانی . (ولیام ڕایش)

مرۆڤانی برسی ناتوانن شارستانیەت بەرەو پێش بەرن بیگەیەننە پلەیەکی باڵاتر .

قەت لە منداڵ نادەم . (ولیام ڕایش)

قەدری عافییەت کاتێ ئەزانین منداڵ هاوارکا : برسین ، بێ نانین (پیرەمێرد)

جوانی هەمیشە سەیرە . (بۆدلێر)

ئەو ماڵ وێرانە بۆچ وا ڕاست ئەڕوا ئەم ڕاستگۆییە ئەوی خستە دوا . (پیرەمێرد)

دوو جار سەیرکە بۆ ئەوەی شتەکە بەڕاستی ببینی ، بەڵام تەنها جارێک سەیرکە بۆ ئەوەی بەجوانی ببینی . (ئیمیل)

بۆنی گوڵ لە لای ڤالۆنچە دەردە ژن بێ ڕوو سووری ناچێتە پەردە . (پیرەمێرد)

بۆ هەر بۆنەیەکی بچوک ئاهەنگ بگێڕە . (براون جاکسۆن)

ئەگەر ناچار بوویت لەگەڵ یەکێکدا دەستەو یەخە بیت ، هەوڵ بدە یەکەم درب تۆ بیوەشێنی و زۆریش بەهێزی بێ . (براون جاکسۆن)

ئەو شتەی بەئەمانەت وەری دەگری بیگەڕێنەرەوە بۆ خاوەنەکەی . (براون جاکسۆن)

ئەوەی خۆت دەیزانی خەڵکی تریشی لێ فێربکە . (براون جاکسۆن)

بەردەوام لە دوای فێر بوون بە . (براون جاکسۆن)

جوانی بۆ ئافرەت وەک پارە وایە بۆ پیاو ، هێزو دەسەڵاتە . (ئەکیس مۆنتی)

ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە بۆ عالەم ڕۆژە ، بۆ ئێمە شەوە . (پیرەمێرد)

جوانی جوانی ڕادەکێشێ . (هەنت)

هەندێ بە فریو گەیوەتە پایە شەیتان لە بەرگی فریشتەدایە . (پیرەمێرد)

ئەوەی کەژنان زۆر تورە دەکا ئەوەیە کەپێی بڵێی پیری . (ئەریۆستۆ)

تا گەورەتر بی خەفەتت زۆرە کاتێکت خۆشە بکەویتە نۆرە (پیرەمێرد)

هەمیشە شتێکی نوێ دەبێ لەبارەی ئافرەتەوە بووترێ تا ئافرەتێک لەسەر زەوی بمێنێ . (دوبۆفلێر)

بە بەردە باران کورد نەمردبوو بە گوڵی دۆستێ گیانی دەرچوو بوو . (پیرەمێرد)

ژیان بەڕاستی سادە و ئاسانە ، بەلاّم ئێمە سورین لەسەرئەوەی کە ئاڵۆزی بکەین . (کۆنفۆ شیوس)

بۆ هەر جێ یەک کە دەڕۆیت ، بە هەموو دڵتەوە بڕۆ . (کۆنفۆ شیوس)

بە سێ ڕێگە ئێمە لەوانەیە فێری زیری ببین: یەکەم، بە رەنگ دانەوە کە رەسەنترینە، دووەم بە لاسایی کردنەوە ، کە ئاسانترینە، سێ یەم، بە ئەزموون، کە تاڵترینە. (کۆنفۆ شیوس)

مەزنترین سەربەرزیمان لەوەدا نی یە کە هەرگیز نەکەوین بەڵکو لە هەستانەوەسەرپێ دایە هەرکات کە دەکەوین . (کۆنفۆ شیوس)

کارێک هەڵبژێرە کە خۆشت دەوێت (حەزت لێ یە) وە هەرگیز ڕۆژێک لە ژیانتا پێویست ناکات کاربکەیت . (کۆنفۆ شیوس)

هەموو شتێک جوانی خۆی هەیە، بەلاّم هەموو کەس نایبینێت . (کۆنفۆ شیوس)

پێش ئەوەی سواری کەشتی بیت بەرەو گەشتی تۆڵەسەندنەوە ، دوو گۆڕ هەڵبکەنە . (کۆنفۆ شیوس)

ئەبیستم و لەیادم دەچێت . دەبینم و دێتەوە یادم . دەیکەم (ئەنجام ئەدەم) و تێدەگەم . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

ستەم لێکردنت هیچ مانایەکی (سودێکی) نی یە مەگەر بەردەوام بیت لە یادهێنانەوەی . (ستەم لێکردن لێت هیچ ئەنجامێکی نی یە ئەگەر ئەو ستەمەت لەیادبچێت و بەردەوام لە یادت نەبێت) . (کۆنفۆ شیوس)

گرنگ نی یە کە چەندە لەوانەیە وابزانیت (بیربکەیتەوە) سەرقاڵیت، پێویستە کات بدۆزیتەوە بۆ خوێندنەوە یاخود خۆت بەدەستەوە بدە بۆ نەزانی یەک کە خۆت هەڵت بژاردووە (کۆنفۆ شیوس)

گرنگ نی یە کە چەندە بە خاوی دەڕۆیت تا ئەو کاتەی کە ناوەستیت لە ڕۆیشتن (کۆنفۆ شیوس)

پیاوی بەرز بێفیزە لە قسەکانی دا، بەڵام زیادەڕەو لە کارەکانی . (کۆنفۆ شیوس)

کاتێک کە روونە نەتوانینی گەیشتن بە ئامانجەکان ، ئامانجەکان مەگۆڕە ، هەنگاوەکانی کار بگۆڕە (هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئامانجەکە بگۆڕە) . (کۆنفۆ شیوس)

بە میهرەبانی یەوە کاربکە ، بەڵام چاوەڕێی سوپاسگوزاری مەکە . (کۆنفۆ شیوس)

ئازارەکان لەیادبکە ، هەرگیز میهرەبانی یەکان لەیاد مەکە (کۆنفۆ شیوس)

خەم مەخۆ لەوەی کە هیچ کەس لەبارەی تۆوە نازانێت ، هەوڵ بدە (بەدوای ئەوە بگەڕێ) کە شیاوی ناسین (زانین) بیت . (کۆنفۆ شیوس)

کاتێک کە کەسێک دەبینیت لە خۆت باشترە بیرەکانت بگۆڕە بەوەی کە یەکسان بیت لەگەڵی کاتێک کە کەسێک دەبینیت هێندەی تۆ باش نی یە، لە ناخت بڕوانە و خودی خۆت بپشکنە (کۆنفۆ شیوس)

بێدەنگی ئەو هاوڕێ ڕاستەیە کە هەرگیز خیانەت ناکات (کۆنفۆ شیوس)

پیاوێک کە هەڵەیەکی ئەنجام داوە و ڕاستی ناکاتەوە هەڵەیەکی تر ئەنجام ئەدات . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

سەرکەوتن بەندە لەسەر پێشتر خۆئامادەکردن ، وە بەبێ ئەم جۆرە خۆئامادەکردنە دڵنیابە لە سەرنەکەوتن. (کۆنفۆ شیوس)

ئەگەر تەماشای ناو دڵی خۆت بکەیت. وە هیچ هەڵەیەکت لەوێدا نەدۆزییەوە ئەوکات چ شتێک هەیە کە نیگەرانت بکات؟ چ شتێک هەیە کە بترسیت لێی؟ (کۆنفۆ شیوس)

ئەڵماسێک بە درزێکەوە باشترە لە زیخێک (بەردێکی بچووک) ی بێ درز.( هەبوونی شتێکی بەنرخی ناتەواو باشترە لە شتێکی بێ نرخی تەواو). (کۆنفۆ شیوس)

ئەو کەسەی کە فێردەبێت بەڵام بیرناکاتەوە. وون بووە ئەو کەسەی کە بیردەکاتەوە بەڵام فێرنابێت لە مەترسی یەکی گەورەدایە. (کۆنفۆ شیوس)

خۆشویستنی شتێک مانای ئەوەیە کە بتەوێت ئەو شتە بەردەوام بێت لە ژیان (لە ژیان دا بمێنێتەوە). (کۆنفۆ شیوس)

هەرگیز بەڵێنی هاورێیەتی لەگەڵ پیاوێک دا مەبەستە کە لە خۆت باشتر نی یە . (کۆنفۆ شیوس)

مەیسەپێنە بەسەر کەسانی تردا ئەو شتەی کە خۆت ئارەزووت لێی نی یە. (کۆنفۆ شیوس)

من هاورێیەکم ناوێت کە زەردەخەنە بکات کاتێک من زەردەخەنە بکەم. کە دەگری کاتێک من دەگریم ، چونکە سێبەری ناو حەوزەکەم ئەتوانێت باشتر بکات (سێبەرەکەشم ئەتوانێت ئەو کارە بە باشتریش ئەنجام بدات). (کۆنفۆ شیوس)

کەسێک مومکین نی یە کە کەسانی تر فێربکات کاتێک ئەو کەسە نەتوانێت خێزانەکەی (بنەماڵەکەی) خۆی فێربکات. (کۆنفۆ شیوس)

ئەو باوکەی کە کورەکەی فێری ئەرکەکانی خۆی ناکات بە شێوەیەکی یەکسان تاوانبارە لەگەڵ ئەو کورەی کە ئەوان فەرامۆش دەکات. (کۆنفۆ شیوس)

دانایی ، میهرەبانی ، بوێری سێ خاسیەتی (تایبەتمەندی) ناسراوی جیهانی رەوشتی پیاوانن. (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

ئەو پیاوەی کە لەسەر گرد دەوەستێت بە دەمی کراوەوە کاتێکی زۆر چاوەڕێ ئەکات تا مراوی برژاو نەکەوێتە ناو دەمی (کۆنفۆ شیوس)

فێرببە وەک ئەوەی کە هەرگیز نەتوانی ماستەر بیت تێیدا یە (تەواو شارەزابیت) ، (ئەوەی نەیزانیت) دەستی پێوەبگرە بە جۆرێک کە لەترسی لەدەست دانی دا بیت (کۆنفۆ شیوس)

پیاوی بەرز کاردەکات پێش ئەوەی قسە دەکات ، وە پاش ئەوە قسەدەکات بە گوێرەی کارەکەی (کردەوەکەی). (کۆنفۆ شیوس)

ئەگەر ئێمە ژیان نەناسین ، چۆن ئەتوانین مردن بناسین (ئەگەر ئێمە نەزانین ژیان چی یە چۆن ئەتوانین بزانین مردن چی یە) ؟ (کۆنفۆ شیوس)

سروشتەکانی پیاو هەموو وەک یەکن ، ئەوە خورەوشتەکانیانە کە لێکیان جیا دەکاتەوە . (کۆنفۆ شیوس)

ئێمە ئەبێت هەست بە دڵتەنگی بکەین ، بەڵام نابێت نوقم بین لەژێر ستەمی دا . (کۆنفۆ شیوس)

قسە لەڕوویی ، بەبێ یاساکانی لێهاتویی ، ئەبێتە بێڕێزی . (کۆنفۆ شیوس)

گلەیی مەکە لەبارەی ئەو بەفرەی لەسەر سەربانی دراوسێکەتدایە کاتێک کە بەردەم پلیکانەکانی پیسن . (کۆنفۆ شیوس)

ئارەزووکردن بۆ تەواوکردنی شتەکان بە خێرایی ڕێگری ئەکات لە تەواوکردنیان بەشێوەیەکی تەواوەتی . (کۆنفۆ شیوس)

زانینی راستەقینە بریتی یە لە زانینی ئەندازەی بێ ئاگایی . (کۆنفۆ شیوس)

هەرگیز تۆپێک بەکارمەهێنە بۆ کوشتنی مێشێک . (کۆنفۆ شیوس)

ناتوانیت ڕێگری بکەیت لە باڵندەکانی دڵتەنگی کە بەسەرت دا تێپەڕن ، بەڵام ئەتوانی ڕێگری یان لێ بکەیت لە دروستکردنی هێلانە لەناو قژت دا . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

مرۆڤ جیاوازە لە ئاژەڵەکان تەنها بە کەمێک وە زۆربەی خەڵکی ئەو تۆزەش فڕێ ئەدەن. (کۆنفۆ شیوس)

ئەوە یاسای سروشتە کە ئافرەت دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا بمێنێتەوە. (کۆنفۆ شیوس)

بینینی راستی و ئەنجام نەدانی ئەوە ترسنۆکی یە. (کۆنفۆ شیوس)

بنەمای زانین ئەوەیە کە، هەت بێت، بەکاری بهێنیت، نەت بێت، دان بنێیت بە بێ ئاگاییتدا. (کۆنفۆ شیوس)

سەفەرێکی هەزار میلی بە تاکە هەنگاوێک دەست پێ دەکات. (کۆنفۆ شیوس)

متمانەنەکردن بە هاورێکانمان ئابڕووبەرترە لەوەی کە لەلایەن ئەوانەوە فێڵمان لێ بکرێت. (کۆنفۆ شیوس)

ئەوەی کە ناتەوێت بکرێت بەرامبەر خۆت، مەیکە بەرامبەر کەسانی تریش. (کۆنفۆ شیوس)

بەبێ هەستی رێزلێگرتن، چ شتێک هەیە پیاوان و جانەوەرەکان لێک جیابکاتەوە؟ (کۆنفۆ شیوس)

تەنها ژیرترین و گەمژەترینی پیاوان هەرگیز ناگۆڕێن. (کۆنفۆ شیوس)

ئەو کەسەی کە ئابورییانە کارناکات پێویست ئەکات بناڵێنێت (ئازار بچەژێت). (کۆنفۆ شیوس)

پیاوی خاوەن هۆشی رەسەن دەگەرێت بەدوای بەدەست هێنانی چاکە لە کەسانی تردا نەک خراپییان. پیاوی خاوەن هۆش (عەقڵ) ی بچووک بە پێچەوانەی ئەمەوەیە. (کۆنفۆ شیوس)

نەزانی شەوی مێشکە، شەوێک بەبێ مانگ یان ئەستێرە. (کۆنفۆ شیوس)

ئەوانەی کە راستی دەزانن یەکسان نین بەوانەی کە راستی یان خۆش دەوێت. (کۆنفۆ شیوس)

لە نێوان هاورێیان، زوو زوو پیاهەڵشاخان دۆستایەتی یەکە دووردەخاتەوە. (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

کاتێک کە کاردەکەیت بۆ کەسانی تر بهێڵە با بەهەمان پەرۆشەوە بێت وەک ئەوەی بۆ خۆتت کردبێت.

وەفا و دڵسۆزی راگرە وەک بنەمای یەکەم. (کۆنفۆ شیوس)

ئەو کەسەی کە ناتوانێت باسی گرفتەکە بکات هەرگیز ناتوانێت چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. (کۆنفۆ شیوس)

ئەوەی کە خودی خۆی دەبەزێنێت بە دەسەڵاتترین جەنگاوەرە. (کۆنفۆ شیوس)

چونکە ووشە کردارە کرداریش خودایە. (ڤیکتۆر هۆگۆ)

خوێن پەڕییە سەرت لوتت ئەپژێ کاسە کە پڕ بوو ئەوسا دەڕژێ. (پیرەمێرد)

بەووشەیەک و ووشەیەکی تر کتێب درووست دەکرێ. (پەندێکی فەڕەنسیە)

بۆیە گیرۆدەن هێندێ بەو داوە کوێر هەتا دەمرێ بە هیوای چاوە. (پیرەمێرد)

ئەو ئەرکەی کەلەسەر شانتە بەباشترین شێوە بەجێی بگەیەنە. (بیتا کۆس)

ئەرک پیرۆزترین ووشەیە لەزمانەکەماندا، لەهەموو شتەکاندا بەئەرکی خۆت هەستە، تۆ ناتوانی زیاتر ئەنجام بدەی، بۆیە پێویستە لەسەرت کە هەرگیز نەتەوێ کەمتر ئەنجام بدەی. (ڕۆبەرت لی)

مرۆڤ هەر کارێ کە ئەی کات یان بۆ گەیشتن بە چێژە یان بۆ دەرباز بونە لە ڕەنج، پێکەوە بۆ دەرباز بون لە ڕەنج و چێژ وەرگرتن لە هەر کارێکدا سود وەرگرن (دیل کارنگی)

هەر ئارەزویەکت هەیە پێش خەوتن بی سپێرە بە هزر (دیل کارنگی)

چالاکی بنە ڕەتی و سەنگینی ئێوە لە ژیاندا کاتێک پڕ بەر دەبێ، کە ئێوە لە هەر ساتێکی تەمەن دا لە و کاری دەیکەن چێژ ببەن (دیل کارنگی)

بێ چارەترین خەڵکی سەر زەوی ئەوانەن کە هیوایەک لە هزردا پەروەردە ناکەن. کەواتە



Scanned with CamScanner

هەمیشە هیوایەک لە هزرتا دروست بکە ، چونکە ئامانجەکان لە هیواکانەوە ڕەگ دائەکوتن (دەیل کارنگی)

ئەو پەڕی ئارەزوی کەسێک ئەوەیە کە تەشویق و ئافەرین بکرێ (دەیل کارنگی)

ڕێگەی چونە ناو خەڵکانی تر زانینی ئارەزوەکانیانە (دەیل کارنگی)

تەنانەت منداڵانیش ئارەزویان هەیە ئەگەر ئێمە ئاگاداریان نین لە بەر ئەوەیە کەناتوانن قسە بکەن (گۆتە)

ئەگەر بڕیار وا دەبو هەمو ئارەزوەکان بێنە دی ، ژیان شێوەیەکی تری دەبو (ئارتو میلر)

تا گەنجی کار بکە ، چونکە تەنها بەهارێک لە ژیاندا هەیە وە ئەو بەهارەیشە کە سەروەتی هاوین و بەرو بومی پایز دەستە بەر دەکات (بوتن)

زیادە ڕۆیەکانی دەورانی لاوێتی قەرزێکە لە پیریدا دەبێت بیدەینەوە. وە ئەوەی لە ڕۆژگاری لاویدا بە هەدەرمان دەدا لە پیری دا ئارەزو مەندی دەبین (فرانسیس بێگن)

لە گەنجیدا بەرەو گرفت رادەکەین و لە پیریدا گرفت بەرەو ڕومان دێ (پیکاسو)

ئەگەر ئاوێنە نەبوایە هەمیشە خۆمم بەگەنج دەزانی (پیکاسو)

بۆ فێربونی ئەوەی کە ئەمویست بزانم پێویستم بە پیری بو ، ئێستا بۆ چاک بەر پا کردنی ئەوەی ئەیزانم پێویستم بە گەنجی یە (ژوبرت)

خوداوەند لاوێک کە لاوێتی نەکات بە چاوێکی باشەوە سەیری ناکات (حەزرەتی محمد (د.خ)

خوداوەند هەمیشە ئاسانترین ڕێگە بەکاردەهێنێت (دەگرێتەبەر) . (ئەنیشتاین)

یەک هەڵەی زۆر گەورەم کرد لە ژیانمدا کە نامەکەم ئیمزا کرد بۆ سەرۆک رۆزفێلت کە پەسەندم کرد بۆمبی ئەتۆمی دروست بکرێت بەڵام پاساو هەبوو - لە ترسی ئەوەی کە ئەڵمانەکان دروستی بکەن. (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

تا ئەو کاتەی نەتەوەی خاوەن سالاری (سەربەخۆ) کە خاوەن هێزی گەورەیە لەهەمان کاتدا بوونی هەیە. جەنگ شتێکی حەتمیە . (ئەنیشتاین)

کاتێک کە ماندووین ، هێرشمان ئەکرێتەسەر لەلایەن ئەو بیرۆکانەی کە زۆر لەمەوبەر بەسەریاندا سەرکەوتین . (فری دریک نیچە)

ترس دایکی رەوشتە . (فری دریک نیچە)

پیاو گوێی نی یە بۆ ئەو شتەی کە ئەزموون رێی پێ نەداوە دەستی پێ بگات . (فری دریک نیچە)

هەندێک کەس زۆر بە گەنجی دەمرن ، هەندێک زۆر بە پیری دەمرن ، فەرمانەکە لەوانەیە سەیر بێت ، بەلاّم لە تەمەنی دروست دا بمرە . (فری دریک نیچە)

ئەمەوێت زیاترو و زیاتر فێربیم بۆ ئەوەی بە جوانی ببینم کە شتەکان چی یان پێویستە ، دواتر ئەبێت ببم بە یەکێک لەو کەسانەی کە شتەکان جوان دەکەن . (فری دریک نیچە)

چەنێک راستیی رۆحێک ئەتوانێت بەرگەی بگرێت ، چەنێک راستیی رۆحێک ئەتوانێت بەرنگاری بێتەوە ؟ ... ئەوە بەلای منەوە زیاترو زیاتر بووە بە پێوەری راستەقینەی بەها . (فری دریک نیچە)

لەکاتی هاوسەرگیری دا، دەبێت ئەم پرسیارە لە خۆ بکرێت: ئایا لەو باوەڕەدایت کە دەتوانیت لەگەلّ ئەم ئافرەتەدا بە باشی ئاخاوتن بکەیت (بدوێیت) تا ناو تەمەنی پیرییت ؟ (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە ئەژی بە (بۆ) جەنگکردن لەگەلّ دوژمنێک بەرژەوەندی یەکی هەیە لە هێشتنەوەی ژیانی دوژمنەکەی . (فری دریک نیچە)

پیاوی مەزن دەجەنگێت لەدژی ئەو پێکهاتانەی سەردەمی خۆی کە کۆسپ دەخەنە سەر مەزنی یەکەی ، بە واتایەکی تر ئازادی و دلّسۆزی یەکەی . (فری دریک نیچە)

چێشت لێنەرە خراپەکان --- وە نەبوونی هیچ هۆکارێک بۆ بوونیان لە مەتبەغ دا --- زیاترن ماوە پێشکەوتنی مرۆڤیان دواخستوە و لە هەموو شتێک زیاتر پەکیان خستووە . (فری دریک



Scanned with CamScanner

نیچه)

هەموو شتێک لە ئافرەتدا چارەسەرێکی هەیە . ئەوە پێی دەگوترێت سکپڕی . (فری دریک نیچه)

باوکەکان و کوڕەکان زۆر هەستیارترن (هەستیار بەرامبەر ماف و هەستی یەکتر) بەرامبەر بە یەکتر لەچاو دایکەکان و کچەکان. (فری دریک نیچه)

هاوسەرگیری باش زیاتر دەبوو ئەگەر بهاتایەو هاوسەرەکان پێکەوە نەژیانایە . (فری دریک نیچه)

کەسێک توانای هەیە پەیمانی کردەوەکان بدات ، بەڵام نەک هەستەکان ، لەبەرئەوەی دواتر (هەستەکان) خۆنەویستن (لەدەسەڵاتی ئێمەدا نین) . ئەو کەسەی کە پەیمانی خۆشەویستی هەتاهەتایی یان رق لێبوونی هەتاهەتایی یان وەفاداری هەتاهەتایی بە کەسێک دەدات پەیمانی شتێک دەدات کە لە دەسەڵاتی خۆی دا نی یە . (فری دریک نیچه)

زۆر قسەکردن لەبارەی خودی خۆ لەوانەیە رێگەیەک بێت بۆ شاردنەوەی خودی خۆ . (فری دریک نیچه)

هاوکێشەکەی من بۆ بەختەوەریم : بەڵێ یەک ، نەخێرێک ، هێڵێکی راست ، ئامانجێک . (فری دریک نیچه)

ئەتەوێت وای لێ بکەیت (وا لە کوڕ یان پیاو بکەیت) حەزی لێت بێت ؟ کەواتە خۆت وا پیشان بدە کە شەرمەزاردەبیت لە ئامادەبوونی دا . (خۆت وا پیشان بدە کە تەریق دەبیتەوە و خەجاڵەت دەبیت کاتێک ئەوی لێ یە) . (فری دریک نیچه)

ئێمە راشکاوانەترین بەرامبەر بە کەسانی تر تا بەرامبەر بە خۆمان . (فری دریک نیچه)

خراپ چی یە ؟ هەموو ئەوەی کە لە بێ هێزی یەوە دێت (بەردەوام دەبێت) . (فری دریک نیچه)

کەسێک هەرگیز پەرۆشانەتر خۆی هەڵناداتە ناوی ئاوێکەوە بۆ رزگاری کردنی پیاوێک لە خنکاندن لەوەی کە کەسانی تر ئامادەبن و نەوێرن خۆیان توشی ئەو مەترسی یە بکەن.



Scanned with CamScanner

(ئەوێرن بڕۆنە ناو ئاوەکە و کەسەکە رزگار بکەن لە ترسی ئەوەی شتێکی خراپ بەسەریانیا رووبدات یان لە توانایاندا نەبێت). (فری دریک نیچە)

تەنها کەسایەتی یە بەهێزەکان بەرگەی مێژوو دەگرن ، لاوازو بێ هێزەکان دەکوژێنەوە (لەناودەچن) پێی . (فری دریک نیچە)

تاڵی و شیرینی لە دەرەوە دێت ، سەختی لە ناخەوە ، لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسە . (ئەنیشتاین)

من چۆن جەنگی قێزەون و چەپەڵ ئەبینم ! من پێم باشترە بکرێم بە چەند کەرتێکەوە لەجیاتی بەشداری کردن لە بازرگانی یەکی وەها ناپەسەند (ئەنیشتاین)

ئەگەر نەتوانم وێنەی بکەم لە مێشکمدا ، ناتوانم لێی تێ بگەم . (ئەنیشتاین)

هەموو رۆژێک سەدجار بیری خۆم ئەخەمەوە کە ژیانی ناوەو دەرەوەم بەندە لەسەر کارو هەوڵی کەسانی تر . (ئەنیشتاین)

هەموو کەسێک بلیمەتە . بەڵام ئەگەر تۆ ماسی بە توانای سەرکەوتنی بەسەر درەختدا هەڵبەسنگێنیت ، ئەوا هەموو ژیانی تەواو ئەبێت بەو باوەڕەی کە گەمژە بووە . (ئەنیشتاین)

زانیاری کەم شتێکی مەترسی دارە ، هەروەها زانیاری زۆریش . (ئەنیشتاین)

ئەگەر مێزێکی شپرز نیشانەی مێشکێکی شپرز بێت ، ئەو کات ، مێزێکی بەتاڵ نیشانەی چی یە؟ (ئەنیشتاین)

کەشتی یەک هەمیشە لە کەناردا سەلامەتە بەڵام کەشتی بۆ ئەوە دروست نەکراوە. (ئەنیشتاین)

ئێوە تەنها یەک جار زندگی دەکەن ، جا لەبەر ئەوە تەمەنی خۆتان لەگەڵ ئەو کارانەدا بەسەر بەرن کە حەزی لێ دەکەن (محمد حجازی)

تەنها هەوڵ بدەن لەوەی کە ئێستا هەتانە چێژ وەربگرن لە جێی ئەوەی کە ناتوانی ئەنجامی بدەن ئەوە ئەنجام بدەن کە لە توانات دایە چونکە چێژی زۆر تری تێدایە . (محمد حجازی)



Scanned with CamScanner

ئەفسوس گەنج نازانێ و پیریش ناپتوانێ (محمد حجازی)

ئامادەیی شتێکە لە گەنجیدا پەیدا دەبێت ، ئەگەر پەروەردەی بکەیت بکەویتە گەڕ بۆ بەهێز کردنی وەک تۆوێک وایە کە باش نێژرابێت بەر هەمی باش دەدات وە ئەگەر ئەو ئامادەیی یە لێ ی گەڕێت و پەروەردەی نەکەیت وەک تۆوێک وایە کەلە زەویەکی سوێردا نێژرابێت بەرهەم دار نابێت (دکارت)

بەڕاستی پیرانی گەنج و گەنجانی پیر لە جیهاندا زۆرن (اسمایلر)

گوناهەکانی ڕۆژگاری لاوێتی ئەتوانی لە ڕوخساری پیریدا بخوێنیتەوە (پەندی ئەفریقایی)

چۆن ئاو بۆ ماسی پێویستە بۆ مرۆڤیش ئارەزو ئومێد (برناد شۆ)

بەزۆری ئێمە پەرداخ بە نیومیی دەبینین وە هەمو سەرنجێکمان لای ئەومیە کەنیمانە وە لە وەیش کە هەمانە بێ ئاگاین و چێژی لێ نا بەین (برناد شۆ)

چاک ترین کار ئەوەیە لە گەنجیدا فێری ببیت لە پیریدا بەکاری بهێنی (بوزر جمهر)

من هەمو خۆشی یەکی ئێستام بۆ برسێتی و ئازارەکانی ڕۆژانی لاوێتیم دەگێڕمەوە. (ناپلیۆن)

پێش کەوتنی زانست و داهێنانی ئەم سەردەمە، بەرهەمی ژیانی کۆیلایەتی سەردەمانی پێشوە (فریدریک انجلز)

مرۆڤی سەربەست ئەو مرۆڤەیە کە لە قولایی ئەقڵیەوە بڕیارەکانی دەدات (هیگڵ)

سەربەستی ڕاستەقینە ئەو سەربەستییە کە سەرەتا دەبێت ئاقڵانە کاری پێ بکرێت و دواتریش هۆشیارانە (هیگڵ)

فەلسەفە، واتە ناسینی ڕاستی بەکامڵی (ئەفلاتون)

کارزانی زانستە و ڕەزیلیش نەزانی. (سوقرات)

مرۆڤ توانای بینین و بەشوێندا ڕۆیشتنی حەقی هەیە، چونکە بیرۆکەی حەق خاوەنی هێزێکە



Scanned with CamScanner

ئاسینەوەی زۆر ئاسانە (الرواقیون)

زوڵمت لێبکرێت باشترە لەوەی زوڵم بکەیت (سوقرات)

کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ سەری خۆی ئەخوات .( واتە مەبە بە کەڵەشێری ناوەخت با سەری خۆت نەخۆیت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە .( چونکە هیوا و ئارەزوو ئاواتی هەموویان بەدی دەهێنێت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

کاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە یاخی بووبێت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

دوژمنی خۆی بە شەکر ئەخنکێنێ .( بە کەسێک ئەوترێت کە ناحەز و دوژمنی خۆی بە قسەی شیرین و جوان لەناوبەرێ ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایە بان .( بە کەسێک ئەوترێت کە بیەوێ ئیشێک بکات و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ، بەڵام نەک دەسکەوت بەڵکو زەریش بکات ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

ئاش لەخەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک .( بە کەسێکی ئەڵێیت کە تۆ لەخەیاڵێک و ئەو لە خەیاڵێکی تردا بێ وە ئەو وابزانێ تۆش لەسەر خەیاڵەکەی ئەویت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز دامەنێ .( واتە ئاگاداری شتی خۆت بە و خەڵکی بە دز دامەنێ تاوەکو بڵێی دزیان لێ کردووم ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

ئەوانەی کاری بەد خۆشەویست دەکەن باشترن لەوانەی کاری جوان بەد دەکەن (فەیلەسوفێکی فەرەنسی)

کاری مرۆڤ لەم ژیانەدا ئەوەیە کە بتوانێت خۆی بکاتە خاوەنی ڕۆحێکی پاک و بێگەرد (سوقرات)

دودڵ نیم بە بەخشینی ژیانم لە پێناوی پاراستنی مەبدەئم (سوقرات)



Scanned with CamScanner

ئەوەی کە توانام زیاد دەکات، ئەو هۆکارەیە کە توانای ڕوخاندنمی نییە. (نیچە)

زانایی لە ئاوێنەی دادپەروەری و ئازایەتی و ڕاستیدا ڕەنگ دەداتەوە. (مارکس)

مێژوو هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە. گەر دووبارەش بوویەوە ئەوا: حاڵەتی یەکەمی دەبێتە درامایەکی بە ئەندێشە و حاڵەتی دووەمیشی وەک مەلهایەکی دێتە بەرچاو. (مارکس)

ئەوی زۆربزانێ زۆر لێبووردە دەبێت (حکمە)

دەنگی گەل دەنگی خودایە. (پەندێکی صینییە)

دین کەسێکی نەخۆشە، دکتۆرەکانی پشت گوێیان خستووە. (دیکارت)

هۆکاری خۆشی سەروەت و سامان نییە لە ژیاندا، بەڵکو دەبێتە خۆشی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیبەخشن. دەبێتە بەڵاش بۆ ئەوکەسانەی کە کۆی دەکەنەوە و لە بەخشینی دەترسن. (پەندێکی ئەڵمانییە)

توانای هۆشیاری مرۆڤ بەندە بە گۆڕانکاری لە ژینگەکەیدا. (فریدریک انجڵز)

خودا گەوروی هەمووومانەو ئێمەش هەموو برای یەکین، کەواتە قبوڵ نییە کەسێک بڵێت من ڕەمانیم و یەکێکی تریش بڵی من ئەسینیم، بەڵکو پێویستە هەموومان بڵێین من مرۆڤێکم و ئەم جیهانەش نیشتیمانمە. (فریدریک انجڵز)

من و بەندەیەک وەک یەکین، چونکە هەردووکمان خوداوەند دروستی کردوین. (ایکتاتۆس)

سروشتی پێویستییەکانی مرۆڤ، ئەو هۆکارەیە کە چارەنووسی کۆمەڵگەکەی دیاری دەکات، ئەم پێویستیانەش بەپێی جیاوازی سروشتی مرۆڤەکان و زەمن دەگۆڕێن. هەندێ کەس لەم کۆمەڵگایەدا شوێن پاوە دەکەون، هەندێکی تریان شوێن سوڵتە دەکەون، کۆمەڵێکی تریش گۆڕانی بەباڵای سەربەستیدا دەڵێن. گەر کۆمەڵی یەکەم دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوە پارە حوکم دەکات نەک مرۆڤ، گەر کۆمەڵی دووەمیش دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەوا زوڵم و زۆرداری باڵ دەکێشن بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا. گەر ئەوانەی گۆرانیان بەباڵای سەربەستیدا دەووت دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوا ژیانێکی دیمکرات و سەربەست بەرقەرار دەبێت. (ئەفلاتون)



Scanned with CamScanner

ئیرادەی مرۆڤ شتێک نییە هۆکارە دەرەکییەکان کاری تێبکاتن چونکە یەزدانی مەزن دروستی کردون و لە سنووری پاسایەکی سروشتیدا جێگیری کردوون. هەر خۆیشی ئەو سەربەستییەی داوە بە ئیرادەی مرۆڤ تا لەناخی خۆیدا نەیان هێڵێتەوە (سافونا رولا)

کاتێک ڕووی وولات ڕەش دەبێت کە حاکمی ڕووڕەش حوکمی بکات. (موتزە)

ئەو کەسەی بەبێ پەیرەو دین وەردەگرێت، وەک ئەوکەسە وەهایە کە لەبیابانێکدا ڕادەکات بەشوێن سێبەری هەورەکاندا. (فۆلتێر)

دەوڵەت موڵکی ڕێکخراوێکی تایبەتە بە چینێکی تایبەت، تا بیپارێزن لە چینێکی دژە دەوڵەت (فۆلتێر)

خۆت بەخودی خۆت بناسە (سوقرات)

مرۆڤ پایەدارترین سەرمایەدارە (مارکس)

لەناخی خۆماندا خاوەنی شتێکین کە بەنرخترین سەرمایەیە. شتێکی بەهێز و گەورە، چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە بینە هاورێی و بیناسین و سوودمان پی بگەیەنێت. ئەو شتە نەناسراوەش دەروونی خۆمانە. ئێمە لەم دنیادا سەرلێشێواو نین و بە ڕێکەوت دروست نەبووین. بەڵکو ئێمە دروستکراوێکی زاتێکی گەورەین بۆ مەبەستێکی گەورە. ڕێگەی ڕێبواریشمان لەم زەمەنەدا لە دەرگای ناسینی دەروونی خۆمانەوە دەست پێدەکات. (سوقرات)

ئەرکێکی گرنگە سوڵتەی دینی لە سوڵتەی مەدەنی جودا بکرێتەوە. چونکە سوڵتەی مەدەنی بنیات نراوە بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان و پیادەکردنی دادپەروەری بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و سەروەت و سامانی خەڵک. بەڵام سوڵتەی دینی، پەیوەندی بە بابەتی عەقیدە و ئیمانەوە هەیە. پێویستە هەریەک لەم دوو لایەنە دەست نەخەن کاروباری یەکترییەوە. گرنگ نییە دەوڵەت مەسیحی بێت یان موسوڵمان. گرنک ئەوەیە دەوڵەت توانای پاراستنی ژیان و هێمن و ئاسایشی وولاتی هەبێت. (جۆن لوک)

ئوتومبێلی هەرزان بکرە ، بەڵام ئەوەندەی لە تواناتدا هەیە هەوڵ بدە باشترین خانووت هەبێ. (براون جاکسۆن)



Scanned with CamScanner

باشترین جۆری کتێب بکرە تەنانەت ئەگەر نەشیان خوێنیتەوە . (براون جاکسۆن)

لە گەڵ خۆت و دەوروبەرتدا لێبووردووبە . (براون جاکسۆن)

بەردەوام سێ نوکتەی تازەت لە یاد بێ . (براون جاکسۆن)

هەوڵ بدە بەردەوام پێڵاوەکانت بریقەیان بێ . (براون جاکسۆن)

کەلینی ددانەکانت بەهۆی دەزووی تایبەتەوە پاک بکەرەوە . (براون جاکسۆن)

بۆ ئەوەی مەنهەجێکی زانستی و فێرکاری دابنرێت و تاکەکانی کۆمەڵ باوەڕی پێ بهێنن، پێویستە بیرکردنەوەیەکیان لا دروست بکرێت تا باوەڕیان پێی هەبێت. ئەو بیرکردنەوەیەی ئەفلاتونیش باوەڕی پێبوونی هەبوو ئەمە بوو : خوداوەند لە شێوەی جیاوازدا مرۆڤەکانی دروست کردووە، هەندێکیان وەک زێڕ بەنرخن کە فەیلەسوفەکان و زانایان و حەکیمەکان دەکرێتەوە، هەندێکیشیان نرخی زیویان هەیە کە سەربازان و پارێزەرانی دەوڵەتن، ئەوانەشی کە بەسوودن وەک ئاسن و مس و فافۆن، ئەو کەسە ئاساییانەن کە کۆمەڵ پێک دەهێنن و کۆمەڵێکی کارزانن و خزمەتی ئەو دوو کۆمەڵەیەی پێشوو دەکەن. (ئەفلاتون)

ئەو کەسەی کە بەبێ ئاگایانە بڕیار دەدات، توانای نییە پاساو بۆ ئەو ئەو بڕیارە هەڵەیە بهێنێتەوە کە بڕیاری بۆ دەدات. (جۆن لوک)

شۆڕشی بیر هەمیشە لەپێش شۆڕی سەربازییەوەیە. (پەندێکی ئەمریکی)

مەبەست لە زاڵ بوونی دیکتاتۆریەتی سەرمایەداری بۆ دەسخستنی دیموکراتیەتە (مارکس)

کەمتەرخەمیت لە کامڵ بونی مەبەست دەتگەیەنێت بە گەورەیی (گوتێ)

سەرزەمین ئەوکاتە ئاشتی و سەلامەتی بەخۆیەوە دەبینێت کە مرۆڤەکان فێری لێبوردن بوون لە بەرامبەرەکەیان لە هەمووکێشە سیاسی و دینی و فەیلەسوفیەکاندا (پەندێکی ئینگلیزی)

جیهان هەمووی حوکمی یەک دین بەرێوەی دەبات (پەندێکی ئینگلیزی)

حەکیم ئەوکەسەیە ئەزمون لە بەرامبەرەکەیەوە فێردەبێت، ئاقڵیش لەکاری یەکەمیەوە بەڵام



Scanned with CamScanner

ئەو کەسەی دووجار دەکەوێتە بۆسەیەکەوە نە ئاقڵەو نە حەکیمە. (پەندێکی صینی)

ڕێڕەوی مێژووی ژیان ڕووبارێکە. کوشتن و بڕین ڕێگاکەی ناگۆڕێت. (حکمەیەکی ئینگلیزی)

ئەوکەسانەی خۆشەویستیان بۆخۆیان ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکات، ڕۆژبەڕۆژ ڕقیان لە زیاج بوونا دەبێت بۆ خەڵکی (حکمە)

ئەوکەسانەی مانای ئازار نازانن، گاڵتەی بە برین دێت. (حکمە)

هەرهەنگاوێک بەرەو شارستانیەت، هەنگاوانە بەرەو سەربەستی. (فردریک انجلز)

من پشتگیری بۆچونەکانت ناکەم، بەڵام مافت دەپارێزم لە قسەکردن و سەربەستیدا. بەرگریش لەم مافانەت دەکەم تا دەمرم، بەڵام بوچونەکانی خۆت بۆ خۆت (فۆڵتێر)

ئەو جێیەی کە مرۆڤەکان تێیدا کۆدەبنەوە بۆ گەڕان بەدوای باڵاترینا زەوییەکی پیرۆزە. (فیلیکس ئەدلەر)

بەڵا من دێمە پەرستگایەکەوە تا هەتایی بپەرستم. (ڕاسین)

بدوێ، سەردار، خزکەتکارت گوێ دەگرێ. (کۆرنای)

لە نوێژدا کردارێکی سیحری هەیە. (شارل بۆ دلێر)

ئای کە من لەشەڕدا بم لەگەڵ خۆمدا، لەکوێ دەتوانم ئاشتی بدۆزمەوە. (ڕاسین)

نوێژ ئەو دەستە دەبزوێنێ کە جیهان دەجولێنێ. (دجۆن ئایکمان والاسی)

ئەگەر خەون گەلێک هەبێت لەبارەی ئەفەریقایەکی قەشەنگەوە، ڕێگەگەلێکیش هەیە کە رابەری دەکات بۆ ئەو ئامانجە. دوو لەو ڕێگانە ئەتوانرێت ناوبنرێت بە « باشی» و « لێبوردن» (ناوی دوو لەو ڕێگانە باشی و لێبوردنە) . (نێلسۆن ماندێلا)

کاتێک دێت لە ژیانی هەموو نەتەوەیەکدا کە تەنها دوو هەڵبژاردە ئەمێنێتەوە - خۆ بە دەستەوەدان یان جەنگ کردن، ئەو کاتە نابێت خۆمان بەدەستەوە بدەین و هیچ هەڵبژاردەیەکی



Scanned with CamScanner

ترمان نی یە جگە لە بەربەرج دانەوە بە هەموو شێوەیەک کە لە هێزماندایە بۆ بەرگی کردن لە خەڵکەکەمان. (نێڵسۆن ماندێلا)

هەرگیز ، هەرگیز و هەرگیز نابێت جارێکی تر ئەم خاکە جوانە دوچاری چەوساندنەوە ببێتەوە لەلایەن یەکێکی ترەوە . (نێڵسۆن ماندێلا)

پاشەکشێ کردنی ئیسرائیل ناتوانێت بچێتە مێشکمەوە ئەگەر وڵاتە عەرەبیەکان ئیسرائیل نەناسێنن (وەک وڵاتێک) ، لەنێو سنورێکی پارێزراودا. (نێڵسۆن ماندێلا)

لە شوێنێک هەژاری بوونی هەبێت ، ئازادی راستەقینە بوونی نی یە ... جیهان برسی یە بۆ کار ، نەک ووشەکان من سەربەرزم بە پۆشینی دروشمی ئەم هۆیە جیهانی یە بۆ کار . (نێڵسۆن ماندێلا)

هیچ سودێکی نی یە (هیچ باشەیەک روونادات) کە بڵێیت لێی خۆش نابم ، لەبەرئەوەی منداڵەکەم چیتر لەناوچووە . (نێڵسۆن ماندێلا)

ئێمە ئەزانین چی پێویستە بکرێت –– هەموو ئەوەی کە بزرە (نی یە) خواستی کردنیەتی (نێڵسۆن ماندێلا)

هەموو نەتەوەیەک لە جیهاندا تووشی گرفت دەبێتەوە . یەکێک لە گرفتەکانمان لێرەدا دڵنیابوونە لەوەی کە مامەڵە لەگەڵ هەژاری ، نەبوونی خوێندن بکەین. (نێڵسۆن ماندێلا)

ئەگەر بەرەو گۆڕەکەشم برۆم لەخەو هەڵدەستم و دێم و دەنگ دەدەم . یەکێک لە رێگاکانی دەرخستنی شانازی (بۆ وڵاتەکەت) دەنگ دانە بە وڵاتەکەت ، وە من زۆر دڵخۆشم پێی (نێڵسۆن ماندێلا)

سەلامەتی و ئاسایش هەر لە خۆیەوە روونادات ، ئەوانە بەرهەمی هاودەنگی کۆمەڵی و وەبەرهێنانی گشتین. ئێمە قەرزاری منداڵەکانمانین، ئاسکترین هاوڵاتیانی ناو کۆمەڵگەکەمان ژیانێک بەبێ توندوتیژی و ترس. (نێڵسۆن ماندێلا)

یەکێک لە سوودە کەمەکانی ژیانی بەندیخانە ئەوەیە کە تاک کاتی هەیە بۆ خوێندنەوە ئەمەش مێشکەکانمانی کردەوە ناچاری کردین کە هەندێک لە روانینەکانمان جارێکی تر تاقی بکەینەوە (رەچاوبکەینەوە). (نێڵسۆن ماندێلا)



Scanned with CamScanner

ئەوەی کە لە نوێژ وەک مرۆڤێکی چاکتر هەڵدەستێتەوە ، ئەوا نوێژەکەی گیرا بووە . (جۆرج میریلس)

ئەو کاتەی کەلەسەر ئەژنۆ لەنوێژدا بەسەری دەبەین ، ئەوە زیاتر لە هەر شتێکی تر ماندێتی دڵ و گرژی دەمارەکان چاک دەکاتەوە . (جۆرج دایفید سکیورات)

نوێژی خودای شیلەی ئاین و ڕەوشت لەخۆ دەگرێ . (دۆق و ولنگتۆن)

بەڕاستی دەتەوێ باڵاترین بلۆزیتەوە ..؟ نوێژی خودایی بخوێنە (ناپۆلیۆن)

ئەگەر ناچار بویت جل و بەرگت شڕ بێ ، بەڵام دەرونت بەپاکی بێڵەرەوە . (مارک توین)

دەرونی مرۆڤایەتی گیتارێکی بێ دەنگە لە تیپی مۆسیقای خودادا ، ژێکانی تەنها پێویستیان بەوەیە کە هەناسەی خودایی لێیان بدا تا ئاوازەکەی لەگەڵ هارمۆنیای بووندا بەرز بێتەوە . (هینری دایفید سۆرتۆ)

ڕۆحانی هەمیشە مادی دیاری دەکات . (تۆماس کارلاین)

هەر لەمێژەوە کاریگەرترین چەک چەکە ڕۆحی بووە . (جۆرج میریلس)

هەموو حیکمەمت و پەندە چکەکان نوسراون ، هەر ئەوەیان ماوە جێبەجێ بکرێن . (بلیز بارکاڵ)

ڕەوشت ئازایەتی بەهێزە . (نیتشە)

بە ڕەوشتی گوڵێکی مرۆڤایەتییە ، ئەوەی بە ڕەوشت نیە مرۆڤێکی تەواو نیە (گۆتە)

هەموو ئاڵتونی سەر زەوی و ژێر زەوی شایەنی ئەوەنیە کە لەگەڵ چاکەدا بخرێتە تای تەرازووەوە . (ئەفلاتۆن)

باشترە کە لەمەسەلەیکدا بدۆڕێنم کەدەبێ ڕۆژێ سەرکەوێ لەوەی کەلەمەسەلەیکدا سەرکەو کە دەبێ ڕۆژێ بدۆڕێ . (کیپلینگ)



Scanned with CamScanner

ژیانت چەندە درێژ بێت ، مادام تینێکت تیایە ئەوا خۆت مەدە بەدەستەوە بۆ کەس . (کیپلینگ)

ڕێباز هەر ڕێبازە ئەگەر خوێنیش شەقام پڕکات . (کیپلینگ)

گەورەترین خێرەکانی بیر ناسین خودایە . (سپیۆنزا)

ڕەنگە جیهان زۆر باش دیار نەبێت ، بەڵام باشترین شتە کە خودا توانیویەتی دروستی بکات لە ئێستادا . (دجۆیس کاری)

خودا لەدەروازەیەکی تایبەتەوە دێتە ناو هەر تاکێکەوە . (ئەمرسۆن)

مەڕی بێ شوان گوورگ ئەیخوات .( واتە پێویستە کە هەموو شتێک خاوەنداری بکرێت و ئاگاداری بکرێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ماڵی گەش بۆ ڕۆژی ڕەش .( واتە لەکاتی ئاشتی و خۆشی و فەرەحیدا ماڵ پێکەوە بنێ بۆ ڕۆژی ڕەش و شووم و ناخۆشی ، بۆ ڕۆژێک کەلێت دەقەومێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ .( چونکە کە لەخوا نەترسا ئەوا هەموو شتێک ئەکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەگەڵ بەرخ بنوو ، لەگەڵ چۆلەکە هەستە .( واتە ئێواران زوو بنوو ، وە بەیانیان زوو هەستە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەکاتی دۆش وەرگرتندا لەگەرماو ، گۆرانی بڵێ . (براون جاکسۆن)

شێوەی درووست کردنی شۆربا فێربە . (براون جاکسۆن)

لەوەرزی بەهاری هەموو ساڵێکدا چەند گوڵێک بچێنە . (براون جاکسۆن)

نامێرێکی ڕیکوردەری چاک بۆخۆت بکڕە . (براون جاکسۆن)

لە سڵاوکرنا دەست پێشخەربە . (براون جاکسۆن)



Scanned with CamScanner

لەهەزاران ئاوی داوە و قولەپێی تەڕ نەبووە .( واتە زۆر پاک و بەهرەمەند و دنیا دیدەیە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە نالیش ئەدا و لە بزماریش ئەدا .( بەکەسێک دەوترێت کە باشیش بلێ و خراپیش بلێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەکوێ پسا لەوێ گرێی بدەرەوە .( واتە لەگەڵ هەر دۆست و برادەر و ناسیاوێکتا پەیوەندی و هاوڕێیەتیت بچڕا خێرا هەر لەوێدا گرێی بدەرەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەسەر شکستە ڕۆین ، پەشیمانی ئەهێنێ .( واتە شتێک کە لەماڵەوە دەشکێ ئەوەندە لەسەری مەڕۆ ، چونکە ئەوە ناهێنێت و دواتر پەشیمان دەبیتەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەسەر ڕێگا لابدەیت ، دڕک ئەچێت بە پێتا .( واتە لەدەستوور و یاسا و دەسەڵاتی حکومەت لامەدە ، چونکە ئەگەر لاتدا ئەوا توشی لێپرسینەوە و سزا دەبیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە ریشم هەڵئەگرم و ئەیخەمە سەر سمێڵم .( یەکێک وادەڵێت کە لەماڵەوە پینە و پەڕۆ بکات ، واتە لەم شتە بکاتەوە بیخاتە سەر ئەو ... یاخود لەو بکاتەوە و بیخاتە سەر ئەم ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە خۆشیا پێی بەزەوی ناکەوێ . ( بەکەسێک ئەوترێ کە هەواڵێکی زۆر خۆشی پێگەیشتبێت و لەخۆشیاندا نەزانێ چیبکات ، هات و چۆ و هەڵبەز و دابەز بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە حەوت ئاسمانا ئەستێرەیەکی نییە .( واتە بێ شانسە و ناوچەوانەکەی نایهێنێت ، بەختی نایهێنێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەموو ئەوەی کە بۆ خودای بەجێ دێڵین ، خودا دەیکاو پیرۆزمان دەکا . (سۆرۆ)

لە ڕوخساری پیاوان و ژناندا خوداوەند دەبینم . (والت ویتمان)

خودا دەبێتە هیوام و پاڵپشت و ڕێ نیشاندەرەم و ئەو چراوگەی کە ڕێی هەنگاوەکانم ڕۆشن

دەکاتەوە . (شکسپیر)

تەنها خودا سەرداری کاری گەورەو بیرمەندی گەورەو نەخشەدانەری گەورەو سەرپەرشتیاری گەورەیە . (ساموێل دجۆنسۆن)

جیهان سەرسام دەکاو ناتوانم کەبیر لەوە بکەمەوە کە ئەم سەعاتەی هەیە سەعاتچیەک نەبێ کە دروستی کردبێ (فۆلتێر)

یەکێ ووتویەتی کە خودا تەنها بایەخ بە پاراستنی جۆرەکان دەدات و هەرگیز گوێ بەتاکەکان نادات . (مۆ تسکیۆ)

دەریا بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی کە خودا بۆ ئەم دروست کراوەی گریاوە . (پۆڵ فۆر)

پێویست بوو لەسەرمان کەئاسمان دابهێنین ئەگەر ئەمان دۆزی وەتەوە . (رۆبەرت لویس ستیڤنسۆن)

من لەو بڕوایەدا نیم کە خودا یاری زار هەڵدان لەگەڵ گەردوندا بکات . (ئەنیشتاین)

پاشاکان تەختیان نابێ لەو جێیەی کە پەرستگەی خوداوەندی لێ نیە . (دۆبرنی)

چاودێری خودای بایەخ بەهەموو دەمێکی برسی دەدات . (رۆبەرت براونینگ)

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئاژەڵێکی دڕندەیە، مەدەنیەت و کۆمەڵگەی مەدەنیەتیش، کۆت و پێوەندن بۆ کۆت کردنی ئەم ئاژەڵە. سودی ئەم کۆت و پێوەندە لەوەدایە کە کۆمترۆڵی ئەم ئاژەڵە دڕندەیە دەکات و بەهۆی یاساکانی کۆمەڵەوە لەو سروشتە دڕندەییەوە دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی بیرمەند و هۆشیار. (فۆلتێر)

ئەوکەسانەی کە واز لە ئایدیا مادییەکەیان دەهێنن و مەزهەبی باوەڕبوون بە خوداو ڕۆژی دوایی دەکەنە مەبەست و هیوای خۆیان، ئەوانە لە مەزهەبە مادییەکەدا شکستێکیان توش دەبێت کە وێنەی نییە. بەڵام ئەوکەسانەی باوەڕی تەواویان هەیە بە ماددە و مەزهەبی ماددە، ئەوانە وەک فەیلەسوفێکی قەشمەرییان لێدێت، دڵیان بە ماددە خۆش دەبێت و ووتەکانیانی پێدەڕازێننەوە لە دەرونیشیاندا سۆزو هەستێکی سەرنج ڕاکێش دروست دەبێت و وەک ئەوکەسەیان لێ بەسەردێت کە سەردانی مۆزەخانەیەکی سروشتی دەکات و دەبینێت هەزارەها



Scanned with CamScanner

پەپولە و مەیمون و ماسی و فیل ووشک کراون و ئەوەی بەبیردا دێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم زیندەوەرانەی ئەمرۆ ژیانیان جێ هێشتووە ڕۆژێک بووە لەسەر زەوی ئەم ژیانە لە ئاوی زندەگیان نۆشیوە گەر ئەو زیندەوەرانە زمانیان بوایە هاواریان دەکرد و دەیان ووت: ئەم مۆزەخانەیە وەک فەلسەفەی ماددی وەهایە و تەنها ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە گوڕی ژیانیان تێدا نەماوە (جۆرج سنتیان)

کەمت لە زۆری خەڵک باشترە گۆشتی چۆلەکە لە داڵ پاکترە. (پیرەمێرد)

هەرچی چاکەی کرد، چاکەی دێتە ڕێ درەخت بنێژی دیارە بەر دەگرێ. (پیرەمێرد)

ئەگەر تۆ باوکی خۆتت خۆش ئەوێ جوێن مەدە، نەوەک جوێنی بەرکەوێ. (پیرەمێرد)

مردوو کە شەیتان یەخەی بەرداوە هەرچی جنێوی پێدا بەدناوە! (پیرەمێرد)

قەدری خۆت زیاد کە بە قەدر زانی خۆت نەبێ هیچ کەس بە سووک نەڕوانی (پیرەمێرد)

گەورە ئەوەتە کە چاکەی عام بێ نەک دەوروپشتی خۆی لێ بەکام بێ. (پیرەمێرد)

باوەڕدار ئەوکەسەیە باوەڕی بە بوونی خودایەکی بەهێزو کارزان هەیە کە خولقێنەری هەموو زەوی و ئاسمانەکان و ئەوانەشی لەو زەوی و ئاسمانەدا بوونیان هەیە و پاداشتی هەموو کارێک دەداتەوە بە چاک و خراپەوە. ئەم خوداوەندە مەزنە سەر بەهیچ مەزهەبێک نیە و خاوەنی کۆنترین دینە. ئەو تایبەتمەندیانەی لەم خوداوەندەدا هەیە ئەوەیە کە بە زمانێک دەدوێت هەموو نیشتەنی سەرزەوی تێی دەگەن و پەرستنیشی کارێکی سادە و ساکارە. ئەم یەزدانە هاوڕێ هەموو حەکیم و فەیلەسوفێکە. دینەکەشی لە ناخی دادپەروەری و یەکسانی و یەکتا پەرستییەوە هەڵقوڵاوە. باشترین کار لەم سەرزەویەدا پەرستنی خودایە. مل کەچ بوونیش بۆ بریارەکانی مانای قبوڵ کردنی شەریعەت و فەرمانەکانیەتی. هەر ئەم خودایە پەنا بێ پەنایانە و تۆڵە سێنەرەوەی مەزلومەکان. (ڤۆڵتێر)

من قەرزاری دایکمم بۆ هەموو ئەوشکۆمەندییەی کەبەدەستم هێناوە چونکە سەرکەوتنی من ئەنجامی ڕێبازە دروستەکانی ئەو ڕەوشتە باڵاکان بووە. (ناپۆلیۆن)

من قەرزار باری دایکیفریشتەمم بۆ هەموو ئەوەی کەپێی گەیشتوم و ئەوەشی کە هیوام وایە پێی بگەم. (لینکۆڵن)



Scanned with CamScanner

دایکم دروستی کردم . (ئەدیسۆن)

دایکایەتی بەردی بناغەی کۆشکی کامەرانی هاوسەرێتیە (تۆماس جیفرسۆن)

بچۆرە قوڵای ناختەوە ، لەدەرگا بدە و لەدڵت بپرسە کەچی دەزانی . (شکسپیر)

ڕای خۆت بەرامبەر خۆت زۆر گرنگترە لەڕای کەسانی تۆ بەرامبەر تۆ . (سینیکا)

ئەوانەی کەخۆیان دەناسن نابنە شێت ، ئەوانە لەبەر دەرگای دانایدا وەستاون . (هیفلول ئیلیس)

ئەگەر پێم بڵێی تۆ چۆن هەست بەبایەخی خۆت دەکەی ، پێت دەڵێم کە تۆ کێی چونکە ئەمە کەسێتی تۆ دیاری دەکات ، کەئەمەش گرنگترین شتە لای تۆ , (دیل کارنگی)

بڕوا بەخۆبوون ئەو هەستەیە کەتیایدا بیر لە ڕێچکە گەلێکی پان و ڕێزداردا دەگەڕێ کە پڕە لەهیوای بێگومان و باوەڕ بەخۆبوون . (شیشرۆن)

بۆ کامەرانی مرۆڤ پێویستە کەلەڕوی هزریەوە ، دڵسۆز بی لەگەڵ خۆیدا . (تۆماس باین)

بڕوا بەخۆبوون یەکەمین پێویستی کارە مەزنەکانە . (سەموێل جۆنسۆن)

هەر کەراستی خۆتت بۆدەردەکەوێ ،ئەوا بەسەر هەموو مەترسیەکاندا زاڵ دەبیت !،چونکە مرۆڤ تیشکێکی تری دەست ناکەوێ ،ئەگەر هەزار ساڵ بەدوایدا بگەڕێ . (ماسیۆ ئارنۆڵد)

خۆت و کاروباری خۆتت خۆش بوێ بێ ئەوەی بیانکەیتە هاوشانی هیچ شتێکی تر . (هۆراس)

ئەی خودای گەورەم ، من داوای سامانت لێ ناکەم تەنها لەبەر ئەوەنەبێ کەخۆم بێ ئومێد نەکەم . (سۆرۆ)

هیچ پشت بەستنێک ئەوەندەی پشت بەخۆ بەستن جێی متمانە نیە .(جۆن گای)

هەندێ خەڵک زۆر بڕوایان بەوە هەیە کەپێیان وایە هەروەک ئەوانەی کە بەتوندی باوەڕیان



Scanned with CamScanner

بەوە هەیە کەدەی زانن . (ئەرستۆ)

ئەوەی کە ئارامی هەبێت دەتوانێ کە هەمووشتێک بەدەست بێنێ . (ڕابلیە)

ڕۆحت دەمرێت تەنانەت پێش مردنی لاشەت : چیدی لە هیچ مەترسە . (فری دریک نیچە)

ئازایەتی ، بێ گرفتی، گاڵتەپێکردن و توندوتیژی – ئەو شتەیە کە ژیریی لە ئێمەی دەوێت . ژیریی ئافرەتێکە ، وە تەنها جەنگاوەری خۆش دەوێت . (فری دریک نیچە)

متمانە «مانای ئەوەیە کە نەتەوێت بزانیت کە چ شتێک ڕاستە . (فری دریک نیچە)

وە ئەوانەی کە بینران لەکاتی سەماکردن دا بە شێت لەقەڵەم دران لەلایەن ئەوانەی کە نەیان ئەتوانی گوێیان لە مۆسیقاکە ببێت . (فری دریک نیچە)

پیاو ئارەزو دەکات کە ئافرەت ئارام (ئاشتیخوار) بێت ، بەڵام لە ڕاستی دا ئافرەت لە بنەڕەتەوە شەڕانگێزە ، هەروەک پشیلە . (فری دریک نیچە)

ئێمە هونەرمان هەیە (هونەری بوونی هەیە) لە پێناو ئەوەی نەمرین بەهۆی ڕاستیەکانەوە . (فری دریک نیچە)

ئەوە لە ڕێی برینداربوونەوەیە کە هێز گەشەدەکات و دەتوانێت ، لە کۆتایی دا ، ببێت بە هێزێکی مەزن . (فری دریک نیچە)

هیچ کەسێک ئاوا چاوقایمانە درۆ ناکەت هێندەی پیاوێک کە توڕەیە . (فری دریک نیچە)

خۆشیی و شادیی هاوبەش هاوڕێیەک دروست دەکات ، نەک ئازارچەشتنی هاوبەش (فری دریک نیچە)

با پیاو ترسی هەبێت لە ئافرەت کە خۆشەویستی دەکات : پاشان هەموو قوربانی یەک دەدات ، وە هەموو شتەکانی تر لەلای ئەو وەک نرخیان نەبێت وایە . (فری دریک نیچە)

تۆ مامۆستایەک بە خراپی پاداشت دەدەیتەوە ئەگەر هەمیشە وەک قوتابی یەک بمێنیتەوە . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

یەکێک پێویستە بە شانازی یەوە بمرێت کاتێک چیدی مومکین نی یە بە شانازی یەوە بژی . (فری دریک نیچە)

دڵنیاترین یارمەتی لە بەرەنگاربوونەوەی نێر لە نەخۆشی خۆ بەکەم سەیر کردن خۆشویستنە لەلایەن ئافرەتێکی زیرەکەوە . (فری دریک نیچە)

راهاتن (مامەڵەکردن) لەگەڵ ویژدانێکی خراپ ئاسانترە لە راهاتن لەگەڵ ناوبانگێکی خراپ . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە بەسەر بەرزترین چیاکان دا سەردەکەوێت پێکەنینی بە هەموو ناخۆشی یەکان دێت ، راستەقینەبێت یان خەیاڵی . (فری دریک نیچە)

مەجەنگە لەگەڵ دڕندەکان نەوەک تۆش ببیت بە یەکێک (لە دڕندەکان) . (فری دریک نیچە)

بیرکەوتنەوەی بیروڕاکانی من بەشی خۆی سەختە ، بەبێ بیرکەوتنەوەی هۆکارەکانم بۆیان . (فری دریک نیچە)

هەموو کۆتاییەک ئامانج نی یە . ئامانجی ئاهەنگێک کۆتایی ئەو ئاهەنگە نی یە، وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئاهەنگێک نەگەیشتبێتە کۆتایی ، ئەو ئاهەنگە نەگەیشتووەتە ئامانج . چیرۆکێکی رەوشتی . (فری دریک نیچە)

هەموو شتە مەزنەکان پێویستە لە سەرەتادا دەمامکی تۆقاندن و دڕندانە بپۆشن بۆ ئەوەی خۆیان لە دڵی مرۆڤایەتی دا چەسپ بکەن (بنووسن). (فری دریک نیچە)

عەقیدە و بیروباوەڕەکان لە درۆ دوژمنێکی مەترسیدارترن بۆ راستی . (فری دریک نیچە)

هیچ راستی یەک بوونی نی یە ، تەنها لێکدانەوە نەبێت . (فری دریک نیچە)

هەزاران ئاڵۆزی و نادیاری دەوروبەرمان هیچ توشی گرفتمان نەدەکردین بەڵکو قازانجیان پێ دەگەیاندین ، ئەگەر تەنها دڵێکی رووخۆش و تەندروستمان هەبووایە . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

ڕێگە بە خۆمان نادەین کە بسوتێنرێن تا مردن لەبەر بیروڕاکانمان : لەبەرئەوەی ئەوەندە دڵنیا نین لێ یان .بەڵام لەوانەیە (ئەوەندە دڵنیابین) لەو مافەی کە بتوانین بیروڕای خۆمان هەبێت و بیان گۆڕین . (فری دریک نیچە)

نەخۆش گەورەترین مەترسی یە بۆ تەندروست ، ئەوە لە ڕێی بەهێزترینەوە نی یە کە ئازار دەگات بە بەهێز ، بەڵکو لە ڕێی بێ هێزترینەوەیە . (فری دریک نیچە)

ڕەوشت ڕێگایەکی سەرەکی یە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و رزگارکردنی لە تیاچون (لەناوچون). لەدوای ئەوە ڕێگایەکە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەکە لەسەر ئاست و پلەیەکی دیاریکراو لە چاکەکاری . (فری دریک نیچە)

ئەڵمانەکان وەک ئافرەت وەهان ، تۆ بە دەگمەن ئەتوانی لە قوڵییان تێ بگەیت (لە ناخیان تێ بگەیت) --- هیچ قوڵی یەکیان نی یە . (فری دریک نیچە)

غەریزە (هەستی سروشتی) . کاتێک خانوەکە دەسوتێت یەکێک تەنانەت ژەمی نیوەڕۆشی لەبیر دەچێت . بەڵێ، بەڵام یەکێک دواتر لەناو خۆڵەمێشەکە نانەکەی دەخوات . (فری دریک نیچە)

مێژوو هیچ شتێک نی یە لە باوەڕکردن بە هەستەکان زیاتر ، باوەڕبوون بە بوختان . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە جوانیی بەلاوە پەسەندتر لە بەسوود بوون لە ژیاندا ، بە بێ گومان وەک منداڵان کە شیرینی یان بەلاوە پەسەندترە لە نان وەهایە، هەرسکردنی خۆی لەناو دەبات و هەڵوێستێکی زۆر نا قایل (نارازی) پەیدا دەکات لەسەر ئەم جیهانە (بە چاوێکی زۆر نا رازی یانەوە تەماشای جیهان و دەرووبەری خۆی دەکات) . (فری دریک نیچە)

پیاو چیتر هونەرمەندێک نی یە ، ئەو بووە بە کارێکی (بەرهەمێکی) هونەری . (فری دریک نیچە)

خۆشەیستی چی یە بێجگە لە تێگەیشتن و شادمان بوون بەو ڕاستیەی کە کەسێکی تر ئەژی ، هەڵسوکەوت دەکات ، و ئەزموون وەردەگرێت بە شێوەیەکی جیاواز لە ئێمە ..؟ (فری دریک نیچە)

سەهۆڵی ساف (لووس) بەهەشتێکە بۆ ئەوانەی کە بە شارەزایی یەوە سەمادەکەن (لەسەری) .



Scanned with CamScanner

(فری دریک نیچه)

خەوتن هونەرێکی هێندە کەم نی یە (خەوتن شتێکی هێندە ئاسان نی یە کە بە کەم بزانرێت) : لەبەرخاتری خەوتن یەکێک پێویستە هەموو رۆژەکە بە خەبەر بێت. (فری دریک نیچە)

پیاو مەیمونترە لە زۆرێک لە مەیمونەکان. (فری دریک نیچە)

هەرچەندە تۆ تا ئێستا باوەڕێکی کەمت لە مندا پیشان داوە بۆ دانی پارە، ئێستاش هیوام وایە کە پیشانت بدەم من کەسێکم کە قەرزەکانی خۆم دەدەمەوە - بۆ نموونە، بە تۆ. (فری دریک نیچە)

رەوشت باشترینی هەموو ئامرازەکانە بۆ رابەریکردنی مرۆڤایەتی. (فری دریک نیچە)

ئەوە خولیا (بەرزی خوازی) ی منە کە بتوانم بە دە دێر بیڵێم ئەو شتەی کە کەسانی تر بە یەک کتێبی تەواو ئەیڵێن. (فری دریک نیچە)

ئەو هێزە بچووکەی کە پێویستە بۆ خستنەکاری بەلەمێک لەناو جۆگەیەک نابێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئەو هێزی جۆگەیە کە بەلەمەکە بە درێژایی رێگە هەڵدەگرێت لەگەڵ خۆی : بەڵام ئەم تێکەڵ بوونە (سەرلێشێوانە) بەدی دەکرێت لە نزیکەی زۆری ژیاننامەکاندا. (فری دریک نیچە)

پەندێکی پێشینانی باش زۆر رەقە (سەختە) بۆ ددانی سەردەم (رۆژگار)، وە بە هەموو سەدەکان کۆن نابێت، هەرچەندە وەک خۆراک بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو چەرخێک (کاری خۆراک دەبینێت لە هەموو چەرخێک دا). (فری دریک نیچە)

بۆ هەموو پیاوێک فریودانێک بوونی هەیە کە ناتوانێت بەرنگاری قوت نەدانی بکات ( کە ناتوانێت خۆڕاگر بێت لە قوت نەدانی). (فری دریک نیچە)

هەموو ئەو دامەزراوانەی کە دوورن لە بای ساردی رەخنەی کراوە، گەندەڵییەکی بێ تاوان دەست دەکات بە گەشەکردن هەروەک قارچککێک - بۆ نمونە، لەناو دەسەڵات دارەکان و کۆمەڵگە رۆشنبیرەکان. (فری دریک نیچە)

بەهایەکی مەزنی کەلتوری کۆن ئەو راستی یەیە کە نوسینەکانی تاکە نوسینێکن کە پیاوی



Scanned with CamScanner

هاوچەرخ ئێستاش بە ووردی ئەیخوێنێتەوە . (فری دریک نیچە)

ناخی خودی کەسێک باش شاردراوەتەوە لە خودی خۆی ، لە هەموو کانی گەنجینەکان ، ئەوەی خودی خۆت دواترین گەنجینەیە کە هەڵبکەنرێت . (فری دریک نیچە)

ئێمە ، دەست بڵاو و دەوڵەمەند لە رۆحدا ، کە راوەدەوەستین لە کەنار شەقامەکاندا وەک نافورەی کراوە وە رێ لە کەس ناگرین بۆ ئەوەی ئاومان لێ بخواتەوە ... (فری دریک نیچە)

ئەم شتە بچوکانە -- خۆراک ، شوێن ، کەش و هەوا ، رابواردن (سەیران) ، بریاردەری باش و خراپی رەوشت -- بە شێوەیەکی باوەرپێنەکراوانە گرنگترن لە هەموو ئەو شتانەی کە کەسێک بە گرنگی داناوە تا ئێستا . (فری دریک نیچە)

بنەمای یەکسانی ! هیچ ژەهرێکی ژەهراویتر بوونی نی یە : لەبەرئەوەی وادیارە لەلایەن دادپەروەری یەوە ئامۆژگاری کراوە ، لە کاتێکدا ئەوە کۆتایی دادپەروەری یە . (فری دریک نیچە)

لەبەرئەوەی ماندووبووم لە شوێن کەوتن و گەران ، فێری دۆزینەوە بووم ، وە لەبەرئەوەی با بە رووی مندا هەڵدەکات ، من لەگەڵ هەموو بایەکدا سەفەر دەکەم (بە کەشتی لەناو دەریادا) . (فری دریک نیچە)

بەرزاییەکان لەوە گەرمترن کە خەڵکی ناو شیوەکان بیری لێ دەکەنەوە ، بەتایبەتی لە زستان دا . کەسی بیرمەند واتای تەواوی ئەم بەراوردکاری یە دەناسێتەوە . (فری دریک نیچە)

هیچ کەسێک ئەوەندە درۆزن نی یە هێندەی پیاوی کینەوەر (تورە) . (فری دریک نیچە)

زۆرکەس دڵیان دەدۆزنەوە کاتێک کە سەریان لەدەست چووە . (فری دریک نیچە)

هەرکاتێک کە سەردەکەوم لەلایەن سەگێکەوە شوێن دەکەوریم کە پێی دەگوترێت «خۆ (خۆ بەگەورە زانین)» . (فری دریک نیچە)

هەموو بیرە مەزنەکان دروست دەبن (پێکدێن) لەکاتی بەپێ رۆیشتن دا . (فری دریک نیچە)

لەبەرامبەر هەموو شتێکدا بەئارام بە ، بەڵام بەتایبەتی لەگەڵ خۆتا ، ئازایەتی خۆت لەدەست



Scanned with CamScanner

مەدە لەسەیرکردنی کەم و کوڕیەکانتا ، بەڵکو خێرا لەخۆتەوە هەوڵ بدە کە چارەسەریا بکەیت و هەموو ڕۆژێک ئەم کارە سەر لەنوێ دەست پێ بکەرەوە . (قەدیس فرەنسیس دۆسال)

لو نێوان ویستی من و هەموو خراپەکاریەکاندا بەربەستێک لەئارامی هەیە . (شکسپیر)

ئارام گرتن تاڵە بەڵام بەرەکەی شیرینە . (ڕۆسۆ)

بەئارامگرتن و کات دەتوانین کەئەوە ببڕین کەبەهێزو توڕیی نابڕڕێ . (لافۆنتین)

ئارامگرتن باشترین دەرمانی نیگەرانیە . (بلۆتس)

ئەوەی ناتوانرێ بجولێنرێ بەئارامگرتن سوکتر دەبێ . (هۆراس)

هیچ کەلەپورێک لەشەرەف دەوڵە مەنتر نیە . (شکسپیر)

مرۆڤی شەریف چاکترین کارەکانی خوایە . (بۆب)

نەوەکانی داهاتوو فێری یەکسانی دەبن لە هەژارەکان ، وە خۆشەویستی لە خەمەکان (خەلیل جبران)

ئەوان دەڵێن کە ئەگەر یەکێک لەخۆی تێبگات ، لە هەموو خەڵک تێ دەگات . بەڵام من بەتۆ دەڵێم ، کاتێک کەسێک خەڵکی خۆشدەوێت ، ئەو کەسە شتێک لەخۆیەوە فێردەبێت . (خەلیل جبران)

پاراستنی مافەکانی کەسانی تر بەرێزترین و جوانترین کۆتایی مرۆڤێکە . (خەلیل جبران)

مەڵێ ، من راستییەکەم (راستیم) دۆزییەوە ، بەڵکو (بڵێ) ، من راستی یەکم (یەک راستیم) دۆزییەوە . (خەلیل جبران)

زۆرێک لە بیروباوەڕەکان وەک شوشەیەکی پەنجەرە وەهایە . ئێمە بەناو پەنجەرەکەدا راستی ئەبینین بەڵام جیامان دەکاتەوە لە راستی . (خەلیل جبران)

رووناکی ئەستێرەکان کە تەمەنێک لەمەوبەر لەناوچوون هێشتا دەگات پێمان . بەهەمان



Scanned with CamScanner

شێوە لەگەڵ پیاوانی گەورەی کە چەندین سەدەیە مردوون ، بەڵام هێشتا تیشکدانەوەی کەسایەتیەکانیان دەگات پێمان . (خەلیل جبران)

شکستێکی بەشەرم بەڕێزترە لە سەرکەوتنێکی بێ شەرمانە . (خەلیل جبران)

خۆشەدەوێیت کاتێک دەچەمێیتەوە لەناو مزگەوتەکەتدا ، کڕنووش دەبەیت لەناو پەرستگاکەت دا ، دەپاڕێیتەوە لەناو کڵێساکەت دا ، چونکە تۆو من کوڕی یەک ئایینین وە ئەوەیش (ئەو ئایینەش) رۆحە . (خەلیل جبران)

مرۆڤی شەریف هەموان ڕێزی لێ دەگرن . (ولیام هازلیت)

هیوادارم کەهەمیشە ئەوەندە بەتوانابم کەبتوانم کەئەو نازناوە بپارێزم کەخەڵک حەسودی پێ دەبا ئەویش نازناوی مرۆڤ شەریفە . (جۆرج واشنتن)

بیری کۆنە پەرستی بەربەستێکە بۆ پێشکەوتن و کاتی بەسەر چووە , ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەواز لەوکۆنەپەرستی و دەمارگیریە بهێنین , چونکە فەلسەفە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ زانستدا , پێویستە پەیوەندیەک دروست بکەین لە نێو گشت زانسەکاندا بەمەبەستی خۆش گوزەرانی ژیانی کۆمەڵایەتی (کومت)

ئەم جیهانە تەنها بەدینێکی نوێ دەتوانرێت پێناسە بکرێت و یەک بگرێتەوە , ئەو دینەش دەبێت دڵەکان ئاوبدات و خۆشەویستی لە ناخی مرۆڤە کاندا بچێنێت و مرۆڤایەتیان تێدا دروست بکات و ببێتە دینێک بۆ یەکتاپەرستی (کومت)

بژی وەک ئەوەی کە سبەینێ ئەمریت . فێربە وەک ئەوەی کە هەتاهەتایە ئەژیت . (ماهاتما گاندی)

ئێمە پێویستە ببین بەو گۆڕانکاری یەی کە ئەمانەوێت ببینین . (ماهاتما گاندی)

هیچ کەسێک ناتوانێت ئازارم بدات بەبێ ڕێگەپێدانی من . (ماهاتما گاندی)

پیاو تەنها بەرهەمی بیرەکانیەتی ئەوەی کە بیری لێ ئەکاتەوە ، دەبێت بەو شتە . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

بەختەوەری کاتێکە ئەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە ، ئەوەی کە دەیڵێیت ، وە ئەوەی کە دەیکەیت هەموو هاوئاهەنگبن . (ماهاتما گاندی)

لەیادت بێت بە درێژایی مێژوو ڕێگای راستی و خۆشەویستی هەمووکات سەرکەوتوون. زۆردارو بکوژ بوونیان هەبووە وە بۆ ماوەیەک وا دەردەکەوێت پتەوو بەهێزبن بەڵام لەکۆتاییدا ، هەمووکات رووخاون و لەناوچوون -- بیری لێ بکەرەوە ، هەمووکات . (ماهاتما گاندی)

لاواز هەرگیز ناتوانێت لێخۆش بێت . لێخۆش بوون سیفەتی بەهێزە . (ماهاتما گاندی)

هیچ شتێک جەستە بە فیرۆ نادات وەک نیگەران بوون ، وە ئەو کەسەی کە یەک تۆز باوەری بە خودا هەیە ئەبێت شەرمەزار بێت بە نیگەران بوون لەبارەی هەرشتێکەوە هەرچۆنێ بێت . (ماهاتما گاندی)

هێز لە توانای جەستەیی یەوە نایەت . هێز دێت لە ئیرادەیەکی خۆبەدەستەوەنەدەر (نەبەز) . (ماهاتما گاندی)

«نەخێر» ێک کە لە قووڵترین قەناعەتەوە لەزارهاتبێتە دەرەوە باشترو مەزنترە لە «بەڵێ» یەک کە بە تەنها بۆ رازی کردن بێت ، یان لەوەش خراپتر ، بۆ خۆبەدورگرتن لە گرفت . (ماهاتما گاندی)

هەر تیۆرێک لەسەر ئەسڵی کەون دەمانخاتە بەر ئەنجامێک کە ئەقڵ لەئاستیدا شەرمەزارە و توانای تێگەیشتنی نییە. ملحد ئەوکەسەیە بوونی خودا ڕەت دەکاتەوە و وابیر دەکاتەوە کە ئەم جیهانە سەرەتا و کۆتایی نییە. ئەم نیشانەی کەم بیری و بیر تەسکییە چونکە توانامان نییە پێش بینی شتێک بکەین کە سەرەتاو کۆتایی نەبێت. بەڵام ئەو مامۆستا خوداناسەی کە خودا بە خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکان دادەنێت، ئەوە کێشەکان بەبێ تەفسیر جێ دەهێڵێت یان کێشەکان یەک هەنگاو دەگێڕێتەوە دواوە. بەڵام لەپڕ ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە پێی دەڵێن خودا چۆن دروست بووە؟ ئەم پرسیارێکە وەڵامی نییە لە هیچ دیانەتێک و لۆژیکێکدا. ناوەندە زانستییەکانیش لەئاست ئەم پرسیارەدا سەرسامن و بە پرسیارێکی دادەنێن کە وەڵامەکەی لە ئاستی ئەقڵی مرۆڤدا نییە. (هربرت سبنسر)

هەر کەسێک بینی بەشوێن کە سێکەوەیە پارێزگار و پشتیوانی بێ و گوێ لە قسەکانی بگرێ و لە باوەشی بگرێ لە گەڵی دا عەشق بازی بکات . (سوزان کوئیلیام)



Scanned with CamScanner

گیان دارەکان بە لەرزو ترسەکانی ئێوە پەی دەبەن و هێرش دەکەن ئەگەر ئەوانتان خۆش بوێت هێرش ناکەنە سەرتان . حاڵەتی هەندێ لە مرۆڤەکان وانین ئاگاداربن ئەوانە وادار نەکەن هێرش بکەنە سەرتان . (سوزان کوئیلیام)

پرسیارم کرد هاورێ چاکە یان برا ، ووتی : هاورێ برایەکە کە مرۆڤ بە گوێرەی ئارەزوی خۆی هەڵی دەبژێرێ . (ئامیل فاکو)

هەندێ هەمیشە دەناڵن کە گوڵی سوور دڕکی هەیە ، ئێمە ئەبێ شادبین چونکە دڕەکانیش گوڵیان هەیە . (ئالفونس کار)

هەرچی زۆرتر دۆستت هەبێ ، ئاسانتر زندەگی دەکەیت . (توفیق الحکم)

مەرگ لەگەڵ ئاوەڵانا جەژنە .( واتە پیاو ئەگەر بشمرێت بەڵام کە لەگەڵ هاوەڵان و دۆست و هاورێیاندا بێت هیچ ناخۆش نییە و وەکو جەژن وایە لەچاو ئەوەی کەلەگەڵ بێگانە و ناپیاودا بیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

عوزر لە قەباعەت خراپتر .( بە کەسێک ئەوترێت کە هەڵەیەک بکات و لەپاشاندا عوزرێکی وای بۆ بێنێتەوە کە لە هەڵەکە ناشیرینتر بێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ناوی گەورە و دێی وێران .( بە کەسێک ئەوترێت کە ناو و شۆرەتێکی گەورەی هەبێت بەڵام لەئەسڵدا وانەبێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کەر بە پارەی بەفر بکڕدرێ ئەبێ لە ئاوا بخنکێ .( واتە هەر شتێک بە پارەی حەرام و بە فڕوفێڵ پەیدا بکرێ زوو لەناو دەچێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ئەم نانە بەو ڕۆنە .( کەسێک ئەیڵێت کە هەمیشە بەتەمای شتێک بێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەر کەس دۆستایەتی لە گەڵ تۆ ڕاگەیاند تا بە هەموو جۆرێ ، تا ڤی نەکەیتەوە بە دۆست وەری مەگرە . (ژول ورن)

هەتا ئەتوانی میهرەبانبە (جاکسون براون)



Scanned with CamScanner

هیچ هەلێک بۆ وەدەست هێنانی خۆشەویستی لە دەست مەدە . (جاکسون براون)

هەمو بە شوێن هاورێ یەتی دا دەگەڕێین هەموانیش تەنها لە هاورێ چاوەڕوانی هاورێ یەتی دەکەن . (تشیخوف)

تەنها لە گەڵ دایکم دا هونەری هاورێ گرتنم بە کار نەهێنا بەڵام ئەو زیاتر لە هەموان خۆشەویستی پێ بەخشیم .(دیل کارنگی)

عاشق تەنها جوانی ڕوخسار دەبینێ عاقڵ جاوانی ڕەفتار وە عاریف هەردو جوانیەکە .(گوتە)

لە کاتی هەڵبژاردنی هاورێ دا شان بەشانی ئەوە هەوڵ بدە تا کەسانێ کە چاکتر و میهرەبان تر و دڵسۆزترن بکەرە هاورێ تا لەژێر کیمیای هاوڕیەتی و ئەخلاق جوانی ئەواندا هەستی ئێوە بگۆڕێ بە زێڕ . (کازم زادە ایرانشهر)

هاورێکانت ئەبێ وەک ئەو کتێبانەی کە دەیخوێنیتەوە کەم و هەڵبژاردەبن (پەندی ئینگلزی)

ئەو دۆستانەی کە هەتە و تا ڤیت کردونەتەوە بە قولاپی پۆلاین بە گیان و دڵی خۆت دا بیان بەسە و پارێزگاریان لێ بکە . (شکسپیر)

یەکێ لە سەخت ترین تا ڤی کردنەوکانی دۆستی ئەوەیە عەیبەی دۆستەکانت ئاشکرا بکەیت . دۆستی ئەوەیە کە تۆ کەسێکت ئەوەندە خۆش بوێت کە حەز نەکەیت لەودا عەیبەیەک ببینی وە بە نەرمیی و میهرەبانی یەوە ڕاستیەکانی پێ بڵێ ی . (بیچر)

دەست نیشان کردنی عەشقی ڕاستەقینە لە عەشقەکانی تر تەنها پێوەرێکی هەیە . عەشقی ڕاستەقینە بێ بەرام بەرەو بەبێ تەوقع ، خۆی ڕائەگرێ .
شوێن کەوتنی لە ئەندازە بەدەری هەر شتێ بەواتای ڕاونانی ئەو شتەیە . بەسە بەشوێن مەعشوقی خۆتەوە بیت تا ڕاوی بنێیت . (ئاندرو متیوس)

زاڵبوون بەسەر بێ دەنگیدا دژووارە . (هەژار موکریانی)

ڕۆژی لەایک بوونی ئەو خەڵکانەی کەلێتەوە نزیکن لە یاد مەکە . (براون جاکسۆن)

لەکاتی تەوقە کردندا . دەستەکان بەتووندی بگوشە . (براون جاکسۆن)



Scanned with CamScanner

لەکاتی ئاخاوتندا سەیری نێوچەوانی بەرامبەرەکەت بکە . (براون جاکسۆن)

زۆر سود لەووشەی [ سوپاست دەکەم ] وەربگرە . (براون جاکسۆن)

هیچ کەسێک ڕەخنە گرتنی پێ خۆش نیە بەڵام ناتوانێت دەم و پێنووسی ڕەخنە گر بگرێت . (هەژار موکریانی)

مرۆڤی قسە زل کردەوەی بچوکە . (هەژار موکریانی)

هەرکەسێ ڕێگای ڕاست بگرێ هەتاکو ئەمرێ هەمیشە ڕسوا ئەژی . (هەژار موکریانی)

ڕێز و خۆشەویستیم لە پاش خۆم ناوێ . (هەژار موکریانی)

یەکێ لە گرنگ ترین پێداویستەیەکانی ژیانێکی پڕ چالاکی و لە بار و گونجاو باوەڕبەخۆبونە کەواتاکەی ئیسراحەت کردنی خۆتە و پەیداکردنی هەستێکی باش دەربارەی دۆستەکانتە (دیل کارنگی)

هەرگیز لەبیری تۆڵە سەندنەوە لە دوژمنەکانت دا مەبە چون ئەوەندەی خۆت نارەحەت دەکەیت ئەوان ئازار نادەیت . ئەیزەنهاوەر دەڵێ : هەرگیز ساتێک لە تەمەنم بە بیر کردنەوە لە و کە سانەی کە خۆشم ناون بە هەدەر نەداوە . (دیل کارنگی)

پێنج دەستور بۆ ئەوەی خەڵکی خۆشیان بوێ یت !هەمیشە خەندە بکە . ناوی هەمو کەسێ بەلای خۆیەوە خۆش ترین ناوە . بیسەرێکی باشبیت خەڵکی تەشویق بکە بە قسەکردن . هەروەها لە بارەی ئەو شتەوە کە خەڵکی حەزی لێ دەکەن قسە بکە لەکاتی ئاشنا بوون لە گەڵ خەڵکی دا هەوڵ بدەو تێ بکۆشە تا نیشانی بدەیت بونی ئەوان بەلاتەوە گرنگە . (دیل کارنگی)

بۆ چونە نێو دڵی خەڵکی یە وە ئەبێ دەربارەی ئەو بابەتانەی کە ئەوان حەزی لێ دەکەن قسەبکەیت . (دیل کارنگی)

ئەگەر خوازیاری دوژمنایەتیت خۆت لە دۆستەکانت بە چاک تر بزانە بەڵام ئەگەر دۆستایەتیت دەوێت بهێڵە دۆستەکانت خۆیان لە تۆ بە چاکتر بزانن . (دیل کارنگی)



Scanned with CamScanner

فێربن خۆتان خۆش بوێت کافی نی یە ئەگەر خەڵکی خۆش بوێن خودی خۆتان ئەبێ بەو باوەڕە بگەن کە خۆشەویستیت . بۆ خۆش ویستنی خۆتان نا چارنین بۆ بەدەست هێنانی میهرەبانی و عەشق لە خەڵکی بپاڕێنەوە . (دیل کارنگی)

زۆر جوانە بابەتێکی تەوا و شەخسی لە گەڵ کەسێک دا بخەنە نێو باسەوە و ئەو بەتۆ بڵێ چاک تێ دەگەم چی دەڵێ ی یان بۆ منیش هەمان ڕوداو ڕوی داوە یان من هەمیشە هەمان هەستم هەبو ئەم جۆرە گەرم و گوری یە دیدگای تازە پەیدا دەکات . (دیل کارنگی)

ئەگەر خوا دەکا خوێندن دێتە کار ئەوسا تەجرەبە دەگاتە بوار . (پیرەمێرد)

ئاسمان ساڵی چوار جار ئەگۆڕێ بەختی کورد هەموو ڕۆژێ دەتۆرێ . (پیرەمێرد)

کەوتووینە دەورێ هەرچی بۆی بلوێ دەستی چەوری خۆی بە خەڵکا ئەسوێ . (پیرەمێرد)

کەسێ بە هاوسەرەکەی دەڵێ من نیازم بە تۆیە وە بە بێ تۆ ناتوانم بژیم ، بەڵام ئەمە عەشق نی یە برسێتی یە . تۆ ناتوانی لە یەک کات دا کەسێکت خۆش بوێت و نیازمەندیشی بیت . عاشقی ڕاستە قینە کە سێکە مەعشوقەکەی خۆی ئازاد بکات تا هەر خۆی بێت . (ئاندرو متیوس)

لە عەشق دا زۆر نی یە ، عەشق واتە بوار دان بە هەڵبژاردنی مەعشوق ، لێرەیشدا قسەکردن دەربارەی پیا ئالانە . بۆ ئەوەی کەسێ بە دەست بهێنێ ، ئازاد و ڕەهای بکە . (ئاندرو متیوس)

ساوایان بەبێ عەشق و خۆشەویستی گەشەناکەن و گەورە ساڵانیش لەو بوارە دا بەدەرنین ، ئەگەر لە تەوای ژیانت دا لە ووشەی سووپاس ئامێز ( سوپاس دەکەم ) کەڵکت وەر گرتبێ . هەر ئەوە بەسە . (ماسیتر اکهارت)

من لە گەڵێ ژن و پیاو ئەو قسەیەم گوێ لێ بووە گە تەنها شتێ بە درێژای تەمەنم ئارەزو مەندی بوم ، ئەوە بووە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە باوکم ببیستم کە خۆشی ئەوێم و شانازیم پێوە بکات . (ئاندرو متیوس)

گەر بێ گەردو ڕاست گۆبین دەبێت دان بەوەدا بنێین تەواوی ئەو کارانەی لە ژیان دا ئەنجامی دەدەین ، هەوڵ دانە بۆ بەدەست هێنانی عەشق و خۆشەویستی ، تەواوی ئەو کەسانەی لە



Scanned with CamScanner

شەقام دا بەلات دا تێ پەڕ دەبن و تەواوی ئەو کەسانە لە فەرمانگە و شوێنی کاردا دەیان بینی هەمویان تینوی عەشق و خۆشەویستین . بەڵام هەندێ لە خەڵکی بۆ بە دەست هێنانی خۆشویستنی کەسانی تر کاری سەرسام و شێتانە دەکەن (ئاندرو متیوس)

بۆئەوەی دۆستایەتیت لەگەڵ خەڵکی دا بمێنێتەوە ، کەمتر بیانخەرە ژێرباس و لێکۆڵینەوە وە کەمتر لە جێ ی داوە ری دا دابنیشە . بهێڵە ئەوە ی دەیانەوێ لە بەری کەن و بیپۆشن . (ئاندرو متیوس)

لە بارەی دۆستەکانتان چاکترە ئەم پرسیارانە بکەن : ئایا ئەو یارمەتی گەشە کردنی من دەدات ؟ ئایا لە دیدی منەوە کە سێکی چاک و شیاوی ڕێزلێ گرتنە . ئایا پاڵ پشتی یەکترین دەکەین ؟ ئایا بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە؟ ئایا لە چۆنێتی کات بەسەر بردن وە یان تەلەفۆن کردن لە گەڵی دا هەست بە شادی دەکەم؟ (ئاندرو متیوس)

لە ڕاستی دا ئەوەی بەلای منالانەوە گرنگە ، گوێ گرتنە لێ یان و بەخشینی خۆشەویستی بێ بەرامبەر و بەس . (ئاندرو متیوس)

هەمومان نیازمان وایە خەڵکی خۆشیان بوێین و ئێمەش ناز بەسەریاندا بکەین ، نیاز مەندین سەرنجمان بدەن و تەشویق مان بکەن . (ئاندرو متیوس)

نزیک نادانی مەغروور مەکەوە هەر کەسێ پیاوی بێ ئەو ڤینی لەوە ! (پیرەمێرد)

هەر چەند کە سەفەر سەنگی مەحەکە ئەوی نایناسی هاوڕێی مەکە . (پیرەمێرد)

ڕاڤە بۆ خۆشویستنی خۆمان ، شێوازێکی جوان بۆ فێر کردنی خۆمان بە عەشق و خۆشەویستی ئەوەیە ، لە بەردەم ئاوێنەدا ڕاوەستین و بە دەنگی بەرز بە خۆمان بڵێن خۆشم ئەوێیت ، پێویستم بە تۆیە و ئەو پەڕی ڕێزت لێ دەگرم . تۆ گرانترین کەسی ژیانی منی و بە بێ تۆ هیچ کارێک ناتوانم ئەنجام بدەم و لەم بابەتانە . . . . (ئاندرو متیوس)

گەر هەستت کرد بابەتێک هەیە بۆ ڕخنە گرتن ، بابەتەکە دابەش بەخۆت و ئەو بکە و بە شێوازێکی خۆشەویستیانە و سازگارانە پێشکەشی بکە . (ئاندرو متیوس)

کتێب بکڕە و لە بۆنە جۆراو جۆرەکاندا بە دیاری بیدە بە هاوڕێکانت . (ئاندرو متیوس)



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی خەرجیەکی نی یە و لە کاتێدا هەمو شتێک دەکڕی . (شامخور)

خۆزگە دۆستەکانیش وەکو دژمن یەک ڕەنگ و جێگیر بونایە . (گلادستون)

خۆشت بوێت ئەو کەسەی پەندت پێ دەدا نەک ئەو کەسەی کە ستایشت دەکات. (دیل کارنگی)

تا ئەتوانی هاوڕێ یانی دڵسۆز پەیدا بکە و بزانە هەر چەند زۆرتر دۆست پەیدا بکەیت لە ژیان دا سەرکەوتو تر دەبی . (دیل کارنگی)

لە پاش ملە نابێت قسە بە دوژمنیش بڵێیت چ بگات بە دۆست . (پەندی یۆنانی)

ئەگەر خواز یاری دۆستایەتیت خەڵکی بە گاڵتە جارو کەم سەیرمەکە و سەر زەنشتی کەس مەکە ، تا خۆشەویست بیت ،هەمیشە خۆت لە جێ ی خەڵکی دابنێ و لە دیدی ئەوانەوە سەیری کارەکان بکە . (بارون لیۆن)

ئەگەر دەتەوێت خۆشەویست بیت هەڵەکانت لە پێش چاکەکانت بخەرە ڕوو . (بارون لیۆن)

ئەگەر دەتەوێت دوژمن بە ڕازت نەزانێ بە دۆستی مەڵێ . (سعدی)

کارێ وا بکە کە خەڵکی خۆیان کەمێ زیاتر لەتۆ خۆشتر بوێت وە ئەو کاتە من بەڵێنت پێ دەدەم تۆیان زۆر چاک خۆش ئەوێت . (لرد چستر نیلد)

تاکە ڕێگەی دۆست پەیدا کردن ئەوەیە سەرەتا خۆمان دۆستایەتی نیشان بدەین (کنفسیوس)

کەسێ کە هاو ئاست و هاو شانی تۆ نی یە بە دۆستی مەگرە . (کنفسیوس)

میهرەبانی گرنگترە لە کامڵ بوون . (کنفسیوس)

خۆت بۆ بۆرە پیاو بکوژە ئەڵێ : بەدەردی خوا مرد .( بە کەسێک ئەوترێت کە کەسێک لە تەنگانە و ناخۆشیەک ڕزگاری کردبێت و دواتریش بڵێ من خۆم هەروا ئازا و دلێر بووم تۆ هیچت بۆ نەکردووم ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

وەک نیسک وایە ... بەرو پشتی بۆ نییە .( بە کەسێک ئەوترێت کە دوو ڕوو بێ بار بێت ) .



Scanned with CamScanner

(پەندی پێشینانی کـوردی)

بەڵێن بەسەر بردن نیشانەی سەرکەوتنە .( واتە بەڵێن و پەیمان کە دات بیبەرەسەر چونکە ئەگەر برتەسەر واتە سەردەکەویت و نیشانەی ڕاستگۆیەتیتە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

دۆست لە تەنگانەدا دەرئەکەوێ .( واتە ئەگەر کەوتیتە تەنگانە و ناخۆشیەکەوە هەرکەس هات بە دەمتەوە ئەوا دۆستتە ، بەڵام هەرکەس نەهات ئەوا دۆستت نییە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ئەسپێ لە گیرفانیا سەوزەڵە گیانم ئەڵێ .( بە کەسێک ئەوترێت کە هیچ پارە و پوولی نەبێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

یەکێ لەو هۆکارانەی سۆز لەناو دەبات تاک ڕەوی یە . (کنفسیوس)

حەق هیچ کات هەڵە نی یە بەڵام دەر برینی بۆ هەندێک تاڵە ئەتوانی ڕاستی لە گەڵ عەشق دا بەیان بکەیت تا بەجێ ی لە کە دار بونی یارمەتی دەربێ . (کنفسیوس)

ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە کەسانی تر دەربارەی ئەو حەزەی لە وانمان هەیە ئاگادارن بەڵام بەزۆری وانی یە . هەندێ جار ئێمە ئەوەندە سەر گەرمی ڕۆچونی عەشقی خۆمان دەبین دەر برینەکەی فەرامۆش دەکەین . (کنفسیوس)

من ئاشتیت پێشکەش دەکەم . من خۆشەویستیت پێشکەش دەکەم . من دۆستایەتیت پێشکەش دەکەم . من جوانیت دەبینم . من پێویستی تۆ دەبیستم . من هەستی تۆ هەستدەکەم . ژیریی من لە بەرزترین سەرچاوەوە دەڕوات . سڵاو دەکەم لەو سەرچاوەی تۆ (ڕێزم بۆ ئەو سەرچاوەی تۆ هەیە) . با پێکەوە کاربکەین بۆ یەکێتی و خۆشەویستی . (ماهاتما گاندی)

پاڕانەوە (نوێژ،نزا) پرسیار کردن نی یە . ئارەزووکردنی ڕۆحە . داپێنانی ڕۆژانەی بێهێزی تاکە . لەکاتی پاڕانەوە باشتر وایە دڵێکت هەبێت بەبێ وشە تا ئەوەی وشە بەبێ دڵ . (ماهاتما گاندی)

ڕەگەکانی توندوتیژی : سامان بەبێ کار، خۆشی بەبێ ویژدان ، زانین بەبێ کەسێتی، بازرگانی بەبێ ڕەوشت ، زانست بەبێ مرۆڤایەتی ، پەرستن بەبێ قوربانی دان ، سیاسەت بەبێ بنەما . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

ناتەواویەکانم و نشستی یەکانم هەروەک سەرکەوتنەکانم و بەهرەکانم نیعمەتن لەلایەن خوداوە وە هەردووکیان لەبەرپێی ئەو دادەنێم . (ماهاتما گاندی)

تۆ ئەتوانیت کۆتم (زنجیرم) بکەیت ، ئەتوانیت ئەشکەنجەم بدەیت ، ئەتوانیت تەنانەت ئەم جەستەشم لەناوبەریت (تێک بدەیت) ، بەلاّم هەرگیز ناتوانیت هۆش (مێشک) م بەند بکەیت . (ماهاتما گاندی)

زەوی هێندەی رازی کردنی پێویستی هەموو پیاوێک دەتوانێت دەستەبەردەکات ، بەلاّم نەک هەموو پیاوێکی چلێس . (ماهاتما گاندی)

ئازادی شیاوی هەبوون نی یە ئەگەر ئازادی ئەنجامدانی هەڵەی تێدانەبێت . (ماهاتما گاندی)

گەورەیی نەتەوەیەک و پێشکەوتنی ئەخلاقی یان ئەتوانرێت حوکم بدرێت لەرێی ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانیان دا دەکەن . (ماهاتما گاندی)

خۆشی لە شەرەکەدایە ، لە هەوڵەکەدایە ، لە توشبوون بە ئازارچەشتنەکەدایە ، نەک سەرکەوتنەکە خۆی . (ماهاتما گاندی)

یاسای خۆشەویستی ئەتوانرێت باشترین شێوە تێبگەیەنرێت و فێربکرێت لەرێی منداڵانی بچووکەوە . (ماهاتما گاندی)

هەریەکێک دەبێت ئاشتی ناخی خۆی بدۆزێتەوە . وە ئاشتی بۆ ئەوەی راست بێت دەبێت کاری تێنەکرێت لەلایەن کەسەوە (ماهاتما گاندی)

ئەگەر بمانەوێت ئاشتی یەکی بەردەوام دروست بکەین ئێمە پێویستە لە منداڵانەوە دەست پێ بکەین . (ماهاتما گاندی)

خۆشەویستی هەرگیز داوا ناکات هەمیشە دەبەخشێت (ئـەدات)، خۆشەویستی هەرگیز ئازارناچەژێت ، هەرگیز بێزارنابێت ، هەرگیز تۆڵە لەخۆی ناکاتەوە . لە هەرکوێ خۆشەویستی هەبوو ژیانیش هەیە، رق رووخان و کاولکاری دەهێنێت لەگەڵ خۆی (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

تۆ پێویستە باوەرت (متمانەت) بە مرۆڤایەتی لەدەست نەدەیت . مرۆڤایەتی دەریایەکە ، ئەگەر چەند دڵۆپێکی دەریاکە پیس بوون ، دەریاکە پیس نابێت . (ماهاتما گاندی)

ترسنۆکەکان هەرگیز ناتوانن بەرەوشت بن . (ماهاتما گاندی)

هەرشتێک کە دەیکەیت لەوانەیە وادەربکەوێت کە بێبایەخ بێت ، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە تۆ دەیکەیت . (ماهاتما گاندی)

توڕەیی و ئارام نەگرتن دوژمنە دوانەکەی تێگەیشتنی دروستن . (ماهاتما گاندی)

هەموو مرۆڤایەتی یەک خێزانی تەواو و دابەش نەکراون، وەک هەریەکە لە ئێمە بەرپرسیارە لە تاوان (هەڵە)ی هەموو کەسانی تر . من ناتوانم خۆم جیابکەمەوە لە بەدکارترین (خراپترین) رۆحیش. (ماهاتما گاندی)

نامەرد بێ توانایە لە پیشاندانی خۆشەویستی، ئەوە نایابی (ئیمتیازی) مرۆڤی ئازایە . (ماهاتما گاندی)

پیاو پێویستە توڕەیی خۆی لەبیر بکات پێش ئەوەی رادەکشێت بۆ خەوتن . (ماهاتما گاندی)

ئەوانەی کە ئەڵێن ئایین هیچی (هیچ حەقێکی) بەسەر سیاسەتەوە نی یە نازانن ئایین چی یە. (ماهاتما گاندی)

چاکە خوازی و جوان کاریەکانی هاوڕێ یانت گوێ بیست بە . (کنفسیوس)

لە بەرامبەر هەمو شتێکدا ئەتوانی خۆت ڕاگری (کنفسیوس)

یەکێ لە ڕاڤەکردنی ڕێگاکانی عەشق ئەوەیە هەمیشەو لە هەر جێگایەکدا خۆت بخەرە جێگای لایەنی بەرامبەر و نەخشەکانت ئاڵو گۆڕبکە و لە خۆت بپرسە لەم هەلو مەرجەدا حەز دەکەم چ کاردانەوەیەک ببینم وە پاشان هەمان ڕێباز لە خۆتا نیشان بدە. دودڵ مەبە کە ئەم ڕەوشە بە تەواوی کارا دەبێت . کاتێ ڕاستیانە هەوڵ دەدەین کە لە بەرامبەر کەسانی تردا هەمان رەفتار بکەین کە بەلای خۆمانەوە پەسەندە ، زۆر میهرەبان تر ، دڵسۆز تر ئارام تر دەبین . (کنفسیوس)



Scanned with CamScanner

ئەو کەسانەم خۆش دەوێت کە دڵیان بە ژیان خۆشە و لەمردن دەترسن، چونکە ئەمانە گەورەترین خودا پەرست و چاکەخوازن. ئەو کەسانەشم خۆش دەوێت کە گیانی خۆیان دەسپێرن لە پێناوی ئەو زەویەی لەسەری دەژین، تا ببێتە جێنشینگەیەکی ئارام بۆ مرۆڤی پایەبەرز و بەنرخ. (زەردەشت)
ئەوکەسانەی دەگەنە رەفاهیەت و گاڵتە بە کەسانی خوار خۆیان و نەهامەتیەکانی ژیان دەکەن، ئەوانە کەسانێک گاڵتەیان بەخۆیان و دراماکانی ژیان دێت. (زەردەشت)

بیتەسکی: بریتیە لە بیرکردنەوە لە شتەکان بە رووە سادەکەی، بەڵام فەلسەفە: بریتیە لە بیرکردنەوە لەشتەکان بە باشترین و کامڵ ترین رێگەی لۆژیکی. (ولیم جیمس)

حکمە، سۆز، ئازایەتی ئەو سێ خورەوشتەن کە پیاوی گەورە و نەبەردی پێ جیادەگرێتەوە لە کەسانی ئاسایی. (منشیس)

ئەو کەسەی هەمیشە بەخودی خۆی دەڵێت: چی بکەم؟ نازانم چی بکەم؟ ئەوا هیچ رێگەیەک نییە بۆ هیدایەت دانی ئەمانە و ئەوانەشی لەو شێوەیەدا بیردەکەنەوە. (کۆنفۆشیۆس)

حەقیقەت دوورووی هەیە، گەر بەورووەدا سەیری بکەین کە دینی لێوە دیارە، ئەوا باوەرمان بە نەمری و خەلق و نەفس و ووتەی پیاوە دینیەکان دەبێت و دەروونمان ئارامی لێوەردەگرێت. گەر بە رووە زانستییەکەیشیدا سەیری بکەین، ئەوا تەنها باوەرمان بەو شتانە دەبێت کە بوونیان هەیە لە بورچاوماندا و بەر هەستەکانمان دەکەون. (ابن رشد)

زانستی فەلسەفە لەگەڵ چارەسەری ئەو گرفتانەدا دەگونجێت کە کاری بیرکردنەوە لە مرۆڤی دەکات. (ولیم جیمس)

خودا ئەو زاتەیە کە جیهانی دروست کردووە، ئەمەش مانای ئەوەنییە ئێمە خۆمان بخەڵەتێنین لە دووبارە دروست کردنەوەی. (برتراندرسل)

ئەو توهمەیەی کە بەسەر سوقراتدا درابوو لەسەر ئەوەی گاڵتەی بەو خودایانە دەکرد کە ئەو کلتە دەیان پەرست، مەجلیسی حوکمی ئەو کاتە بڕیاریدا بوو لێی خۆش ببێت گەر واز لەو لۆژیک و زانستە بهێنێت کە بە قوتابیەکانی دەووتەوە، سوقرات بەمە رازی نەبوو پێی ووتن: مادام ئەو دەنگە هێواشەی ناخم کە ویژدانە، لە ناخمدا فەرمانم پێدەکات رێگەی راستی ژیان نیشانی خەڵکی بدەم، من هەمیشە بەردەوام دەبم لە تێگەیاندنی خەڵک لەوەی لە مێشکمدایە و گرنگیش نییە لەم پێناوەدا هەر شتێکم بەسەر دێت. (سوقرات)



Scanned with CamScanner

پێویستە مرۆڤ لە هۆکارەکانی ژیان تێبگات هەروەک چۆن لە هونەری پەیداکردنی پێداویستیەکانی ژیان دەگات. مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی هەموو زیاتر هەوڵی کۆکردنەوەی چارەو سامان دەدەن وەک لە رۆشنبیری، لەگەڵ ئەوەشدا باوەری تەواو هەیە بەوەی سەرچاوەی بەختەوەری مرۆڤ زاستە. مرۆڤی ئاسایی کەم توانستی ئەقڵ نازانێت سوود لە کاتە بەتاڵەکانی وەربگرێت، هەمیشە دودڵ و رارایە، لەملا بۆ ئەولا بەشوێن تێرکردنی غەریزەکانیا دەگەرێت تا دواجار ئەو خۆشی غەریزانە بەهیلاکی دەبەن و لەناوی دەبەن. (شوبنهور)

گەورەیی بەسەر ئەوکەسانەدا کە خۆیان بەگەورە دەزانن، بە چاکە دەژمێرێت (حکمە)

کاتێک کە حەق باڵ دەکێشێت بەسەر بووندا ، ئەسپەکان کاری کشتوکاڵیان پێدەکرێت , کاتێک کە ناحەق باڵ دەکێشێت بەسەر بووندا , ئەسپەکان بۆجەنگ ئامادە دەکرێن (لاوتسی)

هەر کەس عەقڵی خۆی لە لا پەسەندە فائیدەی نییە ئەم بەند و پەندە . (پیرەمێرد)

خۆ من قەڵەم و زمانم سوا هیچم پێ نەکرا و خستمە دەست خوا . (پیرەمێرد)

ئەوانەی دەوڵەت بە هیچ ناگرن بە مەردی ترِی دنیا دەبرِن . (پیرەمێرد)

قەت نوقلانەی بەد لە دەستت مەدە بەدی هاتنی لە سەدا سەدە !! (پیرەمێرد)

ئەو خودا پەرستەی کە هەڵپەدەکات بۆ ناوبانگ و وازلەکۆمەڵ دەهێنێت , هیچ سودێک ناگەیەنێت بەخەڵک , بەڵام ئەو خوداپەرستانەی کەسانێکی کۆمەڵایەتین ئەوانە خودا پەرستی راستین (کۆنفۆشیوس )

ئەوە بەس نیە ئەوەی لە دەستماندایە یەکەم کەسبین لەجەنگدا بەکاری بهێنین , بەڵکو پێویستە ئەوە لەدەستماندابێت کەدوایەمین کەسبین لە جەنگدا بەکاری بهێنین , پێویستە ئەو دوایەمینە لە دەست ئێمەدا بێت نەک لەدەست دوژمنەکانماندا , هەرکەس بن و هەرچۆنێکبن (پەندێکی صینی)

زاتی خوداوەند ئەم بونەیە کە پێشتر هیچ بونێکی تر نەبوە لەپێشیدا و بونیشی کۆتایی نیە , بونیش بەبێ بونی ئەو بونی نیە , ئەو تاک وتەنهایە و گەورەترین سیفەتیشی تەنهاییە , لە هەمووکارەکانیشیدا هەرتەنهایە , وەهیچ سیفاتێکی زیادبونی تێدانیە چونکە نەشێوەیە



Scanned with CamScanner

نەهەیکەلە , واتە ئەزلیە و بونێک نیە لەوپێشتر , ئەم خوداوەندە ناجوڵێت و زەمەنیش نیە , چونکە خۆی زەمەن بەڵگەیە بۆجوڵە , بەمەش بونی هەمیشەیی و ئەزەلی یەکێکە لە تایبەتمەندی و داهێنراوەکانی خۆی , هەرخۆشی کارزان و کردەی هەمووشتێکە و هەرخۆشی ئاگاداریانە (کەنەدی)

پێویستە سەربەستی بونی بەپێی پێویست بێت تا بتوانرێت پارێزگاری لێ بکرێت , بەهۆی رێگاکانی سەلماندن و نەهی کردن و چاک و خراپ کە لەرێگای خۆیەوە زیادەرەوی لەخۆی دەکات , ئەم سەربەستیە کەمێک لە سەربەستیەکەی پێشوتری جیاواز دەبێت , هەروەک چۆن ناوپێویستە بۆمرۆڤ , لەغیابی مرۆڤ دا ناوهیچ گرنگی نیە , بەمەش سەربەستی یان فیکر ئەوبەهایەی نیە گەر بەپێی ئەنجامی ئەو هەوڵە نەبێت کە لەدنیای راستیدایە (هیگل)

سەربەستی بریتیە لەکۆمەڵێک هەوڵدان کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت بۆسودوەرگرتن لە یاساکانی سروشت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی (مارکس)

سەربەستی مرۆڤ پەیوەندی بەوکارانەوە نیە کە مرۆڤ بەئیرادەی خۆی پێی هەڵدەستێت , بەڵام سەربەستی سەرچاوەی گرتووە لەوکۆمەڵە هەڵسوکەوتە ئەقڵانیە کەلەگەڵ ئیرادەو فیکردا دەگونجێت (هیگل)

هەرچی وەک سرکە توند بێ و پڕ لە با بیکەیتە شووشەیش ئاخری شەق ئەبا . (پیرەمێرد)

خۆ ئەگەر ژێر پێی یەکتر بتاشین دەستیشمان بگرن هەروا لە پاشین . (پیرەمێرد)

من خۆم پەروەردەی دەهۆڵ و زوڕنام لە ئینجە سازی دنیا تەوەلام . (پیرەمێرد)

ئەقڵ حوکمی مێژوو دەکات , مێژووش بەپێک هاتەو ناوەرۆکیەوە لەمێژووی کۆمەڵەبیرێک زیاترنیە , کاتێک تاکەکان هەوڵی شۆرشێک دەدەن لەجیهانی بیردا , ئەوکاتە ئەوحەقیقەتەی بونی هەیە , نەدەتوانرێت لەڕوویاندا بووەستێت یان بێدەنگ بێت لەئاستیاندا (هیگل)

فەلسەفە زانستێکی تیوریە بۆمەبدەئو هۆکارەسەرەتایەکان (ئەرستو)

ژیان شایانی باسکردن نابێت گەر بەگفتوگۆ و مشتومڕبەرەنگاری نەبینەوە , لە بەرئەوەش راستی ئەرکی هەمووکەسێکە بیدرکێنێ , ئەرکیشە لەسەریان کەهەموو رێزی ئەو بیرورایە بگرن کەبەشوێن راستیدا دەگەڕێت (سوقرات)



Scanned with CamScanner

شانۆگەریە سەرکەوتومکان شایەنی ئەومن کە ومک کاتدرائیەکان وابن کە لالەلایەن بنیاتنەرمکانیانەوە ئیمزا ناکرێن . (جان جیرۆدۆ)

جیهان شانۆیەکە کە هەریەکێک تیایا دەوری خۆی دەبینێ و کرێی خۆی ومر دەگرێ . (یۆستفان دنفۆندێل)

لەکۆتایی دنیادا کۆمەڵێک خەڵک دەبن کە لەسەرکورسی دانیشتون و بەخێرایی دەچن بورەو شانشینێکی تر ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەوشانۆیەی کەتیایدا دادەنیشین دووربێ لەشانشینی بیرەوە . (لویس جوفنی)

شانۆ بەتەنها ومک دادگای تاوانەکان دەتوانێ ئەوشێوازەت بداتێ کەلەسەری رێکەوتون . (ئەندرێ مارلۆ)

چونە ناوشانۆوە لەکاتێکدا ئەکتەر دەوری خۆی دەبینێ ومکو ئەوە وایە کە دەست بخەیتە سەرشانی وێنەکێشێک لەکاتێکدا کە ئەو سەرقاڵی تابلۆیەکی هونەریە . (ساس گیتری)

ئەو شانۆیەی کەبەشێوەیەکی ڕاست ئاراستە کحراوە ، دەبێ ببێتە فێرگەیەکی ڕەوشتی کەچی ئەمڕۆ لەم قسەیەش شەرمەزارم وادیارە تەنا بۆ خۆشی و ڕابواردن بۆی دەچین . (شریدان)

لاوان پێیان وایە کە هیچ شتێک لەنوسنی شانۆگەری ئاسانتر نیە ئەمە ڕاستە ، بەڵام لەسەرکەوتن زەحمەت ترە . (کابوس)

هونەری ووشەکان هونەری دروستکردنی هونەریە . (ئۆتۆ ڕانک)

هەموو تراژیدیایەک بەناخۆشیەک کۆتایی دێ و هەموو کۆمیدیایەکیش بەزەماوەند . (لۆرد بایرۆن)

جلێک هەیە بۆ ڕۆمان هەرومک چۆن جل هەیە بۆ پۆشاک . (جۆن دراینین)

ئەگەر بتەوێ سەرکەوتوبی ئەبێ وێنەکێش بیت ، ئەگەر بشتەوێ ئازار بچێژیت ئەبێ شاعیر بیت ، بەیەکگرتنی وێنە جرتن و دەروون دەتوانین کە جوانترین هونەری زیندووی تەواو درووست بکەین کە ئەویش شانۆیە . (هینری باتلی)



Scanned with CamScanner

لەشانۆدا : باش گوێ بگرن ، مەکۆکن و هەوڵ بدەن کە کەمێک تێ بگەن ، چونکە ئەوەی کە لێی تێ ناگەن ئەوەجوانترە ، ئەوەش کەبەلاتانەوە درێژە ئەوە ووروژێنەرترە ، ئەوەشی کە بەخۆشی نازانن ئەوە بەتامترو سەیرترە . (پۆڵ کلۆدین)

کۆمیدیا بۆئەوە دێتە کایەوە تابەرگری لەئەقڵ و باشی تێگەیشتن و چاکسازی و هەق بکات . (جۆرج میریدیت)

شانۆ جێیەک نیە بۆ تێ ڕامانی بەئازار بەڵکو جێیەکە بۆ پێشکەش کردنی دیمەنە خۆشەکان . (هنکن)

ئەکتەر پەیکەر تاشێکە کە لەسەهۆڵ پەیکەر دەتاشێ . (لۆرانیس باریت)

کەس دەست وەرنەداتە ئەکتەرەکانەوە ، چونکە ئەوان لەچێنێکی شانسدارن . (سێرڤانتس)

ئەگەر کەسێتیەکی نوێت وەرگرتبوو ئەوا تاکۆتایی بیپارێزە هەروەک لەسەرەتادا و هاوئاهەنگ لەگەڵ خۆیدا . (هۆراس)

بەشی یەکەم جێی گومانە ، بەڵام بەشی کۆتایی ئەوەیە کە ڕۆمانەکە ڕێنمای بۆ دەکا (ڕۆبەرت هیریک)

جیهان شانۆیەکی گەورەیە و زەویش تەختەکەیتی و خوداو سروشتیش پڕیان کردووە لەئەکتەر (تۆماس هیود)

ئەوەی کەناچێ بۆ شانۆ وەک ئەوە وایە کە بەبێ ئاوێنە خۆی جوان کا . (شۆپنهاوەر)

گرنگترین شت لەهوو دانانی شانۆیدا بنیات نانی ڕوداوەکانە ، مەبەستم لەڕوداوەکانی مرۆڤ نیە ، بەڵکو ڕوداوەکانی بابەت (کردار) و ڕوداوەکانی ژیانە . (ئەرستۆ)

بێ پایان ترین کاری خێر بریتیە لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیەی کەئەقڵ دەبەستێتەوە بەسروشتەوە, چەندەئەقڵ تواناى زانینی فراوان بێت, ئەوەندە تێگەیشتنی لەمەرامەکانی و مەرامەکانی سروشت فراوان تر و باش تر دەبێت .. دواتریش دەگاتە ئەوتوانایەی کەدەرووەنی ڕزگاربکات لەوشتانەی کەرێگای چارەسەریان وونکردووە . (سسبینوزا)



Scanned with CamScanner

ناگونجێت ئەوانەی قانون دادەنێن حوکم بکەن و ئەوانەشی حوکم دەکەن قانون دابنێن، چونکە گەر دەسەڵات و سوڵتە بوونە هۆکار بۆ بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکان و فەرمان دان، ئەوا یاسا دەبێتە خزمەتکاری حەزو ئارەزوو، بەرژەوەندییە گشتییەکانیش وەلا دەنرێن. (رۆسۆ)

گەورەترین کاری دەوڵەت بریتیە لە ئازاد کردنی دانیشتوان لەترس و دودڵی، تا بتوانن لە باردوۆخێکی ئارام جێگیردا بەسەربەستی کاربکات. دەوڵەت مافی ئەوەی نییە دەسەڵات بەسەر هاوڵاتیاندا بسەپێنێت و دودڵی و نائارامی لەدەرونیاندا بچێنێت و بەویست و بەرژەوەندی خۆی کاریان پێبکات.پێویستە مەرامی دەوڵەت بریتیبێت لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا و سەربەست کردنیان لە بیرکردنەوە و رادەربریندا. بەواتایەکی تر، کاری دوڵەت بریتیە لە گەشە پێدانی ئازادی و سەربەستی لەنێو کۆمەڵدا. (سبینوزا)

لە دەروونمدا لەبارەی خوداوەندەوە خاوەنی بیرێکم کە سنووری نییە، نەمر و جێگیر گۆڕانی بۆ نییە، ئەو خوداوەندە زانایە بە هەموو کارێک، من و هەموو بوونەوەرەکانی تری ئەم سەرزەویەش دروستکراوی ئەوین. ئایا قبوڵە ئەم سیفەتە گەورە نەگۆڕاوانە کە لەبیرم دان لە سروشتێکی ناتەواو سەرچاوە بگرێ؟ بێگومان نەخێر! چونکە ئەو بیرکردنەوە و بۆچوونەم لە دەورنی خۆم و ئەو ئەو راستییەوە دۆزییەوە کە لە دەرەوەی ئەقڵ و ناخمدان. بەمەش دان بەوەدا دەنێم کە یەزدان تاک و تەنهایە خالقی هەموو بوونەوەرە (دیکارت)

گەر بەشوێن ئەو پەیڕەو پرۆگرامەدا بگەڕێین کە خێرو خۆشی بۆ گشت کەسێک دێنێتە بوون، دەبینین ناوەڕۆکی ئەو پرۆگرامە لە دوو جەوهەری پیرۆز پێک دێت: سەربەستی و یەکسانی (سارتر)

لە گرنگترین ئەو وجودیەتانەی ساتەری پێناسراوە ئەمانەن: پشت نا بەستێت بە بوون و نەبوونی خودا و فەلسەفەکانی دژی شویعیەت و مادیەتن. پێشی وایە چارەنووسی مرۆڤ بە مرۆڤ خۆیەتی، مرۆڤیش بوونی خۆی بە کارەکانی خۆی دەسەلمێنێت، مافی ئەوەشی هەیە بە پێی حەزو ئارەزووەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکات بەمەرجێ خۆی بەرپرسی هەرکاردانەوەیەکە لەو حەزوئارەزووانەوە دەربچێ. ئەمەش نابێتە ئایدیای فەلسەفەی بێ دەسەلات یان بێ هیوایی، بەڵکو نمایشی ئەو هیواو حەزو کۆڵنەدانە دەکات کە لە فیکری کرۆڤدا رەگیان داکوتاوە (سارتر)

ئەگەر وویستت دەوڵەمەند بیت شتی ژنانە بفرۆشە . (هەژار موکریانی)



Scanned with CamScanner

گرنگترین مامۆستا ڕۆژگاره . (هەژار موکریانی)

چایخانە چاکترین پەناگەی بێ ئیشانە . (هەژار موکریانی)

شارەزای و بلیمەتی ئەدیسۆن لەوەدا نەبوو کە کارەبایی دۆزیەوە بەڵکو گرنگ لەوەدابوو کە کۆڵی نەدا . (هەژار موکریانی)

ژیان تێکۆشانە لە پێناوی ئامانجدا . (هەژار موکریانی)

ئەگەر خراپە نەبێ چاکە درووست نابێ . (هەژار موکریانی)

هەر کەمتەرخەمییەک لە سەربەستیدا بەتەنها ئەو باڵی ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکەن, بەڵکو دەوڵەتیش بەرپرسە لەو کەمتەرخەمییە. یەکسانیش بەبێ سەربەستی هیچ وجودێکی نییە. (سارتر)

ئەوەی ناخی منی ئاسوودە کردووە ئەو سیفەتەی خودایە کەپێویستی بەهیچ کەس نییە. ئەوەشی کە دەبێتە هۆی نزیک بوونەوەی مرۆڤ لە خوداوەند, ئەوەیە مرۆڤ هەمیسشە پێویستی زۆری بە کەسانی دەوروبەر نەبێت. (سوقرات)

خوێنەر بەخشکی هەمان سود وەردەگرێ کە نوسەر لە نوسراوی خۆی کردویەتی . (کریستیان برنارد)

هەمیشە بڵێ هۆش و خیرەتی بێ سنوری من ڕێگای ژیان پێشان دەدات . (گوتە)

هیچ کات خۆت بەهۆشترو گەورەتر لە کەسانی تر مەزانە هەرگیز لە کەسانی تر عەیبە دەرمەهێنە (گوتە)

باش گوێ گرتن لەڕستی دا هونەرە . (گوتە)

ڕاوێژ هونەرێکە کەتۆ بە یارمەتی ئەو هونەرەوە ئەتوانی هەموان بۆ هاوکاریکردنی خۆت وا دار کەیت . (دیل کارنگی)

هونەری گوێ گرتن زیاد بکەن بوارەکان هەندێ جار بە هێواشی لە دەرگا دەدەن . (دیل

کارنگی)

دۆستانی ڕاستە قینەی تۆ ، کەسانێکن کتێب ئەنوسن ، بەدبەختی یە هەرچی زۆرتر کتێب بخوێنێتەوە ، دوژمنانت زۆرتر دەبن .
هانری دورن بە (دیل کارنگی)

هونەر مەند کەسێکە کە ئێمە لە ڕابردو ئایندەدا بەکاتی ئێستا دەربهێنێ .

دەست نیشان کردنی عەیبەی خۆت زۆر باشترە لە بینینی هونەری خۆت . (دیل کارنگی)

خوێنەری چاک ئەتوانێ لە سالێک دا لە ڕۆژ نامەکاندا زۆرتر لەو شتە بەسودانە بخوێنێتەوە و فێرببێ کە زانا گەورەکان لە کتێبخانەکانی خۆیاندا فێری دەبن . (سبزن)

کەسی تەنها ئەگەر لە بەهەشت یشدا بێت بە لایەوە خۆش نی یە . بەڵام کەسێ کە کتێب دەخوێنێتەوە یان توێژینەوە دەربارەی ئەو کتێبە و ناوەرۆکەکەی دەکات و سەرگەرم دەبێ دۆزەخی تەنیایی بە لایەوە چاکترین بە هەشتەکانە . (متر لینگ)

پاش کتێبی ئاسمانی شەریف ترین و بەسود ترین کتێبەکان بیوگرافی و شەرحی حاڵە (ئاندرە موروا)

تۆ لە یەک شەودا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە ، بەڵام تەواوی موی سەرم سپی کردوە لە پێناوی نوسینیدا (منتکیو)

ئەو شتانەی کەمن حەزم لە زانی نیانە، لە کتێب دایە وە چاکترین هاوڕێ ی من ئەو کەسەیە کتێبێک بەمن دەدا، کەئەم خوێندبێتەوە . (ئابرهام لینکلن)

ڕاست گۆترین ، بەسود ترین و هەمیشەی ترین هاوڕێ ، بۆ هەمو کەس کتێبە (کارک تواین)

ستونی پێشکەوتنی سەدەی بیستەم کتێب و چاپەمەنییەکانە . (روزولت)

خوێندن و کار نەکردن وەکو کێڵاندن و تۆو نەوەشاندنە . (ڤیکتۆر هۆگۆ)



Scanned with CamScanner

خۆش بەخت کەسێکە بە یەکێ لەم دو شتە دەستی دەگا یا کتێبە چاکەکان وەیان هاوڕێ یانێ کە ئەهلی کتێبن . (ڤیکتۆر هۆگۆ)

هەرگیز کتێب بە ئەمانەت نەدەیت بەکەس ئەگەر بڕوای تەوایشت پێیان هەبێت، لە کتێبخانەکەی من دا تەنها ئەو کتێبانەی تێدایە کە لە خەڵکی بە ئەمانەت وەرم گرتوە . (ئاناتول فرانس)

یەک سەعات تەمەنی ڕابردو بەهیچ نرخێک ناتوانی بیگێڕتەوە بەڵام بەدانی چەند پارە و پولێکی بێ نرخ ئەتوانی ئەزمونەکانی تەواوی تەمەنی گەورەترین عاقڵانی جیهان کۆنترۆڵ بکەیت . (منتسکیو)

ئەگەر ئەزمونەکانی ڕابردو وە کەسە ڕابردوەکان ، بە کار بهێنین وەک و ئەوە وایە دوجار تەمەن بکەین . (محمد حجازی)

چ پێویست دەکات ماوەی کاتەکانی خۆت بۆتاقی کردنەوەی ڕوداوەکان بە هەدەر بدەیت دیدگای ئەو هەزار ڕوداوەی کەسانی تر کە ڕوی داوە ئەزمونەکانی خۆیان پێ کامڵ کردووە . ئایا چاکتر نی یە کورتەی ئەزمونەکانی ئەوان لە ژیاندا بکەیتە سەر مەشق . (ڤلترا)

ئەوەی لە یەک شەوی نمایش دا فێری دەبین بەرهەمی کتێبە . (ڤلترا)

شکۆداری پیاوانی گەورە لە شێوازی ڕەفتاریاندا لە گەڵ پیاوانی بچوک دا دەردەکەوێت (کاریلا)

هەمو نوسەرو شاعیرێ ئەتوانێ بە بابەتەکانیاندا بیان ناسیتەوە (سولژ نیتسین)

سەرەتا مێژوی سەر زەمینی خۆت بزانە، پاشان مێژوی خەڵکی بخوێنە . (فرانتس فانون)

ئەوەی بیستوتە و بینیوتە و خوێندوتەوە ، هیچ شتێکی قەبوڵ مەکە مەگەر ئەو کاتەی ڕاستی و دروستی یەکانیانت بۆڕون بێتەوە (دیکارت)

مێژو نوسین کارێکی ئەوپەڕی سەخت و دژوارە چونکە هەرگیز ناتوانی لە ڕاستی باس و خواس و ڕوداوەکان ئاگادار بی ، هەرچی سەرچاوە زۆرتر دەبن سەرگەردانی مێژو نوس زۆرتر دەبێ . (ئاناتول فرانس)



Scanned with CamScanner

ئەو کامڵیەی لە پشت تواناکانمانەوەیە، مانای کۆتایی هەموو شتێک دەگەیەنێت، ئێمەش لەم گەشتە دورودرێژەی ژیاندا هەمیشە هەوڵدانمانە بۆ نزیک بوونەوە لەو کامڵیە، بەڵام ئەو کامڵیە بەئەندازەی هەوڵدانمان بۆ نزیک بوونەوەلێی لێمان دووردەکەوێتەوە. ئێمە لەسەرو ئەوەشە کە شارەزاین بە ژیان و نامۆنین بە زانایی، توانامان نییە نهێنیەکانی ژیان بزانین، بەڵام توانای داهێناو بنیاتنانمان هەیە چونکە سروشتی خودامان تێدایە. (گاغوت)

فەلسەفە رێگەیەکی دووری بری تا گەیشت بەم کاروانەی ئەمرۆ، چونکە پێویستی بە کێڵگەیەک بوو کە تێیدا سەوز ببێت. هەڵەی فەیلەسوفەکان لەوەدایە کاتێکی زۆری خۆیان بەفیرۆداوە لە رێگە تیۆرییەکاندا و تێبینیەکی کەمیان لە بابەتە زانستییەکان وەرگرتووە. چونکە فیکر پێویستە یەکسان بێت لەگەڵ ئەو پێویستیانەی کە هاوتایان نییە. (بیکۆن)

کامڵی رەها، لە مرۆڤ و کاروباری مرۆڤدا مەحاڵە بوونی هەبێت، بەڵام هەوڵ دان لە پێناوی ئەم کامڵیەدا کارێکی پیرۆزە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بەربەرەکانی کامڵیەت بکەن. (محمد حسنین هیکل)

جوگرافیا سێبەری خودایە لەسەر زەوی، مێژوویش سێبەری مرۆڤە لەسەر سروشت. لەنێوەندی ئەم دوانەشدا هەموو مرۆڤەکان ئەزموونی خۆیان تاقیدەکەنەوە و هەوڵ دەدەن بە گەورووی زەمەندا بچنە خوارەوە(محمد حسنین هیکل)

پێوەر و پێوەری هەڵسەنگاندنی هەموو مرۆڤێک جودا لە مرۆڤێکی تر، چونکە حەقیقەتی مرۆڤایەتیش پێک نەهاتووە لە ڕوویەک بەڵکو چەندەها ڕووی تری لەخۆی گرتووە (محمد حسنین هیکل)

هێزی سیایی پشتی دەوڵەتە نەک هێزی چەکداری. (محمد حسنین هیکل)

پەرتووک، هەروەک لە سەردەمانی پێشوەوە ناوبانگی دەرکردووە، کانگای پێش بینی و ئەزموونەکانە. (محمد حسنین هیکل)

دیکتاتۆریەت هەڕەشە لە توانای مرۆڤ دەکات بۆ کۆت و بەند کردنی فیکر و بیری. (محمد حسنین هیکل)

بە دەستێک چەپڵە لێ نادرێ.( واتە هەموو کارێک دەبێ هەوڵ و ماندووبوونی تەواوی لەگەڵ بدرێت نەوەکو بە گاڵتەجاڕی بەرەو پیرییەوە بچیت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)



Scanned with CamScanner

بەدەستی خەڵک مار ئەگرێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە خەڵکی هانبدات کارێکی بۆ بکەن کە خۆی نەوێرێت ئەو کارە بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

برامان برایی کیسەمان جیایی ( واتە لەهەموو کارێکدا حەقی خۆی پێ بدە ، برادەرایەتی و هاورێیەتی مەخوێنەرەوە بۆ ئەوەی ڕوو سوور بیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

زۆر جڵە و بۆ تورەیی شل مەکە .( بە کەسێک ئەوترێت کە خەریک بێ تورە ببێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

خنجەر کالانی خۆی نابڕێ .( وەکو پەندی – تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە وایە ، هیچ گەورەیەک بچوکی خۆی لەناو نابات ) (پەندی پێشینانی کـوردی)

ستراتیجیەتی نەتەوە بواری گۆڕانکاری تێدا نییە. ئەوی قابیلی گۆڕانکارییە ئەو هۆکاری پاڵ پێوەنەرەیە بۆ بەدی هێنانی مەبەستەکان. نەک بەدی هێنانی هەوڵەکان بێت بە مەبەستەکان. (محمد حسنین هیگڵ)

شۆڕش گێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە توانای ناسینەوەی حاڵەتەکانی شۆڕشی هەیە و دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخی شۆڕشدا. کەسانی شۆڕش گێڕیش پێناسە و ناسنامەی هێز و جووڵەی شۆڕشن. (محمد حسنین هیگڵ)

هەوڵ و ماندوبوون و کۆڵنەدانی مرۆڤ ئەو کاتە جەوهەرەکەی دەردەکەوێت کە هەوڵی زیندەبەچاڵ کردنی ئەو سیفەتانە دەدرێت. (محمد حسنین هیگڵ)

ئاشتی داوایەکی جێگیر و نەگۆڕی کۆمەڵگەیە و پەیوەستە بە شەرعیەتی سوڵتە و مافی هاوڵاتیان و یەکسانی نێوانیان. (محمد حسنین هیگڵ)

مافەکانی تاکەکەس لە ئەمرۆدا تەنها لە ڕادەربڕین و یاسادا خۆی نابینێتەوە. بەڵکۆ ئەمڕۆ تاکەکەس مافی ئەوەی هەیە بەرێگەیەکی شیاو فێری زانست بکرێت و لایەنی تەندروستی و رۆشنبیری و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەشی بۆ دابین بکرێت. لەسەرو ئەمانەشەوە تاکەکەس ئەمڕۆ مافی خۆش گوزەرانی هەیە. (محمد حسنین هیگڵ)

هەمیشە و لە هەموو شتێکدا بهێڵە با ڕێز (حورمەت) هەبێت . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

پیاوی بەرز تێدەگات چی راستە ، پیاوی ژێردەست تێدەگات چی نەفرۆشرێت . (کۆنفۆ شیوس)

هەرگیز دوودڵ مەبە لەوەی کە پرسیار لە کەسێکی کەمتر (بچووکتر) بکەیت . (کۆنفۆ شیوس)

بێ عەقڵێک رقی لە راوێژکاری باش دەبێتەوە ، بەلأم پیاوی ژیر نەیخاتە دڵەوە . (کۆنفۆ شیوس)

پیاو بەرز سەغڵەتە بە سنووورداربوونی تواناکانی خۆیەوە ، ئەو سەغڵەت نی یە بەو راستی یەی پیاوان (خەڵکان) تواناکەی ناناسن. (کۆنفۆ شیوس)

حکومەتێکی زۆردار زیاتر ئەبێت لێی بترسرێت تا پڵنگێک . (کۆنفۆ شیوس)

خەڵکانێک کە چاکەکارن (سیفەت باشن) پێویستە قسە بکەن ، خەڵکانێک کە قسە دەکەن هەموو بەڕەوشت نین . (کۆنفۆ شیوس)

لە دراوسێیەتی دا ، خێر (چاکە) جوانترینە . چۆن پیاو نەتوانرێ بە ژیر دابنرێت کاتێک کە جێگیر نەبێ لەسەر خێر کاتێک کە توانای هەڵبژاردنی هەبوو . (کۆنفۆ شیوس)

دەوڵەمەندی و پلەوپایە ئەوانەن کە خەڵک ئارەزووی دەکەن ، بەلأم ئەگەر لە رێگەی راستەوە بەدەست نەیەن لەوانەیە دەست نەکەون (لەوانەیە نەبین بە خاوەنیان) . (کۆنفۆ شیوس)

گەنجێک ئەبێت بە رێزەوە تەماشا بکرێت . چۆن ئەزانیت کە ئایندەی ئەو یەکسان نابێت بە ئێستای ئێمە؟ (کۆنفۆ شیوس)

ئەگەر چەندین ساڵ زیاد بکرایە بۆ ژیانم ، پەنجام (پەنجا ساڵم) دەدا بۆ خوێندنی کتێبی گۆڕانەکان و لەوانەیە بەوجۆرە بتوانم خۆم بەدوور بگرم لە هەڵە گەورەکان . (کۆنفۆ شیوس)

بەبێ زانینی هێزی ووشەکان ، مەحاڵە زانینی (ناسینی) پیاوان . (کۆنفۆ شیوس)

«چی ون زو» هەمووکات سێ جار بیری دەکردەوە پێش ئەوەی دەست بەکاربێت . دووجار (بیرکردنەوە) زۆریش بەس دەبوو .



Scanned with CamScanner

هەرگیز مەگەڕێ بەدوای سامانی ناڕەوادا . (کۆنفۆ شیوس)

چەرخی بەخت بە بەردەوامی دەسوڕێتەوە (لە سورانەوەدایە) ، وە کێ ئەتوانێت بەخۆی بڵێت ، «من ئەمڕۆ ئەبێت بەرزترین بم «(کۆنفۆ شیوس)

پیاوی بەرز بەس پتەو نی یە ، بەڵکو پتەوە بە شێوەیەکی راست . (کۆنفۆ شیوس)

ئەو کەسەی کە بەراستی مێشکی لەسەر رەوشت بەرزی داناوە هیچ کارێکی خراپە ئەنجام نادات . (کۆنفۆ شیوس)

رەوشت بەرزی قەدی بەهێزی سروشتی پیاوە ، وە مۆسیقا گوڵی رەوشت بەرزی یە. (کۆنفۆ شیوس)

تەمەنی دایک و باوک دەبێت لەبیربێت (بیربکرێتەوە) ، هەردوو بۆ خۆشی و دڵەڕاوکێ . (کۆنفۆ شیوس)

تا ئەو کاتە برنجم هەیە بۆ خواردن, وە ئاوی پاکم هەیە بۆ خواردنەوە ، من دەتوانم شادی بدۆزمەوە لەناخمدا . (کۆنفۆ شیوس)

پەیوەندی سەروەت وسامان بەهێزەوە پەیوەندیەکی ئاڵۆزە , چونکە سەروەت وسامان لەسنوری خۆیدا هیچ مانایەکی هێزی تێدانیە , هۆی ئەمەش ئەوەیە سەروەت وسامان زیاد دەکات بێ ئەوەی هیچ هێزێکی پێویست بێت , هێزیش پێک هاتووە لەکۆمەڵێ لایەن : قەبارە لەمرۆڤ سەرچاوەدا , بەمەش پێکهاتەیەک لەیەکگرتنیان دروست دەبێت و گەشەدەکات بنەمایەکی کۆمەڵایەتی کامڵ پێک دەهێنن کەبەهاوپاساو پەیڕەوی خۆی هەیە لەرێگەی شوێن کەوتنەکانیەوە یان لەرێگەی چەک یان دەستێکی باڵا هێزی خۆی دەردەبڕێت (محمد حسنین هیگڵ)

مەترسیدارترین خاڵ لەژیانی هەرکیانێکی سیاسی دا ئەوساتەیە کەبریاری روبەروبونەوەی واقع دەدات , بەم بڕیارەش دەچێتە جەنگێکەوە کەیان دەبێت لێی رزگاربێت یان لەناویدا تیابچێت (محمد حسنین هیگڵ)

نەرم و نیانی لەسیاسەتدا , دەبێتە هۆی ئامادەبون و گونجاندن لەگەڵ گوڕانکاریە خێراکاندا (محمد حسنین هیگڵ)



Scanned with CamScanner

ووتەی سەربەست تواناکەی لەئامادەبوون بۆ بەرپرسیارێتی بەوەسەرچاوە دەگرێت , هەرکاتێک بەرپرسیارێتی نەما سەربەستی هیچ بەهایەکی نامێنێت , بەمەش ووتەدەکەوێتە پەناگەیەکی ساکارەوە ومەترسیدارە , هەرئەو ووتەیەش بەهای زێڕی هەیە (محمد حسنین هیگل)

مشتومڕی سیاسی توانای وێنەدانەوەی نیە لەنێوئەندامەکانیدا تاهاوسەنگی ڕاستی و هێز لەنێو ئەوسیاسەتمەدارانەدا نەبێت کەلەسەرمێزی مشتومڕدانیشتون (محمد حسنین هیگل)

بنەمای ڕاستی هێز بەتەنها جڵەوی هەموو ڕێکەوتن دەگرێتە دەست (محمد حسنین هیگل)

ئەوەی خاوەنی هێزبێت , خاوەنی ڕاستیشە , ئەوکەسانەش سەرکەوتن بەدەست کە دەهێنن هەرخۆیان دروست کارو نوسەری مێژوون (محمد حسنین هیگل)

جیهانی دەوڵەتە سیاسیەکان وەک جیهانی زەریا و دەریاکان وایە, ئەوەی لەم جیهانەدا دەژی هەموو لە یەک چاوگدا کۆبونەتەوە و پێکەوە مەلەدەکەن. بەڵام ئەو ئەوانەی بچووک و کەم دەسەڵاتن لەم جیهانەدا وە ئەو ماسیە بچوکانەن کە هەمیشە ژیانیان لە مەترسیدایە, چونکە ئەو حوتانەی کە لە نزیکیانەوە ژیان بەسەر دەبەن مانای ئەخلاق و یاساو سنووری دەریا نازانن. (محمد حسنین هیگل)

هەموو هێز و توانایەک یاسای تایبەتی خۆی هەیە, مەبەستی سەرەکی هەر هێزێکیش سەرەتا هێنانەدی مەبەستەکانیەتی بەهەر هۆکارێک بێت. (محمد حسنین هیگل)

هەستی ڕق و بێزاری, دوو بەربەرچدانەوەی ترسناکن لە بواری سیاسەتدا, لە سیاسەتدا توانامن نییە بەم دوو هەستە بڕیارەکان یەک لایی بکەینەوە, بەڵام گەر بەرژەوەندییەکانمان ناچارمان بکەن ئەوا گوێ بەهیچ هۆکارێکی دیکە نادەین. (محمد حسنین هیگل)

شۆڕش بە سروشتی خۆی ڕووداوێکی لەپڕە, لەوکاتەدا کە شۆڕش دەبێتە دروست بوونی دەوڵەت, پێویستە ئەوکەسانەی پێشتر لەگەڵ شۆڕشدا مامەڵەیان کردبوو سەرلەنوێ چاوێک بخشێننەوە بە بارودۆخ و بابەتەکاندا و لەوە تێبگەن کە یاسایەکی نوێ هەیە توانای هەیە بە زەبری هێز بەسەر بارودۆخەکەدا خۆی زاڵ بکات. (محمد حسنین هیگل)

کورترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت, لە سەیرکردنی نەخشەوە دەست پێدەکات. (محمد حسنین هیگل)



Scanned with CamScanner

مێژووی هەمو نەتەوەیەک بریتیە لی هێڵێکی بەیەک گەیشتوو, جا پێدەچێت ئەو هێڵە تووشی خواربوونەوە و بەرزونزمی ببێت, بەڵان پچڕاندنی مەحاڵە. (محمد حسنین هیگڵ)

دەوڵەت دەتوانی پیاوچاک و پاڵەوان دروست بکات, بەڵام پیاوچاک و پاڵەوان ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن. (محمد حسنین هیگڵ)

سەدەی بیستەم گرنگترین سەدەی مێژووی مرۆڤایەتییە, بەڵام سەدەی شازدەهەمیش ترسناکترین پاشکۆی ئەم مێژووەیە. (محمد حسنین هیگڵ)

حەقیقەتی سیاسی جەوهەرێکی بەنرخە, چونکە لەبواری سیاسەتدا هیچ ڕاستییەک جێگیرنابێت تانەکەوێتە بواری ئەزموونگەرییەوە, ئەوکاتەش ئەو ڕاستییە کامڵ دەبێت کە بکەوێتە ژێر ئەزموونەوە. (محمد حسنین هیگڵ)

دەبێت خەونی دەوڵەت بەپێی ئاستی تواناکان بێت, گەرنا ئەوا خەونەکانی دەبنە دێوەزمە. (محمد حسنین هیگڵ)

هەموو تاریکی شەوەزەنگێک توانای کوژاندنەوەی ڕووناکی مۆمێکی نییە گەر ڕەشەبا هاوکاری نەکات. (محمد حسنین هیگڵ)

جەنگ لەدەوری بوارە سیاسیەکاندا دەسوڕێتەوە, نمایشەکانیشی بەتەنها دەچنە مەیدانی جەنگەوە. (محمد حسنین هیگڵ)

گرنگی دان بەسیاسەت بە کار بێت یان بە بیر, پێش وەخت پێویستی بە خوێنەنەوە و چاوپێداخشانی مێژوو هەیە, چونکە ئەوانەی شارەزاییان لەو ڕووداوانـەی پێش خۆیان ڕوویداوە پێش لەدایک بوونیان, مەحکوم کراون بەوەی هەتاهەتایە بەمنداڵی بمێننەوە. (محمد حسنین هیگڵ)

دەوڵەت قوربانی بۆئەوە نادات تاج بکاتە سەری گەورە و پێشەواکان, بەڵکۆ بۆ ڕۆژێکی لەمڕۆ باشتری قوربانی دەدا. (محمد حسنین هیگڵ)

گرنگ نییە مرۆڤێکی هۆشیار سیاسی بێت یان نا, بەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە ئەوکەسانە کە سیاسین دەبێت هۆشیار بن. (محمد حسنین هیگڵ)



Scanned with CamScanner

ئەو کۆمەڵگانە هەست بەبێ هیوایی دەکەن کە توانای بەسەردا زاڵ بوونی فەساد و کەندەڵیان نییە. (محمد حسنین هیگڵ)

کە جدەوڵەت پەنای بردە بە زەبروزەنگ، ئەوا باجی ئەو زەبروزەنگەی لە شەربعەتەکەی دەدات، کەی پەناشی بردە بەر تیرۆر و شەڕ و کوشتار ، ئەوا حوکمەکەی لەسەر پەتی مەرگ سەما دەکات. (محمد حسنین هیگڵ)

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە فیکر و هۆش لە گەشە کردنیاندا وەک هونەرێکن. واتە توانای دەربڕین و ڕەگ داکوتانیان نییە گەر پەرەیان پێنەدرێت. (محمد حسنین هیگڵ)

ئێمە خاوەنی چەندەها کتێب و ووتەین لەبارەی مرۆڤ و سەربەستی و ئازادییەوە و بەشێوەیەکی کامڵ لێیان دەدوێین. ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کاتێک مرۆڤ تەنای نابێت بەسەر شتێکدا زاڵ بێت ئەوا بە قسە و ووتە سەنگ بایی دەکات. (محمد حسنین هیگڵ)

گرفتی دیمکراتیەت لەدەوڵەتە عەرەبیەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو بانگەشەی دیمکراتی دەکەن بەڵام خۆیان دیمکراتی نین. (محمد حسنین هیگڵ)

دیمکراتی بەرهەمی ئەو بارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکریانەیە کە دروێنەی شۆڕشێکی کۆمەڵگەیی نەتەوە پێشکەوتووەکانن. (محمد حسنین هیگڵ)

ئەرکی هەر کەسێکی ئاسایی لە ژیاندا لەگەڵ تەمەنیدا کۆتایی دێت، بەڵام ڕۆڵی مێژوو دوای مردنی خاوەنەکەیشی هەر بەزیندویی دەمێنێتەوە. (محمد حسنین هیگڵ)

هیواو ئاواتی نەتەوە مۆمێک نیە لەبەر ڕەشەبایەکدا دانرابێت. (محمد حسنین هیگڵ)

لەبەرامبەر هەموو نەبونێکدا بوونێک هەیە. (محمد حسنین هیگڵ)

مەرامی باش هۆکاری خراپ بەدی ناهێنێت. (محمد حسنین هیگڵ)

ڕازیکردنی دوژمن نزیکترین ڕێکەیە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ. (محمد حسنین هیگڵ)

کوشتار قورسترین و ناهەموارترین و درێژترین ڕێگەی ژیانە. چونکە ئەوانەی پیادەی دەکەن



Scanned with CamScanner

کاتێک خوێنی کەسێک دەڕێژن هۆشیان دەمرێت، کە هۆشیشیان مرد ویژدانیان دەمرێت، دوای مردنی ویژدانیش ڕۆشنبیری دەمرێت، کە ڕۆشنبیریش مرد ئەوکاتە مرۆڤ وەک ئەو وەحشەی لێدێت کە لە ئەشکەوتێکی تاریکدا دەژی و هێرش بۆ هەموو ڕووناکیەک دەبات. (محمد حسنین هیگڵ)

ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە خەمی لە کەسانی ئاسایی زیاترە، ئەو شتانەشی کە بەلایەوە گرنگن سنووری بەرژەوندیە خودیەکان دەبەزێنێت، بەمەش هەست بەخەمی کەسانی تر دەکات و لەو فاف و حەقانەیان ئاگاداریان دەکاتەوە کە خۆیان کوێر بوون لە ئاستیدا. (محمد حسنین هیگڵ)

هەموو کەسێک لەکۆتایدا پێش بینیەکی هەیە ومەحکوم کراوە بەپێی ڕۆشنبیری و فیکر وژینگەکەی , ناگونجێت مرۆڤێک خاوەنی پێشبینی نەبێت (محمد حسنین هیگڵ)

هیچ سیاسەتمەدارێک تاسەرنیە , سیاسەتمەداری راستی ئەوکەسەیە کەدەزانێت کەی ڕۆحی دێتە پێشەوە وکەی بەرژەوەندی کۆتای پێ دێت , سیاسەتمەدار پێویستە پێش ئەوەی لەناوی ببەن خۆی خۆی دەست لەکاربکێشێتەوە , ئەمەش ژیرترین بڕیارە کەسیاسەتمەدار پێی هەڵبسێت , هەرسیاسەتمەدارێکیش نێربێت یان مێ پێوانەی سوڵتەکەی پێوانەی کارەکەی پەیوەستە بەرازی بونی خەڵکیەوە , پێویستە ئەوەش بزانێت لەچ کاتێکدا شانۆی دەوڵەت بەجێ دەهێڵێت , گەر نائەوا توشی کارەساتێکی سەرسامی دەبێت وخەڵک بەدەستی خۆیان لەسەرشانۆکە کۆت وبەندی دەکەن وفرێی دەدەنەخوارەوە (محمد حسنین هیگڵ)

تەنها ئەو کەسە کە خاوەنی گەنجی یە، لە ئاییندە سودمەند دەبێت (ئاییندەی دەست دەکەوێت). (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەوانەی کە ئەیانەوێت بژین، بهێڵە با بجەنگن، وە ئەوانەشی کە نایانەوێت بجەنگن لەم جیهانە هەمیشە کێشمەکێشەدا شیاوی ئەوەنین کە بژین . (ئەدۆڵف هیتلەر)

نابینم (تێناگەم) بۆچی نابێت پیاوەکانم هەر هێندەی سروشت بێ بەزەیی بن (بەدکار،دڕندە) . (ئەدۆڵف هیتلەر)

من سۆز بەکاردەهێنم بۆ زۆرێک و هۆ هەڵدەگرم بۆ کەمێک . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ڕۆژگاری بەختەوەری تاکەکەسی چیتر تێ پەڕیوەو نەماوە . (ئەدۆڵف هیتلەر)



Scanned with CamScanner

براوه هەرگیز پرسیاری لێ ناکرێت کە ئایا راستی گوتووه یان نا . (ئەدۆڵف هیتلەر)

سەرکردەی بلیمەت دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە وا لە رکابەرە جیاوازەکان بکات وادەرکەون کە سەر بە یەک جۆرن (سەر بە یەک بنەڕەت و هاوپۆلن) . (ئەدۆڵف هیتلەر)

درۆزنە مەزنەکان بەهەمان شێوە ساحیرە مەزنەکانن . (ئەدۆڵف هیتلەر)

هەر ئەوەندە لەلایەن پڕوپاگەندەی خۆوە دانرا تەنانەت بە تروسکەیەک لە مافی بەرامبەر (دوژمن) ، رێگە بۆ هۆی گومانلێکردنی مافی خودی خۆ خۆشکراوە (رێگەت خۆشکردووە بۆ ئەوەی گومان لە مافی خۆت بکەیت) . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەوەی کە ئەتوانرێت (بە دەم) بوترێت ، هەرگیز نابێت بنوسرێتەوە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

کۆمەڵگەی خەڵک لەبەر بەهای خەیاڵی پارە نی یە کە بوونیان هەیە بەڵکو لە ئەنجامی کارکردنی بەرهەمدارەوەیە ، کە هەر ئەو شتەیە بەها دەدات بە پارە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

هەر هاوپەیمانی یەک کە مەبەستەکەی هەڵگیرساندن (بەردەوام بوون) ی جەنگ نەبێت بێ هەست و بێ کەڵکە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ج بەختێکی باش بۆ حوکمڕانەکان کە پیاوان بیرناکەنەوە . (حوکمڕانەکان چەندە بەختیان هەیە کە پیاوان بیرناکەنەوەو بە ویستی خۆیان بەکاریان ئەهێنن) . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەوە راستی نی یە کە گرنگە ، بەڵکو سەرکەوتن . (ئەدۆڵف هیتلەر)

حوشتر زووتر بە کونی دەرزی یەکدا تێدەپەڕێت تا ئەوەی کە پیاوێکی مەزن لە رێگەی هەڵبژاردنەوە ئەدۆزرێتەوە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

لە ئەمڕۆ بەدواوە من باوەڕم وایە کە بە گوێرەی بەدیهێنەری بە دەسەڵات رەفتار دەکەم : بە پاراستنی خۆم دژی جولەکە ، من دەجەنگم بۆ کاری پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەگەر سەرکەویت ، پێویست ناکات روونکردنەوەت هەبێت .... ئەگەر بدۆڕێیت ، نابێت لەوێ



Scanned with CamScanner

بیت بۆ روونکردنەوە (ئەدۆلف هیتلەر)

کێ دەڵێت من لەژێر پارێزگاری تایبەتی خودادا نیم ؟ (ئەدۆلف هیتلەر)

وشەکان پرد دروست دەکەن بۆناو هەرێمە نەدۆزراوەکان . (ئەدۆلف هیتلەر)

هێز لە بەرگری کردن دا نی یە بەڵکو لە هێرش کردندایە . (ئەدۆلف هیتلەر)

رق لێبوون بەردەوامترە (درێژخایەنترە) لە حەز لێ نەبوون. (ئەدۆلف هیتلەر)

سەرکەوتن تاکە دادوەری جیهانی راست و هەڵەیە . (ئەدۆلف هیتلەر)

لە کوێ ناپلیۆن شکستی هێنا ، من ئەبێت سەرکەوم ، من ئەبێت لەسەر کەنارەکانی بەریتانیا بنیشمەوە . (ئەدۆلف هیتلەر)

رێگایەک هەیە بۆ ئازادی . نیشانەکانی رێگاکە بریتین لە گوێڕایەڵی ، هەوڵدان، راستگۆیی ، رێز (فەرمان) ، پاکیی ، خۆگریی ، راستیی ، قوربانی دان ، وە خۆشەویستی بۆ خاک و وڵات . (ئەدۆلف هیتلەر)

ئەگەر من بتوانم گوڵی نەتەوەی ئەڵمانیا بنێرم بۆ ناو دۆزەخی جەنگ بەبێ بچووکترین بەزەیی هاتنەوە بۆ خوێنی رژاوی بەنرخی ئەڵمانیا، ئەوکات بە دڵنیاییەوە مافی ئەوەم هەیە ملیۆنەها نەژادی ژێردەستە لەناوبەرم کە وەک جانەوەری زیانبەخش (مشەخۆر) لە زیادبووندان (وەچە بەبەردێنن). (ئەدۆلف هیتلەر)

بوون بە سەرکردە مانای ئەوەیە توانای جوڵانی کۆمەڵانی خەڵکت هەبێت . (ئەدۆلف هیتلەر)

فەوتانی نەتەوەیەک دەتوانرێت رێ پێ بگیرێت تەنها بەهۆی زریانێکی پڕ لە تامەزرۆیی، بەڵام تەنها ئەو کەسانەی کە خۆیان تامەزرۆن دەتوانن تامەزرۆیی لە کەسانی تردا بە ئاگابهێنن . (ئەدۆلف هیتلەر)

وەک مەسیحی یەک هیچ فەرمانێک نی یە کە رێگەم پێ بدات فێڵم لێ بکرێت ، بەڵام ئەو فەرمانەم لەسەرە کە ببم بە جەنگاوەرێک بۆ راستی و دادپەروەریی . (ئەدۆلف هیتلەر)



Scanned with CamScanner

پڕوپاگەندە نابێت خزمەتی ڕاستی بکات بەتایبەتی نەک تا ئەو ڕادەی کە لەوانەیە شتێکی بەسوود بۆ دوژمن دەربخات. (ئەدۆڵف هیتلەر)

شمشێرەکانی ئەوان دەبنە گاسنی ئێمە ، وە لە فرمێسکەکانی جەنگەوە نانی ڕۆژانە بۆ نەوەکانی داهاتوو گەشەدەسێنێت (بەرهەم دێت). (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەم جیهانی مرۆڤەی ئێمە مەحاڵ دەبوو تێگەیشتن لێی بەبێ بوونی بیروباوەڕێکی ئایینی کارپێکراو (گونجاو، پراکتیکی). (ئەدۆڵف هیتلەر)

تا گەورەتر بێت درۆکە ، چانسی باوەڕپێکردنیشی گەورەتردەبێت . (ئەدۆڵف هیتلەر)

مێژوو هێندەی باپیرەم بە تەمەنە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

گەمژانەترین هەڵە کە بتوانین ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە ڕێگە بدرێت بە نەژادە ژێردەستەکان ببنە خاوەنی چەک . مێژوو پیشانی ئەدات هەموو ئەو داگیرکەرانەی کە ڕێگەیان داوە بە نەژادە ژێردەستەکان چەک هەڵبگرن بە کردنی ئەو کارە ڕوخانی خۆیان ئامادەکردووە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەگەر دزێک پارەکەت ببات و تۆش پارەکە بگێڕیتەوە ، ئایا ئەو کارە تۆش دەکات بە دز؟ (ئەدۆڵف هیتلەر)

پەیوەندی نێوان دیانەتەکان پێویستی بەمشتومڕ وگفتوگۆنیە , بەڵکو تەنها پێویستی بەتێگەیشتن وراگۆڕینەوە هەیە , مشتومڕیش بەسروشتی خۆی داوا لەلایەن گرانی دەکات کەبەیەک بگەن لەخاڵێکدا , ئەمەش لەبیردا دەگونجێت نەک لەدیندا , دیانەت بابەتێکە پەیوەندی بەئیمانەوە هەیە وباوەڕی بەچارەسەری نێوەندنیە , چونکە ئەم نێوند چارەیە دەبێتە هۆی شەرمەزاربونی یەقین , بەمەش داوای ئەوە لەهەموو (ئیماندارێک ) دەکرێت کەڕێزی (ئیمان ) بگرێت لەڕێگەی تێگەیشتنەوە نەک لەڕێگەی مشتومڕەوە (محمد حسنین هیگڵ)

ئەزموون ئەوەی فێرکردوین هەموو گرفتێک چارەسەر دەکرێت گەر یەکگیربین لەسەر ئەوەی قانون بکەین بە حەق و چەوساندنەوە و توندڕەویش لە دەستوور وەدەر بنێین. (غاندی)



Scanned with CamScanner

هەموو مرۆڤێک خاوەنی سێ کەسێتیە: ئەو حاڵەتی خۆی تێدایە، ئەوەی دەیزانێ، ئەوەشی کە بە موڵکی خۆی دەزانێ (ئەلفۆنس کار)

هیوا بوونی هەیە؟! بەڵێ...بەڵام مرۆڤ نا بەڵکو یەزدانی مەزن. (کافکا)

کەسانێک هەن لەگەڵ لە دایک بوونیاندا خانەنشین دەکرێن، بەڵام کەسانێکی تر هەن خانەنشین دەکرێن تا کارێکی نوێ دەست پێ بکەن. (ولیم میشێل)

کامڵی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە، بەڵام ئەوەی بوونی هەیە کامڵیە بەبێ کۆسپ. (غاندی)

گەر حوکمەتێکی نیشتیمانی جێی حکومەتێکی بێگانەی گرتەوە بەڵام هەر لەسەر بارودۆخی پێشووی بەردەوام بوو، ئەوا ئەو حوکمەتە بە خزمەتکاری سەربەستی ناژمێردرێت (نهرۆ)

ئینگلیزەکان هیندستانیان داگیر نەکرد، بەڵکو خۆمان دامان بەدەستەوە، بێگومان سەربەخۆیی بەدەست دێنین گەر فێر ببین خۆمان حوکمە خۆمان بکەین. کەواتە داهاتوو لەدەستی خۆماندایە (غاندی)

ئەو ئیمپراتۆریەتەی توانای بەرەنگاری نارەحەتی نەبێت، ئەوا مەرگ لەبۆسەدایە بۆی (ناپلیۆن)

پێویستە ئەوانەی خاوەن پێگەیەکی بەرزن، پێ نەنێن بەوانەی لە خۆیان بچووکترن (میکافیللی)

ئەو مەلیک و پاشایانە ناتوانن بەهێمنی ژیان بەسەر بەرن، کە هاورێ کۆنەکانیان لە ژیانجا ماون (میکافیللی)

کەسانی ئاسایی، لە یەکگرتنیاندا بەهێزن بەڵام لە ڕاستیدا بێ هێزن (میکافیللی)

چاونەترسی و هەڵەشەیی هەندێ جار ئەنجامێکیان دەبێت کە هۆکارە ئاساییەکان ناتنوانن بەدەستی بهێنن. (میکافیللی)

زانست بەبێ ئیمان وەک کەسێکی کەم ئەندام وەهایە، ئیمانیش بەبێ زانست وەک کەسێکی



Scanned with CamScanner

کوێره (ئەنشتاین)

ئەوکەسانەی خۆشی هەڵدەبژێرن ڕاستی نابینن. ئەوانەشی ڕاستی هەڵدەبژێرن بەدرێژایی تەمەنیان خۆشی نابینن. (ئەمرسۆن)

حەزکردنم بە چاکسازی لە دەوڵەتدا، بووە بە نەخۆشیەک و تێکەڵ بەخوێنم بووە توانای چارسەرکردنی نییە. (مدحت پاشا)

خوداوەند سەربەستی بۆ ئێمە دەوێت و حەزناکات توشی زوڵم ببین. لەبەرئەوە من لە هەوڵدان کۆڵ نادەم بەپشتی خودا، ئەوکارە دەکەم کە ئەو پێی خۆشە. دژ بە هەموو زاڵمێک و دەست درێژێک دەوەستم و پشتگیری کەم دەسەڵاتەکان دەکەم و تا دەمردم لایەنگری حەق دەبم. (کرۆمۆئێل)

هەرکات دڕکێک بچێتە سەرچاوم، هەوڵ دەدەم فڕێی بدەم و لەجێی گوڵێک بچێنم، چونکە گوڵ دووره لەسروشتی دڕک. (ابراهام نکۆلن)

من گەورەترین بوونەوەری سەرزەمینم و جیهانیش گوندەکەمە. (تۆم بین)

شەل نییە و پای شکاوە . ( بە شتێکی عەیبدار ئەوترێت ، کە خاوەنەکەی بە نەوع و ناوێکی تر ناوی ببات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شەڕی خۆ تڕێن مەکە . ( واتە شەڕێک کە دەیکەیت بیبەرەوە نەوەک شەڕێک بکەیت کە دەیدۆڕێنیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

وەک داری بێ گەڵا وایە .... سێبەری نییە .( بەکەسێک دەوترێت کە منداڵی نەبێ و بێ وەجاخ بێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کە چوویتە شاری کوێرانەوە دەست بگرە بە چاوتەوە .( واتە هەموو کەسێک کە دەچێتە ناو کۆمەڵگەیەک یاخود کۆمەڵێک کەسەوە دەبێ لەگەڵیاندا هەڵبکا و بگونجێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

زاڵمیش زۆرداری هەر بۆ ئەبێ ( هەر کەسێک زاڵم بێ زاڵمێکی لەخۆی خراپتری بۆ پەیدا بێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)



Scanned with CamScanner

بەرچاوتەنگی ڕیسوایی ئەهێنێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە زۆر ڕەزیل و چروک بێ ) .
(پەندی پێشینانی کـوردی)

حەز و هەستمان بۆ حەقیقەت بەشێوەیەکی خێرا زیاد دەکات. بیرە پێشکەوتوەکانیشمان بەبەرزی و گەش بینیدا دەڕوانن. کەواتە بابانگەشەی داهاتوو بکەین. چونکە ئەمانە گەورەترین هۆکارن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و شوێن پێ هەڵگرتنی. (مەکسیم گۆرکی)

با ئەوەی لە تواناماندایە بۆ کاری چاک و خێر بەکاری بهێنین. باسەربەستیمان لە هەموو شتێکی تر خۆشتر بوێت و لە خیانەت کردن لە حەقیەقت خۆمان بپارێزین. گەر لە پێناوی ئەو خیانەتەشدا تاجی مەلەکیان پێ بەخشیبێتین. (بتهۆڤن)

خودا منی سەرپشک کردووە تا وەسفی جیهانەکەی بکەم.... بۆ ئەم وەسفەش لە پاکی هونەر و وەسفی سروشت چ شتێکی جوانتر هەیە. (تۆلستۆی)

گەر دەروون و نەفس توشی گومرا بوون بوون. ئەوا لاشە دەبێتە جوتیارێکی ماندوو بۆ دروێنەکردنی بەرهەمەکانی ئەو کێڵگەیە. (موتەنەبی)

هۆکاری دواکەوتووی دەگەڕێتەوە بۆ زۆرداری ، سیاستی زۆرداریـش بەسەر هۆکاری دواکەوتندا دەشکێتەوە ، دواکەوتویش ئەوحوکمەتەیە کەپەیوەندیەکی دیار کراو سواخ دراو بەیاساو حوکمی نیە لەگەڵ نەتەوەدا و پشت دەبەستێت بەسەرباز کەئەمە گەورەترین بەڵایە بۆ مرۆڤ (عبدالرحمن کواکبی)

کاری شۆڕشگێڕی پێوسستە کارێک بێت لەسنوری زانستدا (المیساق)

پێم ناخۆشە ئەوەبڵێم : گەر لەکاتە ناخۆشەکانی سیاسەتدا بەهاوڵاتیانی ئەم نەتەوەیە ئەوترا ڕقیان لەتوند ڕەوی بێت ویاساتان خۆش بوێت و ئارام بن ، ئەوانە ئەگەیشتنە ئەو خۆشیەی لەسەر بەستیداهەیە (گلادستون)

دیمکراتیەت داواکەی تاڵ و ئامانجێکی قورسە ، قورسترین جۆرە لەجۆرەکانی حوکم ، چونکە دیمکراتیەت شانۆی بەندترین و راستگۆترین ئەزموونە سیاسیەکانی مرۆڤە (گلادستون)

نە ماری ئاوی هیچ شتێک دەکات نە کەسی بێ توانایش ( پەندی فەرنسی )



Scanned with CamScanner

هەمو نەزانان لە هەڵەکانی خۆیان بەرگری دەکەن . بەڵام کەسێ دانی نا بە هەڵەکانی خۆی دا بێ گومان لە تەواوی خەڵکی لە بەر ترە . ( دیل کارنگی )

ئەگەر ئەم کارانەت ئەنجام دا خەڵکی ڕق و بێزاریت بەرامبەر دەر دەبڕن : هیچت گوێ لە قسەی خەڵکی نەگرت . هەمیشە دەبارەی خۆت قسە بکەیت . ئەگەر لە نێوان قسەی خەڵکی دا بیرێک بە هزرت دا هات و قسەکان بەوان ببڕیت و خۆت دەست بکەیت بە قسە کردن . ( دیل کارنگی )

هەمیشە هەوڵ بدە شتە چاکەکانی خەڵکی بخەیتەوە بەر چاویان ( دیل کارنگی )

دانایی زانینی ئەوەیە کە هیچ نازانیت . (سوقرات)

هیچ شتێک نازانم بێجگە لە راستی نەفامی خۆم . (سوقرات)

سامان نایابی ناهێنێت ، بەڵام نایابی سامان و هەموو شتێکی تر باش دەکات بۆ پیاوان (بۆ مرۆڤ ) ، هەم تاکانە هەم بە کۆمەڵ . (سوقرات)

هەموو ئەوەی کە ئەیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم . (سوقرات)

شتە زۆر گرنگەکە ئەوەیە کە نەک تەنها بژیت ، بەڵکو باش بژیت . (سوقرات)

ئایا کەسێک هەیە کە لە ژنەکەت زیاتر کێشەی جددی پێ بسپێری ؟ وە ئایا کەسێک هەیە کە لە ژنەکەت کەمتر گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت ؟ (سوقرات)

لەیادت بێت هیچ شتێکی جێگیر (نەگۆراو) نی یە لە کارەکانی مرۆڤدا ، کەواتە خۆت بەدووربگرە لە خۆشی ئێجگار زۆر لەکاتی دەوڵەمەندی و خۆشی دا ، وە (خۆت بەدووربگرە ) لە خەمۆکی و خەفەت لەکاتی بەڵا و ناخۆشی دا . (سوقرات)

فارمانی راستی دادپەروەری ئەگەر بیەوێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بژی (بمێنێتەوە) ، پێویست ئەکات کە خۆی لە ژیانێکی تاکەکەسی تایبەتی دا بەند بکات (بهێڵێتەوە) و سیایەت بەتەنها جێبهێڵێت . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

دەوڵەمەندە ئەو کەسەی کە بە کەمترین شت رازی یە ، لەبەرئەوەی رازی بوون (قایل بوون) سامانی سروشتە . (سوقرات)

تەنها ئارەزوو دەخوازم بەوەی کە مرۆڤی ئاسایی توانایەکی بێ سنووری هەبوایە بۆ ئەنجامدانی زیان ، ئەوکات لەوانەیە توانایەکی بێ سنووریشیان هەبێت بۆ کردنی چاکە . (سوقرات)

شانازی یەکی مەزن لە جیهاندا ئەوەیە کە ببین بەوەی کە خۆمان وا پیشان ئەدەین . (سوقرات)

روونی (ئاشکرایی) گوفتارەکانم وایان لێ ئەکات رقیان لێم بێت ، وە رقەکەیان هیچ شتێک نی یە جگە لە بەڵگەی ئەوەی کە من قسەی راست دەکەم . (سوقرات)

پانی ( پان یەکێکە لە خوداکانی یۆنان) خۆشەویست و هەموو خواکانی تریش کە سەر لەم شوێنە ئەدەن ، بمدەرێ جوانی ناوەوەی رۆح ( جوانی ناخ) ، وە لەوانەیە ئەوکات پیاوی دەرەوەو ناوەوە ببن بە یەک . (سوقرات)

ئەزانم کە عاقڵم لەبەرئەوەی کە ئەزانم (بۆم دەرکەوتووە) کە هیچ نازانم . (سوقرات)

وە زانینی ئەوەی کە هیچ نازانیت ئەتکات (ئەبیت) بە زیرەکترین کەس . (سوقرات)

رێزت لێدەگرم و خۆشم دەوێیت ، بەڵام ئەبێت گوێڕایەڵی خودا بم نەک تۆ. (سوقرات)

من بەرهەمم (سودم) بۆ هیچ پیاوێک نابێت کە پێچەوانەی راستی بێت (کە لەسەر راستی نەبێت) ، نە بۆ ترسی مردن ، تەنانەت ئەگەریش پێویست بکات یەکسەر بمرم بۆ بەرهەم نەهێنان (بەسود نەبوون) . (سوقرات)

ژیریی (دانایی) راستەقینە دێت بۆ هەرکەسێک لە ئێمە کاتێک بەوە دەزانین کە چەندە کەم لەبارەی ژیانەوە تێدەگەین ، لە خۆمان و ، لە جیهانی دەوروبەرمان . (سوقرات)

تەنها یەک باش هەیە (یەک شتی باش هەیە) ، زانست ، وە یەک خراپ ، نەزانی (نەفامی) . (سوقرات)

ناتوانم هیچ شتێک فێری هیچ کەسێک بکەم . تەنها ئەتوانم وایان لێبکەم کە بیربکەنەوە .



Scanned with CamScanner

(سوقرات)

میهرەبان بە ، لەبەرئەوەی هەرکەسێک کە دەیبینیت خەریکی جەنگینی جەنگێکی سەختە (میهرەبان بە ، لەبەرئەوەی هەرکەسێک کە دەیبینیت و توشی دەبیت لەناخی دا یان لە ژیانیدا شتێکی زۆر سەخت هەیە کە بەردەوام لە جەنگ کردنە لەگەڵی دا) . (سوقرات)

بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە ، خۆت بیر بۆ خۆت بکەرەوە . (سوقرات)

بە هەموو واتایەک بێت هاوسەرگیری بکە ، ئەگەر ژنێکی باشت دەست کەوت ، ئەوا بەختەوەر دەبیت ، ئەگەر یەکێکی خراپت دەست کەوت ، ئەوا ئەبیت بە فەیلەسوف . (سوقرات)

خاوبە لە کەوتنە ناو هاورێیەتی یەوە ، بەڵام کاتێک کە لە ناوەوەی ، بە جێگیری و نەگۆڕی بەردەوام بە . (سوقرات)

مێشکە بەهێزەکان گفتوگۆی بیرۆکەکان دەکەن ، مێشکە مامناوەندەکان گفتوگۆی رووداوەکان ، مێشکە بێ هێزەکان گفتوگۆی خەڵکی دەکەن . (سوقرات)

ئەو کەسەی کە رازی نەبووە بەوەی کە هەیەتی ، رازی نابێت بەوەشی کە ئەیەوێت هەیبێت و دەستی بکەوێت . (سوقرات)

هەندێک کات دیوار دادەنێیت نەک بۆ ئەوەی خەڵک بەدووربگریت لە خۆت ، بەڵکو بۆ ئەوەی ببینیت کێ بە پێی پێویست خەمت دەخوات (بایەخت پێ دەدات) و دیوارەکان دەشکێنێت . (سوقرات)

مردن لەوانەیە گەورەترینی هەموو نیعمەتەکانی مرۆڤایەتی بێت . (سوقرات)

نهێنی بەختەوەری تەماشاکە ، بریتی نی یە لە گەڕان بەدوای زیاتردا ، بەڵکو لە پەیداکردنی توانای چێژلێوەرگرتنی کەمتر . (سوقرات)

هەموو کردەوەیەک خۆشی و نرخی خۆی هەیە. (سوقرات)

رێگایەک بۆ دەستکەوتنی ناوبانگێکی باش هەوڵدانە بۆ ئەوەی ببیت بەو کەسەی کە ئارەزوو دەکەیت کە دەربکەوێت (سەرهەڵبدات) . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

قایل بوون سامانێکی سروشتیه ، دەوڵەمەندی فەقیرییەکی دەستکردە . (سوقرات)

ئەو شتە مەکە بەرامبەر کەسانی تر کە خۆت تورە دەکات ئەگەر لێت بکرێت لەلایەن خەڵکانی ترەوە . (سوقرات)

کاتێک مشت و مڕەکە لەدەست چوو ، تۆمەت بۆ هەڵبەستن ئەبێت بە ئامرازێک بۆ دۆڕاوە . (سوقرات)

من نە ئەسینایم (خەڵکی ئەسینا) نە یۆنانی ، بەڵکو هاولاتی یەکی ئەم جیهانەم . (سوقرات)

زانستت لا پەسەندبێت تا سەروەت و سامان ، چونکە یەکێکیان کاتی یە ، وە ئەوی تریان هەمیشەیی . (سوقرات)

ئێمە ناتوانین باشتر بژین لە گەڕان بەدوای باشتر بوون زیاتر. (باشترین ڕێگە بۆ باش ژیان بریتی یە لە گەڕان بەدوای باشتر بوون) . (سوقرات)

حەسودی برین (زام)ی ڕۆحە . (سوقرات)

تێگەیشتنی پرسیارێک نیوە وەڵامێکە . (سوقرات)

ئاگاداربە لە زڕی ژیانێکی سەرقاڵ . (سوقرات)

نهێنی گۆڕان ئەوەیە کە سەرنجی هەموو وزەت بخەیتەسەر ، نەک جەنگین لەگەڵ شتی کۆن (رابردوو) ، بەڵکو لەسەر دروستکردنی شتی نوێ (ئێستا و داهاتوو) . (سوقرات)

ئێمە بە ئاسانی ئەتوانین لە منداڵێک خۆشببین کە لە تاریکی ئەترسێت ، بەڵام ناخۆشی راستەقینەی ژیان کاتێکە کە پیاوان لە رووناکی ئەترسن . (سوقرات)

گەرمترین خۆشەویستی ساردترین کۆتایی هەیە . (سوقرات)

لە قووڵترین ئارەزووەکانەوە زۆرجار کوشندەترین رق دێت . (سوقرات)



Scanned with CamScanner

هەمیشە لە کێشمە کێش دوربکەرەوە هەروەک چۆن لە مارو بومەلەرزە دوردەکەویتەوە. نابێ بە ڕاشکاوی بەهیچ کەس بلێت هەڵە دەکەیت. ( دیل کارنکی )

ئەگەر ئەتەوێت یەکێ لە خاسیەتەکانی لایەنی بەرامبەر بە هەێز بکەیت بەم شێوەیە دەری ببڕە کە ئەم خاسیەتە یەکێکە لە ڕەوشتە بەر جەستەکانی ئەو . ( دیل کارنکی )

ئەگەر دەتوێ لە سەر پێ ی خۆت بوەستی ئەبێ هاوتای داخوازیەکانی خۆت ڕەفتار بکەیت نەک هاوتای داخوازیەکانی خەڵکی . ( دیل کارنکی )

ئینکارو پۆزش کردن بخەرە کەنارەوە . ( دیل کارنکی )

حەسرەتی مرۆڤ لە ڕوداوەکانەوە نی یە بەڵکو دیدگای ئەوە دەربارەی ڕوداوەکان ( دیل کارنکی )

کاتێک هەوڵ دەدەین هەموان لە خۆمان ڕازی بکەین لە ڕاستی دا پێویستمان بە وەیە خەڵکی بە شیاومان دابنێن وە ئەوەیش لە بەر ئەوەیە کە هێشتا خۆمان بە پەسەند نەزانیوە . پاراستنی ڕازیبونی هەمو خەڵکی شتێکی گونجاوە . (جانسون)

لە ڕاستی دا هەستی نرخ دارێتی کە بە پەسەندکردنی خەڵکی یەوە بەستراوە بە نرخ دار نا ژمێردرێ نیاز بە پەسەند کردنی خەڵکی وەک ئەوە وایە کە بڵێن من بە پەسەند کردنی تۆ زیاتر گرنگی دەدەم تا دیدگاو بۆچونی خۆم . بەڵام ئەوەش بزانە ئێمە ناڵێین ئەبێ لە دیدگاو بۆ چونی کەسانی تر کە بەلامانەوە وە گرنگن دور بکەونەوە ، یەکێ لە بنەڕەت ترین نیازەکانی مرۆڤ جەخت و پەسەند کردنیەتی . (جانسون)

هەروەها خەڵکی هان بدە و هەڵەکانیان بچوک سەیر بکە و کارێ کە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن ئاسان نیشان بدە . (دیل کارنگی)

ئەقڵ زیاتر لەسرووشت دەمان خەڵەتێنێ . (سینیکا)

کامەرانی مرۆڤ لە ڕواڵەتی دەرەکی نیعمەتی سامانداانیە ، بەڵکو لە کەماڵی ئەقڵ و سامانی ناوەکیە نەبینراوەکەیدا . (ئانا کارسیس)

لەگۆتایدا هیچ شتێکی پیرۆز نیە تەنها سەلامەتی ئەقڵ نەبێ . (ئەمرسۆن)



Scanned with CamScanner

خودا ئەقڵە ، خودا بێ سنورە ، لێرەوە هەموو ئەقڵە . (ماری بیکەر ئادی)

ئەقڵ بڵندکەرەوەی هەموو شتەکانە . (دانێل و ببستەر)

ئەقڵی دروست و بەهێز ئەو ئەقڵەیە کە دەتوانێ شتەگەورەکان و بچوکوکانیش پێکەوە وەربگرێ . (سەموێل جۆنسۆن)

هێزی ئەقڵ مەشقە نەک حەوانەوە (بۆپ)

ئەقڵێکی ساغ لەلەشێکی ساغدا شایەنی نوێژ بۆکردنە . (جۆفینال)

ئەقڵ لەجێی خۆیدا دەکرێ کەبەهەشت بکاتە دۆزەخ و دۆزەخیش بکاتە بەهەشت .(ملیتۆن)

هەمیشە تا ئەو جێ یەی ئەتوانی کارەکانی خەڵکی جوان و گەورە بخەرە ڕوو . (دیل کارەگی)

هەمیشە ناوی خەڵکی بە کورتی بخوێنەرەوە و هەوڵ بدە لە ئامادە بونیان دا ڕەهاو ئازاد بن وە خەڵکی تێ بگەیەنە کە قسە کان و ووتارەکانی ئەوان زۆر بەلاتەوە گرنگن.(دەیل کارنگی)

فێربووم کە ئازایەتی بریتی نەبوو لە نەبوونی ترس ، بەڵکو سەرکەوتن بەسەری دا. پیاوی ئازا ئەو کەسە نی یە کە هەست بە ترس ناکات ، بەڵکو ئەو کەسەیە کە بەسەر ئەو ترسەدا زاڵ دەبێت . (نێلسۆن ماندێلا)

باشتر وایە لە دواوە رابەری بکەیت و کەسانی تر بخەیتە پێشەوە بەتایبەتی لەکاتێک دا کە ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێریت و شتە باشەکان روودەدەن. ریزی پێشەوە دەگریت کاتێک کە مەترسی هەیە. ئەوکات خەڵکی رابەری کردنەکەت (سەرکردایەتی یەکەت) بەرز دەنرخێنن . (نێلسۆن ماندێلا)

بۆ ئازاد بوون ئەوە نی یە کە یەکێک تەنها زنجیرەکانی خۆی فرێ بدات (خۆی لە زنجیرەکان دووربخاتەوەو قوتاربکات) ، بەڵکو ژیانە بە جۆرێک کە ئازادی کەسانی تر ڕێزلێبگرێت و زیادی بکات . (نێلسۆن ماندێلا)

پاش سەرکەوتن بەسەر گردێکی گەورەدا، کەسێک بەس بۆی دەردەکەوێت کە هێشتا چەندین

گردی تر ماوە بۆ سەرکەوتن. (نێلسۆن ماندێلا)

ئەگەر تۆ لەگەڵ پیاوێک قسە بکەیت بەو زمانەی کە تێی دەگات ، قسەکانت ئەچێتە ناو سەری بەوە. ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەیت بە زمانی خۆی (بەو زمان و شێوازە قسەکردنەی کە خۆی بەکاری ئەهێنێت) ، قسەکانت ئەچێتە ناو دڵییەوە (نێلسۆن ماندێلا)

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یان بەریتانیا هەڵبژاردنیان هەبێت، داوای چاودێران ناکەن لە ئەفەریقاوە یان لە ئاسیاوە. بەڵام کاتێک ئێمە هەڵبژاردنمان هەبێت ، چاودێریان ئەوێت (داوای چاودێر ئەکەن). (نێلسۆن ماندێلا)

کاتێک ئێمە رێ ئەدەین کە روناکی یەکەمان بدرەوشێتەوە بێ ئاگایانە رێگە بە کەسانی تر دەدەین کە هەمان کار ئەنجام بدەن. (نێلسۆن ماندێلا)

هیچ رێگەیەک (رۆیشتنێک) ی ئاسان نی یە بەرەو ئازادیی لە هیچ جێگەیەک. وە زۆرێک لە ئێمە پێویست ئەکات تێپەرین بەناو دۆڵی تارمایی مەرگ جار لە دوای جار پێش ئەوەی بگەین بە لوتکەی ئارەزووەکانمان . (نێلسۆن ماندێلا)

پارە سەرکەوتن دروست ناکات ، ئازادی لە دروستکردنی دا دەیکات. (نێلسۆن ماندێلا)

ئەگەر ئەتەوێت ئاشتی بکەیت لەگەڵ دوژمنەکەتدا، پێویستە لەگەڵ دوژمنەکەتدا کار بکەیت. ئەوکات دوژمنەکەت ئەبێت بە هاوکارت . (نێلسۆن ماندێلا)

هەروەک ئەوەی وتوومە، یەکەم شت ئەوەیە کە راست بیت لەگەڵ خۆت. تۆ هەرگیز ناتوانیت کاریگەری یەکت هەبێت لەسەر کۆمەڵگا ئەگەر خۆت نەگۆڕیبێت.... هەموو ئاشتیکارە مەزنەکان کەسانی پاک و راستگۆو بێ فیزن . (نێلسۆن ماندێلا)

لە وڵاتی من لەپێشدا دەچینە بەندیخانە و پاشان دەبین بە سەرۆک وڵات . (نێلسۆن ماندێلا)

من رقم لە رەگەزپەرستی دەبێتەوە لەبەرئەوەی بە شتێکی درندانەی لە قەڵەم ئەدەم. ئایا لەلایەن پیاوی رەش پێستەوە بێت یان پیاوی سپی پێست . (نێلسۆن ماندێلا)

ئاشتەوای راستەقینە پێک نایەت تەنها لە لەیادکردنی رابردوو . (نێلسۆن ماندێلا)



Scanned with CamScanner

ئازایەتی بریتی نییە لە نەبوونی ترس، بەڵکو بریتییە لە بەردەوام بوون لە چوونەپێش سەرەڕای ئەو ترسەش (نێڵسۆن ماندێلا)

وەرس بوون وەک ئەوە وایە کە (خۆت) ژەهر بخۆیتەوەو پاشان هیوات وابێت دوژمنەکانت بکوژێت. (نێڵسۆن ماندێلا)

ئێمە پێویستە ژیرانە کات بەکار بهێنین و هەتاهەتایە ئەوە بزانین کە کات هەمیشە پێگەیشتووە (ئامادەیە) بۆ ئەوەی کاری چاکە ئەنجام بدەین (نێڵسۆن ماندێلا)

وتراوە کە هیچ کەسێک بەڕاستی نەتەوەیەک نازانێت (ناناسێت) هەتا ئەو کەسە لەناو بەندیخانەکانی ئەو نەتەوەیە نەبووبێت. نەتەوەیەک نابێت حوکم بدرێت بەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرزترین هاوڵاتی یەکانی دەکات، بەڵکو چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمترین هاوڵاتی یەکانی دەکات. (نێڵسۆن ماندێلا)

کاتێک ئاوەکە دەست دەکات بە کوڵان کارێکی گەمژانەیە کە گەرمی یەکە بکوژێنیتەوە. (نێڵسۆن ماندێلا)

خەون بە ئەفریقایەک ئەبینم کە لەگەڵ خۆی دا لە ئاشتی دایە. (نێڵسۆن ماندێلا)

هیچ شتێک نی یە بەناوی لەتێک ئازادی (کەمێک یان نیمچە ئازادی). (نێڵسۆن ماندێلا)

بهێڵە با کار، نان، ئاو و خوێ هەبێت بۆ هەموان. (نێڵسۆن ماندێلا)

ئەو کاتێ ئاماژەی بە هەڵەکانی تۆ دەکرد ئەو هەستەی وا نیشان دەدا کە هێشتا تۆی خۆش دەوێت هەر چەند کارەکەی تۆی بەدڵ نەبو وە بەر پەرچی دەدایەوە کەچی تۆی وەک مرۆڤێک خۆش دەویست. (ئاندر و متیوس)

کاتێ خەڵکی پرسیار لە تۆ ناکەن مانای ئەوە نی یە کە زانیاریان ناوێت. ( ئاندر و متیوس )

غەیبەتی کەسێک لەلای کەسێکی تر مەکە واتە هەڵەی لێ مەگرە. (لارشفوکود)

لە کارەکانتدا لەگەڵ یەکتری ڕاوێژ بکەن. (لارشفوکود)



Scanned with CamScanner

ئەگەر دەتەوێت قەدر گیراو بیت لە خەڵکی قەدر زانی بکە . (لارشفوکود)

لە گەڵ خەڵکی دا بەو شێوەیەی کە خۆت ڕەنجاوی ڕەفتار مەکە . (لارشفوکود)

ڕاز شتێکە خۆمان ناتوانین پارێزگاری لێوە بکەین وە بە خەڵکی دەڵێین بیپارێزی. (لارشفوکود)

لەغاوی ژیانی خۆتان بە دەستەوە بگرن ، واتە بوار مەدەن خەڵکی هۆکاری خۆش حاڵی و نازارەکانتان بن ، دڵ نیابن ئەگەر خۆتان بوار نەدەن ، هیچ کەس ناتوانێ هەست و سۆزو ڕەفتارتان بکاتە ئامێری دەستی خۆی . (کوستا و لوبون)

هیچ کات لە جێ ی داوەری دا مەنیشە ئەگەر دانیشتی جگە لە چاکی هیچ شتێکی تر مەڵێ . (کوستا و لوبون)

بەڵێ تەمەن سەرمایەی مرۆڤە لەم دنیایە دا ، تەمەن واتە کۆمەڵێ ساڵ ، مانگ . حەفتە . ڕۆژ . سەعات . خولەک . چرکە وەهەمویشیان چەند بە پەلە تێ ئەپەڕن . (کوستا و لوبون)

کەسێ لە هەڵس و کەوتیا خۆی لە خەڵکی بەزیاتر بزانێ لە ڕوکەش دا گەورەیە بەڵام لە دڵی خەڵکی دا جێ ی نابێتەوە . (کوستا و لوبون)

هەوڵ بدە لە گەڵ هەر کەس دا بە شێوەیەکی شەخسی یەکسان لە گەڵ خۆت دا ڕەفتار بکە نە زۆر ترو نە کەمتر . (کوستا و لوبون)

کەسێ کە باوەڕی بە خۆیەتی و لە خۆی دڵ نیایە پێویستی بە پیاهەڵدانی کەس نی یە . (کوستا و لوبون)

کەسانێ کە خەڵکی زۆر تەشویق دەکەن و کەمتر هەڵدەگرن ، دنیا بەرەوە پێش لێ ئەخوڕن . (هاریسون)

کەسانی لەخۆبایی ئامادەن وون ببن ، بەڵام پرسیاری ڕێ لەکەس نەکەن . (پەندی عەرەبی)

باوکێک زیاترە لەسەد مامۆستا . (جۆرج هێربەرت)

ئەوەی لەباوکی بچێ زوڵم ناکا ، هەموو دارێکی چاک بەری چاک دەدا . (ولیام لانگلەند)



Scanned with CamScanner

چ شانازیەک گەورەترە لای کوڕ جگە لەشکۆمەندی باوکی یا ڕەفتاری بەرزی کوڕ بەلای باوکەوە ؟ (سۆفۆ کلیس)

بەردەوام بوونی پیاوێکی گەورە لەکوڕەکەیدا خۆشیەکی کەمترە لەهیوای بەبەر دەوام بوونی خۆی لەژیاندا . (ڕیچارد ستیل)

منالآن خۆیان حەزدەکەن گەوەک باوانیان بن و ئەوە بکەن کە ئەوان دەیکەن . (ولیام کۆبت)

چەندە کچەکەت بچوک بێت باشتر دەتوانێ خۆشی بوێ . (هۆب)

لەناو هەموو بەخششەکانی سرووشت بۆ توخمە مرۆڤ ، چی لەمنالّ خۆشترە لەلای . (شیشرۆن)

تەنها پێکەنێنێ لای مندالّ ڕۆژێکی پیرۆز بەبەرەکەت تر دەکا (ئەنگەر سۆن)

منالّ گولّێکە کە هێشتا پەڕە ناسکەکانی نەکراونەتەوە . (بایرۆن)

منالآن پێغەمبەرانی خودان ، کەڕۆژ بەڕۆژ دەنێرنرێن تامژدەی خۆشەویستی و هیوا و ئاشتی ببەخشن . (د .جیمس راس لۆیل)

ئەو کەسە چەند بەختەوەرە کەبەمندالّەکانی دلّشادە . (تۆماس فۆلّەر)

هیچ شتێک لەکچۆلّەیەک خۆشەویستر نیە لەلای باوکێکی پیر . (یۆربیەیس)

خوشکەکەم دەبێتە فریشتەیەکی فەریاد ڕەسی . (شکسپیر)

کەمێک خۆشەویستی بدە بەمندالّەکەت ، لەبەرامبەردا قانزاجێکی گەورەت دەبێ . (د. جۆن راسکن)

منالآن پێویستیان بەنمونە هەیە زیاتر وەک لەڕەخنە گرتن . (جۆزف جوبیر)

باشتر وایە کەمندالّەکانت بەڕێزو خۆشەویستی بەلای خۆتا ڕاکێشی لەباتی ترس . (تیرنس)



Scanned with CamScanner

کەسێ کە چاک بیردەکاتەوە ئەوکەسەیە گرفتێکی بچوک بەلایەوە شێوازێکی تازەی فێربونە . (فلتر)

بە هەر پێوەرێ خەڵکی هەڵبسەنگێنی ، دەبێت دڵ نیابین بە هەمان پێوەر هەڵ دەسەنگێندرێین . (فلتر)

هەمیشە لە پرسیارەکانی هەر کەسێ چاکتر لە وەڵامەکانی دەتوانین بکۆڵینەوە و بڕیار بدەین . (فلتر)

هەوڵ بدەین لە هەڵس و کەوتمان لە گەڵ خەڵکی دا بە چاوی مامۆستاوە سەیریان بکەین و شتیان لێوە فێر ببین .

بە جێی ئەوەی بەدوای خاڵی لاوازی خەڵکی دا بگەڕێن، بە دوای خاڵی بەهێزیان دا بگەڕێن . (جبران خلیل جبران)

هەوڵ بدە بە پیا هەڵدانێکی سادە خۆت لە دڵی خەڵکی دا جێ بکەرەوە . (جبران خلیل جبران)

چاکترین کەس ئەو کەسانەن ئەگەر پیاهەڵدانت دەربارەیان کرد شەرمەزارو تەریق بینەوە وە ئەگەر خراپت گوت بێ دەنگ ببن . (جبران خلیل جبران)

بۆ ئەوەی کە گەورەبیت سەرەتا بچوک بە . (ئەفلاتون)

یەکێ لە تایبەت مەندی مرۆڤە سەرکەوتوەکان ، چۆنیەتی ڕوبەڕو بونەوەیانە لە گەڵ ڕوداو . بەلای مرۆڤە سەرکەوتوەکانەوە شکست گرنگ نی یە بەڵک و ئەنجامی شکستەکە گرنگە . جگە لەوەی شکست بە ئەزمونێکی تازە ناو دەبرێ ، بە قۆناخێکی چاک و سازگاریش دەژمێردرێت . (ئەفلاتون)

لە جیهان دا کەسێ سەر دەکەوێ کە چاوەڕوانی خەڵکی نەکات وە هەموو شتێک لە خۆی داوا بکات . (ئەفلاتون)

ئارام بمێنەوە تا بەسەر هەمو کەس دا سالار بیت . (ئەفلاتون)

لە کەسێ کە توانای پاراستنی نهێنی و ڕازی ژیانی خۆی نی یە دوربکەوە (ئەفلاتون)



Scanned with CamScanner

لە گەڵ خەڵکانی چاک دا هەڵس و کەوت بکە تا خودی خۆت بە یەکێ لەوان بژمێردرێی .
(ژرژهربرت)

میانە ڕەوی و ئەندازە پارێزی کەماڵی سروشتی مرۆڤی یە .(کنفسیوس)

لە گەڵ هەموان دا جۆرێ ڕەفتار بکە کە وەک ئەوە وابیت لە میوان داری دا خێرهاتن دەکەیت
. (پەندی چینی)

تەواوی ئەو شتانەی کە پێ ی دەڵێن هۆش و بیرەکانی ئاینده ئێستایش لەمن و تۆدا پەیدا دەبن دەبێت پەیدایان بکەین و پەنجە بخەینە سەریان (متر لینگ)

یەکەمین و گرنگ ترین هۆکاری خۆش بەختی مرۆڤ بریتی یە لە ڕەفتارو خو ڕەوشتی مرۆڤانە (ئارنس لانک)

هەموان بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێ ببینە سەد لە سەد بەو شێوەیە دەبن . (ئارنس لانک)

لەگەڵ خەڵکی دا ئەوەندە بە چاکی ڕەفتار بکە ئەگەر مردیت بۆت بگرین وە ئەگەر دور کەوتیتەوە ئارەزوی دیدارت بکەن. (ئانتۆنی ڕابێنز)

لە خودی خۆت زیاتر لەو ئەندازەیەی کە خەڵکی چاوەڕوانن. چاوەڕوان بە . (ئانتۆنی ڕابێنز)

لەهەمو بە خیل تر کەسێکە کەلەکاتی سەلام کردندا بەخیلی بیات .(حەمزەرەتی محمد ( د، خ )

ئەگەر تەواوی خەڵکی دەیان زانی کە هەر یەک لە پاش ملە چی دەڵێن بەوی تریان بێ گومان چوار کەس بە هاورێ یەتی لە دنیادا نەدەمایەوە (باسکاڵ)

لەو بوار و هەلانەی کە کەس سەرنجی نەدەدا کەڵکم وەرگرت وە ئێستا من بە کەسێکی خۆش بەخت دەزانن .(کیپلینک)

دان نان بەگوناح و بە هەڵەدا چاکەیەکە لە هەمو کەسێک دا دەرناکەوێ . (ناپلیۆن)



Scanned with CamScanner

تەنها ئامۆژگاری یەک کە خەڵکی کاری پێ دەکەن و لە بەرامبەری دا پارەو پول خەرج دەکەن ئەوەیە کە پزیشک یان پارێزەرێک دەیڵێ .(پەندی ئیرلەندی)

ئێمە ئەمرۆ هەوڵی رزگارکردنی هیندستان دەدەیـن , ئەمە کارێکی پیرۆزە , بەڵام پیرۆزتر لەمە پاراستن و خزمەتکردنی خودی مرۆڤایەتیە , چونکە ئێمە واهەست دەکەین کەجیهادکردنەکەمان بەشێکە لەجیهادکردنی مۆڤەبەندەکان بۆ دانانی سنورێک بۆ زوڵم وزۆرداری (نهرو)

دیمکراتیەت و بنەماکانی دیمکراتیەت , سەرەتا لەناو کۆمەڵەوە دەست پێ دەکات (هێنری کەیسنجەر)

بەرژەوەندی بەپشت کردنە هێز نایەتەدی , هێزیش پێوستە هەمیشە بونی هەبێت گەر دەوڵەت بیەوێت پشتی سەرکەوتنی سیاسی خۆی بگرێت (هێنری کەیسنجەر)

رۆژێ وینستۆن چرچڵ بەلای گۆرستانێکدا گوزەری کرد, بینی لەسەر مەزارگەیەک نووسراوە ئەم جێ نزرگەی پیاوی راستگۆ و سیاسەتمەداری گەورەیە. پێکەنینێکی کرد و ووتی: ئەم یەکەم جارمە دوو پیام بینم لە گۆڕیکدا بنێژرێن. (وینستۆن چرچڵ)

زۆرینەی ئەوکەسانەی دەسەڵاتێکی بەرز بەدەست دەهێنن رێگەی فێڵ و تەڵەکە بەکاردەهێنن وەک ئەوەی تواناو هێزوبازوی خۆیان بەکاربهێنن. (میکافیللی)

ئەو کارەی بە دڵسۆزی و بەخشندەییەوە ئەنجام دەدرێت, کاریگەری لەوکارە زیاتر لەسەر دەروون جێ دەهێڵێت کە بەهێزو بازوو ئەنجام دەدرێ. (میکافیللی)

خوێندنەوە و دراسەکردنی مێژوو کارێکی پیرۆزە, بەڵام لەو پیرۆزترە ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەشداری بکات لە دروست بوونی مێژوودا. (نهرۆ)

ئەو خودایەی کە ژیانی پێبەخشیوین, هەر خودی خۆیشی لەگەڵیدا سەربەستی پێ بەخشیوین تا کار بکەین بۆ سەربەستی. (جیفرسۆن)

گەر پرسیان گەلێک هەیە ئامادەبێت بۆ سەربەستی دەپرسم ئەی تاکەکەسێک ئامادەیە ببێت بە زاڵم؟ (جون رسل)



Scanned with CamScanner

جیاوازی نێوان کەسانی عەبقەری و کەسانی ئاسایی ناگەڕێتەوە بۆ سیفەت یان کارامەیی و لێهاتووی لە ئەقڵدا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەت و مەرامانەی کە خەمی پێوەدەخۆن. یان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی گرنگی دان بەوهۆکارانەی کە هەوڵی بۆ دەدەن. (جون رسل)

لەهەرشوێنێک حیکمەتی لێبێت، ترسی خوداش لەوێ هەیە. لەهەرشوێنێکیش ترسی خودای لێ بێت ڕەحم و بەخشندەیی خودای لێیە. (ئیمام علی)

حەقیقەتێکی بەزار سەد هەزار ئەوەندە باشترە لە درۆیەکی خۆش گوار. (پەندێکی ڕوسی)

گەر گەیشتنت بەخودی خۆت کارێکە مەحاڵە، ئەوا تێگەیشتنت لە خودا لە مەحاڵ مەحاڵترە (پەندێکی یوگوسلافی)

ئەوکەسەی ئەمڕۆ کتێبێک دەسوتێنێت، سبەینێ مرۆڤێکیش دەسوتێنێت. (علی امین)

ئەوکارەی لە کاتی چارسەرکردنی ناکۆکیەکاندا بەهاکەی لە زێڕ بەنرخترە ئەوەیە، بوارێک بۆ بەرامبەرەکەت بهێڵیتەوە بۆ لێک نزیک بوونەوە (جون کندی)

ئەو نەتەوەیەی پێناسی نەتەوایەتی نەبێت، وەک ئەو نەتەوەیە وەهایە کەنیوەی دانیشتوانەکەی لەناو چووبێت (محمد حسنین هیکل)

لێبووردەیی بەتەنها خورەوشتێکی جوان نییە و بەس، بەڵکو خورەوشتێکی شارستانیە. گەشە سەندنی بیر بەرجەستە دەکات. لێبووردن مانای لەدەستدانی هەیبەت و ڕێز ناگەیەنێت گەر پێی هەڵبستین بەڵکو مانای گەورەیی و بەخشندەیی دەگەیەنێت، کێ لەئێمە توانای هەیە لە دوژمنەکی ببورێت؟ (سلامە موسا)

ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە گەورە فەیلەسوفانی بێ وێنەی وەک: ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و کانت ئیماندارى ڕاستەقینە بوون، چونکە بنەمای ئیمانیان پێک هاتووە لە زانست و بیر ڕۆشنی و ڕەت کردنەوەی دەمارگیری و پەیوەست نەبوون بە یاسا جێگیرەکانەوە (د. عبدالخالق حسین)

من خودی خۆم ناناسم، ناسینی خۆم بووە بە مەتەڵێک لەلای خۆم. لەخودا زیاتریش کەس نییە من بناسێت، تابزانێ من کێم و ناوم چییە. (ڤیکتۆر هۆگۆ)

حاکمی زاڵم وەک ئەو مەیموونە وەهایە کە تا بچێتە سەربەرزی دارەکان زیاتر سەما بکات.



Scanned with CamScanner

(الدوس هیکسلی)

دەمەوێت بژیم زۆریش بژیم. بەلام بیرکردنەوەم لە مەرگ، منداڵم دەکاتەوە و هێزی ئەژنۆکانم دەشکێنێت. (تۆلستۆی)

ئێمە زانیاریمان نییە لەبارەی ژیانی خۆمانەوە کەواتە ئێمە کەسانێکین بەخودی خۆمان نامۆین (تۆلستۆی)

ئەوکەسەی تەنهایی ئەچێژێت، توانای نییە لە تەنهایی خودا نزیک بێتەوە. (تۆلستۆی)

بۆئەوەی مرۆڤ باوەڕ بەژیانی ئەمری بهێنێت، پێویستە لەسەر ئەم زەوییە ژیانێکی ئەمری بژی (تۆلستۆی)

خۆشی لەکارێکی چاکدا بەدی ناکرێت کە دژایەتی غەریزەیەکی جنسی پێ بکرێت. (تۆلستۆی)

کامڵی لە مخلاقی مرۆڤدا ئەو هۆکارە نییە بەلامانەوە گرنگ بێت، بەڵکو ئەوە بەلامانەوە گرنگە کەی بەو کامڵیە دەگات. (تۆلستۆی)

دانانی کتێبێک و نوسسنی ئاسانترە لە دانانی بیروڕایەک و پەیکەڵ کردنی. (تۆلستۆی)

بێئاگایی لەخودا باشترە لەوەی بیری خراپت هەبێت لەبارەیەوە (فرنسیس بیکۆن)

من بۆ ئەوە لەدایک بووم تا دژیەک بم لەگەڵ جیهاندا. (مەکسیم گۆرکی)

هەست بەبوونی شتێک دەکەم کە لە حەقیقەت خەیاڵیترە (دیستۆفسکی)

ئەو جەنگەی کە سەلەشکرەکەی دەوڵەت خۆیەتی، لەماوەی ساڵێکدا ژیانی خەڵک دەکات بە جەحیم. بەلام ئەو جەنگەی کە تاکەکەسێک بەرپای دەکات سەد ساڵی دەوێت بۆئەوەی بگاتە ئاستی ئەو جەنگەی کە دەوڵەت بەرپای کردووە. (تۆلستۆی)

گەر کەسێک ئیمانی بەسەرکەوتن لەدەستداوە گەر کەسێک ئازایەتی لەدەست داوە بۆ بەخشینی گیانی لەپێناوی حەقیقەتدا، با لە کۆمەڵگە بچنە دەرەوە ئەمانە بۆیان نییە لەگەڵ ئێمەدا بژین. ئەمانە مافی داهاتوویان نییە. (مەکسیم گۆرکی)



Scanned with CamScanner

تۆلستۆی بەمانا مرۆڤی ڕاستەقینەیە (ستیفان زفای)

هەر بیرێک ئەنجامەکەی کارکردن نەبێت بە غەدرو خیانەت دادەنرێت، کەواتە گەر ئێمە بووینە خزمەتکاری فیکر دەبێت ببینە خزمەتکاری کاریش (رومان رۆلان)

هەر کە هەزاری ڕووەکاتە ناوچەیەک، کفریش پێی دەڵێت بمبە لەگەڵ خۆت (ابوزالغفاری)

لەهەر شوێنێک بەرژەوەندی خەڵکی لێبێت، شەریعەتی خوداشی لێیە (ئیمام شاتبی)

سیاسەت لەدیندا نییە و دینیش لەسیاسەتدا نییە (محمد عبده)

لە وولاتانی ڕۆژئاوا ئیسلامم بینی بەبێ موسوڵمان، لە وولاتانی ڕۆژهەلاتیش موسوڵمانم بینی بەبێ ئیسلام (محمد عبده)

دەمارگیری نییە گەر نەتەوەکەی خۆتت خۆش بوێت، دەمارگیری ئەوەیە وا لەهیاوانی نەتەوەکەمان بکەین نەتەوەیەکی تریان خۆش بوێت (امام الجعفر الصادق)

چۆن توانای کۆیلەکردنی مرۆڤتان هەیە، لەکاتێکدا خودا بە سەربەستی خەلقی کردووە (عمر بن خەتاب)

ئەو نەتەوەیەی زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی هەست بەزوڵم و زۆرداری نەکات، مافی سەربەستی نییە (الكواكبي)

ئامۆژگاری کردن کارێکی ئاسانە، بەلام قبوڵ کردنی گرانە (امام الغزالي)

نهێنی کۆیلەی مرۆڤە، بەلام کە ئازاد بوو دەبێتە کۆیلەی خودا. (امام علي)

زانینی بێ ویژدانی نزیکترین ڕێگەیە بۆ ئاژاوە و کاولکاری، بەلام ئەو زانیاریەی لەخۆشەویستیەوە سەرچاوەی گرتووە دەبێتە مەشخەڵی ژیان بۆ مرۆڤ (میکافیللی)

بۆ گەیشتن بە مەرامێکی شەریف، پێویستە ڕێگەیەکی شەریف بپادەبکەین (د. احمد جمال زاهر)



Scanned with CamScanner

چەندە بەرژەوەندی خەڵک جودا بن لە یەکتری ئەوەندە رێدەی خۆش گوزەرانی لەبەردەمیانی والایە. چونکە گەر هەموو کەس یەک مەرام و ئارەزوو بەرژەوەندیان هەبێت، ئەوا ژیان مانای سفر دەگەیەنێت و هەموو بەهیلاک دەچن. خوداش مرۆڤەکانی بە جیاواز دروست کردووە تا لە مەرام و هیوا و ارەزووەکانیاندا جودابن لەیەکتر. (جاحف)

غەمبارترین شت کە بتوانم بیری لێ بکەمەوە راهاتن و خووگرتنە بە خۆشگوزەرانی (ژیانێکی خۆشگوزەران کە هەموو شتێک رابواردن و شتی گرانبەهایە ) (چارلی چاپلین)

بۆ ئەوەی بەراستی پێبکەنی ، پێویستە بتوانیت ئازارەکەت بهێنیت (وەرگریت ) ، پاشان یاری پێ بکەیت . (چارلی چاپلین)

فیلمەکان هەموویان مۆدەن . بینەران (ئامادەبووان ) بەراستی نەیانەوێت ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ ببینین (چارلی چاپلین)

هیچ کارو پێویستی یەکی ترم بە ئەمەریکا نی یە. ئاگەڕێمەوە بۆ ئەو وڵاتە ئەگەر حەزرەتی عیساش سەرۆک وڵات بوایە . (چارلی چاپلین)

تەنها بە یەک شت (بە یەک شێوە ) ئەمێنمەوە ، وە تەنها بە یەک شت ، ئەو شتەش کلاونە (کلاون ئەو کەسەیە کە بەشداری سێرک و کارە خەندەدارەکان ئەکات جلوبەرگێکی تایبەتی خۆی هەیە لوتێکی سورو دەموچاوێکی رەنگ کرا ) . لەبەر ئەوەی بوون بە کلاون ئەمخاتە سەر زەویەکی (ئاستێکی) زۆر بەرزتر لەهەر سیاسەتمەدارێک . (چارلی چاپلین)

پارمەتی دانی هاورێ یەک لەکاتی پێویستی دا ئاسانە ، بەلام پێدانی کاتی خۆت بۆی هەمووکات گونجا و تەبا نی یە . (چارلی چاپلین)

پێکەنین هێز بەخشە ، هێورکەرەوەیە ، کۆتایی پێ هێنەرە بۆ ئازار (ناخۆشی) . (چارلی چاپلین)

بێلانەیەک ، جوامێرێک ، شاعیرێک ، خەونبینەرێک ، هاوطێکی تەنها ، هەموو کات گەشبینە بە دڵداری (ئەڤین ) و سەرکەشی . (چارلی چاپلین)

هەموو ئەوەی کە پێویستمە بۆ دروست کردنی کۆمێدیایەک پارکێکە ، پۆلیسێکە و کیژێکی



Scanned with CamScanner

جوانە . (چارلی چاپلین)

تا ئەمەیە گرفتی ئەم جیهانە . هەموومان بە سووک (بە کەم) سەیری خۆمان دەکەین . (چارلی چاپلین)

پێویستی بنەڕەتی ئەکتەرێکی گەورە ئەوەیە کە خۆی خۆش ئەوێت لە کاتی نواندن دا . (چارلی چاپلین)

وشەکان بێ نرخن (بێ کەڵکن) . گەورەترین شتێک کە بتوانیت بیڵێیت «فیل» ە . (چارلی چاپلین)

من بۆ خەڵکم (ئەوەی هەمە بۆ خەڵکە) . ناتوانم هیچ بگۆڕم تازە (ئیدی هەر بەم شێوە ئەبم) . (چارلی چاپلین)

وا دیارە یاساکانمان (دەسەڵاتەکان) هەمیشە پێمان ئەڵێن کە چی نەکەین – هەمیشە ڕێمان لێ ئەگرن لەوەی چەوی خۆمان وەرگرین (کات و ژیانێکی خۆش بەسەربەرین) . مرۆڤەکان چەندە بۆ کارکردن و نارەق کردنەوە لەکارگەکاندا دروست کراون ئەوەندەش بۆ ئەوە دروست کراون کە خۆشی بەسەربەرن و لە خۆشیدابن . (چارلی چاپلین)

هیچ زانیاری یەکم لەسەر کەسایەتی یەکە نەبوو. بەڵام لەو ساتەی کە جلەکانم لەبەرکرا، جلەکان و میکیاژەکە وایان لێ کردم هەست بکەم کە چ کەسێک بوو . دەستم کردم بە ناسینی تا ئەو کاتەی کە پێم خستە سەر سەکۆی شانۆکە ئەو بە تەواوی لەدایک بوو . (چارلی چاپلین)

ئەکتەرەکان بەدوای ڕەتکردنەوە (ڕەفزکردنەوە ) ئەگەڕێن . ئەگەر دەستیان نەکەوێت ئەوا خۆیان ڕەت ئەکەنەوە . (چارلی چاپلین)

تەلارەکە (بیناکە) شوێنێکی تایبەتە بەهۆی شێوە و هونەری تەلار سازی یەکەوە (پێکهاتەکەیەوە) ، ... بەڵام ئەوە خەڵکە کە تەلارەکە تایبەت ئەکات بە بەشداری کردن تێیدا . (چارلی چاپلین)

فەلسەفە بریتیە لە دراسەکردنی بوون بە ئەقڵ. ئەم دراسەیەش پشت دەبەستێت بەو ئیمانەی لەو پێش بنیات نراوە. بەمانا یۆنانیەکەیشی فەلسەفە واتە : خۆشویستنی حیکمە. فەیلەسوفیش واتە ئەو کەسەی حەز بە حیکمە دەکات. (د. عادل البکری)



Scanned with CamScanner

دەتوانین فەلسەفە پێناسە بکەین بە : مەنهەجێکی ئەقڵانی بێسنور. لەبەرئەوە پێی دەوترێت مەنهەج چونکە زانستێک نییە پشت ببەستێت بە پاساورێسای تایبەت. بە ئەقڵانیش ناوی دەبەین چونکە ئەقڵ تاکە پاڵنەری فەلسەفەیە. بێسنوریەکەیشی لەوەدایە کە گرێبەست نییە بە هیچ سنوورێکەوە و هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە (د. عادل البکری)

فەلسەفە بریتیە لە زانین یان گەڕان بەشوێن ئەو حەقیقەتەدا کە دواجار دەبێتە تێکستێکی زانستی. کەواتە گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقە گەیشتنە بە زانست. (دۆمیتیان ئیمپراتۆری ڕۆما)

لە ئادەمەوە تا ئەم زەمانە ڕێگای خێر و شەڕ بەدەست ژنانە . (پیرەمێرد)

گا لەسەر پشتی ماسی دانرێ تره کەڵەکێ دیارە سەر ناگرێ . (پیرەمێرد)

ئەڵێن بار بەرە ئەڵا : باڵدارم تەنها بۆ خواردن ئازا و بەکارم . (پیرەمێرد)

گەر لەژیان تێگەیشتیت مانای وایە فەیلەسوفیت. گەر توانیت لە نهێنیەکانیشی تێبگەیت ئەوا دەبیتە زانایش. (دۆمیتیان ئیمپراتۆری ڕۆما)

فەلسەفە کوشندەترین نەخۆشیە. (دۆمیتیان ئیمپراتۆری ڕۆما)

ڕۆڵی فەلسەفە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەستی بەگومان کرد لە ژیاندا, بەتایبەت لەو بیروباوەڕەی کە خۆشی دەوێت. (بسمارک)

فەلسەفە: بریتییە لە شارەزابوونی ژیان خوێندنەوە و نوسینەوەی ناخی ژیان و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لەهەر شوێنێک بێت. یان بریتییە لە ملکەچ کردن بۆ ئەوشتانەی کە ئەقڵ توانی نییە باوەڕیان پێبهێنێت. (بسمارک)

گرنگ ئەوەنییە کە بزانین غاندی چەند کەسێکی شۆڕشگێڕە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوە بزانین کە غاندی توانی ڕووی هیندستان بگۆڕێت. غاندی کەسێک بوو توانی برواو متمانە و هەستی نەتەوایەتی لەناو هندستاندا بڵاوبکاتەوە. غاندی بوو هیندستانی بەدنیا ناساند. (نهرۆ)

ئەوکارەی غاندی کردی کاری کردە سەر مرۆڤایەتی و داهاتووش. چونکە غاندی کەسێک بوو ئیمانێکی پاک و قوڵ و بێگەردی بەو سەربەستییە هەبوو کە هیچ مەبەست و هۆکارێک



Scanned with CamScanner

نەیدەتوانی لێی پاشگەز بکاتەوە یان ڕێی پێ هەڵە بکات (د. گە حسین)

من هەمیشە لەگەڵ خودی خۆمدا ئەوەم ڕەت دەکردەوە کە بەنهێنی کارێک بکەم و نەتوانم بیخەمەڕوو. (غاندی)

ڕەنجی جووتیار گوڵە گەنمە، تاجوتیاریش نەهامەتی و هیلاکی نەچێژێت گوڵەگەنم نابینێت (غاندی)

حەزناکەم ببمە پێشەوای تەنها یەک کەسیش، گەر نەتوانم مامەڵە لەگەڵ ئەقڵیدا نەکەم (غاندی)

بەبۆچوونی من نیشتیمان پەروەری و مرۆڤایەتی یەک شتن، من نیشتیمان پەروەرم چونکە مرۆڤم. چەندیش خۆشەویستی مرۆڤ کەم بکات بۆ نیشتیمانەکەی ئەوەندە نیشتیمان پەروەری لە خۆشەویستی و مرۆڤایەتی دوور دەکەوێتەوە (غاندی)

ئەو پیاوە گەورەی خۆی بەکەم ئەگرێ لە ئەندازەی خۆی زۆرتر سەرئەخرێ. (پیرەمێرد)

لە شێر مەترسە ئەو ناتشکێنێ چەقەڵ خراپە لێت ڕادەمێنێ. (پیرەمێرد)

تا ئەمان بەنە گردەکەی سەیوان چاکە و خراپە نایەتە مەیدان. (پیرەمێرد)

تا ئیمرۆ پیاوی خۆمان ناناسین بەگوریسی بەد ئەبێ بتاسین. (پیرەمێرد)

کە دۆستت ڕۆیی و تۆ بێ وەفا بووی دیارە لە ڕێزەی پیاوەتی دەرچووی. (پیرەمێرد)

خوا یار بێ هەموو دێینەوە کایە سەبری پێ دەوێ ئەمە دنیایە. (پیرەمێرد)

بەرەنکاری دوژمنەکەت ببەرەوە بەو چەکەی کە ئەو لێی دەترسێت، نەک بەو چەکەی خۆت لێی دەترسیت (غاندی)

من دەمەوێت بڵێم هەوڵ بۆ مەرامێک دەدەم ئەویش ئاشتیە لە هەموو جیهاندا، گەر لە هیندستاندا توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، ئەوا ئەو سەرکەوتنە مانایەکی تر دەدات بە ژیان و پاڵەوانانی ژیان (غاندی)



Scanned with CamScanner

نامەویت دەوری ماڵەکەم بە پاسەوان گیرابێت، نامەوێت پەنجەرەی ماڵەکەم هەمیشە داخراوبێت. دەمەوێت شنەبای ڕۆشنبیری هەموو نەتەوەیەک بێتە ناو ماڵەکەمەوە. بەڵام ڕێگە نادەم هیچ کام لەو شنەبایانە ڕەگ و ڕیشەی ماڵەکەم لەبن دەربێنن. (غاندی)

ئەم شتانە دەبنە هۆی لەناوبردنی مرۆڤ : سیاسەت بەبێ بیرورا , خۆشی بەبێ ویژان , سەروەت وسامان بەبێ کاروکارزان , زانین بەبێ بەها , بازرگانی بەبێ ئەخلاق , زانست بەبێ گیانی مرۆڤایەتی دواجاریش خوداپەرستی بەبێ قوربانی دان (غاندی)

پرسیاریان لە مەهاتما غاندی کرد : بۆچی لەکاتی سەفەرەکانتدا دەچیتە کابینەی نمرە ( سێ) سەرەڕای ئەوەی تۆ پێشەوایەکی سیاسی ورۆحی هیندستانیت ؟ وەڵامی دانەوە : گەر نمرە چواری هەبوایە لەوێ دادەنیشتم (غاندی)

لەوە بترسە لەخوا ناترسێ لە حەقی دۆست و ویژدان ناپرسێ . (پیرەمێرد)

کە لەگەڵ بەددا دانیشی و هەستی پشت بە خراپەی چاکان ئەبەستی (پیرەمێرد)

جورئەت بۆ ڕۆژی گرفتارییە نەتیجەی فیشاڵ شەرمەزارییە . (پیرەمێرد)

من زیاتر حەز بە هاوڕێیەتی مرۆڤ دەکەم وەک لە پەرتوک , چونکە مرۆڤ گفتوگۆت لەگەڵ دادەکات و بیرت دەجوڵێنێت , بەڵام پەرتوک گفتوگۆت لەگەڵدا ناکات , بەڵکو بیرەکانی خۆی دەخاتە بەردەستت بەبێ مشتومڕ (نهرۆ)

پیاوی خاوەن ژیریی هیچ شپرزەییەکی نی یە ، پیاوی خاوەن مرۆڤایەتی هیچ نیگەرانی یەکی نی یە، پیاوی خاوەن بوێری (ئازایەتی) هیچ ترسێکی نی یە. (کۆنفۆ شیوس)

من خەمی ئەوەم نی یە کە شوێنێکم نی یە، خەمی ئەوەمە کە چۆن لەوانەیە خۆم بگونجێنم لەگەڵ شوێنێک . (کۆنفۆ شیوس)

تاوان (گوناهی) ڕاستەقینە ئەوەیە کە تاوانت هەبێت و ڕاستیان نەکەیتەوە . (کۆنفۆ شیوس)

کاتێک تووڕەیی بەرزدەبێتەوە (زیاد دەکات) ، بیر لە دەرئەنجامەکانی بکەرەوە . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

ناتوانیت کتێبێک بکەیتەوە بەبێ ئەوەی شتێک فێرببیت . (کۆنفۆ شیوس)

بینین و گوێگرتن لە بەدکار سەرەتایی بەدی یە (خراپی یە). (کۆنفۆ شیوس)

برینداری (ئازار) بە دادپەروەری خەڵات بکە ، وە میهرەبانی بە میهرەبانی خەڵات بکە . (کۆنفۆ شیوس)

شتانێک کە کراون ، پێویست ناکات قسەی لەبارەوە بکرێت ، شتانێک کە تێپەڕیون (لە رابردوودان) پێویست ناکات سەرزەنشت بکرێت . (کۆنفۆ شیوس)

رەوشت بەرزی جێ نەهێڵراوە بۆ ئەوەی بە تەنها بوەستێت . ئەو کەسەی کە کاری پێدەکات دراوسێی ئەبێت (خاوەنی دراوسێ ئەبێت ). (کۆنفۆ شیوس)

کاتێک سەرکەوتن (خۆشی) دێت ، هەمووی بەکارمەهێنە. (کۆنفۆ شیوس)

تا ئێستا پیاوێکم نەدیوە هێندەی هۆگری بۆ ئافرەت هۆگری رەوشت بەرزی بێت . (کۆنفۆ شیوس)

زانیاری نوێ بەدەست بهێنە کاتێک بیر لە کۆن دەکەیتەوە ، وە لەوانەیە ببیت بە مامۆستای کەسانی تر . (کۆنفۆ شیوس)

رەنگە تۆ لە کاتێکی گرنگدا لەدایک بیت. (کۆنفۆ شیوس)

خۆشەویستی وەک بەهاراتێک وەهایە . ئەتوانێت ژیانت شیرین بکات – لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەتوانێت لەناویشی بەرێت (تێکیشی بدات) . (کۆنفۆ شیوس)

مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی باشن بەڵام بە ئاسانی تێک ئەدرێن لەلایەن سەرکردایەتی یەکی خراپەوە . (کۆنفۆ شیوس)

پیاو کاتێک دەرگا دەکاتەوە بۆ هاوڕێی کچ یەک شت دەردەخات ... یان سەریارەکە نوێ یە یان هاوڕێ کچەکە . (کۆنفۆ شیوس)

رابەری کردنی خەڵکێکی نەخوێندەوار بۆ جەنگ بۆ ئەوەیە فڕێ یان بدەیت . (کۆنفۆ شیوس)



Scanned with CamScanner

ئەگەر من لەگەڵ دوو پیاوی تردا پیاسە بکەم ، وەک مامۆستام خزمەتی هەریەکەیان دەکەم . خاڵە باشەکانی یەکێکیان وەردەگرم و لاسایی دەکەمەوە ، وە خاڵە خراپەکانی ئەویتر و راستیان دەکەمەوە لە خۆمدا . (کۆنفۆ شیوس)

رێکەوتنی دادپەروەرانە پێکبهێنە و پابەندبە پێیانەوە . (کۆنفۆ شیوس)

بیر لە خراپەیەکی ئەوەندە بچووک مەکەرەوە کە لەوانەیە ئەنجامی بدەیت ، وە چاکی یەکی ئەوەندە بچووک کە لەوانەیە بەسەری دا بڕۆیت (پشت گوێی بخەیت) . (کۆنفۆ شیوس)

مەگەڕێ بەدوای هەموو خاسیەتەکان لەناو یەک کەس دا . (کۆنفۆ شیوس)

ئەگەر تۆ رابەری خەڵکی بکەیت بە راستی (دروستی) ، کێ ئەوێرێت کە راست نەبێت ؟ (کۆنفۆ شیوس)

هەموو راستی یەک چوار گۆشەی هەیە : وەک مامۆستایەک یەک گۆشەت ئەدەمێ ، وە ئەوە لەسەر تۆیە کە سێ گۆشەکەی تر بدۆزیتەوە . (کۆنفۆ شیوس)

رۆژێک ووتارم بۆخەڵک دەدا لەسەرئەوەی نیزامی ئیشتراکی بکەینە بنەمایەک بۆ بنیات نانەوەی هیندستانێکی نوێ , غاندی پێی ووتم : بۆ پشویەک بەفوڕگت نادەیت ؟ منیش ووتم : کات نەماوە تاهیند بەفیرۆیبدەین, لەوەڵامدا پێی ووتم : هەوڵمەدە کەسێک رازی بکەیت خورەوشت وبیری بگۆڕیت, ئەوەی لەتواناى تۆدایە ئەوەیە هەوڵی ئەوە بدەیت بیهێنیتە سەر ئەو بیروڕایەی چاوێک بخشێنێتەوە بەوخورەوشتانەیدا, گەر بەم کارە هەستا , ئەوا ئەوگۆڕانکاری بەسەردادێت , نەک تۆ (غاندی ونهرۆ)

لەزیندانىا هەستم بەنارەحەتی تەنیایی کرد , هەستم کرد پێویستە ئێمە لەناوخەڵکیدا پێویستین و پێویستە لەناویاندابین و بەشێک بین لەگفتوگۆو ووتەکانیان , چونکە گفتوگۆ وراگۆڕینەوە کلیلی دەرگای ئەو ژوورەیە کەرۆژبەرۆژ بەرەو تاریک بوون و بچوک بوونەوە دەڕوات • (نهرۆ)

نهرۆ ڕوناکی نێو هەورەتاریکەکانە , نهرۆ ئەوڕوناکیەیە کەکوژاندنەوەی بۆنیە (تشوبادهیابا)

دپلۆماسیەت یەکەم هێڵە بۆبەرگری کردن لەبەرژەوەندی نیشتمان , بەڵام هێڵی دووەم بریتیە



Scanned with CamScanner

لەمێزی جەک (تالیران)

تەنهاشت کە ناکەوێتە ژێرباری زۆرینەی حوکمەوە , ویژدانە. (اندریە جید)

کەسێتی نەرۆ فێری فێری ئەو جوانیەی کردین کەلەدەروونی مرۆڤدایە , فێری نەوەشی کردین کاتێک ئەو جوانیە حەق بەدەست دێنێت چەند نەبیل دەبێت (اندریە جید)

دەوڵە مەندترین پیاوانی ئەمڕۆ , حاکمی نەتەوە هەژارەکانن. (راستی یەک لەجیهانی عەرەبیدا)

نەوەکانمان رێگەی حەقیقەت وراستی دەگرنەبەر ,, لەگەڵ خۆیاندا خۆشەویستی هەڵدەگرن بۆ ناوجەرگەی مرۆڤایەتی, سەرزەمین بەئاسمانێکی نوێ دادەپۆشن , سەرزەمین بەروناکیەکی نوێ رۆشن دەکەنەوە , روناکی بیروهۆش , ئەوروناکیەی کەکوژاندنەوەی بۆنیە و ژیانێکی نوێ لەبڵێسەکانیەوە بەدی دەکرێت , ژیانێک کەخۆشەویستیەکی قوڵ دەیهێنێتەبوون بۆ جنسی مرۆڤایەتی ...کێ توانای خامۆش کردنی ئەم نورەی هەیە ؟؟ کێ.؟ هەمووجیهان هەڵگری مەشخەڵی ئەم نورەن وگۆرانی سەرکەوتنی بەسەردادەڵێن (مکسیم گۆرکی)

هەر پیاوێک کە نەتوانێت بە سەلامەتی سەیارە لێ بخورێت لەکاتی ماچ کردنی کچێکی جوانکیلەدا ئەوە بە کورتی و بە کوردی هۆشی تەواوی لای ماچەکە نی یە . (ئەنیشتاین)

دوو شت بێ سنورن (بێ ئەندازەن) : گەردوون و گەمژەیی مرۆڤەکان ، و هەروەها من زۆر دڵنیا نیم لەبارەی گەردوونەوە . (ئەنیشتاین)

ژیان وەک لێخورینی پاسکیل وەهایە . بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆت راگریت پێویستە بەردەوام بیت لە رۆیشتن (بەرەوپێش چوون ). (ئەنیشتاین)

ئەبێت یاساکانی یارییەکە فێرببیت . ئەمجا ئەبێت لە هەموو کەس باشتر یاری بکەیت . (ئەنیشتاین)

ئەگەر ئەتەوێت ژیانێکی بەختەوەر بژیت ، بیبەستەرەوە بە ئامانجێک ، نەوەک بە خەڵک یان شتەکان . (ئەنیشتاین)

فێرببە لە دوێنی (رابردوو) ، بژی بۆ ئەمڕۆ ، هیوا بخوازە بۆ سبەینێ (گەشبین بە بۆ



Scanned with CamScanner

داهاتوو). (ئەنیشتاین)

نیشانەی راستەقینەی زیرەکیی زانست نی یە، بەڵکو خەیاڵ و ئەندێشەیە . (ئەنیشتاین)

ئەگەر ناتوانی (شتێک ) بە سادەیی و ئاسانی روونی بکەیتەوە ، ئەوا (خۆشت ) بە تەواویی لێی تێ ناگەیت . (ئەنیشتاین)

ناتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین بە بەکارهێنانی هەمان شێوە بیرکردنەوەی کە بەکارمان هێنا لەکاتی دروستکردنی کێشەکان . (ئەنیشتاین)

ژنان هاوسەرگیری ئەکەن لەگەڵ پیاوان دا بەو هیوایەیی پیاوان لە داهاتوودا ئەگۆڕێن (خۆیان بگۆڕن ئەگەر هەر هەڵەیەکیان هەبێت لە ئێستادا) .پیاوان هاوسەرگیری لەگەڵ ژنان ئەکەن بەو هیوایەی کە ژنان ئەگۆڕێن . بەم شێوەیە هەریەکە بە شێوەیەکی حەتمی و دڵنیایی یەوە بێ هیوابووە . (ئەنیشتاین)

بێهێزی هەڵسوکەوت و هەڵوێست ئەبێتە هۆی بێهێزی کەسێتی. (ئەنیشتاین)

هەریەکێک کە تا ئێستا هەرگیز هەڵەیەکی نەکردووە هەرگیز هیچ شتێکی نوێی تاقی نەکردووەتەوە . (ئەنیشتاین)

تەنها ژیانێک کە لە پێناو کەسانی تردایە (لەپێناو خزمەت کردنی کەسانی تردایە) شایەنی ژیانە . (ئەنیشتاین)

کاتێک چارەسەرەکە ئاسانە ، خودای گەورە وەڵام دەداتەوە (ئەوە خودایە کە وەڵام دەداتەوە). (ئەنیشتاین)

دەستت بخەرە سەر تەباخێکی گەرم (ئامێرێکی چێشت لێنانی گەرم) بۆ دەقەیەک ، هێندەی یەک سەعات وەهایە . لەگەڵ کیژێکی جوانکیلەدا دانیشە بۆ یەک سەعات ، وەک ئەوە وەهایە یەک دەقە بێت . ئەوەیە رێژەیی (بیردۆزی ئەنیشتاین دەربارەی گەردوون). (ئەنیشتاین)

ناتوانیت هێزی راکێشانی زەوی تاوانبار بکەیت بۆ کەوتنە خۆشەویستی . (ئەنیشتاین)

لۆژیک (مەنتیق) لە خاڵی A ئەتبات بۆ خاڵی B . بەڵام ئەندێشەو خەیاڵ ئەتوانێت بتبات بۆ



Scanned with CamScanner

هەموو شوێنێک . (ئەنیشتاین)

ئەم جیهانە شوێنێکی مەترسی دارە . نەک لەبەر ئەو خەڵکانەی کە خراپن (بەدکارن) ،بەڵکو بەهۆی ئەو خەڵکانەی کە هیچ شتێک ناکەن لەبارەیەوە . (ئەنیشتاین)

لە ناوەڕاستی سەختی دا دەرفەت خۆی دەردەخات (دەرفەت لەکاتی سەختی دا دەردەکەوێت ). (ئەنیشتاین)

هەوڵبدە (تێبکۆشە) نەک بۆ ئەوەی ببیت بە سەرکەوتوو ، بەڵکو بۆ ئەوەی بەهادار بیت . (تێبکۆشە نەک بۆ ئەوەی تەنها ببیت بە مرۆڤێکی سەرکەوتوو ، بەڵکو تێبکۆشە بۆ ئەوەی ببیت بە مرۆڤێکی بەهادارو بە نرخ) . (ئەنیشتاین)

دوو ڕێگە هەیە بۆ ژیان : ئەتوانیت بژیت وەک ئەوەی هیچ شتێک موعجیزە نی یە ، ئەتوانیت بژیت وەک ئەوەی هەموو شتێک موعجیزەیە . (ئەنیشتاین)

بزانە لە کوێ زانیاری یەکە ئەدۆزیتەوە و چۆن بەکاری ئەهێنیت – ئەوەیە نهێنی سەرکەوتن . (ئەنیشتاین)

تاکە هۆیەک بۆ بوونی کات ئەوەیە کە هەموو شتێک لەیەک کاتدا روونەدات . (ئەنیشتاین)

زۆر دڵنیام لە زانینی ئەوەی کە خودی خۆم هیچ بەهرەیەکی تایبەتی و تاکم نی یە : زانخوازی (حەز بۆ زانینی زیاتر) ، خولیابوون و خۆراگری ، پێکەوە لەگەڵ ڕەخنە لە خۆگرتن ، منیان گەیاند بە بیرۆکەکانم . (ئەنیشتاین)

رۆحە مەزنەکان هەمیشە تووشی بەرهەڵستکاری توندوتیژ بوونەتەوە لەلایەن مێشکە (هۆشە) مامناوەندەکانەوە . (ئەنیشتاین)

هەرکەسێک گرنگی نەدا بە ڕاستیی (ڕاستیی بە جدی نەگرت) لە بابەتە (کارە) بچوکەکاندا ناتوانرێت متمانەی پێبکریت لە بابەتە گەورەکانیشدا . (ئەنیشتاین)

سێ یاسای کارکردن : لە تێکەڵ و پێکەڵی (نارێکی) دا ئاسانی بدۆزەرەوە (بەدی بکە) ، لە هاتوهاوارەوە هاوهەنگی بدۆزەرەوە لە ناوەڕاستی (گەرمەی) نارەحەتی دا هەلەکان دەردەکەون (لە ناوەڕاستی کردنی ئەرکێکی زۆر سەخت دا چارەسەرەکان دەدۆزرێنەوە و دەردەکەون) .



Scanned with CamScanner

(ئەنیشتاین)

شتە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەوەستی لە پرسیار کردن . هۆکارێک هەیە بۆ بوونی زانخوازی .
(ئەنیشتاین)

ئەگەر A یەکسان بێت بە سەرکەوتن ، کەواتە هاوکێشەکە وەهایە ، A یەکسانە بە X کۆ Y هەروەها Z ، لە کاتێک A یەکسانە بە کارکردن ، Y رابواردن (یاریکردن و کات بەسەبردن) ، وە Z دەم داخستنت (بێ دەنگ بوون و قسە نەکردن). (ئەنیشتاین)

واومیلا بەحاڵی ئەو گەلەی کەسانی ماستاوچی ودوورویی تێدایەو خۆیان لەدەسەڵاتداران دەبەنەپێشەوەو بەرژەوەندی کۆمەڵ زیندە بەچاڵ دەکەن (المیساق)

سەربەستی تەنها پاڵنەرە کەوالەمرۆڤ دەکات وابەستەی پێش کەوتن بێت (المیساق)

ئەوانەی بۆ خوری ڕۆشتن , بەبێ توک گەڕانەوە (دونکی شوت)

کارێکی باشە گەرمرۆڤ هەندێک جار بەگێل بانگبکرێت (میکافیللی)

لەسەر سەرۆک وئەمیرەکان پێویستە کەسودی کۆمەڵگە دوانەخەن بۆ ئەوکاتەی کەخۆیان ناچاردەبن ئەوسودە بەدەستی خۆیان بۆ کۆمەڵ دابین بکەن (میکافیللی)

حەقیقەت ئەوەنیە کەبوترێت پارەشادەماری جەنگە , هەڵەش ئەوەیە واهەست بکەین کەحاکمەکان و سەرۆکەکان ناوبانگیان بەهێزترە لەبەهێزیان (میکافیللی)

لەپێناوی بیرۆکەیەکی جەنگدا, هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مرۆڤ بوونی خۆیان لە دەست دەدەن و لایەنە جوانەکانی زانست و ئەدەبیش ژێر پێ دەنێن. زانست خۆی دەفرۆشێت لەپێناوی بەرژەوەندی جەنگدا, ئەدەبیش لەپێناوی بەرژەوەندی سیاسەتدا, فیکریش لەپێناوی کۆت و بەندە تەسکەکانی نیشتیماندا (ئەنشتاین)

مەزنترین شکۆ لە ژیاندا لە هەرگیز نەکەوتن (سەرنەکەوتن) نی یە, بەڵکو لە هەموو کات هەستانەوەیە پاش کەوتنمان (نێلسۆن ماندێلا)

هەمیشە وادەردەکەوێت مەحاڵە تا ئەو کاتەی کە ئەنجام ئەدرێت . (نێلسۆن ماندێلا)



Scanned with CamScanner

خوێندن (پەروەردە) بەهێزترین چەکە کە ئەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ گۆڕینی جیهان .
(نێلسۆن ماندێلا)

پەرتووک بەنرخترین هاورێ یە و هاورێی هاورێکانە لەوە گرنگتریش ئەوەیە پەرتووک پێگەیەکی رۆشنبیرییە بۆ پاراستنی زانست لە فەوتاندن و بلاوبونەوە (دیهامبل)

قەرز تاوەکو بمێنێ قەلەو ئەبێ . ( بەم شێوەیە قەرزدار شەرمەزار ئەبێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

قەدری زەڕ بەلای زەرەنگەرەوەیە .( چونکە هەر ئەو ئەیزانێ و پەسەندی دەکات ، واتە هەرکەسە و ئیش و کاری خۆی خۆی دەیناسێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

فیکەی خۆی ئەناسێ . ( بەکەسێک ئەوترێت کە ئەگەر توانج و پلارێکیان تێگرت خێرا تێبگات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

فوو لە ئاگر بکەیت سمێلت ئەسوتێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە ئاگری دوژمنایەتی هەڵگیرسێنێ لە نێوانی دوو کەسدا ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

عەقڵی لە ئەژنۆیایەتی . ( واتە زۆر بێ عەقڵە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

عەقڵ نەبێ گیان لە عەزابایە . ( چونکە هەر عەقڵە کە مرۆڤ بەرەو ڕێگەی باش دەبات و رێبەری دەکات لە دونیادا ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کاتێک خودا ئادەمی دروست کرد ئەقڵ و سەربەستی پێدا تا بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت، چونکە ئەقڵ بریتیە لە هەڵبژاردن (جیفرسون)

ئێمە دەبینە هۆکاری ئاشرین کردن و گێلی ئەقڵی مرۆڤایەتی، گەر رێی پێنەدەین سەربەست بێت لە داهێنان و کارەکاندا. (مۆنتین)

زیرەکی مرۆڤ ئەرکی چارسەرکردنی کێشەکان دەگرێتە ئەستۆ. (تۆم بین)

شێری ماڵەوەیە و ڕێوی دەرەوە . ( بە کەسێک ئەوترێت کە لەناو پیاواندا ئەوێرێت قسە بکات



Scanned with CamScanner

. بەڵام لەناو ماڵی خۆیدا هەمیشە شڵتە و فڵتەی بێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شێرە بەفرینە کەس لێی ناترسێ . ( بەو کەسانە ئەوترێت کە سنگ شێری ماکەر پشتن ، واتە خۆیان بە ئازاو بوێر دادەنێن وەک شێر بەڵام لەراستیدا هیچن ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شێر کە پیر بوو ، چەقەڵ گاڵتەی پێ ئەکا . ( بە گەنجێک ئەوترێت کە گاڵتە بە پیرێک بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شوێنی خۆت بناسە . ( واتە لە جێگەیەک دامەنیشە کە هەڵت بسێنن ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

شتی باش خۆی هاوار ئەکا . ( واتە باشی و خراپی چاو و ڕاوی ناوێ ، بە کەسێک ئەوترێت کە چاو و ڕاو بکات بۆ شتی خۆی ، واتە ئەگەر ئەو شتە وایە پێویست ناکات تۆ پیایدا هەڵبدەیت چونکە شتەکە خۆی لەبەر چاوە و دیارە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

گەر ژیان واتایەکی هەبێت لە کەرامەتی مرۆڤێکدا دەبینرێتەوە (تۆم بین)

ئەوکەسانەی موڵکێک یان شتێکیان لێدەسەنرێت، ئەوەندە دڵ تەنگ دەبن کە بۆ مردنی دایک و باوک و خوشک و برا دڵ تەنگ نابن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ مردنی بیردەچێتەوە بەڵام موڵک و سەروەت و سامان نە (میکافیللی)

مرۆڤ بە تێڕوانینی میکافیللی: نەگریسن. چونکە ئەوەندەی پەیوەستن بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیانەوە پەیوەست نین بە ژیانی کەسێتی خۆیانەوە لە پێناوی ئەو بەرژەوەندیانەشدا ئامادەن حەز و ئارەزووەکانی خۆیان بگۆڕن. دووبارە دەڵێت: مرۆڤ دووڕووە، درۆزنە ریابازە، هەمیشە خۆی بەدوور دەگرێت لە چاوبرسی و تەڵەکە بازن. بەرژەوەندیان هەبێت لەگەڵ کەسێکدا، ژیان و ماڵ و منداڵیان لەپێناویدا دەدەن بە ئاودا، بەڵام کە بەرژەوەندیشیان نەما لەگەڵت؟! (میکافیللی)

سیاسەت جەنگێکە بەهۆکاری نەرم. جەنگیش سیاسەتێکە بە هۆکاری توندوتیژ. (کلاوز فیتز)

ئەوانەی توانای چاکردنی خودی خۆیان نییە. چۆن دەتوانن چارەی بەرامبەرەکەیان بکەن؟ (هاتیکان)



Scanned with CamScanner

کاتێک ژیان گۆرانی بێژێک نادۆزێتەوە بۆ ئەوەی گۆرانی دڵی بڵێت ، فەیلەسوفێک بەرهەم دەهێنێت کە قسەی هۆشی (مێشکی عەقڵی) بکات (فەیلەسوفێک بەرهەم دەهێنێت کە ئەوەی لە هۆشی ژیاندایە بیلێت ). (خەلیل جبران)

راستی میهرەبانی یەکی قوڵە کە فێرمان دەکات رازی بین بە ژیانی رۆژانەمان و هەمان بەختەوەری لەگەڵ خەڵکدا بەش بکەین . (خەلیل جبران)

ئەگەر کەسێکی دیکە بریندارت بکات ، تۆ لەوانەیە برینەکە لەیاد بکەیت ، بەڵام ئەگەر تۆ کەسێک بریندار بکەیت هەمیشە لەیادت دەبێت . (خەلیل جبران)

زۆربەی ئازارەکەت ئەو قومەدەرمانە تاڵەیە کە پزیشکی نێو تۆ چارەسەری ناخی نەخۆشت دەکات پێی (خەلیل جبران)

کاتێک ئێمە روو ئەکەینە یەکتر بۆ راوێژکردن ژمارەی دوژمنەکانمان کەم ئەکەینەوە . (خەلیل جبران)

ئۆی دڵ ئەگەر یەکێک بەتۆ بڵێت کە رۆح وەک جەشتە لەناودەچێت ، وەڵام بدەرەوە کە گوڵ سیس دەبێت ، بەڵام تۆوەکەی دەمێنێتەوە . (خەلیل جبران)

باوەر مێرگێکە لەناو دڵدا کە هەرگیز ناتوانرێت گەیشتن پێی لەرێی کاروانی بیرکردنەوەوە . (خەلیل جبران)

زیادپێوەنان (فشەکردن) راستی یەکە کە سروشتی (خووی) خۆی ون کردووە (خەلیل جبران)

ئێمە هەرگیز نابێت (ناکرێت) لەیەکتر تێ بگەین تا ئەو کاتەی زمان کورت دەکەینەوە بۆ حەوت ووشە . (خەلیل جبران)

بە ونکردنی ئامانجەکەت ، رێگای خۆت ونکردووە . (خەلیل جبران)

(کەسی) دادپەروەر نزیکە لە دڵی خەڵکەوە ، بەڵام (کەسی) میهرەبان نزیکە لە دڵی خوداوە . (خەلیل جبران)

ئازادی هێزی سیاسی لەکوێ یە ئەگەر بکوژەکان لەسێدارەبدات و تاڵانچی یەکان بەندبکات ،



Scanned with CamScanner

وە پاشان خۆی بڕوات بەسەر خاکی دراوسێکانی دا ، هەزاران بکوژێت و هەموو گردەکان تاراج بکات ؟ (خەلیل جبران)

چاوی مرۆڤ میکرۆسکۆبێکە ، کە وا لە جیهان دەکات گەورەتر دەربکەوێت لەوەی کە لە راستی دا هەیە . (خەلیل جبران)

من دەستی خۆم ئەشۆم لەوانەی کە خەیاڵ دەکەن چەنەبازی کردن زانست بێت ، بێ دەنگی نەفامی بێت ، وە هەست و سۆز هونەر بێت . (خەلیل جبران)

گوناحترین پیاو لەنێو پیاواندا ئەو کەسەیە کە خەونەکانی دەگۆڕێت بۆ زیو و ئاڵتون (خەونەکانی دەگۆڕێتەوە بە زیوو ئاڵتون) . (خەلیل جبران)

دەنگی ژیان لەناو مندا ناتوانێت بگات بە گوێی ژیان لەناو تۆدا ، بەلآم با گفتوگۆ بکەین بەڵکو هەست بە تەنیایی نەکەین . (خەلیل جبران)

ژیان بەبێ ئازادی وەک جەستەیەکە بەبێ رۆح . (خەلیل جبران)

بۆ ئەو تاوانبارەی کە بێهێزو هەژارە زیندانی تەسکی مردن چاوەڕوانی یەتی ، بەلآم شانازی و شکۆ چاوەڕوانی ئەو دەوڵەمەندەیە کە تاوانەکانی دەشارێتەوە لە پشت ئاڵتون و زیو و شکۆ بۆماوەکەیەوە . (خەلیل جبران)

مردن لە هەموو شتێک زیاتر لە پێغەمبەرێک دەکات کە بێ رێزە لەناو خاکەکەی خۆیدا وە شاعیرێک کە بێگانەیە لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا . (خەلیل جبران)

کەمێک زانست کە کاری پێ دەکرێت (کاردەکات) بێ سنوور نرخی زیاترە لە زانستێکی زۆر کە کاری پێ ناکرێت . (خەلیل جبران)

پێشەوا و بیرمەندەکانی ژیان مەترسی ناوبانگیان بەرزدەکاتەوە (فاتیکان)

پیرۆزی عەقیدە بەقەد پیرۆزی ژیانە (فاتیکان)

نوسەران ئەندازیاری دەروونی مرۆڤایەتین (ستالین)



Scanned with CamScanner

بۆئەوەی بەرگێکی پاک لەبەر بکەیت، پێویستە سەرەتا ئەو بەرگە پیسە فڕێ بدەیت کە پۆشیوتە (لینین)

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری (چینی کرێکار) ئەو سوڵتەیە یەکەڕاستەو خۆپشت دەبەستێت بەهێز و توانا (لینین)

ئابوری بنەمای ڕێکخەری کۆمەڵگەیە ، هەموولایەنەکانی تری وەک : ئەخلاق وخورەوشت وهونەر وئەدەب وبنەمادینیەکانیش پەیوەندیان بەمەوە هەیە بەمەش ئابوری : برتیە لەتاکەپێکهێنەری کۆمەڵگە (پلیفانوف)

کاتێک دەسەڵاتم گرتەدەست و هاتمە سەرسوڵتە ، بینیم ئاخی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاگردانێکەدەکوڵێت وبەپارچەقوماشێک داپۆشراوە ویستم ئەوپارچەقوماشە لاببەم تاهەواگۆڕکێیەک دروست بێت بۆئەوشتەی لەسەر ئاگردانەکەبوو ، بەڵام کاتێک سەرمکەیم لابرد ، ئەوەی پێش بینیم نەدەکرد بەدیم کرد توانای ئەوەم نەبوو پارچەقوماشەکە بدەمەوە بەسەریدا و واخۆم نیشان بدەم کەهیچم نەدیوەو نەبیستوە ، بەڵام دواترخۆم بەناچاری بینیەوە ، کەئەرکی خۆمە ئەوەی بەدیم کردوە بەکۆمەڵگەی سۆڤیەتی رابگەیەنم ، چونکە بەتەنها ئەوکۆمەڵگەیە توانای ئەوەی هەیە خۆی ڕووبەڕوی ئەوگەندەڵیانە ببێتەوە وبەشداری بکات لەبەگژداچونەوەی مەترسیدا (گوربا تشۆف)

مارکسیەت هەمیشە لەیاسا زانستیەکان دەڕوانێت ، جاگرنگ نیە ئەویاسایانە سیاسی بن یان سروشتی یان کۆمەڵایەتی مارکسیەت ئەم یاسایانە بەکاردانەوەی زانستە بابەتیەکان دادەنێت کەلەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤن مرۆڤ دەتوانێت هەوڵی ئەوەبدات لەم یاسایانە تێبگات یان بەکاریان بهێنێت بۆسود وەرگرتن لێیان بەڵام ناتوانێت بیان گۆڕێت یان ڕەتیان بکاتەوە یان هەست بەبونیان نەکات ، چونکە ئەم یاسایانە خۆیان لەسروشتدا بوونیان هەیە چیتر گرنگ نیە مرۆڤ حەزبەبوون ونەبوونیان بکات ، یان پێویستی پێی نەبێت (ستالین)

دیکتاتوریەت بروبیانووەکانی هەچۆنێک بێت، هەر لایەنی کوشتارو تاوانباران و زاڵم دەگرێت ، دیمکراتیەتیش هەڵەکانی هەچۆنێک بێت ، مرۆڤ وگەل ونەتەوە دەخاتە سەر ڕێگەی هێمن وئاسایشی (مسعودمحمد)

لەدەرەوەی چوارچێوەی دیمکراتی ، هیچ گرفتێک چاری نیە (مسعودمحمد)
سیاسەت بەشێکە لەبیری بیرمەند ، وهەروەها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەیە ، توانای سوتاندنی بیری سەد ئەوەندە زیاترە لەبابەتەکانی ژیان ومردن (مسعودمحمد)



Scanned with CamScanner

سەربەستی ناکرێت بەدڵۆپ دڵۆپ بدرێت, چونکە مرۆڤ دەبێت سەربەست بێت یان سەربەست نەبێت, واتە ناکرێت لەو نێوەندەدا بمێنێتەوە (ماند ێلا)

هەڵبژاردن ئەمرۆ, دەوری شۆڕشی سەردەمانی کۆن دەبینێت, کارتی دەنگدانەکانیش دەوری فیشەکی چەکەکان دەبینێت (والتر لیبمان)

لەوپیاوانەی کەبەحەکیم ناودەبرێن, بەبۆچونی من ئەوهەڵەیان کەلەئەنجامی بەهێزی شعورپانەوە دەردەچن, باشترە لەوهەڵانەی بەساویلکەی پێی هەڵدەستن (اناتول فرنس)

حەقیقەتی کامڵ پێویستی بەزەمینێک هەیە, تامرۆڤ بتوانێت درکی پێ بکات (اناتول فرنس)

گرفتی مرۆڤ ئەوکاتە دەست پێدەکات کەتواناى تێگەیشتنی هەیە, ئەوکەسانەی کەتواناى تێگەیشتنیان نیە ئەوانە کێشەیان نیە (هیگڵ)

سەرکردەیەک نیە بە جەڵدەی دڵ بمرێت, چونکە لەسەرەمەرگیشدا هەوڵ دەدەن بەردەوام بن, گەر بەهەناسەی دەستکردیش بووە (هیگڵ)

یەکەمین ودوایەمین ئامانجی سیاسەت, داکۆکی کردنە لەپێناو هێز وسوڵتەدا (مڵزو مورجانتۆ)

گرنگ ئەوەنیە بزانین, گرنگ ئەوەیە کارزان بین (سون یاتسن)

شۆڕشی هەموو گەلێک بەپلەی یەکەم, بەونەخشە سازیە دەپێورێت کەئەو گەلەشوێنی دەکەوێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی • ئەوانەش لەو نەخشەسازیە بەدەرن وەک هۆکارێکی پاریدەدەر دەژمێردرێن (شواین لای)

کاتێ تەواوی هۆش و هەستمان لەلای رابردوبێ هەرگیز ناتوانین چاوەڕوان بین ئەوەی ئەمرۆ لەکاتی روودان دایە ببینین. ئەگەر ئێمە لە کاتی شۆفێری دا تەواوی سەرنجمان تەنها لەلای ئاوێنەکەبێت هەست و بیرمان هەموی لەلای ڕوداوەکانی پشتەوە بێت کە ڕودەدەن، پیاکێشان و کارەساتمان شتێکی بەڵگە نەویستە. ( جودی تاتل بام )

ئاینده، کاتی ئێستا پارە پارە دەکات وە ڕابردو قوتی دەدات بیچارە زمانی ئێستای بەدبەخت



Scanned with CamScanner

، تەنانەت یەک خولەک ماوە و بواری نی یە کە لە خۆی بکۆڵێتەوە ( متر لینگ )

ئاوری سەخت لە ڕابردو مەدەنەوە زۆریش لە کاری ئاینندە دامەبن . ئێوە تەنها لە ئەمڕۆتان دڵنیان کەواتە فریو مەخۆن ئەمڕۆ لە دەست خۆتان دەر مەکەن . ( دیل کارنگی )

دەرگای ئاسنی لە بەرامبەر دوێنێ و سبەینێ دا دابخەن وە تەنها بۆ ئەمڕۆ بژین ( دیل کارنگی )

جگە لە ساتی ئێستا هەمو شتێکی تر یان بیرەوەری یە یان ئومێد (لالئو بوگالیا)

تەنها ئەمڕۆ ، ئەمڕۆ ، ئەمڕۆ . (ڕوسکین )

نەزانەکان بەردەوام لە ڕابردو لاف لێ دەدەن ، عاقڵ و هۆشیارەکان لەبیر ئێستادان وە دێوانەکانیش قسەی ئاینندە بە زماندا دێنن . (ناپلیۆن)

هەمیشە دەربارەی ئەوەی کە خەڵکی حەزی لێ دەکەن قسە بکەن . (دیل کارنگی )

ئەگەر ئەتەوێ لە دڵی کچۆڵە جوانەکان دا ڕەگ داکوتی پێویستە هەمیشە دەربارەی خۆیان قسە بکەیت . ( دیل کارنگی )

ئەگەر لە جێیەک دا ڕو بەڕوی گرفت بویتەوە هەوڵ بدە لەلابردنی ئەو گرفتە لە گەڵ لایەنی بەرامبەردا لەو بەرژەوەندی یەی کە ئەو حەزی لێ دەکات وە بە دەستی هێناوە قسە بکە نەک شتێکی تر . ( دیل کارنگی )

مرۆڤە گەورەکان کاتی گران بەهای خۆیان خەرجی قسە کردن دەربارەی دەست کەوت و سەرکەوتنەکانی خۆیان ناکەن . ( دیل کارنگی )

بەڵێ سروشتی مرۆڤ وەهایە ، کاتێ گرنگیت پێ دا بە ئەو پەڕی حەزو ئارەزوو ویست و دەستورەکانی تۆ ڕەفتار دەکات . ( دیل کارنگی )

قسەکانتان بکەن و لە ڕەخنە گرتن دور بکەونەوە بۆ نمونە لە جێ ی ئەوە بڵێن : تۆ هەرگیز یارمەتی من نادەیت بڵێن : ئەگەر بۆ شۆردنی قاپەکان یارمەتیم بدەیت زۆر سوپاست دەکەم . (دیل کارنگی )



Scanned with CamScanner

ئەگەر لە ڕاستی دا پەی ببەین هەر وشەیەک کە لەدەمی ئێمە ئێمە دێتە دەرەوە بەردی بناغەی دۆستایەتی و دوژنایەتی یە هەمیشە هەوڵمان دەدا قسەی بێهودە وبێ نرخ لە دەممان نەچێتە دەرەوە . (ماردن )

مرۆڤ کاتێ بەدەنگی بەرز قسە دەکات ، دەنگی دەبیسن . بەڵام کاتێ کە هێواش قسە دەکات گوێ لە گوتارەکەی دەگرن . (پل رتیو)

کەسێ بەرگی شۆخ و جوانی لە بەردا بو وە قسەی بێهودەی دەکرد : پێیان گوت یان بەرگەکانت هاوسەنگی قسەکانت بکە ، یان قسەکانت هاوسەنگی بەرگەکانت . (فیسا گۆرس)

ڕاوێژ لەگەڵ هەزار کەس دا بکە و ڕازی خۆت بە یەکێ مەڵێ . (دهخدا)

مەڕوانە کە بێژەر کێ یە ، سەیری وتارەکەی بکە بزانە چی یە ؟ (حەزرەتی علی)

پیاو تا نەدوێ عەیب و هونەری نابینرێ . (نزامی)

بەگشتی کەسانێ کە زۆر ئەزانن کەم ئەدوێن وە کەسانێ کە کەم ئەزانن زۆر قسە دەکەن . (ناپلیون)

کەم زانین و زۆر وتن وەک نەداری و زۆر خەرج کردنە . (ناپلیون)

پیاوی ئازاد بەردەوام تێ ئەکۆشێ لەو وتاری خۆی دا ئارام و لە کرداری دا توند و خێرا بێ . (کنفسیوس)

نەزانی هەمو کەسێ بە دوو شت دا دەردەکەوێ ، یەکەم ڕای بگەیەنێ و بڵێ شتێکیان لەو نەپرسیوە . دوەم قسە کردنی لە ئەندازە بەدەر .(ئەفلاتون)

وەڵام نەدانەوەمیش وەڵامە . .(ئەفلاتون)

دەرگای فیتنە گرتن گرتنی دەمە ، جیهان بەچاک و خراپ ئاوسە .(ئەفلاتون)

کاتێ جنێوت گوێ لێ دەبێ بێ دەنگ بە بێ دەنگی تۆ خراپ ترین جنێوە کە بە دوژمنتی

دەدەیت . ( جودیت تینگلی )

لە بیرت بێ چۆنیەتی دەربڕینەکەت بە ئەندازەی ئەوەی کە دەیڵێ ی گرنگە . ( جودیت تینگلی )

هەمیشە بەکورتی و بە ڕونی قسە بکە پەیوەندی چاک واتە چاک دەربڕین . ( جودیت تینگلی )

ئەگەر جگە لە خۆت کەسێ بیرو ڕاکەت بزانێ لەو بیرو ڕایە ئەبێ ڕابکەیت و دور بکەویتەوە . ( جودیت تینگلی )

ئەگەر بەکورتی و بە ڕونی قسە بکەیت خەڵکی بە تامەزرۆیەکی ئێجگار زۆرەوە سەرنجی وتەکانت دەدەن و پەیی پێ دەبەن و بەجدی قسەکانت وەردەگرن ، پەیوەندی ڕون و حساب بۆکراو دەبێتە هۆکارێ کەلایەنی بەرامبەریش بیربکاتەوەو وەڵامی ڕون و کورت بداتەوە . ( جودیت تینگلی )

دوبارە کردنەوەی بابەتێک لە پێش تر گوتوتە لە گەڵ کەمێ جیا وازی دا دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە سەر بابەتەکەت توند ڕاوەستیت و وە لە خاڵی مەبەستی خۆت بەرگری بکەیت و جەخت بکەیتەوە . ( جودیت تینگلی )

هەر ئاینێک ڕاستە وەک هەر ئاینێکی تر . (ڕۆبەرت برۆتۆن)

ئەگەر ئاین نەبێ ، ئەوا دەسەڵاتی مرۆڤایەتی لەسەر لێواری هەڵەێرەوە هەرەشەکردنی لەسەرە . (پاپا بەنەد دیکتۆس پازدە)

من قەد لەگەڵ کەسێک بەشەر نایەم لەسەر ئاینەکەی چەر وەک چۆن بەهۆی هونەرەکەشیەوە لەگەڵە بەشەڕ نایەم (مار بیکری نادی)

من ئەو پیاوەی بەهەست و بەویژدان زیندوانەی سەرجەم شوێنە جیاوازەکانی دنیا بەخاوەنی یەک ئاین دەزانم ، ئاینی کاری چاک و ئازایەتی . (ئەمەرسۆن)

دیاری بەو کەسانە ببەخشە کە خۆشت دەوێن . (براون جاکسۆن)



Scanned with CamScanner

لۆمەی کەسانی تر مەکە و هەوڵ بدە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆت بەرپرسی کردەوەکانت بی . (براون جاکسۆن)

هیچ کاتێک لەبارەی ڕژێمی خواردنت لای کەسی تر باسی لێوەمەکە . (براون جاکسۆن)

هەوڵ بدە تەنانەت لە خراپترین هەڵ و مەرج باشترین سود وەربگری . (براون جاکسۆن)

هەموو ئاینێک زۆر نایابە ئەگەر مرۆڤ خۆی بتوانێ زۆر نایاب بێت . (تۆماس باین)

تەنها یەک ئاین هەیە ئەگەر چی سەد شێوەشی هەبێت . (جۆرج بەردناشۆ)

کتێب کلیلی گەنجینەکانی دانایی یە ، هەندێک کتێب هەیە دەبێ تام بکرێ هەندێکی تر قووت بدرێ ،بەلام ئەوکتێبانەی من کەدەبێ بجورێن و هەرس بکرێن . (فرەنسیس بیکۆن)

سەرجەم گیانی زەمانی تێپەڕی و لەکتێبدایە، هەموو ئەو شتانەی کەمرۆڤایەتی درووست کردوون و بیری لێ کردوونەتەوە و بەدەستی هێناون ، هەموو لەلاپەڕەکانی کتێب دایە و دەلاَیبەشێوەیەکی سیحراوی پارێزراون . (تۆماس کارلاین)

هیچ کەشتیەک نیە کەوەک کتێب دوور بمان بات و هیچ ئەسپێکیش نیە وەک لاپەڕەی شیعرێکی هەلچوو بێ . (ئیمیلی دیکنسۆن)

کتێب بریتیە لەژیانی کاتە ڕابردووەکان و کرۆک و ناوەرۆکیان بریتیە لەپاساوی ئەوەی کە بۆچی مرۆڤ ژیاون و کاریان کردووەو مردوون ، بریتیە لەپوختەی مانای ژیانیان . (ئیمی لویل)

لای کورەوە دانیشیت پریشکی ئاگرت بەردەکەوێ . ( واتە هەتاوەکو ئەتوانیت خۆت لە ئاژاوە و ناخۆشی و دەنگە دەنگ و ناڕەحەتی نێوان خەڵکی بپارێزە و نزیکیان مەبەرەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

گوڵ بە باوەشێن ناگەشێتەوە . ( بەیەکێک ئەوترێت کە بەقسەی پف دراو و زل و هیچ و پووچ هیچی نەهێشتبێتەوە ، وە بە کردەوش هیچ نەبێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کەم خۆری دایم خۆربە . ( ئەمە چ بۆ خواردن بێ یاخود بۆ شتێکی دی لە ژیاندا زۆر باشە



Scanned with CamScanner

ئەگەر مرۆڤ کاری پێ بکات ) (پەندی پێشینانی کـوردی)

کەسی بێ کەسان تەنها خوایە . ( یەکێک ئەم قسەیە دەکات کە خۆی زۆر بە کەساس و زەبوون بزانێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

فوو لە ئاگر بکەیت سمێڵت ئەسوتێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە ئاگری دوژمنایەتی هەڵگیرسێنێ لە نێوانی دوو کەسدا ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ئایا گوێ لە قسەکانی هاوسەر ، هاورێ و منداڵەکانتان دەگرن یان حەز دەکەن هەمیشە قسەکانی ئەوان ببڕن و خۆتان قسەکانی ئەوان تەواو بکەن ، ئەگەر وەهایە ئایا جێگەی سەر سوڕمانە کە منداڵەکانمان لە سەرنج دان و گوێ گرتن لە بەرامبەر زانستەکان دا دوچاری گیرو گرفتن ؟ .(ریچارد کارلوسون)

پێش ئەوەی قسە بکەیت چاکتر وایە پرسیار لە خۆت بکەیت ( ئامانج لەم قسەیەدا چی یە ؟ ) یان ئایا بە یان کردنی ئەم زانیاریانە کاتی خۆشمان بۆ دەستە بەر دەکات یان ووڕەمان دێنێتە خوارەوە ، ئایا ئێمە لە یەکتر نزیک تـرو گەرم گوڕتر دەکات یان وەبیر هێنانەوەیەکی سەختی ژیانە . (ریچارد کارلوسون)

هیچ کات توند قسە مەکە . (ریچارد کارلوسون )

هەرچی یەکت بیست ، مادام بەڵگەیەکی پێچەوانەت پێ نەبێ بەڕاستی بزانە . (ابو علی سینا )

هەرگیز قسەی کەسێ کە لەکاتی توڕەبونی دا دەیکات فەرامۆش مەکە . (بیچر)

هەمیشە بە نەرمی قسە بکە کە سێ کە بەئارامی قسە دەکات ، ئارامی و دڵ نیایی لە خەڵکی دا پەیدا دەکات . (دیل کارنگی)

ئەگەر دەتەوێت دیدگای جیاواز پێش کەش بکەیت سەبر بکە تائەو قسەکەی تەواو بکات . پاشان سەرەتا قسەکانی ئەو دوبارە بکەرەوە لە پاش ئەوە دیدگای خۆت بڵێ ، دەنگیش بەرز مەکەرەوە .

پرسیارەکەت بەڕوون و ئاوازێکی خۆش وە بخەرە ڕو کە بیسەر ناچار کات وەڵامی گونجاو بداتەوە . (دیل کارنگی)



Scanned with CamScanner

بوار مەدەن قسەکانتان لە نێو دڵتان دا بمێنێتەوە . یەکتری نەسڕنەوە ، هیچ شتێک لە سێبەردا ناڕوێت (دیل کارنگی)

هونەری گوێ گرتن فێرببن ، هیچ شتێ فێرنابن ئەگەر خۆتان گوێ نەگرن . (دیل کارنگی)

قسە مەکە هەتا دڵ نیا نەبیت لەوەی قسەیەکت بۆ ووتن پێ یە ، لە هەمان کات دا بزانیت مەبەستت لەو قسەیە چی یە ، پاشان قسەکەت بکەو لەجێ ی خۆت دانیشە . (دیل کارنگی)

من لەوەی کە لە دەمت دێتە دەرەوە دەربارەی خۆت قەزاوەت دەکەم (پەندی چینی)

تۆ خاوەنی کۆمەڵە قسەیەکی کە هێشتا لە دەمت نەهاتۆتە دەر وەتاوان باری ئەو ووتارەی کە لە دەمت چونەتە دەر (پەندی عەرەبی)

بێ دەنگی بۆ زانا و نەزان ڕازاوەیە چونکە عەیبەی نەزان دادەپۆشێ و زانا پێشتر دەخات (محمد حجازی)

زەمانێ دێتە پێش کە بێ دەنگی زیاتر لە هەمو گفت و گۆکان مەبەست دەگەیەنێت . ( منتسکیو )

کەس لە لەشی ساغ نانالێنێ . ( یەکێک ئەمە دەڵێ کە نەخۆش بێ و نەتوانێ بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە هەڵسوڕێت و بجوڵێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کەس شەیتانی بە چاوی خۆی نەدیوە . ( واتە مرۆڤ خۆی سەرچاوەی خراپەیە بۆ خۆی ، هەموو مرۆڤێک دوو سەرچاوەی تێدایە ... یەکێکیان بانگی ئەکا بۆ چاکە و ئەوی تریان بۆ خراپە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

کە فێرت کرد تێریشی بکە . ( واتە کە چاکەیەکت کرد هەتا سەر بیبە لە نیوەیدا وازی لێ مەهێنە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

قسەی دڵت بۆ من بێ . ( بە کەسێک ئەوترێت کە قسەیەکی ساردت لەگەڵ بکات ، واتە ئەم قسە ساردییەت هەر بەسەر زارییە ، وە هەر بەدڵ لەگەڵمدا میهرەبانیت ) .



Scanned with CamScanner

قسەی حەق ڕەقە . ( چونکە ئەو قسەیەی کە دەیکەیت لە قازانجی ئەو کەسە نییە کە پێی ئەڵێیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

فێر ببین چاکەکان ببینن و لەو بارەیانەوە بدوێن . ( باسکال )

ئەگەر دەتەوێ باوەڕ بە قسەکەت بکەن ، لە بارەی خۆتەوە قسە مەکە . ( باسکال )

بیرکردنەوە قسەکرنە لەگەڵ خۆمان ( پەندی ئیسپانی )

یان ڕێک و پێک قسە بکە یان ژیرانە بێ دەنگ بە . (ژرژ هربرت)

بێ دەنگی هەروەک ئەو دنیا بێ کۆتایە وە گوفتار هەروەک ئەم دنیا پان و بەرینەیە . (توماس کارلایل)

ئەگەر بێدەنگی و خەڵکی دەت هێننە قسە چاکتر وایە هەر بێ دەنگ بیت . (سقرات)

بۆ کۆتایی پێهێنانی قسە کردن هەوڵ بدە قسەکانت کۆتایی کۆتاییەکەی شادی بەخش بێ تا لە هزردا کاریگەری گونجا و دابنێ وە لە کۆتایی قسەکانت ئەنجام گیری بکە . (ڕۆسۆ)

لە جێیەک نانوێ کە ئاو بچێتە ژێری . ( بەکەسێک ئەوترێت کە زۆر پارێزگار بێ و دووربین بێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە جێی شێران ..سەگان ئەکەن گێران . ( بەکەسێکی ناوەجاخی هیچ و پووچ ئەوترێ کە لەجێگەی پیاوێکی گەورە و پیاوانە دانیشتبێت ) (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە ترسی مار پاڵ بە ئاگرەوە ئەدات . ( بەکەسێک ئەوترێت کە لەتاو ناخۆشییەک خۆی بخاتە ناو ناخۆشیەکی ترەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە تەر ئەخوا و لە ووشک ئەنوێ . ( بەکەسێک ئەوترێت کە حاڵ و گوزەرانێکی زۆر باشی هەبێ ، وە بە باشی ژیان بەسەر بەرێت و رابوێرێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لەتاو ئەوس کەوتە حەوز . ( بەکەسێک ئەوترێت کە زۆر ئەوسن و چڵێس بێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)



Scanned with CamScanner

له پشتی کەرەوە برۆی ئەبێ بۆنی تەرسی بکەیت . ( کەسێک ئەمە بەهاورێیەکی ئەڵێ کە هاورێکەی قسەیەکی کردبێ و دڵی ئەمی گرتبێ ، واتە قسەکەی بەدڵی ئەم نەبێت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە پەشیمانیدا شاخی لێ ڕواوە . ( بەکەسێک ئەوترێت کە کارێکی کردبێت و ئێستە زۆر لەو کارەی پەشیمان بووبێتەوە ) (پەندی پێشینانی کـوردی)

خۆویستە بچوکەکان و پیاوە سێ چارەک شێتەکان لەوانەیە بەوە لەخۆبای بن کە یاساکانی سروشت هەموو کات شکاوە لەبەرخاتری ئەوان . (فری دریک نیچە)

هەموو هەنگاوێکی گچکە بەرەوپێش لەم جیهانەدا پێشتر بەنرخی ئازاری جەستەیی و دەروونی دراوە . . (فری دریک نیچە)

پیشاندانی بەزەیی وەک نیشانەیەکی سوک سەیر کردن هەست پێ دەکرێت لەبەرئەوەی کەسێک چیتر وەک شتێکی سامناک سەیر ناکرێت هەرکە ئەو کەسە خەڵک بەزەیی پیاهاتەوە . (فری دریک نیچە)

خود خۆشویستن کرۆکی رۆحێکی رەسەنە . (فری دریک نیچە)

یەکێک لەوانەیە هەندێک کات درۆ بکات ، بەڵام ئەو ددان جیرکردنەوەی کە لەگەڵی دا دێت راستی یەکە ئەڵێت . (فری دریک نیچە)

تا زیاتر دەست بەرداری خۆت دەبیت ، کەمتر خەڵکی دەست بەرداری تۆ دەبن . (فری دریک نیچە)

تۆ دەڵێی ئەوە هۆکارێکی باشە کە جەنگێکی یەکسان پیرۆز دەکات ؟ من پێت دەڵێم : ئەوە جەنگێکی باشە کە هەموو هۆکارێک پیرۆز دەکات . (فری دریک نیچە)

ئەوەندە ئایین لە جیهاندا نی یە بۆ ئەوەی ئایینەکانی جیهان لەناوبەرێت . (فری دریک نیچە)

بۆ ئەوەی درەختێک بەرز ببێت پێویستە رەگی قایم لە نێو بەردەکاندا گەشە بسێنێت . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

لەکاتی حاڵەتی ئاشتی دا پیاوی چەکدار هێرش دەکاتە سەر خودی خۆی . (فری دریک نیچە)

ئەو پیاوەی کە لەگەڵ ئەژدیهاکاندا بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست دەجەنگێت خۆشی دەبێت بە ئەژدیها . (فری دریک نیچە)

هەموو رابردوویەک شیاوی ئەفرەت لێ کردنە (مەحکوم کردنە) . (فری دریک نیچە)

عەقڵە مەزنەکان هەموو دودڵن (گوماندارن) . (فری دریک نیچە)

هیچ سەرکەوتویەک بڕوای بە ڕێکەوت (چانس) نی یە . (فری دریک نیچە)

سەرکەوتن هەمووکات درۆزنێکی مەزن بووە . (فری دریک نیچە)

کردنی شتی مەزن سەختە ، بەڵام فەرمان دان بە کردنی شتی مەزن سەختترە . (فری دریک نیچە)

یەکێک هەرگیز نابێت زۆر بە ووردی و تەواوی بزانێت لەگەڵ کێ هاوسەرگیری کردووە . (فری دریک نیچە)

ئەوەی کە لەناو خەوەکاندا دەیکەین لە کاتی بەخەبەربوونیشدا دەیکەینەوە : ئەو کەسەی کە پەیوەندیمان هەیە لەگەڵیدا دای دەهێنین (داهێنان) و دروستی دەکەین -- وە بە خێراییش لەیادمان دەچێت کە ئەو کارەمان ئەنجام دابێت . (فری دریک نیچە)

هیچ ئامانجێکی باشتری ژیان نازانم لە مردن و لەناوچوون لە هەوڵدان بۆ کردنی کاری مەزن و ئەستەم . (فری دریک نیچە)

ئێمە هیچ نرخێکی تایبەت دانانێین بۆ بوونی سیفەتێکی باش تا ئەو کاتەی کە نەبوونی تەواوی (ئەو سیفەتە باشە) هەست پێ دەکەین لە رکابەرەکەماندا . (فری دریک نیچە)

بۆ دەستکەوتنی ژیریی یەکێک ئەبێت پێویستی بێت . یەکێک لەدەستی ئەدات (ئەو ژیریی یە) کاتێک کە چیتر پێویستی نی یە . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

لە پاش تەنگانە فەرحانییە . ( واتە لەگەڵ هەر تەنگانە و ناخۆشیەکدا کە بەسەر مرۆڤدا دێت ، ئەوا دوای ئەوە فەرحانییەک و خۆشییەک بەرێوەیە ، هەروەک خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە بن سێبەری شێرا بنوو ، با شێرەکە بتخوا . ( واتە لەگەڵ مەرد بیت و توشی زەرەر بیت زۆر باشترە لەوەی کە لەگەڵ نامەردا بیت و توشی قازانج بیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

پێش قسە کردن قسەکە هەڵ بسەنگێنە ، چونکە پێش تۆو وەشاندن زەوی دەکێڵرێ . (ڕۆسۆ)

دەربڕینی پاراو معجیزە دەکات . چونکە گوێچکەکانی خەڵکی لە چاوەکانیان بێ ئەزمون ترە . (شکسپیر)

ژیان شانۆیە, گەر ئەکتەرێکی باش بیت لەسەر ئەو شانۆیە, ئەوا دەبیتە مایەی ڕازی بوونی خەڵک, لەسەر ئەو شانۆیەی ژیانیش هەموو ئەوانەی کەسەیری شانۆکە دەکەن دڵیان خۆشە, تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە ئەکتەری ئەو شانۆیەن. (پەندێکی ئینگلیزی)

باروگوزەرانی خەڵک بگۆڕە, ڕێگەی بیرکردنەوەشی دەگۆڕێت. (پەندێکی عەرەبی)

ئەو خەفەت و دڵگرانیەی جۆگەلەیەکی فرمێسکی بۆ نادۆزرێتەوە تا خۆی ڕزگار بکات, ئەوە ناخی لاشە دەهێنێتە گریان. (هینری مودزلی)

پارە خزمەتکارێکی باشە و گەورەیەکی خراپە. (پەندێکی فەرەنسین)

ئەوی حەز بەکەم بکات مانای وایە شەیدای هاوسەنگییە. (لابواس)

سەرکەوتن گەر بەجێهێنانی پەیمانیشە لەگەڵدا نەبێت باشترە لە شکست هێنان. (لورنس)

ڕێکەوتنی نێوان خەڵکی لە گۆڕستانەکاندا نەبێت بوونی نییە. (لورنس)

شیکاری دەروونی مرۆڤ ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت قوڵترین بەش لە مرۆڤدا لە غەریزەیەک پێک دێت کە بەسروشتی خۆی سادەیە. ئەم غەریزەیەش لای مرۆڤەکان یەک شێوەی هەیە و ئامانجیش لێی تێرکردنی پێویستیە سەرەتاییەکانە. ئەم غەریزەیەش لە خودی خۆیدا نەچاکە و نەخراپ بەڵکو ئێمە ئەو دوو وەسفەی بەسەردا دەبڕین. چونکە دەکەوینە ژێر ئەو



Scanned with CamScanner

کاریگەریانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی داوایان دەکات. (فرۆید)

گەر لەژیانتدا باوەڕت بە کەسێک یان بەهێزێک هێنا، ئەوا دەتوانیت ئەو خێرە بەدەست بهێنیت کە باوەڕت پێیەتی. (ولیم جیمس)

ئەو شتانەی لە خودی خۆیاندا بچوکن، سەرەتایەکن بۆ ڕوودانی کارەساتەکان. (تۆلستۆی)

هەوو مرۆڤێک بە ویستی خودا هاتۆتە ئەم دنیاوە خوداش ئەو توانایەی داوەتێ تا بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ڕۆحدا و ڕزگاری بکات... ئامانجی مرۆڤلەم ژیانەدا ڕزگارکردنی ڕرحیەتی لە نارەحەتییەکان. جا بۆئەوەی ئەو سەرفرازییە بەدەست بهێنێت، پێویستە بە جۆرێک بژی کە مایەی ڕازی کردنی دروست کەری ئەو ڕۆحەبێت. دووربکەوێتەوە لە حەزو شەهوەت و ئارەزووەکان. (تۆڵستۆی)

گرنگترین کاری شارستانیەت لای فرۆید: بریتیە لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لەنێوان پێویستیەکانی تاکەکەس و کۆمەڵدا، بەشێوەیەک ئەم هاوسەنگیە سروشتێکی وەهای هەبێت کە توانی فەراهەم کردنی خۆشبەختی هاوڵاتیانی هەبێت. (مکسیم گۆرکی)

تەنها یەک ڕێگەمان لەبەردەمدایە کە پێیدا تێپەڕین، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ دواوە بۆ ناسینی دەرونی خۆمان و بەهای هەر کارێکی گەورە و جوان لەم جیهانەدا. (مکسیم گۆرکی)

گەر لە دواهەمین ساتیشدا تێمبگەن کە من نامەوێت و ناتوانم بەم شێوەیە ژیان بەسەربەرم، ئەوا خزمەتکارەکانم لە قاپی ئاڵتوندا خواردنم بۆ دەهێنن و دەورم لێدەدەن. کەسانێک هەن هیچ شتێک نییە لەپێناویدا بژین و دژی هەموو یاسایەکن. من داوای کارێکی ئاسانتان لێدەکەم ئەویش ئەوەیە کە چیتر دژی ئەو یەکسانییە مەوەستنەوە کە خودا بەیەکسانی دابەشی کردووە لە نێو مرۆڤدا. (تۆڵستۆی)

هونەری ڕاستەقینە ئەو هونەرەیە کە لە ڕۆحی نەتەوەکەیەوە هەڵدەقوڵێت. ڕۆحی نەتەوەش گەلە عەبقەریەت و نیشتیمان پەروەریش وەچەیەکن لەناو جەرگەی نەتەوەدا پەروەردە دەبن. (شوبان)

هەر نیزامێک دەستەوسان بێت لەئاست پاراستنی خاکی نیشتیمانەکەیدا، درەنگ بێت یان زوو شەرعیەتی خۆی وون دەکات. (دیگۆڵ)



Scanned with CamScanner

گەر دەتەوێت نهێنیەکانت پارێزراوبن ، بۆخۆت نایان پارێزیت (پەندێکی ئیتاڵی)

سیاسەت دروستکەری ئابوریە. نەک ئابووری دروستکەری سیاسەت بێت. (ستالین)

لە ناوی مەنگ و لە پیاوی مۆن بترسە .( چونکە ئەمدوانە هەتاوەکو پێتەوە نەدەن نازانی چی یان لە دەروونداية ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

لە ناو بدەی بتبا چاکترە لەوەی کە بەسەر پردی نامەردا بپەڕێتەوە . ( ئەمەش وەکو پەندی : گۆشتی لا ڕانی خۆم بخۆم لە منەتی قەصاب باشترە ، واتە خۆت هەوڵ بدەی شتێک نەکەی ئەوەگ داوای یارمەتی لە کەسی هیچ و پووچ بکەیت ) (پەندی پێشینانی کوردی)

لافاو لە تکە تکەوە پەیدا ئەبێ . ( واتە هەموو شتێک کە ئێستا زۆرە پێشتر کەم کەم بووە و کۆبوەتەوە ، یاخود شتێک کە ئێستا کەمە وورده وورده زیاد ئەکا و گەورە ئەبێت ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

گیانی خۆم لەو دەشتە ئەدۆزیوەتەوە . ( بەکەسێک ئەوترێت کە ڕێگایەکی ناخۆش و ترسناکی بخەنە بەردەم و ئەمیش ئەچێ ، چونکە مرۆڤ گیانی خۆی لا خۆشەویستە ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

گۆم تا قوڵ بێ مەلەی خۆشە . ( واتە مرۆڤ لە شوێنی بچوکدا ناتوانێ باش هەڵسوڕێ ... بەلام کە شوێنەکەی گەورە بوو ئەوا ئەو کات وەکو ئەهەنگ بە هەموو لایەکدا هەڵ ئەسوڕێ ) . (پەندی پێشینانی کوردی)

ئەوکاتەی هەموو خەڵک لەگەڵ مندا ڕێک بن. ئەو کاتە هەست دەکەم کەمن هەڵەم (ستالین)

وە بەرهێنان لەزانستدا باشترین سود دەدا . (بنیامین فرانکلین)

زانین تەنیا کانیاوی خۆشەویستی و بنەماکانی ئازادی و مرۆڤایەتیە . (دانیال ویبستەر)

هۆی سەرەکی شێوانی جیهانی ئەمرۆ ئەوەیە کە گەمژە زیاد لەپێویست بڕوای بەخۆیەتی لەکاتێکدا زیرەک پڕ لەگومانە . (برتراند ڕاسل)

زانین و تەختە نابێ زۆر بەکار بهێرێن بەر لەکاتی خۆیان . (ئۆلیفەر وندڵ هۆلمز)



Scanned with CamScanner

باشتره كه شتێك دەربارەی هەموو شتێك بزانی وەك لەوەی كه هەموو شتێك لەبارەی یەك شتەوە بزانیت . (باسكاڵ)

من بەساڵا دەچم و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری شتێكی نوێ دەبم . (سۆلۆن)

هەمووئەوەی كەدەیزانم ئەوەیە كه لەرۆژنامەكاندا دەیخوێنمەوە . (ۆل ڕۆجەرز)

هەر زیاد كردنێك بۆزانینی ڕاستەقینە زیاد كردنە بۆ هێزی مرۆڤایەتی . (هۆراس مان)

زانین بناغەی نوسینی چاك و سەر چاوەكەیەتی . (هۆراس)

گوڵ بە باوەشێن ناگەشێتەوە . ( بەیەكێك ئەوترێت كه بەقسەی پف دراو و زل و هیچ و پووچ هیچی نەهێشتبێتەوە ، وە بە كردەوەش هیچ نەبێت ) .

گنۆره به رەنگ نییە . ( واته بەدیمەنی هیچ شتێك هەڵمەخەڵەتێ ، چونكه ناوەوەی شەرتە) . (پەندی پێشینانی كـوردی)

گرێی دەست مەخەرە ددان . ( واته ئیش و كار زوو ڕاپەڕێنە ، تاوەكو گرێ كوێرەی تێ نەكەوتووە ) . (پەندی پێشینانی كـوردی)

گازیشی هەیە و نازیشی هەیە . ( بەكەسێك ئەوترێت كه گازیشت لێ بگرێ و وە دڵ نەوایشت بكات ) . (پەندی پێشینانی كـوردی)

كڵاوی لار داناوە . ( بە كەسێك ئەوترێت كه زۆر بەخەم بێ ) . (پەندی پێشینانی كـوردی)

كەس ناچێتە ناو گۆڕی كەسەوە . ( واته هەر كەسە و بەپێی باشه و خراپەی خۆی لەو دنیا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ ، كەسێك ئەم وتەیە دەڵێ كه كارێك بكاو لای خەڵكی خراپ بێ ، ئەمیش بڵێ خۆ ئێوە لەو دنیا ئازار نادرێن ئەوە كردەوەی خۆمە و سزای لەئەستۆی خۆمە ) . (پەندی پێشینانی كـوردی)

هیچ شتێك وەك ئەوە بەتوندی بڕوامان پێی نیە كه كەمێكی لەبارەوە دەزانین . (مۆنتاین)



Scanned with CamScanner

وەک ئەو کێڵگەیەی کە هەر چەند بەپیت بێ بەڵام بەرنادا ئەگەر باش نەکێڵرابێ، ئەو ئەقڵەشی کە فێربوونی نەزانی بێ وایە . (شیشرۆن)

زانست هەر لەهەرەتی لاوی خۆیدا دەمێنێتەوە تەنانەت بۆ پیرەکانیش . (ئاخیلس)

کاتێک کەشتێک دەزانی دانی پێدا دەنێی کە دەیزانی و کاتێکیش کەشتێک نازانی و ڕێگە بەخۆت دەدەی کە بڵێی نازانم ، ئەمە زانینە . (کۆنفۆ شیۆس)

ئەو کاریگەریە چەند بەهێزە کە ووشەکان درووستی دەکەن لەجێی درووستی خۆیاندا . (جۆرج چاپمان)

زانستەکەت وەک سەعات هەڵبگرە لەگیرفانێکی تایبەتدا و لێی دەرهێنەو دەر مەخە تەنها لەبەر ئەوەی کە پیشانی بدەی کە خاوەن زانستی . (لۆرد چستەر فیلد)

تاریکی نیە بەڵام نەزانی هەیە (شکسپیر)

حەز لەزانست کردن زۆر بەدەگمەن بێ پاداشت دەبێ . (ئارنۆڵد گادزە)

زانینی ڕاستەقینە ئەویە کە ئەوە بزانین کە نایزانین و ئێمە ئەوە نازانین کە نایزانین . (هنری دایڤید سۆرۆ)

زانین لێ بووردنە . (مەدام دوستال)

وانەکان هۆکارێکن بۆ خۆشی و جوانی توانا . (فرەنسیس بیکۆن)

تەنها پەروەردە دەتوانێ کە بەرەو چێژێکمان ببات کە باشتر نیە لەڕووی جۆرەو بێ سنورە لەبڕدا. (تۆماس مان)

ئەو مرۆڤە چیە کە بێ هیچ پەروەردەیەکە ؟ ئەوە کۆیلەیەکی چاکەو دڕندەیەکی بیرکەرەوەیە . (جۆزیف ئەدیسۆن)

فێربوون هێزی سرووشتی مرۆڤ زیاد دەکات . (هۆراس)



Scanned with CamScanner

فێر کردن چەندە کاریگەر تر دەبوو ئەگەر ئامانجی ئەوە بوایە کە ئەو کچ و کوڕانەمان تێ گەیاندایە کە دوای دەرچوونیان لە قوتابخانە هیچ شتێکی دا نازانن بەمەش وایا لێ دەهات کە بەدرێژای ژیان هەوڵی زانینی هەموو شتێک بدەن . (سێرو یلیام هیلی)

من بانگەواز بۆ پەروەردەیەکی تەواو فراوان دەکەم ، ئەوەی کە بۆ مرۆڤ دەگونجێ تا بەهەموو پلەو پایەکان هەستێ ، تایبەت و گشتی و لەئاشتی و لەشەڕدا ، بەو پەڕی لێزانی و لێ بووردەییەوە . (جۆن ملتۆن)

کێشە لە تاقیگەدا چارەسەر ناکرێت بەڵکو لەسەری مرۆڤدا ، هەموو ئەو ئامرازانەشی کە پێویستیەتی ئەوەیە کەسەری وەرچەرخێکی تا بەڕوونی هەموو ئەوشتانە ببینێ کە لەوێ یە . (چارلز کیترنگ)

من باوەڕم بەنەمری گیان هەیە ، چونکە زانست سەلماندوویەتی کە هیچ شتێک وون نابێ ، کەواتە ئەوژیان و گیانەی کە ناکرێ وون بن نەمرن . (فرانزفۆن براون)

ئەو درەختەی لە ئەشکەوتێکدا گەورە دەبێت بەرناگرێ. ئەو باڵندەیەشی لە قەفەسێکدایە هێلانە دروست ناکات. هۆکەشی ئەوەیە تا بەندیی بەجێ نەهێڵێت بۆ وەچەکانی. (جبران خلیل جبران)

خودا دەوڵەتێکی دادپەروەر دروست دەکات لە نێو خەڵکانێکی کافردا, بەڵام دەوڵەتێکی زاڵم دروست ناکات لەنێو خەڵکانێکی موسوڵماندا. (مونتین)

ڕاستی و ڕاستگۆیی مافی هەمو کسێکن. ئەو کەسەی کە یەکەم جار دەیان بێژێت نابێتە خاوەنیان. بەڵکو خاوەنیان ئەو کەسەیە کە توانای هەیە بەسەریاندا زاڵ بێت. (مونتین)

هەموو ناکۆکیەک لە کرۆکی خۆیدا سنووری ئەگریسی خۆی هەڵگرتووە. هەموو شتێکیش ئەو شتە لەخۆیدا گل دەداتەوە کە دەکرێت لێوەی دەربچێت. لەبەرئەوەی پێدەچێت هەمیشە بۆ چارەنووس هەوڵ بدەین. هەروەک چۆن چاوەڕێی دەکەین پێش ئەوەی بێتە بوون. (ە. کایزەر لینگ)

قوربانی بە تاکەکەس بدە لەپێناو خێزاندا, خێزانیش لەپێناوی کۆمەڵدا, کۆمەڵیش لەپێناوی نیشتیماندا, ڕۆحیش لەپێناوی ژیان و جیهاندا. (پەندێکی سنسکریتی)



Scanned with CamScanner

دین له دنیادا کاری جودایه له کاری لۆژیک و فەلسەفە. دین لەسەر بنەمای یەقین و عەقیدەیەکی بەهێز بنیات دەنرێت. مرۆڤ بەئەندازەی ئیمان و باوەڕی بەخودا سوود له دین دەبینێت. چونکه دڵ ئارامیەکی پێ دەبەخشێت که هانی دەدات بۆ کۆڵ نەدان لەشەڕی ژیان. بەڵام فەلسەفە کارێکی تری هەیە و لەسەر بنەمای دودڵی گەڕت بەشوێن زانستٌ و پرسیار کردندا بنیاتنراوە. فەلسەف بریتیه له سەرقاڵ بوونی مرۆڤ به کێشەکانی ژیانەوە و گەران بەدوای چارەسەر بۆیان. بەمەش مرۆڤ دەتوانێت ببێتە لێکۆڵەرێکی بابەتی لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت ببێت به کەسێکی عارف. ئیمانیشی رێگری ناکات لەوەی سەیری بابەتە دنیایەکان بکات به چاوێکی فەیلەسوفانه یان زانستیانه. (جبران خلیل جبران)

وەک چۆن سیر بۆ زەڵاتەیه ،ناواش شێتی بۆ هونەرە . (هۆمیرسانت گۆندز)

دەبێ هونەرمەند زیاتر لەدوو گوێی هەبێ. (لارماتین)

هەموو هونەر مەندێک فڵچەکەی دەکات بەگیانیاو سروشتی تایبەتی خۆی دەکێشێ . (هنری وٚردبیچەر)

هەر وێنەیەک بەهەستو سۆز کێشرابێ ئەوە وێنەی هونەرمەندە نەک ئەو نمونەیەیی لەبەردەمیدا بووە. (ئۆسکار وایڵد)

کاتێ کارێکی هونەری پێش زەمەنەکەی دەکەوێ ، لەراستیدا زەمەن کەوتۆتە دوای ئەوە . (جان کۆکتۆ)

هونەر ژیانه ، کەتیایدا دەژین و ئازاردەچێژین و هەوڵ ئەدەین. (ئیلزابێت باریت براونینگ)

هەموو شتێک تێ دەپەڕێ، تەنها هونەر بۆ هەمیشه دەمێنێتەوە ، پەیکەرێک زیاتر لەعەرشێک دەمێنێتەوە ، پارچەیەکیش زیاتر لەخوودی ئیمپراتۆر . (تیۆ فیل گۆتی)

ئەگەر کەسێ بیەوێ کەلەهونەرەکەیدا دەرکەوێ دەبێ کچان لەدڵی خۆی دووربخاتەوە کیپلینگ (برۆست)

هەموو دۆخێکی کۆمەڵایەتی بەهاو گرنگی خۆی هەیه ، بۆیه شتێکی خۆشه بۆ هونەرمەندێک کەرەفتاری شاژنێک و هەڵسو کەوتی بەرگدرویەک وەک یەک دەربخات . (برۆست)



Scanned with CamScanner

هونەر لەسێبەری مرۆڤایەتی زیاتر نیە . (هێنری جێمس)

هونەر تەنها ڕێگەیەکی ڕاستە بۆ درووست کردنی شتەگان تاقیکردنەوەی هونەرمەندیش لەو ویستەدا نیە کەپاڵی پێوە دەنێ بۆ کارکردن بەڵکو لەچاک دروست کردنی ئەوەدایە کە دەی کات . (تۆما ئەکوینی)

هونەر بۆ خۆی ئامانج نیە بەڵکو هۆکارێکە بۆدواندنی مرۆڤایەتی . (مۆسۆر گسکی)

هونەرمەند خۆی یا جیهانی ئازاد کامەرانی خۆی لەناخید هەڵدەگرێ . (بێتهۆڤن)

هونەر غیرەی زۆری تیایە ، چونکە هەموو مرۆڤی پێویستە بێ کەم و زیاد . (مایکڵ ئەنجیلۆ)

هونەرمەندی مەزن ئەوەیە شێ سکاکار دەکات . (ئەمبیل)

هیچ کارێکی هونەری نیە بەبێ بەشدارییەکی دۆزەخی . (شارل بۆدلێر)

هاورێ پێویستە مامۆستا (وەستا، زۆر زۆر شارەزا) بێت لە پێشبینیکردن و خامۆش (بێدەنگ مانەوە . (فری دریک نیچە)

لەوانەیە دوژمنت هەبێت کە رقت لێیان بێت ، بەڵام نەک دوژمنێک کە سوکایەتی پێ بکەیت . ئەبێت شانازی بکەیت بە دوژمنەکانتەوە : ئەوکات سەرکەوتنی دوژمنەکانیشت ئەبێت بە سەرکەوتنی تۆ . (فری دریک نیچە)

زانست و هونەر ئەو خاڵە هاوبەشەیان هەیە کە شتە رۆژانەکان بەلای ئەوانەوە تازە و سەرنج راکێشە . (فری دریک نیچە)

ئەوەی کە دووکەس بە قووڵترین شێوە لەیەکتر جیادەکاتەوە جیاوازی مانا و پلەیە لە پاکی (پاکوخاوێنی ) . (فری دریک نیچە)

گاتی وا هەیە. توانایی پەکانمان ئەوەندە هانمان ئەدەن بۆ چوونە پێشەوە کە چیتر ناتوانین بەرگەی بێهێزی پەکانمان بگرین و بەهۆیانەوە لەناوئەچین . (فری دریک نیچە)

ئافرەتەکان وادادەنرێن کە قووڵ بن - بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کەسێک هەرگیز ناتوانێت



Scanned with CamScanner

بنەکەیان (بناغەکەیان) ئاشکرا بکات. ئافرەتەکان تەنانەت تەنکیش نین. (فری دریک نیچە)

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت لە فەیلەسوفێک تێ بگەیت، پرسیار مەکە لەوەی کە دەیلێت، بەڵکو بزانە چی دەوێت (چی ئارەزوو دەکات). (فری دریک نیچە)

یەکێک دەست دەکات بە گومان کردن لە پیاوی زۆر زیرەک کاتێک کە شەرمەزاردەبن. (فری دریک نیچە)

کاتی وا هەیە یەکێک بە دڵسۆزی ئەمێنێتەوە لەسەر هۆکارێک (ئامانجێک) تەنها لەبەرئەوەی رکابەرەکانی لە بێ کەڵکی خۆیان ناوەستن. (فری دریک نیچە)

لەوانەیە هیچ کەس تا ئێستا بە تەواوی راستگۆ نەبوبێت لەوەی کە واتای «راستگۆبوون» چی یە. (فری دریک نیچە)

رونکردنەوە شاراوەو نادیارەکان بە قووڵ دادەنرێن. راستی ئەوەیە کە ئەو رونکردنەوانە تەنانەت سەرپێ یش نین (رووکەشیش نین). (فری دریک نیچە)

پیاو زۆر هەستیارترە بۆ بە سووک سەیر کردنی کەسانی تر تا بۆ بە سووک سەیرکردنی خودی خۆی. (فری دریک نیچە)

تەنها مۆسیقای نەخۆش پارەپەیدا دەکات ئەمڕۆ (ئەم رۆژانە). (فری دریک نیچە)

ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەین هەرگیز تێگەراو نیە (کەسانی تر تێناگەن لێی)، بەڵام تەنها ستایش دەکرێت و تاوانبار ئەکرێت. (فری دریک نیچە)

هەبوونی لەبیرچوونەوە تا ئێستاش نەسەلمێنراوە: ئێمە تەنها ئەوە دەزانین کە هەندێک شت نایەنە ناو مێشکمانەوە کاتێک کە ئەمانەوێت بێن. (فری دریک نیچە)

دانایی سنور تەنانەت بۆ زانستیش دادەنێت. (فری دریک نیچە)

بەربڵاوترین درۆ ئەوەیە کە تاک درۆ لەگەڵ خۆی دەکات، درۆکردن بۆ کەسانی تر تارادەیەک هەڵاوێرێکە (حاڵەتێکی جیایە). (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

پیاوێک کە زۆر سەرقاڵە بەدەگمەن بیروڕای خۆی دەگۆڕێت . (فری دریک نیچە)

دڵنیاترین ڕێگە بۆ گەندەڵکردنی (تێکدانی) گەنج ئەوەیە کە ڕێنمایی بکەیت بۆ ئەوەی ڕێزی زیاتر لەوانە بگرێت کە وەک یەک بیردەکەنەوە تا ئەو کەسانەی کە جیاواز بیردەکەنەوە . (فری دریک نیچە)

بەرهەم هێنانی مۆسیقا بەجۆرێک بەرهەم هێنانی منداڵە . (فری دریک نیچە)

خەون بین (داهاتووبین) نکۆڵی دەکات لە ڕاستی بۆ خودی خۆی ، کەسی درۆزن تەنها بۆ کەسانی تر . (فری دریک نیچە)

هەمان هەستەکان (سۆزەکان)یش لە پیاو و لە ئافرەتدا جیاوازن لە کێش (تین) دا: لەبەرئەوە پیاو و ئافرەت لە بەهەڵە تێگەیشتنی یەکتر ناوەستن . (فری دریک نیچە)

ئەگەر ئێمە ویژدانمان ڕابهێنین (مەشق پێ بکەین) ، ماچمان دەکات کاتێک کە ئازارمان دەدات . (فری دریک نیچە)

داهاتوو هێندەی ڕابردوو کاریگەری لەسەر ئێستا هەیە . (فری دریک نیچە)

کەسی بەدبەخت هیچ جۆرە دەرمانێکی تری نی یە بێجگە لە هیوا . (فری دریک نیچە)

لەسەر چیاکانی ڕاستی دا تۆ ناتوانیت بە لەخۆبایی بوونەوە سەربکەویت : یان ئەگەیتە خاڵێکی بەرزتر ئەمرۆ ، یان هێزەکانت مەشق پێ دەکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت سبەینی بۆ شوێنێکی بەرزتر سەربکەویت . (فری دریک نیچە)

تەمەڵیی باوانی هەموو دەروونزانی یە . (فری دریک نیچە)

دژی جەنگ لەوانەیە بوترێت کە جەنگ براوە گەمژە دەکات و دۆڕاوە قین لە دڵ . (فری دریک نیچە)

پیاوێک کە قووڵی هەبێت لە حەیای دا بە چارەنووس و بڕیارە هەستیارەکانی دەگات لەسەر ڕێگاگەلێک کە کەم کەس هەرگیز پێی ئەگات . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

پیاوی بەهێزو دڵنیا (بێ ترس) ئەزموونەکانی هەرس دەکات (کردەوە چاک و خراپەکانی وەک یەک) هەروەک چۆن گۆشتەکەی هەرس دەکات ، تەنانەت لەکاتێکیشدا کە هەندێک ئەبێت قووت بدات . (فری دریک نیچە)

کەسێک پێویستە یادێکی باشی هەبێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو پەیمانانە بکات کە ئەیدات . (فری دریک نیچە)

پێگەیشتنی کەس پێکدێت لە جارێکی تر دۆزینەوەی ئەو جدیەتەی کە ئەو کەسە هەیبوو لە منداڵی دا (وەک منداڵێک) ، لەکاتی یاریکردن دا . (فری دریک نیچە)

کاتێک کە نە خۆشەویستی نە رق لێبوون لەناو یاری یەکەدایە ، یاری ئافرەت مامناوەندە (ئافرەت مامناوەند یاری دەکات) . (فری دریک نیچە)

پیشە بڕبڕەی پشتی ژیانە .

بۆ سەرکەوتن بەسەر هەندێک کەسی دیاریکراو بۆ شتێک ، تەنها پێویستە پێی بدەیت شەوقێکی خۆشەویستی ، مرۆڤاقەیەتی ، خانەدانی ، پیاوماقوڵی ، خۆبەخشی -- وە شتێک نی یە کە نەتوانی پێیانی قووت بدەیت .

هیچ کەس بە تامەزرۆتر قسەناکات لەبارەی مافەکانی خۆی لەو کەسە زیاتر ، کە لە قوڵایی ناخی خۆی ، بە گومانە لەبارەیانەوە . (فری دریک نیچە)

سواڵکەرەکان پێویستە بە تەواوەتی نەهێڵرێن! بەڕاستی ، پارەدان پێ یان شتێکی ناخۆش و پەستکەرە وە پارەنەدانیش پێیان شتێکی ناخۆش و پەستکەرە . (فری دریک نیچە)

توێژەرەوان هەموو هێزیان سەرف دەکەن لە وتنی بەڵێ و نەخێردا ، لە رەخنەگرتن لەوەی کەسانی تر بیریان لێ کردووەتەوە --- خۆیان چیتر بیرناکەنەوە . (فری دریک نیچە)

دەگمەن نی یە، یەکێک تووشی لاسایی کەرەوەی مرۆڤی گرنگ (بایەخدار) دەبێتەوە ، وە ، هەروەک چۆن بۆ تابلۆش وەهایە ، زۆربەی خەڵکی کۆپی یەکەیان (لاسایی کردنەوەکەیان) لەلا پەسەندترە لە تابلۆ رەسەنەکە . (فری دریک نیچە)

دراوسێکان ستایشی بێ فیزی (خۆنەویستی) ئەکەن لەبەرئەوەی قازانج دەکەن لێی (قازانجی



Scanned with CamScanner

خۆیانی تیایە).

زۆربەی کاتی ژیانی هاوسەرگیریی گیراوە بە قسەکردن . (فری دریک نیچە)

ئەوانەم خۆشئەوێت کە نازانن چۆن بۆ ئەمڕۆ بژین . (فری دریک نیچە)

مەترسیدارترین دکتۆرەکان ئەوانەن کە ئەتوانن بە شێوەیەکی تەواو لاسایی دکتۆری لەدایک بوو بکەنەوە . (فری دریک نیچە)

بەرەو ئامانجم بەڕێ ئەکەوم – لەسەر ڕێگای خۆم ، بەسەر ئەوانەی کە دوودڵن و دوائەکەون ئەبێت بازبدەم . بەم جۆرە با ڕۆیشتنی من ببێتە ژێرکەوتنی ئەوان . (فری دریک نیچە)

هەندێک کات خەڵک نایەوێت گوێی لە ڕاستی بێت لەبەرئەوەی نایانەوێت خەیاڵی خاویان لەناوبچێت . (فری دریک نیچە)

شەیتان ڕقێکی ناسرووشتی لەسرووشتە بۆیە هونەر بەکار دەهێنێت تافێرمان بکات . (شارل بۆدلێر)

باشترین نیوەی ژیان لەدەستی ئەو پیاوە دەچێ کە بەگەرمی خۆشەویستی ناکات . (ستندال)

دەشێ ئافرەت ئاشق بێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زیاتر لە دە تا دوانزە ووشە بەخۆشەویستەکەی ناڵا بە درێژای ساڵێک . (ستندال)

کە پیاو دەکەوێتە خۆشەویستیەوە ئەوا چیتر شتەکان وەک خۆی نابینێ ئەگەر زۆر داناش بێ. (ستندال)

خۆشەویستی لەیەکەم دیتنەوە بەشێوەیەک دەگەشێتەوە کەشتێکی تیایە شایەنی ڕێزەو شتێکی تریش کە شایەنی بەزەییە . (ستندال)

ڕەنگە ئەو ووشەیەی خانمێکی شازادا تورەدەکات، خانمە بێریەکی چیکانی ئەلبیش بووروژێنێ ، بەڵام کەهەردووکیان تورەدەبن ئەوا سۆز هەردووکیان بە هەمان شێوە دەجولێنێ . (ستندال)

تەماشا دەکرێ کەهەموو شتێ بلا ، لەهەمان کاتیشدا دەشێ کەنکولی لێ بکرێ چونکە تەماشا



Scanned with CamScanner

دووباره نابێتەوە . (ستندال)

لانی کەم نیوەی ژیان ، باشتریت نیوە لەو پیاوە شاردراوەتەوە کە بەهەموو دڵی خۆشەویستی نەکردووە . (ستندال)

دەکرێ کەژنی ئاشق لە پەیمان شکێنی ببورێ ، بەڵام پیاو ناتوانێ ئەمەبکات ، چونکە جیاوازییەکی ڕاستەقینە هەیە لەنێوان ناپاکی ژن و ناپاکی پیاودا . (ستندال)

هێزی ئافرەت لە ڕادەی ئەو ئازارەدایە کە توشی خۆشەویستەکەی دەکات کاتێ سزای ئەدات . (ستندال)

کاتێک پیاو فێری لوت بەرزی دەبێت ، ئەوا هەر ئافرەتێک لای بەسودە هیچ ئافرەتێکیش پێویست نیە . (ستندال)

ئەگەر ئیتالی لەناو سۆزەکانیدا بژی کاتێ ڕق و خۆشەویستی دەیوروژێنێ فەرەنسیش لە لوت بەرزیدا ، ئەوا ئەڵمانیە دڵ ساف و سادەکان کە لە جێرمانیە کۆنەکانەوە هاتوون لەسەر بیرە دابڕاوەکان دەژین . (ستندال)

چ ڕەحمەمەتێکە گەر ژنانی ئەمڕۆ بتوانن لەتەمنی پەنجا ساڵیدا بمرن . (ستندال)

شتێکی هیچە ئەگەر بە کچێک بڵێی (دڵسۆزیە بۆ ئەو مێردەی هەڵی دەبژێری ) دوایش لەدژی ویستی خۆی شوبکات بە پیاوێکی پیری بێزارکەر . (ستندال)

کاتێ لەبون بەهاوسەربوندا خۆشەویستی بوونی نابێ ، ئەوا ناپاکی ژنان بێ گومان تاوانێکە لە دژی سروشت . (ستندال)

تەنها یەک ڕێگە هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دڵسۆزیەکی زۆر لەهاوسەریدا ئەویش ئەوەیە ئازادی بدە بەلاوان و تەلاقیش بەوانەی بە هاوسەر بوون . (ستندال)

ئەو ئاشقەی کە دەلەرزێ ناگرێ کە بێدار بێت ، چونکە خۆشیەکانی خۆشەویستی هەمیشە ڕێژەین لەگەڵ ترسدا . (ستندال)

خۆشەویستی زیاتر لە بێزاری مێشک دە سڕێتەوە ؟ (ستندال)



Scanned with CamScanner

مرۆڤ پێویستی بەتەنهایی هەیە لەکامەرانی و خۆشەویستیدا ، پێویستی بەکۆمەڵگە هەیە لە پێناوی ناوبانگدا . (ستندال)

دەبێ ژن پیاوێکی ئاسایی ئەوروژێنەر هەڵبژێرێ ، بەڵام دەبێ ئاشقێکی سەر سەخت هەڵبژێرێ . (ستندال)

بەشداری کردن لە پارەدا خۆشەویستی دەفات زیاد دەکات ، بەڵام بەخشینی پارە لەناوی دەبات . (ستندال)

چێژەکانی جەستە بەتێپەڕ بوونی کات کەم دەبنەوەو ئازارەکانی زیاد ئەبن . (ستندال)

ئەوەی کە هەموو کەسێ دڵخۆش کا هیچ کەسێ زۆر دڵخۆشی ناکا . (ستندال)

خۆشەویستی ڕاستەقینە بیرکردنەوە لەمەردن زۆر ساکار دەکات ، چونکە مردن هیچ ترسێکی بۆ دروست ناکات ، چونکە لەو نرخە زیاتر نیە کە مرۆڤ دەکرێ بیدا بەزۆر شت . (ستندال)

لەگەرمەی ئازایەتیمدا چەندە هاوارک کردووە (ئەگەر کەسێ دەیەوێ دەمانچەکەی بنێ بەسەرمەوە ئەوا پێش ئەوەی بمرم سوپاسم دەکرد ئەگەر بوارم هەبوو ) تەنها ڕێگە بۆ دەربرینی ئازایەتی لەخۆشەویستیدا ئەوەیە کە مرۆڤ بە گەرمییەکی کەمترەوە خۆشەویستی بکا . (ستندال)

لە هەر ڕۆژێکدا دڵە ئەویندارەکان کەم دەبنەوە و مێشکە ڕۆشنبیرەکان زیاد دەبن . (ستندال)

پیاو لە گەنجیدا دەکەوێتە خۆشەویستی ژنێکەوە کە سیماکانی پاڵی پێوە دەنێن ، دواتر بەخەمبارییەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستیەکی سادە دوای ئەوەی بێزار دەبێ لە ئەوینی پیرۆز ، ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی کەتەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە لە جێیەکدایە لەنێوان ئەو دوانەدا . (ستندال)

ئەو پیاوە کامەرانە کەدەتوانێ هەموو شتێ بەژنەکەی بڵێ . (ستندال)

بڕو بوچی خۆشەویستی دەتر سێنێ . (ستندال)



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی وورووژێنەر ترین هەست درووست دەکات . (ستندال)

خۆشەویستی ئەگەر کلۆلیش بێ ، بەمەرجێ ئەوینێکی ناکۆتا بێ لەناسکیدا ئەو ئەوپەڕی کامەرانیە . (ستندال)

یەکەم خۆشەویستیمان بێگومان گەورەترین خۆشەویستیمان نیە . (ستندال)

ئەو پیاوەی زۆر جدی نیە کاتێ دەربارەی کاروباری بازرگانی لەگەڵ ژندا دەدوێ . (ستندال)

زۆر جار خۆشەویستی لە تیشکە زۆرلاوازەکانی هیوا درووست دەبێ ، ڕەنگە تیشکەکە لەکۆتایی دوو یاسێ ڕۆژدا نەمابێ بەڵام بەڵام خۆشەویستی لەدایک بووە . (ستندال)

ژنان سۆزو هەڵچوونیان لە ئەقڵ پێ باشترە . (ستندال)

ئەو گیانەی کەبۆ خۆشەویستی خوڵقاوە ناتوانێ کەهەستێکی تەواوی هەبێ بۆ هەر کانەرانیەکی تر . (ستندال)

ئەگەر مرۆڤ خۆشەویستی نەکات لەکاتێکدا کە ئاسمان گیانێکی پێ بەخشیوە بۆ ئەو مەبەستە ، ئەوا ئەمە بریتیە لەخۆ بێ بەشکردن لە کامەرانیەکی گەورە . (ستندال)

باشتروایە مرۆڤ بێدەنگ بێت وەک لەوەی ووشەی ناسک بڵێ لە کاتی نەگونجاودا . (ستندال)

ئەو یارەی کە پیاوێک بۆ ماوە سێ ساڵ حەزی لێی بووە یاری ڕاستەقینەیە . (ستندال)

خۆشەویستی لەپێشداو هێز لەدوای ئەو ئەم دوانە گەورەترین کامەرانین لەدنیادا . (ستندال)

ئافرەتێک کە شایەنی خۆشەویستی بێ، ئەوا لەبەختنامەکەیدا دەتوانێت کە گوڵی خۆشەویستی کە (لاو لاوە) تیاببینێ کەدەمرێ ئەگەر خۆی نەئاڵێنێ و خۆی گیر نەکات . (ستندال)

ئەفرەتی ڕاڕای بێزارییە و ئەفرەتی خۆشەویستیش بێ ئومێدی و مردنە . (ستندال)

مرۆڤ پێی وایە کە لە ڕاڕاییەو کامەرانی دەست دەکەوێ (ستندال)



Scanned with CamScanner

ئازار دوو ئەوەندەی چێژ کارمان تێ دەکات . (ستندال)

خۆشەویستی تەنیا سۆزێکە کە نرخەکەی تەنە بەپارەی خۆڵ دەدرێ . (ستندال)

خۆشەویستی سودی چیە ئەگەر وات لێ بکات باوێشک بدەی . (ستندال)

هیچ مرۆڤێک نیە کەرێ بەیەکێکی تربات تا بێتە نەخشەکێشی باوەڕی باوەڕ باوەڕ نیەبەبێ قەناعەت . (تۆماس جیفرسۆن)

باوەڕی تەواو دەگرێ بمان خاتە سەرو ترسەوە . (جۆرج ماکدۆناڵد)

ئەوەی باوەڕ دار نیە بەپێی باوەڕەکەی ناژی . (تۆماس فولەر)

ئەو دەردەی کەئەمڕۆ مرۆڤایەتی چارسەر دەکات بریتیو لە پێویست بون بە باوەڕ (ئەمرسۆن)

باوەڕ بە زویندوێتی دەمێنێتەوە لە دەرونمدا ، بەتاقی کردنەوە زیاتر بەهێز دەبێ وەک لەتێ رامان . (جۆزف ئەدیسۆن)

باوەڕی بەهێز پیاوی بەهێز دەگرێ و پاشان بەهێز تریان دەکات (ۆڵتەر بید جۆن)

بە سۆزی خۆت هێز بخەرە سەر هێزم نەک لاواز بم . (ئامۆس برۆنسۆن ئەلکۆت)

سەرکەوتن بۆ بەهێز ترینە ، کە ئەوانەش بریتین لە داناترین و باشترین . (ئەمرسۆن)

خێری راستەقینە لەدڵی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵا و مرۆڤ هەموان بەخێر خوازی لەدایک دەبن . (کۆنفۆششیۆس)

خێر لەلای من بریتیە لەکامەرانی — کامەرانی هەموو مرۆڤ چۆن بخوازێ و کەی بیەوێ . (جۆرج سانتیانا)

وا چاکە کەمرۆڤ ڕووخۆش و دانابێ واچاکە کە بەئابڕوو ڕاستگۆ بێ (ڕۆبەرت بیرنز)

چاکە مەرج نیە مرۆڤ کامەران کات ، هەروەک چۆن کامەرانیش چاکیان ناکات . (و.س .لاندەر)



Scanned with CamScanner

تۆ بۆخۆت کەسێکی چاک نیت بەڵام هۆی چاکیت لای ئەوانی تر . (سوکرات)

خێر زیاتر دەبێت بەو برەی کە لەناو خەڵکیدا بلاو دەبێتەوە . (میلیتۆن)

لەتێک نان شتێکی واگرنگ نیە ، بەڵام بۆئەوەی لەبرسا سکی دەگوشێ هەموو شتێکە . (جۆرج میریدس)

دەربەرینە سروشتیەکانی ئەقڵی مرۆڤایەتی لە خۆشیەو بۆ خۆشی نیە بەڵکو لە هیواوەبەرەو هیوایە . (سەمێل دجنسۆن)

هیواکانم هەموو دەمێ داینە دی ، بەڵام من هەمیشە هیوام هەیە . (نوفید)

مادام ژیان هەیە هیواش هەیە .(شیشرۆن)

نە دیواری بەردین زیندان درووست دەکات نە شیشی ئاسنی قەفەز . (ریچارد دلفلایس)

من بە هیوا دەژیم و پێم وایە کە ئەمە هەموو ئەو شتانەدرووست دەکات کە دێنە جیهانەوە . (رۆبەرت بریدجیز)

کاری بێ هیوا شیلەی ئاخ هەڵدەمژێ ،هیوای بێ ئامانجیش ناژی . (کولیریدج)

گەشبینی هیوایەکی ساختەیە کە لەخزمەتی ترسنۆک و گێلەکاندا هیوا چاکەیە سوور بوونە لەسەر پاڵەوانێتی گیان ، باڵاترین شێوەی هیوا ،بێ ئومێدی زەلیل کەرە . (جۆرج برنانۆس)

بیرە مەزنەکان وەکوەک کۆتری سوکەڵەوە دێنە جیهانەوە ، رەنگە ئەگەر بە ووردی گوێ شل کەین مە بتوانین گوێمان لەشەقەی باڵ و جوڵەی ژیان و هیوای بەرز بێ لەناو ژاوەژاوی شانشین و میللە تەکاندا . (ئەلبێر کامۆ)

زەوی تەنها خۆراکی ترسنۆکەکاند ئەدا ، بەرژەوەندی هەموان ئاراستە دەکات ، مرۆڤ تەنها لەترس و تەماحدا بەشداری دەکەن . (سان جۆرج لوبوهولیە)

پیاوان بەخۆشەویستی دەست پێدەکەن و بەتەماح کۆتاییان دێت و زرۆبەی جار تادەمرن



Scanned with CamScanner

حەوانەوە نابینن . (لابرویێر)

ئایا مەزنیت دەوێ ؟ کەواتە تۆ لەتەماح بەدوور نیت ،بەلام دوری لەو خراپییەی کە لەگەلێدایە . (شکسپیر)

تەماحی بالا لەهەموو بوندا ، ئەوەیە کەمرۆڤ لەئەبوندا وون بێ لەنوستن بەبێ خەو بینین . (گوتێر یزنایرا)

تەماح زۆرجار وا لەمرۆڤ دەکا کە هیچترین کار قبوڵ بکا بەم شێوەیە مرۆڤ سەردەکەوێ بەهەمان ئەو جۆرەی کە سکە خشێ دەکا . (جۆناسان سونیمت)

هەموو جۆرەکانی تەماح شیاوە ،تەنها ئەوانە بەبێ کە سەر کڵۆڵی و ساویلکەین مرۆڤایەتی و بە نامانجەکانمان دەگەیەنێ . (جۆزف کۆنراد)

لەڤێز کردنەوە لە تەماح دەبێ یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی کامەرانی بلۆزینەوە لەم سەر زەویەدا . (ئەدگار ئالات پۆ)

بێ فیزی پێ پەیژەی تەماحی لاوە ، ئەوەی پیایا سەرکەوێ سەیری دەکا بەلام هەردەگاتە بەرزترین پلەکانی ئەوا پشکی تێ دەکا و ڤێز لە پلە کەمانە دەکاتەوە کە بەهۆیانەوە گەیشتۆتە لوتکە . (شکسپیر)

تەماح وامان لێدەکات کەبەزینمان پێ باشتربێ لەو سەرکەوتنەی کە ناوی سەرکردە لەکەدار دەکا . (شکسپیر)

چوار جۆر مرۆڤ هەیە لەجیهاندا ،ئەوانەی خەڵکیان خۆش دەوێ ، تەماحکاران چاودێران ، گەمژەکان ، کامەرانترین گەمژەکانن . (ئیبولیت تین)

هیچ شتێک وەک کار نیە کەمرۆڤ خۆی پێ بکاتەوە و هیچ شتێکیش وەک تەماح نیە کاتێ کەمرۆڤ ناتوانێ خودای لەگەڵ بێ . (مارتان دوگار)

تەماح کاتێک دەگاتە دەسەلات ،ئەوا دەبێتە ستەم کارێک بە سەرئەوانەوە کە دەسەلاتیان داوەتێ ،ئەو کاتەش خراپەو گوناهی بۆدەردەکەوێ ئەوا رق و گومان لەناویدا بلاو دەکاتەوە . (دیموستین)



Scanned with CamScanner

بەپێی هەڵبژاردن من تەنانەت لەدۆزەخیشدا دەسەڵات شایەنی تەماحە ، باشتروایە لەدۆزەخدا دەست بگیرێ بەسەر خزمەت گوزاری ئاسماندا . (ملیتۆن)

کەوتم و گەیشتمە بنەوە و باڵەکانم قرتێنران و لەماڵ و موڵک و خێزان بێ بەش کرام ، بۆیە هەژاری بوێرانە پاڵی پێوەنام تا سیحر قەرز بکەم . (هۆراس)

ئەوەی بیەوێ گرێچکی بەهێز بەیەک چرکە دروست بکات ئەوا بە تۆزێ پوش دادی دەگیرسێنێ . (شکسپیر)

ئێمە لەو درندایەتیە دەترسین کە لەفەزێر دوو ناوی جوانی تەماح وشکۆدا ، ناوچەکان کاول دەکاو خوێنی ئەو مرۆڤانە دەڕژێنێ کەهەموو بران . (فیللون)

ئەوەی نیشتیمانەکەی خۆی خۆش نەوێت ئەوا هیچ شتێکی کەشی خۆش ناوێ . (لۆرد بایرۆن)

خوێنی ئەوەی کەنیشتیمانەکەی خۆش دەوێ تۆوی داری ئازادیە . (تۆماس کامبڵ)

نیشتیمان پەروەری بەس نیە ،دەبێ کەرقم لەهیچ کەسێک نەبێتەوە . (ئەدیس کافیل)

من لەهیچ شتێک پەشیمان نیم لەوە نەبێ کەتەنها یەک ژیانم هەیە تا لەپێناوی نیشتیمانەکەمدا بەختی بکەم . (ناسان هایل)

نیشتیمان پەروەری ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە لە غەریزەو سۆزدا (د.د . فیڵد)

ئەوەی کەخەبات دەکات لەپێناوی ئەوادا کە نیشتیمانەکەی چاکتر بکات ئەوا لەوانی تر نیشتیمانەکەی خۆشتر دەوێ . (ڕۆبەرت .ج . ئەنگەر سۆڵ)

هەر جۆرە پەیوەندیەک بەزەوییەوە وەک چاندنی یا دەرهێنانی خێرو بێری یا ڕاوکردن تیایدا هەموو ئەمانە هەستی نیشتمان پەروەری دروست دەکەن . (ئەمەرسۆن)

چەند خۆشی و بەشکۆیە کە مرۆڤ لەپێناوی وولاتەکەیدا بمرێ . (هۆراس)

خودا هەموو زەوی بەخشیوەتە هەموو مرۆڤ تاخۆشیان بوێ ،بەڵام لەبەر ئەوەی دڵمان بچووک



Scanned with CamScanner

بووە ، ئەوا هەریەکەمان دڵیبەپارچەیەکیدا چووە کەزیاترلەوی ترخۆشی دەوێ (کیپلینگ)

کێ دەوێرێ خۆی بەهەژار دابنێ لەکاتێکدا دەوڵەمەندە بەخۆشەویستی بۆ نیشتیمان .
(ئەلکسەندەر بۆپ)

ئاامانجمان سەراپای نیشتیمان بێ و بەتەنها نیشتیمان . (دانێل ویبستەر)

ئایا کەسێک هەیە ئەوەندە سوک بێت نیشتیمانەکەی خۆش نەوێت ...؟ (شکسپیر)

ئەوانەی کەلەپێناوی وڵاتەکەیدا ژیانیان بەخت دەکەن گۆڕەکانیان پڕ دەکەن لەشکۆمەندی ، چونکە شکۆمەندی گۆڕی سەرباز ڕووناک دەکاتەوە و جوانیش ئازا دەگریەنێ . (ج. ر. دریک)

نیشتیمانەکەم لەپەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا باهەمیشە لەسەر ڕێی ڕاست بێ بەڵام هەرنیشتیمانمە ئەگەر ڕاست بێ یان چەوت . (ستیفن دیکایتر)

نیشتیمانم جیهانەو ئاینیشم ئەوەیە کە چاکەبکەم . (تۆماس باین)

نیشتیمانم هەموو جیانەو هاووڵاتیەکانیشی هەموو مرۆڤایەتیە . (ولیام لوید گارسیۆن)

نیشتیمان ئەوەیە کەلەباشترین باردا بین . (ملیتۆن)

خودا نیشتیمانی درووست کردووە مرۆڤیش شار، نیشتیمان ، گۆرانیەو شار درامایە ، کاتێ کەتێکەڵ دەبن چاکترین درامای مۆسیقا پێک دێنن . (لۆنگفیلۆ)

تەنها یەک کۆمەڵ خەڵک هەیە کەزیاتر دەوڵەمەندەکان بیر لەپارەدەکاتەوە ئەوانیش هەژارەکانن . (ئۆسکار وایڵد)

کەس نیە کەگوێ لەئامۆژگاری بگرێ ،بەڵام هەموان پارە وەردەگرن کەواتە پارە لەئامۆژگاری زیاتر دێنێ . (سویفت)

ماڵ ئەو جێ یە کەخۆشمان دەوێ و دەگرێ کەپێکانمان جێی بهێڵێ بەڵام لەدڵمان نا . (ئۆلیڤەر روندل هۆڵمز)



Scanned with CamScanner

ئەوەی خوا خۆشی بوێ ماڵەکەی خۆی لاجوان دەبێ . (سەرڤانتس)

ئەگەر هەموو ڕێگاکانی کامەرانیت تاقیکردبێتەوە ،ئەوا لەڕێگەی مرۆڤ بۆماڵەکەی دڵنیاتر نیە . (ئیلزابێس هاملتۆن)

زۆر جار خودا چیرۆکێکی گەورەی هەیە لەماڵێکی بچوکدا . (جۆرج هێربەرت)

ماڵێکی بچوکی پڕ ، وپارچەزەوییەکی چاک کێڵراوو ژنێکی خنجیلەی دڵ نەرم ، امانێکی مەزنن . (دجۆن ڕای)

هەرشوێنێکی دێرین کەبتوانم تیایدا کڵاوەکەم هەڵواسم ئەوە لای من ماڵێکی خۆشە .(ولیام جیروم و جان شفارتس)

میوانداری ئاگرێکی بەگڕەو خواردنێکی کەم و هێمنیەکی زۆرە . (ئەمەرسۆن)

لەدانیشتنێکی خۆشدا پێویستت بەوە نیە کەبپرسی کێ سەرداری ئەو جێ یەیە ،ئەو پیاوەی لای خوارەوە دانیشتوە و چالاکانە سەرقاڵی یارمەتیدانی هەموانە ئەوە سەردارە (دایڤید هیوم)

میوانداری ڕاستەقینە لەدڵەوەیە ، ئەگەر چی وصف ناکرێ بەڵام کەسی بیانی یەکسەر هەستی پێدەکاو دەحەوێتەوە پێی . (واشنتن ئیرفینگ)

مێردی چاک ژنی چاک درووست دەکات . (ڕۆبەرت برتۆن)

ژن کلیلی ماڵە . (تۆماس فۆلەر)

ژنی چاک و تەندروستی باش بەنرخترین گەنجینەی پیاون . (د .جۆن ڕای)

ژنی نمونەیی هەرژنێکە کەمێردێکی نمونەی هەبێت . (بۆس تارنگۆن)

هەموو پیاوێکی دانا ئەو ژنەی خۆش دەوێ کە هەڵی بژاردووە . (هۆمیرۆس)

ئەوانەی کەهێزی لاوان بەفیرۆ دەدەن ، وەک ئەوانە وان کە جەکی پارە لەسەر خۆیان دەنوسن



Scanned with CamScanner

بەڵام لەدوایدا ناتوانن بیدەنەوە. (کۆڵتن)

لاوی سەرخۆشیەکی بەردەوامە و تای ئەقڵە. (لارو سفۆکۆ)

دڵسۆز بە بەخەونی لاوان. (شیلەر)

من سەرسامم بەو لاوەی کەسوود لەدانیی پیران وەردەگرێ و بەوپیرانەی کەسوود لەچالاکی لاوان وەردەگرێ، بەم پێیەش ڕەنگە لەش پیر بێ بەڵام ئەقڵ پیر نەبێت. (شیشرۆن)

بەشی یەکەمی ژیان لەحەزکردن لەبەشی دووەم تێ دەپەڕێ و بەشی دووەمیش لەداخ خواردن بۆ بەشی یەکەم ڕادەبورێ. (شامفۆر)

هەر مرۆڤێک سێ جۆر لاوێتی هەیە، لاوێتی لەش و لاوێتی دڵ و لاوێتی ئەقڵ، بەڵام جێی داخە کە زۆر کەم ئەم سیانە پێکەوە دەبن. (جول ڕۆمان)

دایک پیرۆز ترین زیندەوەرە. (کولیدید .ح)

خۆشەویسترین دەنگ لای دڵی مرۆڤ بیرتیە لە: دایک و ماڵ و ئاسمان. (براون)

ئەوەی دەدەبێ منداڵ بەر لەهەموو شتێک فێری ببێ ئەوەیە کەنیشتیمان: دایکیەتی. (جول میشیلە)

هیچ شتیچک نیە لەم جیهانە ساردوسڕی بۆشەدا، ئەکانیاوێکی خۆشەویستی قوڵی هەمیشەی، تەنها ئەو کانیاوە نەبێ کەلەدڵی دایکدا. (فیلیسیا هیمانز)

زۆربەی خەڵک بەڕاستی ئازادی یان ناوێتە لەبەرئەوەی ئازادی بەرپرسیارێتی تێدایە، وە زۆربەی خەڵکی لە بەرپرسیارێتی دەترسن. (سیگۆمۆن فرۆید)

ناتوانم بیر لە هیچ هەستێکی بەهێز بکەمەوە لە منداڵدا هێندەی پێویست بوونی منداڵ بە پارێزگاری باوک. (سیگۆمۆن فرۆید)

کاتێک (ئەو کاتەی) کە لەگەڵ پشیلەکاندا بەسەربرابێت هەرگیز بەفیڕۆنەچووە. (سیگۆمۆن فرۆید)



Scanned with CamScanner

یەکەم مرۆڤێک کە سوکایەتی یەکی فڕێ دا (بەکارهێنا) لە بری بەردێک دامەزرێنەری شارستانیەت بووە . (سیگۆمۆن فرۆید)

ئامانجی هەموو ژیان مردنە . (سیگۆمۆن فرۆید)

چ جیاوازی یەکی سەغڵەتکەر هەیە لە نێوان زیرەکیی گەشاوەی منداڵ و بیری بێ هێزی گەنجێکی ئاسایی . (سیگۆمۆن فرۆید)

ئەو پرسیارە گەورەی کە هەرگیز وەڵام نەدراوەتەوە، وە ئەوەی کە تا ئێستا نەمتوانیوە وەڵامی بدەمەوە ، سەرەڕای سی ساڵ توێژینەوەم لە ڕۆحی (کرۆکی) مێینە ، ئەوەیە کە «ئافرەت چی دەوێت؟» (سیگۆمۆن فرۆید)

ئەگەر تواناى ئەنجامدانیت نی یە ، وازبهێنە (پاشگەزبەرەوە) . (سیگۆمۆن فرۆید)

پیاوان بەڕەوشت ترن لەوەی کە بیردەکەنەوە و زۆر بێ ڕەوشت ترن لەوەی کە خەیاڵ دەکەن . (سیگۆمۆن فرۆید)

منداڵان بە تەواوی خۆپەرستن ، ئەوان بە توندی هەست بە پێویستی یەکانیان دەکەن و بێ بەزەیی یانە هەوڵ دەدەن بۆ رازی کردنیان . (سیگۆمۆن فرۆید)

لە هەڵەوە بۆ هەڵە ، کەسێک تەواوی راستی یەکە دەدۆزێتەوە . (سیگۆمۆن فرۆید)

ئێمە هەرگیز ئەوەندە بێبەرگری نین دژی ئازارچەشتن هێندەی کاتێک خۆشەویستی دەکەین، هەرگیز ئەوەندە نائومێدانە دڵتەنگ نابین وەک کاتێک شتێکی خۆشەویستمان لەدەست چووە، یان خۆشەویستی یەکەی (خۆشەویستی ئەو شتەمان لەدەست چووە). (سیگۆمۆن فرۆید)

مرۆڤەکان دروست کراون یان بۆ ئازارچەشتن یان بۆ لەناوبردن (کاول کردن) . (سیگۆمۆن فرۆید)

مێشک وەک شاخێکی سەهۆل وەهایە ، سەرئاودەکەوێت (تەنها) بە یەک لەسەر حەوتی قەبارەکەی لەسەر ئاودا . (سیگۆمۆن فرۆید)



Scanned with CamScanner

به قوولی بڕوانه ناو ناخی خۆتەوەو سەرەتا فێربە خۆت بناسە، پاشان تێدەگەیت بۆچی ئەم ئەخۆشی یە وادانرابوو بێت بەسەرتداو لەوانەیە لەوکاتە بەدواوە خۆت بەدوورئەگریت لە ئەخۆش کەوتن . (سیگۆمۆن فرۆید)

هەروەک چۆن هیچ کەسێک ناتوانرێت زۆری لێ بکرێت بۆ باوەڕهێنان ، کەواتە هیچ کەسێکیش ناتوانرێت زۆری لێ بکرێت بۆ بێ باوەڕیی . (سیگۆمۆن فرۆید)

هەرشوێنێک ئەڕۆم ئەبینم کە شاعیرێک پێش من لەوێ بووە . (سیگۆمۆن فرۆید)

یەکێک زۆر شێتە کاتێک لە خۆشەویستی دایە . (سیگۆمۆن فرۆید)

یەکێک چەندە ئازا دەبێت کاتێک دڵنیایە لەوەی کە خۆشویستراوە (لەلایەن کەسێکەوە). (سیگۆمۆن فرۆید)

تەنها کەسێک کە بە کەڵکی هیچ نایەت ئارەزوومەند نی یە (حەزی نی یە) لە رابردووی خۆی (سیگۆمۆن فرۆید)

گوڵەکان بە تێڕوانین لێیان ئارامی دەبەخشن. ئەوان نە هەست و سۆز نە ناکۆکی یان تێدا نی یە (سیگۆمۆن فرۆید)

پەشێوی دەروونی نەتوانینی تەحەمولکردنی پێچ و پەنایە (ناڕوونی ،دوودڵی یە). (سیگۆمۆن فرۆید)

مێژووی جیهان ئەوەی کە هێشتا فێری منداڵەکانمان دەکرێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی بریتی یە لە زنجیرەیەک کوشتاری نەژادەکان. (سیگۆمۆن فرۆید)

پیاوان بەهێزن تەنها ئەوەندەی کە بیرۆکەیەکی بەهێز پیشان دەدەن (نوێنەرایەتی بیرۆکەیەکی بەهێزدەکەن) . بێ هێز دەبن کاتێک کە دژایەتی دەکەن . (سیگۆمۆن فرۆید)

دڵەڕاوکی لە منداڵاندا لەسەرەتاوە هیچ نی یە جگە لە دەربڕینی ئەو راستی یەی کە هەست ئەکەن بە لەدەست دانی ئەو کەسەی کە خۆشیان دەوێت . (سیگۆمۆن فرۆید)

خۆشەویستی و کارکردن بەردی بناغەی مرۆڤایەتیمانن . (سیگۆمۆن فرۆید)



Scanned with CamScanner

ترس له چەک نیشانەی دواکەوتنی پێگەیشتنی جنسی و سۆزی یە . (سیگۆمۆن فرۆید)

دکتۆر دەبێت لێڵ بێت بۆ نەخۆشەکانی وە وەک ئاوێنەیەک، نابێت هیچ شتێکیان پیشان بدات لەوەی کە پیشانی دراوە . (سیگۆمۆن فرۆید)

لێکدانەوەی خەونەکان ڕێگایەکی شاهانەیە بۆ زانینی چالاکیە بێ ئاگاکانی مێشک . (سیگۆمۆن فرۆید)

دەوڵەتێکی شەڕانی ڕێگە بەخۆی دەدات کە هەموو تاوانێک بکات، هەموو کارێکی توندوتیژی یانەبکات، کە ببێتەهۆی ئابڕووچونی تاک . (سیگۆمۆن فرۆید)

سەیرترین شەڕ کەلەدونیادا رووی دابی، لەسەر هیچ نەخشەیەک نیە ، بەڵکو ئەو شەڕەیە کەدایکی پیاوان کردوویانە . (جواکین میلەر)

دایک مۆمێکی پیرۆزە بێ فیزانە نەرم و نیانە شەوی ژیان ڕوناک دەکاتەوە . (لی شیبی)

تەنها ڕێبەری مرۆڤ ویژدانیەتی و تاکە قەڵغانی یادەوریشی ڕاستی کارەکانی و دڵسۆزیەتی تیایاندا . (ونستۆن چەرچڵ)

شێوەی جوان باشترە لەڕوخساری جوان ، ڕەفتاری جوان باشترە لەشێوەی جوان و جوانترین شتە لەناو هونەرە جوانەکاندا . (ئەمەرسۆن)

دەبێ مرۆڤ چیتر کێشەکانی خۆی نەداتە پاڵ ژینگەو دەورو بەرەکەی و سەرلەنوێ فێر ببێ کەچۆن ویست و بەرپرسیارێتی خۆی دەسەپێنێ لەجیهانی باوەڕو ڕەوشتدا . (ئەلبێرت شڤانیسەر)

ئەگەر شتەکە نەشیاو بوو مەیکە ، ئەگەر ڕاستیش نەبوو مەیڵێ . (مارکۆس ئۆربلیۆرس)

ڕەفتاری مرۆڤ دەبێ وەک ڕواڵەتیان بێ ، زۆر تەند نەبێ بەڵام لەجوڵەدا ئازاد بێ . (بیکۆن)

لەگەڵ هەموودان بەڕەوشت بە دۆستی زۆربە ، نزیک بە لەکەمینەیەک ، هاوڕێی تەها کەسێ و دوژمنی هیچ کەسێ مەبە . (بنیامین فرانکلین)



Scanned with CamScanner

هەست کردن بەئەرکی سەرشان لەژیاندا بەسودە بەڵام بێزراوە لەژیانی شەخسیدا. (بتراند ڕاسل)

لەخێردا هەموو جۆرەکانی دانایی هەیە . (یۆریبیدسیس)

نهێنی سەرکەوتن لەسووربوون لەسەر ئامانجدایە . (بنیامین دزرائیلی)

سەرکەوتن تۆزێک زیاترە لەتێکەڵێکی کیمیایی لەنێوان مرۆڤ و چرکەیەکدا . (فیلیپ گویدلا)

هیچ شتێک وەک سەرکەوتن سەرکەوتوو نابێ . (ئەمەرسۆن)

بڕوا بەخۆ بوون یەکەمین نهێنیەکانی سەرکەوتنە . (پەندێکی فەرەنسیە)

لەهەمووشتەکاندا سەرکەوتن بەندە بەئامادەکاری پێش وەختەوە و بێ ئەمە بێگومان شکست لەڕێ دایە . (کۆنفۆشیۆس)

پێویست ناکات کەشەو نخونی بکێشی تاسەرکەوتوو بیت ، ئەوەندەت پێویستە کە لەڕۆژدا بەئاگابیت . (ئۆڵمان)

زۆربەی خەڵک کامەرانن بەو بڕەی کەخۆیان بڕیاری لێ ئەدەن . (ئەبراهام لەنکۆڵن)

ژیان کامەران دەبێ تا ئەوپەڕی ،ژیانێکی ئارامم و هێمن دەبێ چونکە تەنها لەکەشی هێمندا خۆشی ڕاستەقینە دەتوانێ بژی . (برتراند ڕاسل)

کامەرانی تەنها بریتی یە لەپڕکردنەوەی ئەوکاتژمێرەی کەتیایدای . (ئەمەرسۆن)

ئێمە ئەوانە بەکامەران دەزانین کەلەئەزمونی ژیانیانەوە فێری ئەوە بوون کە بەرگەی ئازارەکانی بگرن بێ ئەوەی‌لەژێریدا بنەون . (جۆڤینالّ)

کامەرانی مرۆڤ لەژیانیدایە ژیانیش کارە . (لیۆتۆ ڵستۆی)

کامەرانی لەناو بیری ئێمە سەبارەت بەودایە ، ئەوەک لەو شێوەیەدا کەئایندە بەڵێنەکانی خۆی



Scanned with CamScanner

تیا دەپارێزێ . (جۆرج ساند)

باشترین ڕێگە بۆ دابین کردنی کامەرانی داهاتوو ئەوەیە کە ئەمڕۆ چەند دەتوانی دلخۆش بیت . (چارلز ئیلیۆت)

کێ کامەرانترین کەسە ؟ ئەوە ئەو مرۆڤەیە کە نرخ بۆ بەهرەکانی کەسانی تردادەنێ و بەشداری لەخۆشیادا دەکات وەک ئەوەی هی خۆی بێ . (گۆتە)

کامەرانی لەنزیک ئاگردانەکانمانەوە گەشەدەکا وەک لە باخچەی بێگانەوە لێ ناکرێتەوە . (دۆگلاس جیرۆلد)

بیر ئاسودەیی ڕەنگە کۆلتێک بکاتە کۆشکێکی گەورە ، نەبوونیش ڕەنگە باخچەیەکی ڕەنگین بکاتە زیندانێک . (لیپمان)

ئەگەر بمانەوێت ئێمە بە ئاشتی بگەین لەم جیهانەداو ئەگەر بمانەوێت جەنگێک بەرپابکەین دژی جەنگ کردن ، ئێمەئەبێت لە منداڵەکانەوە دەست پێ بکەین. (ماهاتما گاندی)

ئایا زانینی خراپە بەس نی یە بۆ ئەوەی کە خۆمانی لێ بەدوور بگرین (خۆمانی لێ بپارێزین) ؟ ئەگەر نا، ئێمە ئەبێت بەشی پێویست راستگۆبین بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێین کە ئەوەندە خراپەمان خۆشئەوێت کە نامانەوێت وازی لێ بهێنین (خراپەمان لەوە خۆشتر ئەوێت کە وازی لێ بهێنین) . (ماهاتما گاندی)

راستگۆیانە دژایەتی بیروڕا زۆرجار نیشانەیەکی باشی پێشکەوتنە . (ماهاتما گاندی)

یەکێتی (تەبایی) بۆ ئەوەی راستەقینە بێت دەبێت بەرگەی سەختترین فشار بگرێت بەبێ شکاندن . (ماهاتما گاندی)

ئاشتی خوازی (نا توندوتیژی) چەکی (مرۆڤی) بەهێزە . (ماهاتما گاندی)

ناپەسەندترین و دڵ رەقترین تاوانەکان کە مێژوو تۆماری کردووە ئەنجام دراون لە ژێر بەرگی ئایین دا یان مەبەستێکی (جوڵێنەرێکی) بەرزی یەکسان لەو چەشنە . (ماهاتما گاندی)

راستی هەرگیز زیان بە ئامانجێک (هۆیەک) ناگەیەنێت کە رەوایە . (ماهاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

من ئامادەم بۆ مردن ، بەڵام هیچ هۆیەک نی یە کە من ئامادەبم بۆ کوشتن (کوشتار) . (ماهاتما گاندی)

من هیچ شتێکی نوێم نی یە کە فێری جیهانی بکەم . راستی و ئاشتیخوازی هێندەی گردەکان کۆنن . هەموو ئەوەی کردوومە هەوڵی تاقیکردنەوە بووە لە هەردووکیان دا بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە تا لە توانامدا بووە . (ماهاتما گاندی)

تا بێتاوانی مان مەزنتر بێت ، هێزمان مەزنترو سەرکەوتنیشمان خێراتر دەبێت . (ماهاتما گاندی)

پێوانەی گەورەیی وڵات ئەبێت لەسەربنەمای ئەوە بێت کە چەند بەباشی ئەو وڵاتە چاودێری لاوازترین دانیشتوانەکەی دەکات . (ماهاتما گاندی)

سەرۆک واتە خزمەتکاری گەورە . (ماهاتما گاندی)

ج شتێک راستە ئەوەیە کە راستگۆیی ناگونجێت لەگەڵ کۆکردنەوەی سامانێکی مەزندا . (ماهاتما گاندی)

من دەخۆم بۆ ئەوەی بژیم ، بۆ خزمەت کردن ، وە هەروەها ، ئەگەریش رێکەوت ، بۆ رابواردن ، بەڵام من ناخۆم لەبەرخاتری رابواردن . (ماهاتما گاندی)

من بانگەشە دەکەم کە کەسێکی سادەبم بەرپرس لە ئەنجامدانی هەڵە وەک هەر هاوڵاتێکی تری فانی (وەک هەر مرۆڤێکی تر). هەرچەندە من ئەوەندە بێ فیزیم هەیە کە دان بنێم بە هەڵەکانم دا و هەنگاوەکانم بگەڕێنمەوە دواوە . (ماهاتما گاندی)

مێژووی جیهان پڕە لە پیاوانێک کە بەرزبوونەتەوە بۆ پێشەوایەتی ، بەهۆی هێزی تەواوی باوەڕ بە خۆ بوون ، ئازایەتی و خوازڵۆکی یەوە . (ماهاتما گاندی)

ئەوە چۆنیەتی (ئەنجامدانی) کارەکانمانە کە خوداوەند دڵخۆش دەکات (رازی دەکات) نەک چەندی یەتیەکەی (بڕەکەی) . (ماهاتما گاندی)

گەندڵی و دووڕوویی نابێت بەرهەمی حەتمی دیموکراسی بن ، هەروەک چۆن بێ شک ئەمڕۆ



Scanned with CamScanner

وەھایە . (ماھاتما گاندی)

ئازادی و بەندایەتی حاڵەتی (دۆخی) دەروونین . (ماھاتما گاندی)

ئۆنسێک کردار بەھای زیاترە لە تەنێک ئامۆژگاری . (ماھاتما گاندی)

ئەوانەی کە دەزانن چۆن بیربکەنەوە پێویستیان بە مامۆستا نی یە . (ماھاتما گاندی)

ئەگەر ئێمە گوێی گوێگرتنمان ھەبێت ، خوداوەند قسەمان لەگەڵ دەکات بە زمانی خۆمان ، ئەو زمانە ھەرچی یەک بێت . (ماھاتما گاندی)

ئێمە لەوانەیە ھەرگیز ئەوەندە بەھێز نەبین کە بە تەواوی ناتوندوتیژ بین لە بیرکردنەوە ، وتە و کرداردا . بەڵام ئێمە پێویستە بەردەوام بین لەسەر ناتوندوتیژی وەک ئامانجمان و پێشکەوتنی بەھێز بەرەو ئەو بەدەست بھێنین . (ماھاتما گاندی)

سەرکەوتن کە بە توندوتیژی دەستکەوتبێت یەکسانە بە دۆڕان ، لەبەر ئەوەی کاتی یە . (ماھاتما گاندی)

ھەمیشە ھاوئاھەنگی تەواوی بیرو وتەو کردەوەکانت بکەرە ئامانج . ھەمیشە پاککردنەوەی بیرەکانت بکەرە ئامانج و ھەموو شتێک باش دەبێت ( ھەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات ) . (ماھاتما گاندی)

ناتوندوتیژی پۆشاکێک نی یە کە لەبەرکرێت و داکەنرێت بە ویستی خۆمان . جێگای ئەو لەناو دڵدایە ، وە پێویستە ببێتە پارچەیەکی جیانەکراوە لە بوونمان . (ماھاتما گاندی)

مەشق پێکردنی باوەڕ سەلامەتترین دەبێت لەو شوێنەی کە سوربونێکی روون ھەیە بەبێ دواکەوتن بۆ رەت کردنەوەی ھەموو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی راستی و خۆشەویستین . (ماھاتما گاندی)

سێ چارەکی کلۆڵی (خەمباری) و ھەڵەتێکەیشتنەکانی جیھان تەواو دەبوون ئەگەر خەڵکی بھاتنایە و پێڵاوەکانی کەسی بەرامبەر (دژ، رکابەر) یان لە پێ بکردایە و تێبگەیشتنایە لە خاڵی روانینیان . (ماھاتما گاندی)



Scanned with CamScanner

هەوڵدانی من هەرگیز نابێت ببێتە هۆی لاوازکردنی ئیمانی کەسێکی تر بەڵکو کردنی بە شوێنکەوتویەتی باشتری ئایینەکەی خۆی . (ماهاتما گاندی)

ئاشتی نایەت لە دەرئەنجامی پێکدادانی لەشکرەکاندا بەڵکو لە ئەنجامی دادپەروەری یەک کە بەردەوام بووبێت و پەیڕەوکرابێت لەلایەن نەتەوە بێ چەکەکانەوە لە رووی هەموو ئەگەرەکاندا . (ماهاتما گاندی)

گریان لەسەرخۆ خەم ئەڕەوێنێ هەندێ پێکەنین دڵ تێک هەڵدێنێ (پیرەمێرد)

کامرانی ئەوەیە کەمرۆڤ هەمیشە خۆی لە بارێکدا ببینێتەوە کە بەچێژێک هەڵبخەڵەتێ . (سونیمت)

ئەو کەسەی کە لووت لە دۆست هەڵدەکا بێگانە چۆنی باوەڕی پێ دەکا (پیرەمێرد)

پێنج نهێنیەکەی کامەرانی بریتین لە : پارە ، پارە ، پارە ، پارە ، پارە . (ناپۆلیۆن)

ماڵ لێی نەبەخشی کەمتر بەرئەگرێ مێو کە نەیبڕی کەمتر بەر ئەگرێ (پیرەمێرد)

تەنها بوون خۆی کامەرانیەکی ڕاستەقینەیە . (بلیز سندرار)

ئەگەر لە نوێژا ڕیا بنوێنی خۆت و خەڵک و خوا ئەخەڵەتێنی (پیرەمێرد)

بۆ درووست کردنی جیهان پێویست بەهەموو شتێک ناکات ، تەنها کامەرانی بەسە هیچ شتێکی تر نا . (پۆل ئیلوار)

بە قوللەی بەرزی خانوو مەنازە بەشەر بۆ مردن دائیم ڕێبازە (پیرەمێرد)

کامەرانی وەک سەعاتی دەست وایە ، ئەو جۆرەیان کەکەمتر ئاڵۆزە کەمتر تێک دەچێت لەوانی تر . (شامفور)

کە تۆڵەی خەڵکت بە سەرەوە بێ ئەبێ قەڵغانت بە بەرەوە بێ (پیرەمێرد)

هیچ کامەرانیەک ئەوەندەی ئەو خۆشیە نیە کەکاتێ مرۆڤ چاوی بەهاوڕێەکی دەکەوێ



Scanned with CamScanner

، مەگەر ئەو کامەرانیەیی کەلەکاتی درووست کردنی هاورێەکی نوێدا هەستی پێ دەکرێ (ردیار کپلینگ)

کە تۆ بەخشیت و جنێویان پێدای ئینجا بزانە کە مەردی خودای (پیرەمێرد)

ئەوەندە جوانی هەیە ئەوەندەی ڕێگە ئاساییەکانی گەڕان بەدوای کامەرانیدا . (بۆدلێر)

بێ ئینساف لە کوێ ئینساف ئەزانێ پیاوێ ئەکوژێ بۆ هەگبە نانێ (پیرەمێرد)

چاودێری کردنی گەشەی رووەک و کرانەوەی خونچەکان و هەڵمژینی بۆن و بەرامەی کێڵگەکان و خوێندنەوە و تێ ڕامان و خۆشەویستی و نوێژ ئەم شتانە هەمووی کامەرانی بۆ مرۆڤ دێنن . (ڕاکسن)

پیاو لە خزمی پیاو نوشوست نابینێ گۆشت ئەبا و ئێسقان تێک ناشکێنێ (پیرەمێرد)

چێژ کامەرانی شێتەکانە ، کامەرانیش چێژی داناییە . (دەریفێ)

بێ وورە ترسی کە هات بەسەرا کونە مشکی لێ ئەبێ بە سەرا (پیرەمێرد)

گەورەترین خۆشی کەخۆشەویستی پێمان دەبەخشێ بیریتیە لە تەوقەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کەبۆ یەکەم جار خۆشمان دەوێ . (هۆگۆ)

پارووی بێ شەرمی زەحمەت قووت ئەچێ ئابڕووی عەشرەتێک بەوانە ئەچێ (پیرەمێرد)

گەورەترین کامەرانی لەژیاندا ئەوەیە کە هەست بکەین ئێمە خۆشەویستین بۆخۆمان خۆشەویستین یان بەدەر لەویستی خۆشمان خۆشەویستین . (هۆگۆ)

کەم ژمارەی ئەو کەسانەیە کە بە چاوەکانیان ئەبینن و بە مێشکەکانیان بیرئەکەنەوە . (ئەنیشتاین)

هەرکاتێک ئێمە سنووری خۆمان قبوڵ کرد ، ئێمە (ئەتوانین) تێیان پەڕێنین . (ئەنیشتاین)

ئاشتی ناتوانرێت لە ڕێگەی زەبرو هێزەوە بپارێزرێت , تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە



Scanned with CamScanner

ئەتوانرێت بەدەست بهێنرێت . (ئەنیشتاین)

ئەو شتە نموونەیی یانەی کە ڕێیان بۆ ڕۆشن کردوومەتەوە ، وە دوای لە دوای جار بوێری یان پێ بەخشیومەتەوە بۆ ئەوەی بە شادمانی ڕوبەڕوی ژیان ببمەوە میهرەبانی ، جوانی ، و ڕاستی بووە . (ئەنیشتاین)

گەشەکردنی ژیریی ئەبێت دەست پێ بکات لەکاتی لەدایک بوون و بوەستێت تەنها لەکاتی مردن دا . (ئەنیشتاین)

پرسیارێک کە هەندێک کات وام لێ ئەکات نیمچە مەست بم : ئایا من شتێم یان کەسانی تر شێتن ؟(ئەنیشتاین)

تاکە شتێک ڕێگە لە فێربوونم ئەگرێت پەروەردەی خوێندنمە (ئەو سیستمە پەروەردەیە کە ئەیخوێنم و فێری ئەبم لە قوتابخانەکان). (ئەنیشتاین)

ڕاستی تەنها خەیاڵێکە (چاوبەستێکە)، هەرچەندە خەیاڵێکە زۆر بەردەوامە (کۆڵنەدەرە) . (ئەنیشتاین)

ئەوە ئەرکی هەموو پیاوێکە کە بیخاتەوە جێی خۆی (بیگەڕێنێتەوە) لانی کەم هاوتای ئەوەی کە لای دەبات (بەکاری ئەهێنێت) لەم جیهانەدا . (ئەنیشتاین)

ڕۆشنبیرەکان کێشەکان چارەسەر دەکەن ، بلیمەتەکان ڕێ لە کێشەکان ئەگرن . (ئەنیشتاین)

پەروەردە ئەو شتەیە کە ئەمێنێتەوە دوای ئەوەی یەکێک هەموو ئەو شتانەی بیرچووەوە کە لە قوتابخانە فێری بووە . (ئەنیشتاین)

دینی ڕاستی بە ڕاستەقینە ژیانە ، ژیانە بە هەموو گیان (ڕۆح) ەوە ، بە هەموو چاکەو سەرڕاستی یەکی ئەو کەسە . (ئەنیشتاین)

یەکێک دەست دەکات بە ژیان کە توانی لە دەرەوەی (ناخی) خۆی بژی . (ئەنیشتاین)

ئەگەر من فیزیاوان نەبومایە ، لەوانەیە ببومایە بە مۆسیقاژەن . زۆرجار لەناو (لەشێوەی) مۆسیقا بیرئەکەمەوە ، خەیاڵە خاوەکانم لەناو مۆسیقا ئەژین . ژیانم لە شێوەی مۆسیقا



Scanned with CamScanner

ئەبینم .... زۆرترین خۆشی ژیان لە مۆسقیا وەرئەگرم . (ئەنیشتاین)

ڕێزگرتنی بێ بیرکردنەوە بۆ دەسەڵات گەورەترین دوژمنی ڕاستی یە . (ئەنیشتاین)

ئەگەر لە سەرەتادا ، بیرۆکەکە نامەعقوڵ نەبوو ، ئەوا هیچ هیوایەک نی یە بۆی . (ئەگەر لەسەرەتادا بیرۆکەکەت زۆر جیاوازو سەیرو نامەعقوڵ نەبوو لای خەڵک ئەوە هیچ هیوایەک نی یە بۆ ئەو بیرۆکە کە پەرە بسەنێت و ببێت بە شتێکی گەورە ). (ئەنیشتاین)

هۆشی بیرتیژ خەڵات (بەهرەیەک) ی پیرۆزە هەروەها هۆشی مەعقووڵ خزمەتکارێکی بەوەفایە . ئێمە کۆمەڵگایەکمان دروست کردووە کە شانازی ئەکات بە خزمەتکارەکە و خەڵاتەکەی لەبیرچووە . (ئەنیشتاین)

مردنمان کۆتایی نی یە ئەگەر بتوانین بەردەوام بین لە ژیان لەناو وەچەکانمان و نەوە گەنجترەکان دا. چونکە ئەوانیش ئێمەن ، لاشەکانمان تەنها گەڵاگەڵێکی سیس بوو (زەردبوو) ە لە درەختی ژیاندا . (ئەنیشتاین)

ئەگەر ڕاستیەکان لەگەڵ بیردۆزەکە ناگونجێن، ڕاستیەکان بگۆڕە (تا بگونێن لەگەڵ بیردۆزەکە) . (ئەنیشتاین)

ئەوە موعجیزەیە کە زانخوانی ئەمێنێت لەپاش پەروەردەی ڕەسمی . (پەروەردەی ڕەسمی ئەوەندە سنورداره و ڕێ لە پرسیارو زانخوازی ئەگرێت کە بەڕاستی وەک موعجیزە وایە ئەگەر زانخوازێک بتوانێت بە پەروەردەی ڕەسمی دا تێبپەڕێت و هێشتا زانخوازی یەکەی تێدا مابێـت ). (ئەنیشتاین)

دانایی بەرهەمی فێرکاریی قوتابخانە نی یە بەڵکو تێکۆشانێکە بە درێژایی ژیان بۆ بە دەست هێنانی . (ئەنیشتاین)

ئەگەر باشیی مرۆڤەکان تەنها لەبەر ئەوەیە کە لە سزادان ئەترسن وە هیوا بە پاداشت وەرگرتن دەخوازن ، ئەوا لە ڕاستی دا ئێمە کۆمەڵێکی بێ چارەین (داماوین). (ئەنیشتاین)

نرخی پیاو ئەبێت هەڵسەنگێرێت (ببینرێت ) بەو شتەی کە ئەتوانێت بیدات (پێشکەشی بکات) نەوەک بەو شتەی کە ئەتوانێـت وەریبگرێت . (نرخی پیاو ئەبێـت هەڵسەنگێنرێت بە گوێرەی چەندە ئەم کەسە ئەتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگا بکات و شتی جیاواز پێشکەشی



Scanned with CamScanner

جیهان بکات نەوەک بەوەی کە چەندە ئەم پیاوە نەتوانێت ماڵ و سامان کۆکاتەوە و شانازیی بەو شتانەوە بکات بە کرپویەتی ). (ئەنیشتاین)

خەیاڵ هەموو شتێکە . پیشاندانی شتە سەرنج راکێشەکانی ژیانە کە هێشتا نەهاتوون و دێن لە شێوەی فیلم دا . (ئەنیشتاین)

من هەرگیز قوتابی یەکانم فێرناکەم, من تەنها هەوڵ ئەدەم ئەو حاڵەتانەیان بۆ دەستەبەربکەم کە ئەوان توانای فێربوونیان هەبێت . (ئەنیشتاین)

من نابڕوادارێکی ئایینی زۆر سەرسەختم (قووڵم) – ئەمە تاڕادەیەک جۆرە ئایینێکی نوێ یە . (ئەنیشتاین)

خەیاڵ لە زانست گرنگترە . (ئەنیشتاین)

بۆ تێگەیشتن لەم جیهانە مرۆڤ پێویستە نیگەرانی خودی خۆی نەبێت . (ئەنیشتاین)

بەشێوەیەکی سامناکانە ئاشکرابووە کە تەکنەلۆژیامان (توانای) مرۆڤایەتی تێپەڕاندووە . (ئەنیشتاین)

گوێ لە وشەکانیان مەگرە ، سەرنجت لەسەر کردەوەکانیان چەسپ بکە . (ئەنیشتاین)

مەسەلەکە ئەوە نی یە کە من زۆر زیرەکم , تەنها ئەوەیە کە من زیاتر لەگەڵ گرفتەکاندا ئەمێنمەوە . (ئەنیشتاین)

جیهان شوێنێکی مەترسیدار نی یە بەهۆی ئەو کەسانەی کە زیان ئەگەیەنن بەڵکو بەهۆی ئەو کەسانەیە کە تەماشای ئەکەن بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بکەن . (ئەنیشتاین)

زۆربەی خەڵک ئەڵێن ئەوە ژیری یە کە زانایەکی گەورە دروست دەکات . ئەوان لە هەڵەدان : ئەوە کەسایەتییە (کە زانایەکی گەورە دروست دەکات). (ئەنیشتاین)

من لە تەنهایی لەدەرەوەی شاردا ژیام وە تێبینیم کرد چۆن بێزاریی ژیانێکی ئارام و بێ دەنگ هانی هۆشی داهێنان ئەدات .
گەشت کردنت خۆش بوێ ، بەڵام رقت لە گەیشتن بێ . (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

بێ هەڵەیی لە مەبەست و ڕێگاکان ، وە سەرلێ شێوان (شپرزەیی) لە ئامانجەکان ، وا دیارە کە گرفتی سەرەکیمانە . (ئەنیشتاین)

من نە بە تایبەتی زیرەکم و نە بە تایبەتی بەهرەمەند . من تەنها زۆر زۆر زانخوازم . (ئەنیشتاین)

گرنگترین هەوڵدانی مرۆڤایەتی بریتی یە لە تێکۆشان لە پێناو ڕەوشت لە کاروکردەوەماندا. هاوسەنگی ناخمان و تەنها خودی بوونیشمان لەسەر ئەوە بەندە . تەنها ڕەوشت لە کاروکردەوەماندا ئەتوانێت جوانیی و گەورەیی ببەخشتێت بە ژیان . (ئەنیشتاین)

قووڵانە لە سروشت بڕوانە ، ئەوکات هەموو شتێک باشتر تێ ئەگەیت . (ئەنیشتاین)

نازانم چ جۆرە چەکێک بەکاردەهێنرێت لە جەنگی جیهانی سێ یەم دا ، بەڵام لە جەنگی جیهانی چوارەم دا مرۆڤەکان دارو بەرد بەکاردەهێنن . (ئەنیشتاین)

ئەو کەسەی کە بە دڵخۆشی یەوە بەرێ ئەکەوێت بەشێوەیەکی ڕێکخراوو بە تەرتیب (وەک ڕۆیشتنی سەربازیی) لەگەڵ میوزیکدا لە ئێستاوە بە سووک سەیرکردنی خۆی لای من بەدەست هێناوە (لە ئێستاوە بە چاوی سووک سەیری ئەکەم) . ئەو کەسە بە هەڵە مێشکێکی گەورەی دراوەتێ ، لەکاتێکدا بۆ ئەو کەسە تەنها دڕکەپەتکێک بەسە . (ئەنیشتاین)

تەنهایی بە ئازارە کاتێک یەکێک لە گەنجی دایە ، بەڵام خۆشبەختکەرە کاتێک یەکێک پێگەییوترە (بە تەمەن ترە) . (ئەنیشتاین)

من نەک تەنها ئاشتیخوازم بەڵکو ئاشتیخوازێکی چەکدارم . من ئامادەم بجەنگم بۆ ئاشتی . هیچ شتێک جەنگ کۆتایی پێ ناهێنێت جگە لەوەی مرۆڤەکان خۆیان چوون بۆ شەڕ ڕەت بکەنەوە . (ئەنیشتاین)

زانیاری یەکسان نی یە بە زانین . (ئەنیشتاین)

زانست بە بێ ئایین ناتەواوە (لەنگە) ، ئایین بە بێ زانست نابینایە . (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

کێشەکان ناتوانرێن چارەسەربکرێن بە هەمان ئاستی بیرکردنەوەی کە دروستی کردن .
(ئەنیشتاین)

من هونەرمەندێکی تا رادەیەک تەواوم بۆ ئەوەی بە ئازادی لەسەر خەیاڵەکانمدا وێنە بکێشم.
خەیاڵ لە زانست گرنگترە. زانست سنووردارە. خەیاڵ جیهان هەموو دەوردەدات (دادەپۆشێت)
. (ئەنیشتاین)

شەیتان سزایەکی لەسەر هەموو ئەو شتانە داناوە کە چێژی لێ وەرئەگرین لە ژیاندا. یان ئازارئەچێژین بەهۆی تەندروستی یەتەوە ، یان بەهۆی رۆح (گیان) ەوە یاخود قەڵەو ئەبین
. (ئەنیشتاین)

چێژوەرگرتن لە روانین و تێگەیشتن جوانترین خەڵات (بەهرە) ی سروشتە . (ئەنیشتاین)

ئەو کەسەی کە چیتر ناتوانێت بوەستێت بۆ ئەوەی بڕوانێتە شتەکانی دەوروبەرو بەرز بیان نرخێنێت ، هەروەک مردوو وەهایە ئەو کەسە ، چاوەکانی داخراون. (ئەو کەسەی کە توانای ئەوەی نەمابێت جار جار بوەستێت و ئەو شتانەی کە هەیەتی لە ژیان دا یان لە دەوروبەری دا رێزی لێ بگرێت و بەرزیان بنرخێنێت ئەوا ئەو کەسە هەروەکو مردوویەک وەهایە ، چونکە ئەو چاوانەی چیدی وەک داخراو وەهان ). (ئەنیشتاین)

هەموو شتێک دەبێت تا بتوانرێت سادە (ئاسان) بکرێت ، بەلاّم نەک سادەتر(ئاسانتر) .
(ئەنیشتاین)

نهێنی داهێنان ئەوەیە کە بزانیت چۆن سەرچاوەکانت بشاریتەوە . (ئەنیشتاین)

فێرکردن دەبێت وەهابێت ئەوەی کە پێشکەش ئەکرێت وەک دیارییەکی بایەخدار وەربگیرێت نەک وەک ئەرکێکی قورس . (ئەنیشتاین)

تەلەگرافی بێ وایەر سەخت نی یە بۆ تێگەیشتن . تەلەگرافی ئاسایی وەک پشیلەیەکی زۆر درێژ وەهایە . کلکەلەی رادەکێشیت لە نیو یۆرک ، وە لە لۆس ئانجلۆس ئەمیاوێنێت. تەلەگرافە بێ وایەرەکەش هەمان شتە، بەلاّم بەبێ پشیلەکە . (ئەنیشتاین)

پێناسەی شێتی ، کردنی هەمان شتە جار لەدوای جارو چاوەڕوانی ئەنجامێکی جیاواز .
(ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

هەست کردن و ئارەزووکردن هێزی هاندەرن لەپشت هەموو هەوڵ و داهێنانەکانی مرۆڤ .
(ئەنیشتاین)

من ئەمەوێت بزانم خودا چۆن ئەم گەردوونەی دروست کرد . من کارم بەم و بەو دیاردەیە نی یە، بە شەبەقی ئەم و ئەو توخمە نی یە. من ئەمەوێت بیرەکانی (هزر) ەکانی بزانم ، ئەوەی مایەوە هەمووی وردەکاریی یە. (ئەنیشتاین)

وا حەز ئەکەم بیربکەمەوە کە مانگ لەوێ یە ئەگەرچی تەماشاشی نەکەم . (ئەنیشتاین)

ئەگەر خودا ئەم جیهانەی دروست کردبێت ، ئەوا خەمی یەکەمی بەدڵنیایی یەوە ئەوە بووە کە تێگەیشتن لێ ی ئاسان نەکات بۆمان . (ئەنیشتاین)

مرۆڤایەتی خۆتت بیرکەوێتەوەو شتەکانی تر هەمووی لەبیرکە . (ئەنیشتاین)

تاکە سەرچاوەیەکی زانیاری (زانست) ئەزموونە. (ئەنیشتاین)

بەردوام بە لە چاندنی تۆوەکانت ، چونکە هەرگیز نازانیت کام تۆوت گەشە ئەسێنێت -- رەنگە هەموویان گەشە بسێنن . (ئەنیشتاین)

شوێنکەوتنی راستی و جوانیی بازنە چالاکیەکە کە لەناوی دا رێمان پێدراوە بە منداڵی بمێنینەوە لەناوی دا هەموو تەمەنمان . (ئەنیشتاین)

ئەوەندەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیە، خراپەکارێکی بێ دەنگ لە چاکەکارێکی فشەکەر (خۆدەرخەر) بە باشتر ئەزانم . (بەلای منەوە یەکێک هەرچەندە خراپیش بێت بەلام خراپەکەی بۆ خۆی بێت باشترە لە یەکێک کە هەمیشە خۆی دەردەخات و فشە بەو شتە چاکانەوە ئەکات کە ئەنجامی داوە). (ئەنیشتاین)

دەبێت ئەوەی پێمان ئەکرێت بیکەین. ئەمە بەرپرسیاریەتی پیرۆزی مرۆڤایەتی مانە
(ئەنیشتاین)

کەمن ئەو کەسانەی کە بە چاوانی خۆیان ئەبینن و بە دڵەکانی خۆیان هەست ئەکەن .
(ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

هێز هەمیشە پیاوان بۆ رەوشتی نزم رادەکێشێت . (ئەنیشتاین)

من نامەوێت هەموو بیرکردنەوەکانی خودا بزانم ، هەموو ئەوەی ئەمێنێتەوە تەنها وردەکارییەکانن . (ئەنیشتاین)

کاتێک دێت کە هۆش (مێشک) ئەگاتە ئاستێکی بەرزتر لە زانست بەڵام هەرگیز ناتوانێت بیسەلمێنێت کە چۆن گەیشتووەتە ئەو جێ یە . (ئەنیشتاین)

هەموو کەسێک دەبێت رێزی لێ بگیرێت وەک تاکێک بەڵام هیچ کەس زیاد لە پێویست گەورە و خۆشەویست نەکرێت (پەرستن وەک بت) . (ئەنیشتاین)

شتە گرنگەکە ئەوەیە کە نەوەستین لە پرسیار کردن. (ئەنیشتاین)

ترسان لە مردن بێ پاساوترین جۆرە لە هەموو ترسەکان، لەبەر ئەوەی هیچ مەترسی یەکی روودانی کارەسات نی یە بۆ کەسێک کە مردووە . (ئەنیشتاین)

هەندێ کات کەسێک زۆرترین پارە ئەدات بۆ ئەو شتانەی کە کەسێکی تر بێ پارە دەستی ئەکەوێت . (ئەنیشتاین)

لەبەردەم پەروەردگاردا هەموومان بە یەکسانی ژیرین -- وە بە یەکسانی بێ عەقڵ . (ئەنیشتاین)

من هیچ بەهرەیەکی دیاریکراوم نی یە . من تەنها زۆرپرسم . (ئەنیشتاین)

مێشکم تاقیکەکەمە . (ئەنیشتاین)

من بیرئەکەمەوە و بیرئەکەمەوە بۆ چەند مانگ وساڵێک . نەوەدو نۆ جار، کۆتایی یەکە (دەرئەنجامەکە) هەڵەیە . بۆ جاری سەدەم ئەمجا راستم . (ئەنیشتاین)

هیچ شتێک روخێنەرتر نی یە بۆ رێزی حکومەت و یاسای خاک لە دەرکردنی بڕیارگەلێک کە نەتوانرێت کاری پێ بکرێت . (ئەنیشتاین)



Scanned with CamScanner

پیاوی بێ کار نازانێت چێژوەرگرتن لە حەسانەوە چی یە . (ئەنیشتاین)

جیاوازی نێوان گەمژەیی و بلیمەت ئەوەیە کە بلیمەت سنووری خۆی هەیە . (ئەنیشتاین)

رق دەژی (جێگیر دەبێت)  تەنها لە سنگ و مەمکی گەمژەکاندا . (ئەنیشتاین)

من باوەڕم بە خودای ئایینناسی نی یە کە پاداشتی چاکەکار ئەداتەوە و سزای تاوانبار ئەدات . (ئەنیشتاین)

ئەرکی ئێمە ئەبێت ئازادکردنی خۆمان بێت لەم بەندیخانەیە بە فراوانکردنی بازنەی میهرەبانیمان بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو زیندەوەرەکان و هەموو جوانیی سروشت . (ئەنیشتاین)

دەردانی هێزی گەرد هەموو شتێکی گۆڕییوە بێجگە لە شێوازی بیرکردنەوەمان ... چارەسەری ئەم گرفتە لەناو دڵی مرۆڤایەتی دایە . ئەگەر تەنها بمزانیایە، ئەبوایە ببومایە بە سەعاتچی یەک . (ئەنیشتاین)

تاکە شتێکی راستەقینەی بەنرخ ژیری یە . (ئەنیشتاین)

هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی (تێکەڵ کردنی) ژیریی و دەسەڵات تەنها زۆر بە دەگمەن سەرکەوتوو بووە وە هەروەها تەنها بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بووە . (ئەنیشتاین)

سەیرە وەها ناسراوو بەناوبانگێکی جیهانی بیت و لەهەمان کاتدا هێندە تەنها بیت . (ئەنیشتاین)

هیچ شتێک هێندەی پەرەسەندن بۆ بوون بە رووەک خۆر  قازانج بە تەندروستی مرۆڤ ناگەیەنێت و چانسی مانەوەی لە ژیان دا لەسەر ئەم زەویی یە زیاد ناکات . (ئەنیشتاین)

دڵخۆش بوون بە خۆشیەکانی کەسانی تر و ئازارچەشتن لەگەڵیاندا – ئەمانە باشترین رێنماییین بۆ پیاو .  (ئەنیشتاین)

چارەنووسی بەرزی تاکێک بریتی یە لە خزمەت کردن نەک فەرمان رەوایی کردن.  (ئەنیشتاین)

مێزێک ، کورسی یەک ، دەفرێکی پڕ لە میوە و کەمانچەیەک ، ئایا پیاو پێویستی بە شتێکی



Scanned with CamScanner

تر هەیە بۆ ئەوەی دڵخۆش بێت. (ئەنیشتاین)

سیاسەت زۆر زۆر لە فیزیا ئاڵۆزترە. (ئەنیشتاین)

هەموو گەمژەیەک ئەتوانێت بزانێت. مەبەستەکە تێگەیشتنە. (ئەنیشتاین)

کۆمپیوتەرەکان بە شێوەیەکی باوەرپێنەکراو خێران، ووردن و گەمژەن. مرۆڤەکان بەشێوەیەکی باوەرپێنەکراو خاون، نارێک و هەڵکەوتون. پێکەوە بێ ئەندازە بەهێزن (بەشێوەیەک بەهێزن کە مرۆڤ بە خاڵیشیدا نەیەت). (ئەنیشتاین)

گەڕان بە دوای راستی دا لە بوون بە خاوەنی (راستی یەکە) بەنرخترە. (ئەنیشتاین)

هەموو گەمژەیەک ئەتوانێت شتەکان زلتر بکات، ئاڵۆزتری بکات، و توندتری بکات. دەستی بلیمەتێک و ئازایەتی یەکی زۆری ئەوێت بۆ ئەوەی شتەکان بە پێچەوانەی ئاراستەوە بجوڵێن. (ئەنیشتاین)

ئەگەر بمانزانیایە ئەوە چی بوو کە ئەمان کرد (بەدوای چی دا دەگەڕێین)، ئەوکات بەدواداچونی پێ نەدەوترا، وایە یان نا ؟ (ئەنیشتاین)

یادەوەری (بیرەوەری) فریودەرە لەبەرئەوەی رەنگ کراوە بە بەسەرهاتەکانی ئەمڕۆوە. (ئەنیشتاین)

ئەکرێت مومکین بێت روونکردنەوەی یاساکانی فیزیا بۆ مەیگێڕێک. (ئەگەر هەموو شتێک بەجوانی و بە روونی شی بکرێتەوەو روون بکرێت ئەوا هەموو کەس قابیلی تێگەیشتن و فێربوونە). (ئەنیشتاین)

راستیی بیردۆزێک لەناو هۆشتە، نەک لەناو چاوەکانتا. (ئەنیشتاین)

خەڵکی حەزیان لە وردکردنی (لەتکردنی) دارە. لەم چالاکیەدا یەکێک راستەوخۆ (ئەنجام) ئەنجامی کارەکەی بەدی دەکات. (ئەنیشتاین)

هەموو جۆرە هەرەوەزیەکی ئاشتیانە لە نێو پیاوان (مرۆڤەکان) بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە



Scanned with CamScanner

لەسەر متمانەی دوولایەنە وە تەنها دوای ئەوە بەندە لەسەر دامەزراوەکانی وەک دادگای دادوەری و پۆلیس . (ئەنیشتاین)

کاتێک من بیردۆزێک حوکم دەدەم (بڕیار لەسەر بیردۆزێک دەدەم) ، لەخۆم ئەپرسم ئایا ، ئەگەر من خودا بومایە ، ئایا جیهانم بەئەم چەشتنە ڕێک دەخست (ئەنیشتاین)

گرفتی راستەقینە لەناو دڵ و هۆشی مرۆڤەکاندایە . دەستکاری کردنی (لابردنی) پلۆتۆنیۆم ئاسانترە لە دەستکاری کردنی (لابردن و لەناوبردنی) رۆحی بەدکار لە پیاودا . (ئەنیشتاین)

نەتەوایەتی نەخۆشی یەکی منداڵی ساوایە. ئەوە سورێژەی نەژادی مرۆڤە . (ئەنیشتاین)

هەموو گۆڕانە بە مانا و بەردەوامەکان سەرەتا لەناو خەیاڵتدا دەست پێ دەکات وە پاشان ڕێگەی خۆی ئەدۆزێتەوە بۆ دەرەوە . خەیاڵ لە زانست گرنگترە . (ئەنیشتاین)

کە وتیان دنیا ماستی مەییوە ئەوسا بزانە کەس تێنەگەییوە (پیرەمێرد)

دەرگای کامەرانی لەو ماڵەدا داخە کە دەنگی ژن بەسەر دەنگی پیاودا بەرز دەبێتەوە (سەعدی شیرازی)

سەگ وەفادارە بە خێو ناوەڕێ دووپشکە سکی دایکی خۆی ئەدڕێ (پیرەمێرد)

زیادەڕەوی لەهەشتێکدا شوورییە ، بۆ ئەوەی مرۆڤ کامەران بێ پێویستی بەکامەرانیەکی زۆر هەیە . (جان ئەنۆی)

خوا ئێمەی ڕەنگ ڕەنگ سروشت پێداوە ڕەنگی هیچ کەسی بە کەس نەداوە . (پیرەمێرد)

کامەرانی بەڕاستی و لەواقیعدا نیە ، بەڵکو لەخەیاڵماندایە ، ئەگەر خۆشیەکانمان لەخەونەکانمان دەرهێنا ، ئەوا هیچی تیانامێنێتەوە . (برۆست)

عەقڵ بە گەورە و بچووکی نییە کاری دیوانی بەربووکی نییە . (پیرەمێرد)

جوانی درووست کراو نیە خۆی هەیە . (ئەمیلی دیکنسۆن)



Scanned with CamScanner

ئەوی ئەیەوێ خۆی بەرز بنوێنێ ئەسپە دارینە ملی ئەشکێنێ . (پیرەمێرد)

جوانی بەخشێشێکی ئاسمانیە ، ژمارەی ئەوانە چەند کەمە کە دەتوانن قسە بەجوانی بڵێن .
(ئۆفید)

ئەو کەسەی لەگەڵ خەڵک دڵی پاکە خۆش ڕادەبوێرێ لە ترس بێباکە . (پیرەمێرد)

باشترین بەشی لەجوانیدا ئەوەیە کە وێنە ناتوانێ دەریبڕێ . (بایکۆن)

دانایی پوختەی ڕابردووە ، بەڵام جوانی بەڵێنی ئایندەیە . (ئۆلیڤەر ویندڵ هۆڵمز)

هەمیشە عەقڵ و عیلم لەپێشە لە هەموو شارێ ئەزان بارکێشە (پیرەمێرد)

جوانترین شت لەدنیادا ئەگەر ڕێم بدەن بیڵێم — ژنێکی جوانە . (ماکۆلی)

گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە ئینسان کە چێنرا سەوز نابێتەوە (پیرەمێرد)

جوانی بەسودە هەروەک بەسودی خۆی و هەندێ جار زیاتریش . (ماتیڵدا بیندام ئەدواردز)

عەشق ئەو عەشقەیە وەک دوگمە و قەیتان لەیەکتر ئاڵێن بە دەست لە ملان (پیرەمێرد)

لەبەر ئەوەی جوانی باشترین شتێکە کە دەیزانین ،ئەوا هەموو ئامانجە نهێنی و شاراوەکانی سرووشت لەخۆیدا کورت دەکاتەوە . (ڕۆبەرت بریدجز)

ئازا لە بەند و زنجیر ناپرسێ ترسنۆک لە بای زگی ئەترسێ (پیرەمێرد)

جوانی شتێکی قەشەنگ و سەیرە ، کەهونەرمەند لە ئاژاوەی جیهان لە ئەشکەنجەی گیانیدا دایدەهێنێ . (سومی رست مۆم)

هەروا هاتووە و بەو ڕەنگەیش ئەڕوا بێ دەسەڵات بی ئەکەویتە دوا (پیرەمێرد)

جوانی لەشێوەی بلیمەتیدایە ، لەراستیدا باڵاترە لەبلیمەتی ، چونکە پێویستی بەڕوون کردنەوەو ڕاڤەکردن نیە . (ئۆسکار وایڵد)

خۆزگە دەستوورێک ئەخرایە ناو پیاو بۆ ئیش ئەبوو ئەوەک ئیش بۆ پیاو (پیرەمێرد)

ئایە جوانی تەواو پێویستی بە مەدح هەیە ؟ نا بەقەدەر ئەوەی کە نە یاساو نە ڕاستی و نەبەسۆزی نە بێ فیزی پێویستیان بەمەدح نیە . (مارکۆس ئۆربیلۆ)

ئافرەت پردە هەموو کەس بەسەریدا تێ دەپەڕێت . (هەژار موکریانی)

ئەگەر جارێک لە کارێکدا سەرنەکەوتی مەهێڵە ئەم سەرکەوتنەت ئامانجەکەت لە بیر ببا تەوە کە هەوڵ ی بۆ دەدەی . (هەژار موکریانی)

ئافرەت وەکو سێو وایە ئەگەر ئاگاداری خۆی نەبێ بۆن دەکات . (هەژار موکریانی)

ئەگەر هەموو ڕێگایەک تاقی بکەیتەوە بۆ کامەرانی لە هەمووی باشتر و چاکتر و سەلامەت تر ڕێگای ماڵەوەیە . (هەژار موکریانی)

مرۆڤ بەداخەوە کە هەرزوو ڕووداوەکانی دوێنێی لە یاد دەچێت و بیری کورتە بۆ مێژوو . (هەژار موکریانی)

فرمێسک با زووریش بێ ئاگری خەفەت ناکوژێنێتەوە . (هەژار موکریانی)

نە بۆ کوێر هەڵپەڕە و نە بۆ کەڕ گۆرانی بڵێ. (هەژار موکریانی)

هەر خزمە کە تۆ ئەخوێنێتەوە ئاو ئەڕوا ، زیخە ئەمێنێتەوە (پیرەمێرد)

جوانی ڕواڵەتی بەڵگەی جوانی ناوەکی یە ، جوانی گیانی و ڕەوشتی بناغەی جوان و ڕێبازو یەکێتی یە . (شیلەر)

زۆر خۆشە کەسێک کە پێشەوا بێ بۆ قەومەکەی خۆی وەک چاوک وابێ (پیرەمێرد)

ئەگەر چاو بۆ سەیرکدن درووست کرابێ ، ئەوە بەهۆی جوانییەوەیە . (ئەمەرسۆن)

ئەمدی پیاوێکی پیاو دەوڵەمەند بێ پێی پیاو هەمیشە ئەبێ لە بەند بێ (پیرەمێرد)



Scanned with CamScanner

جوانی لای ئافرەت یەکسانە بەهەڵکەوتوی و هێز لای پیاو . (لارۆشفلۆ کۆ)

کرم کە ڕەگی درەختی خواردی  پیشەت نەبێتە هەناسە ساردی (پیرەمێرد)

جوانی بێ چاکە وەک گوڵی بێ بۆنە. (لۆرد بایرۆن)

هەموو کەسێ خۆی بە پیاو ئەزانێ  خەڵکی مەشکێنە بۆ پاروە نانێ (پیرەمێرد)

تۆ ئەگەر تەنها جوانیت هەبێ ، ئەوا تۆ باشترین شتێکت هەیە کە خودا درووستی کردبێ . (کیپلینگ)

جوانی ڕاستیەو ڕاستیش جوانیە . (کتیس)

مرۆڤی گەورە بە وریاییەوە بیر دەکاتەوە بەڵام کە دەستی لە چەمکی بیر کردنەوەیەکی گرنگ گیر بوو , بەری نادات و بەردەوام دەبێت لەسەر لێکۆڵینەوەی . (ولیام ڕایش)

پیاوی بچوک .. تۆ ، کاتێک بیر کردنەوەکانت ڕاست و مژدە بەخشن ، دەربەدەری دەکەیت و دەری دەپەڕێنیت ، چونکە بیرکردنەوەکانی خۆت هیچ و پوچ و بێکەڵک و کەم خایەنن . (ولیام ڕایش)

بەڕاست ! قەت بیرت لەوە کردۆتەوە ئەمە چ بەرپرسیاریەکی گەورەیە ، بیرت لەوە کردۆتەوە چی دەکەیت ؟ قەت لەخۆت پرسیوە لەبەردەم گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانی داهاتوودا ، لەبەر دەم سروشتدا ، لەبەردەم دەست کەوتە گرنگەکانی مرۆڤایەتی دا چەند بەر پرسیاریت ؟ تاج ڕادەیەک ڕاست یان هەڵە بیر دەکەیتەوە ؟ نا .. قەت لەخۆت نەپرسیوە ، ئاخۆ بیرکردنەوەکانت هەڵەن یان ڕاستن .؟ (ولیام ڕایش)

هەموو مرۆڤە گەورەکان تەنیا بوون و تەنیاش ژیاون . (ولیام ڕایش)

چ مانایەکی هەیە دوو دڵ بوون لەوەی کەلەهەوادا میکرۆب هەیە یان نا .... (ولیام ڕایش)

دەمەوێت چیتر مرۆڤێکی بچوک نەبیت ... دەمەوێت ببیت بە خۆت ... خۆت ، نەک ئەو تێگەیشتنەی کە دراوسێ توورە و تڕۆکمت هەیەتی بۆت ... بەڵکو خۆت . (ولیام ڕایش)



Scanned with CamScanner

هێواش بڕۆ و هەمیشە بڕۆ ( واتە توشی ناخۆشی کەمتر دەبیت و هیلاکیش نابیت ، بەڵام ئەگەر بەخێرایی ڕۆیشتی زوو هیلاک دەبیت و ماوەیەکی کەم دەبڕیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەموو دەردێک دەرمانی هەیە ، گەوجی نەبێ .( بەیەکێک دەوترێت کە قسەیەک یاخود کردەوەیەکی ناپەسەندت لەگەڵدا بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەزار دۆست و دوژمنێک .( واتە هەتاوەکو دوژمن کەمتر بێ ئەوا باشترە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

نە هێندە تاڵ بە فڕێت بدەن .. نە هێندە شیرین بە قوتت بدەن . ( واتە لەهەموو شتێکدا مامناوەندی بە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

هەموو ووشەکان کۆگای هەڵواسینی بیرەکانن تییاندا . (هێنری ۆرد بیچەر)

بەبێ زانینی هێزی ووشەکان زانینی مرۆڤ ئەستەمە . (کۆنفۆشیۆس)

ئەی ئەو کەسانەی کە کەم وەرئەگرن  دەست بە کڵاوی خۆتانا بگرن (پیرەمێرد)

بەڵام ووشەکان شتن ، دڵۆپێ مەرەکەبی بچوک وەک دڵۆپێ ناونگ دەکەوێتەوە وادەکات سەربیرۆکەو وادەکات کەهەزاران یا ڕەنگە ملیۆنان بیربکەنەوە . (لۆرد بایرۆن)

خۆشەویستی زیاتر لە گۆڕان دەترسێت تا لە لەناوچوون . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە ناتوانێت درۆ بکات نازانێت راستی چی یە . (فری دریک نیچە)

کەسێک چی یە (ئەو کەسە چ جۆرە کەسێکە) ، دەست دەکات بە ئاشکرابوون کاتێک بەهرەکەی ئەو کەسە کەمبووەوە (وەستا) ، ئەو کاتەی کە وەستا لەوەی کە پێمان پیشان بدات چ توانایەکی هەیە . (فری دریک نیچە)

هەموو شتە چاکەکان لە سەردەمێکدا شتی خراپ بوون ، هەموو تاوانێکی رەسەن (بنەڕەتی) گەشەی سەندووە بۆ چاکەیەکی رەسەن . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

پیاو درندەترین ئاژەڵە . (فری دریک نیچە)

کەسایەتی کەسێک زیاتر دیاری دەگرێت بەهۆی نەبوونی هەندێک ئەزموونەوە تا بەهۆی بوونی ئەو ئەزمونانەی کە ئەو کەسە هەیەتی . (فری دریک نیچە)

کێشەیەک کە روون بووەوە چیتر خەممان ناداتێ (چیتر تووشی خەم و دڵتەنگیمان ناکات) . (فری دریک نیچە)

لەوانەیە من لە هەموو باشتر ئەزانم بۆچی ئەوە تەنها پیاوە کە پێدەکەنێت ، ئەو بە تەنها ئەوەندە بەقووڵی ئازاردەچێژێت کە پێویست بوو پێکەنین دابهێنێت . (فری دریک نیچە)

باشتر وایە کە هیچ نەزانیت تا نیو زانینی چەندین شت . (فری دریک نیچە)

ژیان لەناو (بۆ) شوێن کەوتنێکی بەردەوام بەدوای دەستکەوت خەڵک ناچاردەکات کە رۆحیان خەرج بکەن تا خاڵی شەکەت بوون . (فری دریک نیچە)

کاتێک کە سەد پیاو رادەوەستن پێکەوە ، هەریەکێکیان مێشکی خۆی لەدەست دەکات و یەکێکی تر وەردەگرێت . (فری دریک نیچە)

هەرکەسێک کە بە راستی هەرشتێکی بە قوربانی داوە ، ئەزانێت کە ویستویەتی و شتێکی وەرگرتووە لە گەڕانەوەدا (لە پاداشت دا) . (فری دریک نیچە)

ئەبێت هەموو رۆژێک بە لەدەست چوو دابنێین کە تەنانەت بۆ جارێکیش سەمامان نەکرد تێیدا . وە ئەبێت بە هەموو راستی یەک بڵێین هەڵە کە لانی کەم یەک پێکەنین هاوڵی نەکرد . (فری دریک نیچە)

لەناو شاخەکاندا ، کورتترین رێگە لە لوتکە بۆ لوتکەیە ، بەڵام بۆ ئەوە پێویستە قاچی درێژت هەبێت . (فری دریک نیچە)

هەموو جارێک (لە هەموو حاڵەتەکاندا) ، سزا مرۆڤەکان پتەوتر دەکات و وایان لێ دەکات بێ هەست تر ، هەستی دوورخستنەوە چردەکاتەوەو زیادی دەکات ، توانای بەرگری کردن لە مرۆڤدا بەهێز دەکات . (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

لەبەیانی زوودا، لە کازیوەی ڕۆژدا(لە یەکەم ڕووناکی ڕۆژدا) ، لەناو هەموو ئەو تازەیی و سپێدەی هێزی کەسێک (مرۆڤ ) دا ، کتێب خوێندنەوە / بەو کارە دەڵێم خراپ (خوویەکی بەد) . (فری دریک نیچە)

هەندێک کەس نابن بە بیرمەند تەنها لەبەرئەوەی کە یادیان زیاد لە پێویست باشە . (فری دریک نیچە)

ئایا ژیان هەزار ئەوەندە کورتتر نی یە لەوەی کە خۆمان بێتاقەت بکەین؟ (فری دریک نیچە)

جوانی سروشت ، وەک هەموو جۆرەکانی تر جوانی ، زۆر چاوچنۆکە : داوای ئەوە دەکات کە یەکێک بەتەنها خزمەتی ئەو بکات . (فری دریک نیچە)

یەکێک پێویستە فێربێت ببێت بە ئیسفەنج ئەگەر ئەو کەسە ئەیەوێت لەلایەن دڵانێکەوە خۆشبویستریێت کە لێ یان ئەرژێت . (فری دریک نیچە)

جوتێک چاویلکەی بەهێز هەندێک بەس بووە بۆ چارەسەرکردنی کەسێک لەناو داوی خۆشەویستی دا . (فری دریک نیچە)

نەک ئەو کاتەی کە راستی پیسە ، بەڵکو ئەو کاتەی کە تەنکە ، پیاوی رۆشنبیر (زانا) حەزناکات بەناو ئاوەکەی دا تێپەڕێت . (فری دریک نیچە)

زەوی پێستێکی هەیە وە ئەو پێستەش چەند نەخۆشی یەکی هەیە ، یەکێک لە نەخۆشی یەکانی پێی دەگوترێت پیاو . (فری دریک نیچە)

لە تاکەکاندا ، شێتی زۆر دەگمەنە ، بەڵام لە گروپەکاندا ، ئاهەنگەکاندا ، نەتەوەکاندا ، وە چەرخەکاندا شێتی یاسایە . (فری دریک نیچە)

شاعیرەکان بێ شەرمانە مامەڵە لەگەڵ ئەزمونەکانیان دا دەکەن : ئەزمونەکانیان ئەقۆزنەوە . (فری دریک نیچە)

یەکێک بە تورەبوون ناتوانێت بکوژێت (یەکێک ناتوانێت کەسێک بە تووڕەبوون بکوژێت) ، بەڵکو بە پێکەنین . (فری دریک نیچە)

پیاوەخراپەکان گۆرانی یان نی یە . « کەواتە ئەی چۆنە کە رووسەکان گۆرانی یان هەیە؟»



Scanned with CamScanner

(فری دریک نیچە)

ژیان هەموو کات سەختتر دەبێت نزیک لوتکە – سەرما زیاد دەکات، بەرپرسیارێتی زیاد زیاد دەکات. (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە لە هەموو کەس باشتر پێدەکەنێت تا ئەمڕۆ (ئەو کەسەی کە لە هەموو کەس باشتر پێدەکەنێت ئەمڕۆ)، هەر ئەو کەسەش تا دواترین کەس پێدەکەنێت. (فری دریک نیچە)

بەهێزترین زانیاری (ئەوەی کە تەواو سەربەستە لە خواستی مرۆڤ) لەگەڵ ئەوەشدا هەژارترینە (بێ هێزترینە) لە سەرکەوتن: چونکە هەمیشە بەهێزترین رکابەری هەیە، فیزی مرۆڤ. (فری دریک نیچە)

لە کاتێکدا خەونەکان یاریکردنی تاکەکەسی پیاوە لەگەڵ راستی یەکان، هونەری پەیکەرتاش (لە مانایەکی فراوانتردا) یاریکردنە بە خەونەکان. (فری دریک نیچە)

کاتێک بیر لە ئافرەت نەکەمەوە، یەکەم شت کە دێت بە مێشکمدا قژیانە. هەمان بیرۆکەی ژنیەتی بریتی یە لە گەردەلولێک لە قژ. (فری دریک نیچە)

هیوادارام کە لە ئێستا بەدواوە بە دایمی ببم بە کەسێک کە بۆ هەموو شتێک دەڵێت بەڵێ (بە هەموو شتێک رازی دەبێت بێ رەخنەگرتن). (فری دریک نیچە)

چەند بە سادەکاری یەکی سەیر و هەڵە ئەژی پیاو! یەکێک لە سەرسام بوون ناوەستێت، کاتێک کە چاوی بینینی ئەم هەموو شتە سەرسامکەرەی هەبێت. (فری دریک نیچە)

ئێمە نەژادەکەمان پێشدەخەین بە دروستکردنی راستی و سەپاندنی بەسەر جیهاندا. (فری دریک نیچە)

ئافرەت باشتر لە منداڵان تێ دەگات تا پیاو، بەڵام پیاو زیاتر لە منداڵ ئەکات تا ئافرەت. (فری دریک نیچە)

دانەر (نوسەر) ی باش نەک تەنها خاوەی عەقڵی خۆیەتی، بەڵکو ئەوەی هاوڕێکانیشی. (فری دریک نیچە)

لەبەرئەوەی کە پیاو بەڕاستی رێزی ئەوە ئەگرێت کە لە کۆندا دۆزراوەتەوەو بەخاوی گەشەی



Scanned with CamScanner

سەندووە ، ئەو کەسەی کە ئەیەوێت بەردەوام بژی دوای مردنی نەک تەنها ئەبێت چاودێری ئەوەکانی بکات بەڵکو زیاتر چاودێری رابردووی خۆی . (فری دریک نیچە)

دەجار لە رۆژدا پێویستە تۆ پێبکەنی ، وە رووخۆش بیت ، ئەگەرنا گەدەت ، باوکی ئێش و ئازار ، نارەحەتت دەکات لە شەودا . (فری دریک نیچە)

زۆرکەس بە درێژایی هەموو تەمەنیان چاوەڕێی ئەو دەرفەتە ئەکەن بۆ ئەوەی باشبن بەو شێوەی کە لای خۆیان باوە . (فری دریک نیچە)

ئێمە راستی دروست دەکەین ، ئێمە راستی نادۆزینەوە . (فری دریک نیچە)

قەرزداری قەورە پیاو سوپاسگوزار ناکات ، بەڵکو قین لە دڵ . (فری دریک نیچە)

هەموو کۆمەڵگایەک مەیلێکی هەیە بۆ کەمکردنەوەی رکابەرەکانیان بۆ کاریکاتێر . (فری دریک نیچە)

ئەو ساتەی ئەڵمانیا وەک هێزێکی گەورە بەرزدەبێتەوە ، فەرەنسا دەستکەوتێکی گرنگ وەک هێزی کەلتوری بەدەست دەهێنێت . (فری دریک نیچە)

لە بیرۆکەی بیناسازی دا ، ئەو راستیە لەیاد دەکەین کە دوو شتی وەک یەک بوونیان نی یە . هیچ شتێک نی یە بەناوی بیرۆکەی گەڵای دار ، تەنها بلیۆن بلیۆنان گەڵای دار . (فری دریک نیچە)

لەم جیهانە بەدواوە هیچ شتێک بوونی نی یە . (فری دریک نیچە)

ئەگەر ئافرەتێک خاوەنی سیفەتی چاکی پیاوانە بوو ئەو کەسە پێویستە رابکات لە دەستی ئەو ئافرەتە ، وە ئەگەر ئەو ئافرەتە خاوەنی ئەو سیفاتانە نەبوو ئەوکات خۆی لە دەستی خۆی رادەکات . (فری دریک نیچە)

کاتێک ئێمە بە گروپ قسە دەکەین ئاوازی (تۆنی) بێهاوتای دەنگمان لەدەست دەدەین ، وە ئەمەش وادەکات قسەگەلێک بڵێین کە هیچ یەکسان نەبن لەگەڵ بیرە (بیرکردنەوە) راستی یەکانماندا. (فری دریک نیچە)

ئەو سەرەی سەودای عەشقی تیا نییە کوولەکەی وشکی ئاوی کانییە . (پیرەمێرد)



Scanned with CamScanner

ووشە دڵسۆزەکان نهێنیەکیان هەیە کە مەڵهەمەکەی خەمباریە . (میناندر)

دۆستت ئەوەتە کە ئەتگرێنێ دوژمن ئەوەتە پێت پێ ئەکەنێ . (پیرەمێرد)

ڕەوانی گرنگترین شتە لەبەکارهێنانی ووشەکاندا . (کوینتلیان)

کە دوژمنت کەوت تۆ پێی پیا مەنێ زەبوون کوژ مەبە ، لای خوا لامەنێ . (پیرەمێرد)

ووشەیەکی کەم بەڵام لەدڵێکەوە دەرچووە کە پڕە لەڕاستگۆی . (لۆکان)

ئەولادتان بە ناز پەروەردە مەکەن چاک نابن خۆتان ڕەنج بردە مەکەن . (پیرەمێرد)

ووشەی [ تکایە ] زۆر بەکاربێنە . (براون جاکسۆن)

ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا فێربە . (براون جاکسۆن)

هەر چەند دۆست لە لات وەک برا و کەسە هێند ئامشۆی مەکە ، پێت بڵێن بەسە . (پیرەمێرد)

ووشەکان وەک گوڵە جوانەکان وان ، هەروەها ڕەنگی خۆشیان هەیە . (ئەرنست ریس)

هێندە بەرز مەفڕە ، بڵێن بێ باکە دیارە بێ باکی هەر بۆ خوا چاکە . (پیرەمێرد)

زمان تاکە ئامرازی زانستەو ووشەکان تەنها بریتین لەئاماژەی بیرەکان . (سەموێل جۆنسۆن)

پارە خەرج کەی دەبڕێتەوە بە خەرج نەکردن کۆ دەبێتەوە . (پیرەمێرد)

ئاسانی ڕاستەقینە لەنوسیندا لەهونەرەوە هاتوە نەک لەڕێکەوتەوە . (ئەلکسەندەر بۆب)

لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند ڕێوی قەواڵەی پێبوو ، پێستیان کەند . (پیرەمێرد)

ئیمرۆ لە ئێوە و سبەینێ لە ئێمە .( بە کەسێک ئەوترێت کە ناخۆشییەکی توش بووبێت ، وەتۆش دەڵێی کە ئەو ناخۆشییەش یەخەی ئێمە دەگرێت و دێتە لای ئێمەش ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

بەشی هەرە گەورەی کاتی نوسەر لەخوێندنەوە لەپێناوی نوسیندا دەگوزەرێ ، مرۆڤ بۆ ئەوەی



Scanned with CamScanner

کتێبێک بنوسێ ڕەنگە کتێبەکانی نێو کتێبخانە ئەم دیو و ئەودیو بکات. (سەموێل جۆنسۆن)

ئەو کەسەی بەسەر نەفسیا زاڵە بۆ دێوی نەفسی ڕۆستەمی زاڵە (پیرەمێرد)

دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێ .( بە کەسێک ئەوترێت کە هەر خەریکی پاغرە پەیدا کردن و خەریکی ئەم دنیایە بێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

خەنجەر لە کا ئەدات .( بە کەسێک ئەوترێت کە بێ پارێز دەست بوەشێنێت یاخود پارە خەرج بکات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

لە دەرگای کەس مەدە تا لەدەرگات نەدەن .( واتە هەر شتێک بەرامبەر بە کەسێک بکەیت خەڵکیش وات لێدەکەنەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمە بۆر .( بە کەسێک ئەوترێت کە زۆر ڕەزیل بێت و دەستی تێ نەچێت ماڵی خۆی بخوات ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

تف هەڵدەیت بۆ ئاسمان رووی خۆی نەگرێتەوە .( واتە هەر شتێکی خراپ بکەیت ڕووی خۆت دەگرێتەوە ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

سەگی هار چل شەوی عوومرە .( بە کەسێک ئەوترێت کە بە تەواوەتی یاخی بووبێت وە بەڕاستە و چەپدا دەست دەست بوەشێنێت لە خەڵکی ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

موویەک لەبەراز بێتەوە باشترە .( بە چروکێکی پیسکەی ڕەزیل ئەوترێ کە شتێکی لێ بسێنیت ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

یەکێ خانووی لە شووشە بێ ، بەرد ناگرێتە خانووی کەس .( ئەمە بە یەکێکی نەنگدار ئەوترێ .. کە ناوی نەنگدارێک بەرێ ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

بەلای کەمەوە ساڵی جارێک لە دیمەنی خۆر هەڵهاتن ڕابمێنە . (براون جاکسۆن)

یا مەرد بە ...یا لە پەنای مەردا بە .( چونکە ئەگەر خۆت مەرد نەبوویت ، ئەوا لەپەنای مەردەکەدا تۆش دەبیتە مرد ) . (پەندی پێشینانی کـوردی)

من پەست نیم بەوەی کە درۆت لەگەڵ کردم ، بەم پەستم بەوەی کە لە ئێستاوە ناتوانم متمانەت پێ بکەم (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

ئەوە نەبوونی خۆشەویستی نی یە ، بەڵکو نەبوونی هاوڕێیەتی یە کە هاوسەرگیری یەکی دڵتەنگ دروست دەکات . (فری دریک نیچە)

سودی یادێکی (زاگیرەیەکی) خراپ ئەوەیە کە یەکێک بۆ چەندین جار چێژ لە هەمان شت وەردەگرێتەوە وەک جاری یەکەم . (فری دریک نیچە)

هەموو کاتێک کەمێک شێتی هەیە لە خۆشەویستی دا . بەڵام هەموو کاتێکیش کەمێک هۆکار هەیە بۆ ئەو شێتی یە . (فری دریک نیچە)

پیاوی راست (راستەقینە) دوو شتی ئەوێت: مەترسی و یاری کردن . لەبەر ئەو هۆیە ئافرەتی دەوێت ، هەروەک یاریکردن بە مەترسیدارترین شت . (فری دریک نیچە)

تۆ رێگا (بۆچوون) ی خۆت هەیە. منیش رێگای خۆم هەیە . سەبارەت بە رێگای راست ، رێگای دروست ، و تاکە رێگا ، شتی وا بوونی نی یە . (فری دریک نیچە)

ئەو شتەی من لەناو نابات ، بەهێزترم دەکات . (فری دریک نیچە)

لە تۆڵەسەندنەوە و خۆشەویستی دا ، ئافرەت لە پیاو دڕندەترە . (فری دریک نیچە)

ئەو کەسەی کە ناتوانێت هیچ شتێک بدات (ببەخشێت) ناشتوانێت هەست بە هیچ شتێک بکات . (فری دریک نیچە)

بیرەکان سێبەری هەستەکانمانن – هەمیشە تاریکتر ، بەتاڵتر و سادەتر . (فری دریک نیچە)

کاتێک پیاو خۆشەویستی ئەکات لە کاتەکانی تر زیاتر بەرگە دەگرێت (ئارام دەگرێت) ، من بۆ هەموو شتێک کەچ دەکات . (فری دریک نیچە)

باوەڕم پێ بکە! نهێنی دوورینەوەی مەزنترین بەرهەم و مەزنترین خۆشی لە ژیاندا ئەوەیە کە بە مەترسی یانە (چاو نەترسانە) بژیت. (فری دریک نیچە)

گەشەکردن لە دانایی دا لەوانەیە بە تەواوی بپێورێت لە رێی کەم بوونەوە لە تاڵی دا . (فری دریک نیچە)

ببە بەو کەسەی کە هەی (ببە بەو کەسەی کە خۆت ئەتەوێ). (فری دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

یەک شت هەیە کە تاک پێویستە هەیبێت : یان رۆحێک کە هەر لە سروشتەوە روخۆشە ، یان رۆحکێک کە روخۆشکراوە بە کار ، هونەر ، هەروەها زانست . (فری دریک نیچە)

پیاو ... ناتوانێت فێری لەبیرچوون ببێت ، بەڵام خۆی بەستوە بە رابردووەوە : هەرچەندە دوور یان خێر رابکات ، ئەو زنجیر (کۆت) لەگەڵی رادەکات . (فری دریک نیچە)

لەناو (دەروونی) هەموو پیاوێکی راستەقینەدا منداڵێک خۆی شاردووەتەوە کە دەیەوێت یاری بکات . (فری دریک نیچە)

تا ئێمە بە بەرزفڕتر بین ، بچوکتر دەردەکەوین لە چاوی ئەوانەی کە ناتوانن بفڕن . (فری دریک نیچە)

ئافرەت لە پیاو باشتر لە منالآن تێ دەگات ، بەڵام پیاو زیاتر لە منداڵ ئەکات تا ئافرەت . (فری دریک نیچە)

ئەم جیهانە جوانە ، بەڵام نەخۆشی یەکی هەیە پێی دەگوترێت پیاو . (فری دریک نیچە)

لە هەموو ئەو شتانەی کە نوسراون ، تەنها ئەوەم حەز لێ یە کە کەسێک بە خوێنی خۆی نوسیویەتی . (فری دریک نیچە)

ئێمە ژیانمان خۆش دەوێت ، نەک لەبەر ئەوەی کە راهاتووین بە ژیان بەڵکو لەبەرئەوەی کە راهاتووین بە خۆش ویستن (خۆشەویستی). (فری دریک نیچە)

خۆشەویستی دڵنەوایی (شیوەن) نی یە . رووناکی یە. (فری دریک نیچە)

هیوابوون به راستیی (حەقیقەت) خراپترینی هەموو خراپەکانە ، لەبەرئەوەی ئەشکەنجەو ئازارەکانی پیاو درێژتر دەکاتەوە . (فری دریک نیچە)

باشترین هاورێ لەوانەیە باشترین خێزان پەیدا بکاتە لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی باش دامەزراوە لەسەر بەهرەی دۆستایەتی (هاوڕێ گرتن). (فری دریک نیچە)

ئافرەتی بێ کەم و کوری جۆرێکی بەرزترە لە پیاوێکی بێ کەم و کوڕی ، وە هەروەها شتێکی زۆر دەگمەن ترە . (فریَ دریک نیچە)



Scanned with CamScanner

نارەزوباز زۆرجار وا لە خۆشەویستی ئەکات زۆر خێرا گەشە بکات ، بەم شێوە رەگەکە بە بێهێزی ئەمێنێتەوە و بە ئاسانی هەڵدەکێشرێت (لەخاک) . (فری دریک نیچە)

ئێمە زۆرجار قبوڵکردنی بیرۆکەیەک رەت دەکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی ئەو تۆنەی دەنگەکەی پێ دەبڕاوە بەلای ئێمەوە بە سۆز نی یە . (فری دریک نیچە)

بیرۆکەیەک، تەنانەت گریمانەیەکیش ، ئەتوانێت وردو خاشمان بکات و بمان گۆڕێت . (فری دریک نیچە)

زۆرکەس کەللەرەقن لەسەر شوێن کەوتنی ئەو رێگەی کە هەڵیان بژاردووە کەم کەس لە شوێن کەوتنی ئامانج . (فری دریک نیچە)

وە ئەگەر هاورێکەت کارێکی خراپی کرد بەرامبەرت ، پێی بڵێ ، «من لێت خۆشدەبم لەوەی کە کردت بەرامبەرم بەلام چۆن لێت خۆشبم لەوەی کە کردت بەرامبەر بە خۆت؟» (فری دریک نیچە)

کرۆکی هەموو هونەری جوان ، هەموو هونەری مەزن ، سوپاسگوزارییە . (فری دریک نیچە)

بێ فیزیی ئافرەت بەگشتی زیاد دەکات لەگەڵ جوانی یاندا . (فری دریک نیچە)

هەوڵبدە رۆژانە بەلای کەم بەسێ کەسدا هەڵبدەیت . (براون جاکسۆن)

خۆشویستنی راستی پاداشتی خۆی هەیە لە بەهەشت وە تەنانەت لە جیهانیشدا . (فری دریک نیچە)

لەبیرکردنی ئامانجی خۆ ، باوترین جۆری گەمژەیی یە . (فری دریک نیچە)

دانایی زیاتر لەناو لاشەت دا هەیە تا لە قوڵترین فەلسەفەکانت دا . (فری دریک نیچە)

ئەو میللەتە ناژی کەناوی گەورە کانی نەژێنێ . (هەژار موکریانی)

ئافرەتی بەرێز زیاتر دەچێتە دڵی پیاوەوە وەک لە ئافرەتی جوان . (هەژار موکریانی)

هەموو شەوێک بۆ بەیانیت بەرنامە دابڕێژە . (براون جاکسۆن)



Scanned with CamScanner

درۆکه گەورە بکە، ئاسانی بکە، بەردەوام بیڵێرەوە ، بەم شێوە لە کۆتاییدا باوەڕی پێ دەکەن . (ئەدۆڵف هیتلەر)

ئەو پیاوەی کە هیچ هەست نە مێژوو ناکات، وەک پیاوێک وەهایە کە نە گوێ نە چاوی نی یە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

هەمیشە جەنگکردن دژی باوەڕ (ئایین) سەختترە لە جەنگکردن دژی زانست . (ئەدۆڵف هیتلەر)

هەموو پڕوپاگەندەیەک دەبێت بەناوبانگ بێت وە دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ تێگەیشتنی خاوەن کەمترین عەقڵی ئەو کەسانەی کە پڕوپاگەندەکە دەگەڕێت بۆ گەیشتن پێ یان . (ئەدۆڵف هیتلەر)

هونەری سەرکردایەتی ... پێکدێت لە پتەوکردنی (بەهێزکردنی) سەرنجی خەڵکەکە دژی ناحەزێک بە تەنها و چاودێری کردنی بەجۆرێک کە هیچ شتێک نەتوانێت بێتەهۆی جیابوونەوە (ئاگانەمان) لەو چاودێری یە . (ئەدۆڵف هیتلەر)

لە ڕێی بەکارهێنانی بەردەوام و زیرەکانەی پروپاگەندەوە ، خەڵک ئەتوانرێت وا لێ بکرێت کە بەهەشت وەک دۆزەخ ببینن، وە بە پێچەوانەشەوە ، وادانانی بەدبەختترین جۆری ژیان وەک بەهەشت . (ئەدۆڵف هیتلەر)

خەڵکەکان بە جەماوەری (ژمارەی) گەورە ئاسانتر ئەبنە قوربانی درۆیەکی گەورە تا بە ژمارەیەکی کەم . (ئەدۆڵف هیتلەر)

پێویستە بڕوا بکەین کە هەموو مان یەکین و ئازاری مرۆڤایەتی ئازاری ئێمەیە . (واین دایر)

ئەو شتەی پێویستە هەر مرۆڤێک پێشکەش بە مرۆڤێکی تری بکات جیا لە خۆشەویستی هیچ شتێکی تر نیە. (واین دایر)

سەرکەوتن شتێکی سروشتیەو زانیەو کەسی سەرکەوتوو پێویست ناکات بەشوێنیەوە بێت . ئەو نوقمی ئەم تێڕوانینە بووە و هەر بۆیە دەست بداتە هەر کارێک سەرکەوتن بەدەست دێنێت .(واین دایر)

هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن دەبێ هەوڵ و تەقەلای زۆر بدەین و خۆ هیلاک بدەین . بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کەسە سەرکەوتووە کەدەست بداتە هەر کارێک



Scanned with CamScanner

خێرا دۆستێکی زۆر و داهاتێکی فراوان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ . (واین دایر)

نوسینی گرێبەستێکی پڕ داهات سەرکەوتن بەدەست نایەت . (واین دایر)

پێویستە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بەختەوەری خۆت لەبیر بکەیت و بیر لەوە نەکەیتەوە کە لەو هەوڵ و تێکۆشانەدا چیت پێ دەبڕێ یان ئایا بایەخی هەیە ئەو کارە دەست پێبکەی یان نا . (واین دایر)

بۆئەوەی ژیانت بە شێوەیەک بێت کە حەزت پێیەتی ئەوا بە دڵخۆسی و شادمانی و بەورەیەکی بەرزو بێ دوو دڵی لەپێناو ویست و ئاواتەکانت هەنگاو بنێ . (واین دایر)

قورس ترین کار لە دنیادا ئەوەیە مراویەک ناچار بکەیت وەک هەڵۆیەک ڕەفتار بکات. (واین دایر)

بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانت بگەی پێویستە ڕەچاوی ئەو دوو مەرجە بکە: یەکەم خوازیاغری هەر شتێکی لە خەیاڵی خۆتدا بیخولقێنە . دووەم گرفت و لەمپەرەکانی سەر ڕێگا بەهەل بزانەو بەگیان و بەدڵ بۆ بەدەست هێنانی هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بدە . (واین دایر)

تۆ هەر کەسێک و لەهەر شوێنێک بیت و ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازی لەشادمانی و سەرکەوتن و سامان و توانایییەوە بگرە تا دەگاتە تەندروستی و جوانی و کارێک کە پێی ڕازی بیت . پێشتر لەبەردەستت دایە ، تەنیا پێویستە خۆت بە کەم نەگری و بڕوات بەوە هەبێت کە شایستەی ئەوەی بەدەستی بێنی و بەڕاستی بتەوێ بەدەستی بێنی و تامەزرۆی وەرگرتنی بیت . (واین دایر)

بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانتان دەبێ لە دەروونی خۆتاندا شوێنی کەون . ئەگەر بەدوای سەروەت و سامانەوەن ئەوا چاوەڕوان مەبن دەوڵەمەندی لە دنیایەکی تەرەوە و لەپڕدا بگات . (واین دایر)

دنیا پڕە لە بەهرەو سامان و شتی زۆر و ئێوەش هەر ئەوەندەتان پێ دەبڕێ کە بڕواتان پێیەتی و چاوەڕوانی دەکەن . تەنیا ئەوەندەی دەوێ ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازن بڕواتان پێی بێت و خۆتان بە شایستەی پێگەیشتنی بزانن . (واین دایر)

بۆ ئەوەی شادمانی لە ئامێز گریت دەبێ بڕوات بەوە هەبێت کە هیچ کۆسپێکت لەسەر ڕێ نیە . (واین دایر)



Scanned with CamScanner

# سەرچاوەکان


ماڵپەڕی جیهانی (quotesdaddy ) لە وەرگێڕانی عیماد مەهدی

کتێبی زەوی موڵکی مرۆڤە یان مرۆڤ موڵکی زەوییە؟! لەوەرگێڕانی سەردار حەسەنخاڵی

کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی لەنوسینی مامۆستا عەلائەدین سەجادی

دیوانی بۆ کوردستان لەنوسینی شاعیر مامۆستا هەژار موکریانی

کتێبی پەندی پێشینان لەنوسینی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ

کتێبی پەندەکانی پیرەمێر لەنوسینی شاعیری بەرزی کورد پیرەمێرد

کتێبی شاری سلێمانی بەرگی دووەم لەنوسینی ئەکرەمی مەحمودی صالحی ڕەشە

کتێبی (اقوال مأثورة) لە نوسینی خالید محەمەد خاڵ وەرگێڕانی مامۆستا بەرزان

کتێبی خەرمانێک لە بیری مرۆڤایەتی لە نوسینی سەمیر شێخانی لەوەرگێڕانی دیار عەلی





Scanned with CamScanner